# سندووقی هەزار پیشە

سندووقی دووەم

محەمەد فەریق حەسەن

# سندووقی هەزار پیشە

سندووقی دووەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد فەریق حەسەن
سندووقی هەزارپیشە – سندووقی دووەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٦١
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٨٦ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-18-8

## پێڕست


شەڕەجنێو، وەک جەنگی سارد ........ 7
ڕۆمانی (وا إسلاماه) چ ڕۆڵێک بەکورد ڕەوا دەبینێت؟ ........ 33
دوو سەرکردەی کورد، دەبنە قارەمانی ڕۆمانێکی ڕووسی ........ 50
دەورکردنەوەیەکی خێرای کۆچیرۆکی (لێوی ئاگرین) ........ 60
چەند پرۆژەیەک بۆ تێکدانی ڕەوشتی ئاو، لە سلێمانی ........ 67
شیعر، ئەدەبی قۆناغی هەرزەکارییە ........ 85
نابووتکردنی کەڵەشاعیر ........ 89
پۆشاک، هەم کەلەپوورە، هەمیش شوناس ........ 93
کۆچبەر، لە نێوان دوو کولتووردا ........ 106
بەگزگلکردنی فەرهەنگ ........ 127
پرسی فەرهەنگ و هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەکان ........ 131
زمانی ستاندارد و زمانی ڕۆژانە ........ 136
حیکایەتیش بەشێکە لە ژێرخانی فەرهەنگی ........ 143
حیکایەت لە قوتابخانە ........ 148
یوسف نیم براگەل، مەمخەنە بیرەوە! ........ 167
پاساوی کۆچ ........ 172
زیندانییەکی ئەمنە سوورەکە لە بەردەم ٩٦ پرسیاردا ........ 205

# شەڕەجنێو، وەک جەنگی سارد!

## جنێو چییە؟

جمێن، جوێن، سخێف، خەبەر یان دژمان، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی بڵاوە، ڕۆژانە گوێت لێی دەبێت و بە بیستنیشی ڕاهاتوویت. ئەوەندە هەیە ئێستا نەک هەر دەیبیستی، بگرە ڕۆژانە لە ماڵپەڕ و هەندێک بڵاوڤۆکدا بەرچاویشت دەکەوێت. واتە ئەگەر جاران جمێن تەنیا زارەکی بووبێت، نەڤ بەتۆمارکراویش بەرچاوت دەکەوێت. ئیدیۆمە کوردییە باوەکەی لای خۆشمان دەڵێت: "جمێن چەکی مرۆڤی بێدەسەڵاتە".

زمان یەکێکە لەو دیارییە هەرە جوان و بەنرخانەی، گەیشتووەتە توخماتی مرۆڤ، تاکو هۆیەک بێت بۆ پێوەندیی گرێدان و لە یەکتر نزیک بوونەوە و لێک تێگەیشتن. بۆ ئەمبارکردن و پارێزگاری لە زانست و مێژوو و بیرەوەرییەکانی خۆی، حەیفە لە جێی خۆیدا بەکاری نەهێنێت. چاوەڕوانی ئەوە لە مرۆڤ دەکرێت، بە جوانترین و ڕاستترین شێوە زمان بخاتە خزمەتی خۆیەوە. بۆ ئەو مەبەستە بەکاری بهێنێت، دۆست و ناسیاری زیاتر بۆ خۆی پەیدا بکات، کارەکانی خۆی پێ ڕایی بکات و کێشەکانی پێ چارەسەر بکات، نەک بیکات بە هۆکارێک بۆ تێکدانی پردی پێوەندیی نێوان خۆی و دەوروبەرەکەی. گەرەکە مرۆڤ بە نەزاکەتەوە مامەڵە لە تەک زماندا بکات. پەندە دانیمارکییەکە دەڵێت: "قسەی باش پارەی تێ ناچێت".

زمان بەهرەیەکی مەزنە، مرۆڤی پێ لە گیاندارانی تر جیا دەبێتەوە و بەهۆیەوە بیر دەکاتەوە و کاروباری خۆی پێ ڕایی دەکات، بۆیە لە جێیە،

مرۆڤ ناسک و هێمن مامەڵەی لە تەکدا بکات و بۆ کاری چاکە بیخاتە کار. زمان بەتایبەت لە کاری داهێناندا، وەک ڕۆمان، چیرۆک، دراما و شیعر، لەوپەڕی خەملێن و درەوشانەوەی خۆیدایە.

لە سەرێکی ترەوە، دەشێ جمێنیش بە گەمەی زمان بێتە حیسابکردن. لە ناوەڕۆکی هەر جمێنێکدا نامەیەکی زبری کورتی بەهێز، لە قەوارەی تەنیا وشەیەک، یان چەند وشەیەک، یانژی ڕستەیەکدا هەیە، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەدیار دەکەوێت. جمێن نامەیەکی برووسکەیی تووڕەیە، یان گوتارێکی توندوتیژە؛ مرۆڤی ڕاساو و بێزار لە دوو توێی ئەو چەند وشەیەوە، لە تافی هەڵچوونێکی کاتیدا، یان لەودەمانەدا، کە هەستکردن بە ناجۆری و ناڕەوایەتی بەتوندی تێی دەئاڵێت، یانژی لە هەڵوێستێکدا، کە بەدڵی ئەو نەبێت و هەست بە غەدر و کەرامەت ڕووشاندن بکات، پەنای بۆ دەبات و دەیگەیێنێتە بەرامبەرە ناحەزەکەی.

هەندێک جاران، جمێن زمانی تێ ناکەوێت. بگرە بێدەنگ بەڕێوە دەچێت. تاک بەتەنیا ئاماژەیەکی جەستە نامەکەی خۆی دەگەیەنێتە بەرانبەرەکەی. وەک بەرزکردنەوە پەنجە درێژەی دەست لە ئاستی خەڵکدا. ئەم جمێنەیان بە خۆرئاوا تایبەتە و هێشتا نەگەیشتووەتە لای خۆمان.

ئەوانەی وا جمێندانیان کردووە بە پیشە و خدە، وەک قیر و زفت پێیانەوە لکاوە و لێیان نابیتەوە، پێیان دەوترێت جمێنفرۆش، یان دەمپیس. جمێندان نواندنی توندوتیژییە، لە ڕێگەی زمانەوە، بەزمانی ئاخاوتن و جەستەتەیشەوە. وەلێ لە سەرێکی دیکەوە، بەزۆری ئەو تاکەی وا جمێن دەدات، چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێت زیانی مادی بە بەرانبەرەکەی بگەیێنیت، بگرە مەبەستی ئەوەیە بە توندی بەرانبەرەکەی ئاگەدار بکاتەوە. خۆی بەتاڵ بکاتەوە و قار و خەشی ناخی خۆی بەچەند وشەیەک بڕێژێت. بەشوێنیدا، واتە دوای ئەوەی جمێنی خۆی دا، ئیدی لە ناخەوە پشوو دەدات

و سـارد دەبێتـەوە. سـەبووریشی بۆ دێت و قین و قـارەکـەی دەروونی دەڕەوێتەوە. واتە جمێندان کردەیەکی زارەکییە و جمێنفرۆش زیانێکی تری جەستـەییی لێ چاوەڕوان ناکرێت. وەلێ جمـێن لە ئەنجـامدا، کینە و ڕک بەرهەم دەهێنێت. گەرچی لێرەدا، شەڕەجنێومان وەک جەنگی سارد پێناسە کردووە، بەڵام جەنگی سارد هەردەم سەرەتایەک بووە بۆ جەنگی ڕاستی. جەنگی نێوان گرووپە جیاوازەکان و وڵاتانیش، سەرەتا هەر جەنگی سارد بووە، وردە وردە، بۆ پێکدادان تەشـەنەی کردووە، لە ئەنجـامدا قـوربانی و کاولکاریی لێ کەوتووەتەوە.

دەشێ بڵێین، جمـێن پاژێکە لە کولتووری میللیی زارەکی و دەماودەم دەگوێزرێتەوە. واتە ئاکار، یان چالاکییەکی زارەکییە، مەگەر بە شیعر کرابێت، دەنا تاکو ئەم دواییەش تۆمار نەکراوە. ڕەنگە ڕووناکبیران پێیان شـەرم بووبێت تۆماری بکەن و تەنانەت لەسـەریشی بدوێن، یان بنووسن. ئەگەرچی هەموو چالاکییەکی مرۆڤ، شیاوی ئەوەیە هەڵوەستەی لەسەر بکەیت و لێی بکۆڵیتـەوە و وەک دیاردەیەکی کـۆمـەڵایەتی لەسـەریشی بنووسیت. ڕەنگە لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە بچێتە خانەی سایکۆلۆجیاوە.

جمێن بەمـەبەستی ناڕەزایی دەربڕین و سـووککردنی یەکترییە. ڕەنگە بەرەوڕوو کـەسـێک نەتوانێت لە ئاسـتی پیـاوانی دەوڵەت و خـاوەن پایە بەرزەکـاندا بکۆکێت. بۆیە لە دۆخی وەها ناهاوسـەنگ و دژواردا، گەنجـان پەنا دەبەنە بەر دیواری ئاودەستخانەی مزگەوت و شوێنە گشتییەکانی وەک خوێندنگەکان و دەیکەنە سەکۆی خۆیان. ئەوی ڕاستی بێت، ئەم جنێوانە ڕا و بۆچوونی خەڵکی لەسەر ڕێژیم و ڕەمزەکانی، لە سـەردەمە جیاوازەکاندا بە ڕوونی پێشان داوە.

جمێن هەندێک جاران، پێکەنین و تەڵفیسییە بە ئاوەز و زەینی بەرانبەر. ئەویش بە نیازی داشکاندنی بەهای ئەو مرۆڤـەیە وا کراوەتە ئامـانج، بۆ

ڕیسواکردنی تاکی جمێن پێدراو لەنێو کۆمەڵدا. وەلێ بەم دواییيە، بەتايبەت لە دوای ڕاپەڕینەوە، جمێن بە بەرفراوانی پەڕیوەتە سەر ڕووپەڕی ماڵپەڕەکان و بە ئەلیکترۆنی بووە. ئەو ئازادییەی لە دوای ڕاپەڕینەوە، لە بواری ڕادەربڕیندا هاتە ئاراوە، لە هەندێک جومگەیدا خراپ بەکار دەهێنرێت و گەندەسوودی لێ دەبینرێت. لەم ڕووەوە، لەسەر شێوەی خراپ بەکار بردنی تەلەفۆنی دەستی، ماڵپەڕەکانیش گەندەسوودی لێ دەبینن. دۆخی سالانی جەنگی ناوخۆش، وای لە ڕاگەیاندنی لایەنە بەشەڕهاتووەکان کرد، مافی ئەوە بەخۆیان بدەن سنووری ئیتیکی ڕۆژنامەوانی ببەزێنن و پەنا بۆ ناووناتۆرە لە یەکتری داهێنان ببەن و ئەم شەڕەجوێنە بگەیێننە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانی خۆیان. ئەمەیش هەر بۆ داشکاندنی ئۆرتی یەک و دوو بوو لە بەرچاوی جەماوەر.

پلارتێگرتن و پاشملەوتن و زەم و زەمکاری، زیاتر ئاکاری کۆمەڵی بەجێماوی بێ ئێشە و دەچنە خانەی جمێنەوە. چونکە لەگەڵ جنێودا ئامانجی هاوبەشیان هەیە، کە ئەویش بێ ئۆرتکردنی تاکەکانە.. ئێمە تاکو ئێستایش لە جڤاکێکدا دەژین تاک بەتەواوی لەو نێوەندەدا لە مافی تاکایەتیی خۆی بەهرەمەند نییە. ڕێزی تەواوی بۆ دانەنراوە، بگرە هێشتا چەمکی تاکگەرایی ڕێی نەکەوتووەتە نێو کۆمەڵی کوردەواری و بەیاسا نەپارێزراوە. بگرە لێرە، زۆر بە ئاسانی سنووری ئازادییەکانی تاک دەبەزێنرێت و پێشێلیش دەکرێت، بێ ئەوەی پێشێلکار بەرەورووی سزا ببێتەوە.

لە ڕاستیدا گەلانی تریش ناووناتۆرە دوای یەکتری دەخەن، بەتایبەتی لە تافی جەنگدا. وەلێ دوای کەوتنەوەی ئاشتیش ئەم ناووناتۆرانە وەک خۆیان دەمێنن و لەبیر ناچنەوە. وێڕای ئەوەیش، ناوی نەتەوە، یان گەڵ هەیە، لای نەتەوە و گەلی تر وەک جمێن بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە ئینگلیز بە ڕژد ناوبانگیان ڕۆیشتووە. هیندییەکان لەلای عەرەب بە کەمئاوەز ناسراون.

ڕەنگە زۆرتان ئەم ئیدیۆمە سەقەتەتان بیستبێت (قابل هندی!) ئەم پلارە بناغەیەکی لە ڕاستیدا نییە، چونکە مێشکی مرۆڤ، سەربە هەر نەتەوە و گەلێک بێت، بە کێشانە و بە توانا لە یەک ئاستدایە. جیاوازییەک گەر هەبێت لە نێوان ئاستی تاکەکاندایە نەک لە نێوان ئاستی گەلاندا.

هەلومەرجی ژیان، ڕێ بۆ گەشەی هۆشیاری و ئاوەز دەستەبەر دەکات، نەک جیاوازیی ئیتنیکی و نەتەوەیی. لێرەدا جێی بیرخستنەوەیە، کە عەرەبەکان کوردیش بە نەفام دەزانن. بێ ئەوەی سڵی لێ بکەنەوە، یان شەرم بیانگرێت، لە فیلمەکانیشیاندا نایشارنەوە، بەسەرسووڕمانەوە، لە یەکتری دەپرسن: (تستکردنی؟) بێژەی تستەکردنی، واتە، ئایا بە کوردم دەزانی؟ یان، ئاخۆ من بەگێل و نەفامم تێ دەگەیت؟

ئامرازی نێرینە و مێیینەی مرۆڤ، بەزۆری لەنێو پێکهاتەی جمێنەکاندا ئامادەیە. جا چونکە کۆمەڵی خێڵەکی سەری زمان و بنی زمانی نامووس و شەرەفە، بۆیە لە جڤاکی وەهادا بەزۆری جمێنەکان ئاراستەی نامووس و شەرەفی تاک دەکرێن. واتە ئاراستەی دایک و خوشک و ژن دەکرێن. هۆکارەکەیشی ئەوەیە زیاتر لە جمێنی تر دڵیان پێی ژان دەکات. ئەوەیش لەولاوە بوەستێت، کە ئاستی وشیاریی خەڵکەکە ڕۆڵی گرینگ دەبینێت. بە تایبەتی هێشتا ڕێژەیەکی زۆری نەخوێندەوار لەنێو میللەتی ئێمەدا هەیە.

لە سەرێکی ترەوە، تاکی کورد بەدرێژاییی دەیان سەدەیە بن چەپۆکەیە، سەرکوت دەکرێت، پیش دەخواتەوە و لەبن پاڵەپەستۆی ناوەکی و دەرەکیدایە. غەدری زۆری لێ کراوە. دوای کەڵەکبوونی ئەو هەموو بێزاری و پاڵەپەستۆیە، لە پڕێکدا بە ڕووی بەرانبەرەکەیدا تەقیوەتەوە و بەجنێودان باری دەروونی ماندووی برێک حەساندووەتەوە و کەمێک پشووی داوە.

خێڵەکانی کورد هەردەم لە دووی دۆزینەوەی خەوش و عەیب و عاری یەکتری بوونە. بەشوێن خاڵی لاوازی یەکتردا گەڕاون. ناووناتۆرەی وەهایان

له یەکتری داهێناوە ئێسـایش لێیـان نابێتـەوە وەک، فـڵانە خـێڵ دزن، کل لە چاوان دەفڕێنن. فیسارە خێڵ، کچان و ژنانیان ڕەدوو دەکەون. ئەوانی تریان هێرِ و کەمـئـاوەزن و بەم شـێوەیە. حزبـەکانیش هـەر منداڵی ئـەو کۆمـەڵەن. ئەوانیش خەوش لە یەکتری دەدۆزنەوە و بەچاوی یەکیدا دەدەنەوە.

جمێن، قسە و قسەڵۆکە، لە کاریگەریدا ناگاتە ئاستی کردار و لە توانایدا نیـیـە ئەلف بگەیێنێتـە بێ. ئەوانـەی جـمـێن دەدەن بە زۆری توانـای ئەوەیان نیـیە بەکردەوە، بێدادی و ناجۆرییـەکـان لە خـۆیان دوور بـخـەنەوە و بەگـژ زوڵمـدا بچنەوە. جا ئەو زوڵمـە لە هـەر لایەکـەوە بەرەوڕوویان بووبێتـەوە. بۆیە بەناچاری پەنا وەبەر جمێن دەبەن.

هەموو کات توانـای داگیرکەر و دوژمنانی کورد لە تـوانا و دەسـەڵاتی کورد باڵاتر بووە. ئەوان سـوپا و ئامـێـری گـەورەی جـەنگیـان هـەبووە. تـاکی بەشـخوراو و پێشـخواردووی دڵپڕ لە ژانی کوردیش، لە بەرانبەر زوڵم و ئەو هەموو ئامێرە زەبەلاحەی ناحەزانەدا، ئەوەندەی لە دەست هاتووە، زمانەکەی لە زبرترین فۆرمی داڕشتندا، بەرانبەر دوژمنانی بخاتە کار.

وەختێکیش بووە بەخاوەنی نیمچە دەسەڵاتی خۆی، ئەمجا کاربەدەستانی خۆی زوڵمـیان لە چینەکانی ژێرەوە  کردووە و ئاورێکی بەخێریان لە خەڵکی هەژار و بێ دەرەتان نەداوەتەوە. ئەوانیش چەکێکی هاوچەرخیـان نەبووە و نییە. بۆیە دەستووری، کۆن دیسانەکە بەناچاری پەنایان وەبەر چەکی جمێن بردووە. ڕەنگە جمێنیش یەکێک بووبێت لەو هۆکارانەی دنەی تاکی کوردی دابێت دەستـبەرداری زمانەکەی خۆی نەبێت. چونکە ئەگەر دەستـبەرداری بوو لەو چەکـەیش بێبـەش دەبێت کـە بەرگریی لە خـۆی پێ کـردووە و ناخی خۆی پێ ئاسـوودە کردووە. جا ئەم جمێنە لە شـێوەی شـیعری داشـۆریندا بووبێت، یان لە هـەر فۆرمێکی تری وەک پلاردا بووبێت، کە ئەویش تەنیا بە زمـان دەسـتـەبەر دەبێت. بێ مـەلامـەت نیـیـە، کـە جـمێن بەشـێکی بەرچاوی قامووسی زمانی ئێمەی داگیر کردووە.

دەستتشۆرین لە ژیان و بێزاریی زۆر، هۆکارگەلێکن بۆ ڕووکردنە جمێن، کاتێک مرۆڤی بارگران توانا و تەحەمولّی نامێنێت و وای لێ دێت ڕووناکییەک لەوسەری ئاسۆی ژیانەوە بەدی نەکات و ئومێدبڕاو ببێت، لە تەک دەوروبەر و پەروەردگار و لەگەڵ ناخی خۆیشیدا دەکەوێتە ناشوکری و تووک و نەفرین هەڵڕشتن. شەلم، کوێرم، ناپاریزم، بە ڕاست و چەپدا جمێن بڵاو دەکاتەوە. ئەو ڕێچکەیەی وا پەنای بۆ دەبات، دوای ئەوە دێت، کە ئەو گەلێ ڕێگەی تری تاقی کردوونەتەوە، وەلێ هیچ کامێکیان چاری کێشەکانی ئەویان پێ نەکراوە.

بەگشتیش، لە دەمی تەنگژەی سیاسی و بارگرژی و هێشتنەوەی کێشە چارەسەرنەکراوەکاندا بە هەڵپەسێردراوی، زیاتر خەڵک پەنای بۆ دەبەن. وەلێ هەتا ڕێژەی جوێن لە جڤاکێکدا زۆرتر بێت، ئەوا ئاستی پەرچەکردار بەرانبەر جنێودەران دادەبەزێت، چونکە خەڵکەکە لەسەری ڕادێن و خووی پێوە دەگرن، یان وەک دەڵێن: (خۆشە دەبن). بەو پێیەیش کەمتر لێی بەوەڵام دێن.

هەیە ئەوەندە زمانی زبرە، تۆ لەلای خۆتەوە تەحەمول ناکەیت بۆ تاوێکیش لە نزیکییەوە دابنیشیت و هاوڕێیەتیی بکەیت. زمانی جمێن بەولاوە هیچی تری پێ نییە و بەڕاست و چەپدا دەیبەخشێتەوە. ئەم جۆرە کەسانە کاریگەریی زۆریان لەسەر توێژی منداڵان هەیە. چونکە منداڵ بێ ئەوەی لە واتاکەیشی تێ بگات، وەک زۆر خدەی تر چاو لە گەورەکان دەکات و لێیانەوە فێر دەبێت.

## جمێنی هەژاران

لە بەرامبەر ئەو هەموو چەوساندنەوە و ناهەقییەدا، کە بەرانبەر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ دەکرێت. ئەوان لە چین و توێژەکانی تر زیاتر، وەک دووکەڵکێشێک بۆ سەرکردنی قین و قاری پێشخواردوویان و لە داخی ئەو

نەهامەتییەی وا تێی کەوتوون و دەرچوون لێیان بووەتە ئەستەم، پەنای بۆ دەبەن، تاکو باری دەروونیان کەمێک ئارام ببێتەوە و ئاهێکیان تێ بگەڕێت. دەکرێت بڵێین، لە دۆخی وەهادا جمێن جۆرێکە لە ئازارشکێنی کاتی، سەبووری بە ناخی تاکە ماندووەکان دەبەخشێت. یەک لە باری هەژاران، جمێن بووەتە بەشێک لە ئامرازەکانی جەنگی نێوان هاوولاتی و دەسەلات. بۆیە چینی هەژاری کۆمەڵی کوردەواری پتر جمێن دەدەن. زۆرێک لە جمێنی کوردەواری ئەوان دایان هێناوە و ڕۆیان ناوە. بەلام ئەمە بەو واتایە نییە، گوایە جمێن بەتەنیا کاری چینی بەشخوراو و هەژارە. بگرە ئەم دیاردەیە لەنێو هەموو توێژەکاندا باوە.

## جنێو، ڤایرۆسی فەرهەنگی کوردییە

جنێو جەستەی فەرهەنگی کوردیی تووشی داوەشین کردووە. نووسەری هەتەر و جیدی، دوڕ و گەوهەر دەخەنە پاڵ گەنجینەی ئەدەب و هونەر، هەندێکیش دێن بە ڕستێک جنێوی بازاڕی عەیبداری دەکەن. لە نەبوونی بەڵگەی یاساییەوەیە، پەلاماری ئەو خەڵکە دەدەن و جنێو بەیەکتری دەدەن. ئەم شەڕەجنێوە کارێکی کردووە، فەرهەنگی کوردی بەگشتی لە بەرچاوی خوێنەری خۆماڵی بکەوێت. جا فەرهەنگێک لە ناوەخۆدا وەها بێ بایەخ تەماشا بکرێت؛ دەبێ دەرودراوسێ چ بایەخێکی پێ بدەن؟

جنێو بە پیرۆزییەکان، بە مێژوو، بەکۆن و نوێ، کاری کەسانی بێ بەهرەن. کەسێک کەیس و باس و بابەتێکی ڕوون و دروستی پێ بێت، پەنا وەبەر جمێن نابات. جنێو پێشێلی گیانی لێبووردەیی، دیموکراسی و شۆڕشگێڕییە. نیشانەی ونبوونی ڕەخنەی بابەتییانەیشە. نووسەرانی ئەم جنێونامانەی وا پەڕیونەتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و تۆڕی ئینتەرنێت، ئەو دیاردەیەیان قۆستووەتەوە، کە تۆڕی ئینتەرنێت هێشتا نوێیە و وەک پێویست، ڕێسا و یاسای بۆ لادەران دانەناوە و بەئاسانیش دەستیشی

پێیاندا ناگات. دەشێ دوای چەند ساڵێکی تر، ئەو گەڕەلاوژەیەی وا ئەمڕۆکە لە ئارادایە نەمێنێت و ئەو دیاردەیەیەش بەپێی یاسا چارەسەر بکرێت.

جمێنبازاڕی ڕۆژنامەی کاغەزی و ئەلیکترۆنی، مێشکی خوێنەر ماندوو دەکات و مگێزی دەشێوێنێت. پاڵەپەستۆیەکی بێ پاساوی ئەوتۆ لەسەر دەروونی تاکی جمێن پێدراو و بوختان بۆکراو دادەنێت، پێوەی دەتلێتەوە. پێ دەچێت ئەوانەی وا بە ناوی خوازراوەوە هەڵمەت دەبەن. بەزۆری کۆنە هاوڕێ و هاوبیر و کەسانی نزیکی خۆیان کردبێتە ئامانج. مەبەستیشیان ئەوەیە سووکایەتییان بەسەردا بهێنن. جێی وتنە ئەو بابەتانەی وا بڵاوی دەکەنەوە هەر بەتەنیا جمێن و ناتۆرە نین، بگرە دەنگۆی درۆیش دەدەنە پاڵ قوربانییەکانیان.

ئەو تاکەی بە توێی دەمامکەوە، بەڕاست و چەپدا جمێن دەبەشێتەوە و دەنگۆی درۆ دوای ئەم و ئەو دەخات، هەر دەبێت تاکێکی ناساغ و بێکار بێت. ئەم جۆرە کەسانە گەرەکیانە لە ڕووی مەعنەوییەوە ناحەزەکانی خۆیان لە بەین بەرن، چونکە ئەوان، بۆیان دەستەبەر نابێت وەک جەستە بیانکوژن و لە کۆڵیان بکەنەوە. ئەم تەرحە کەسانە تۆوی ڕک و کینە دەچێن. لەوانەیشە ئەم ئاکارەیان لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتبێت، خۆیان کەسانی ئومێدبڕاون و چاویان بەرایی نادات هاوڕێ و دراوسێ و خزمەکانی خۆیان لە هەر بوارێکدا بێت، بە سەرکەوتوویی ببینن. پەندە ئینگلیزییەکەیش دەڵێت: "ئەوەی قوڕ بگرێتە خەڵکی، لەپێشدا دەستی خۆی قوڕاوی دەبێت".

## جنێودان، بۆ خۆشی و کات بەسەربردن

لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا جۆرە خەڵکانێکیش هەن، بۆ خۆشی و کات بەسەربردن، لە بێکاریدا بەدەم پێکەنینەوە جمێنی سەیروسەمەرە دادەهێنن و بەیەکی دەدەن. بەڵام ئەمانە، تەنیا لە نێوان خۆیاندا ئەم بەزمە پیادە

دەکەن و ناهێڵن خەڵکی تری نەناس بەشدارییان بکات. ئەمانە لە بریی ئەوەی لەیەک عێدز بن، یان خۆیان گرژ و مۆن بکەن و لە یەکتری تەوەللا بن، نێوانیان خۆشتر دەبێت، کاتێک بەدەم جمێنە ئەنتیکەکانەوە، قاقا بەپشتدا دەکەون و بە بیچم و ئاوەزی یەکتری پێ دەکەنن. ئەوانە خدەیان پێوە گرتووە و بەبێ جنێو هەڵناکەن. وەلێ جمێنی ئەمانە نیازی خراپی لەپشتەوە نییە.

لە شوێنی گشتیی وەک چایخانە، بە بەرچاوی ئەم و ئەوەوە ئەم ئاکارە دەنوێنن. واتە لایان شەرم نییە کەسانی تر گوێیان لە شەڕەجنێویان بێت. وەک ئەوەی داهێنانێکی گرینگیان بەرپا کردبێت و مەبەستیان بێت خەڵکی لێ ئاگەدار بکەنەوە. ئەمان لەبەر دڵیشیان خۆشە کاتێک دەبینن خەڵک بەگرینگیپێدانەوە گوێیان لێ دەگرن و بەدیاریانەوە ئەوق بوون. ئەمانە وەک لەسەری (موعتاد) بووبن، شەڕەجمێنیان بۆ تەرک ناکرێت. بۆیە بەشوێن ئەربابی خۆیاندا دەگەڕێن تاکو خۆیان بەتاڵ بکەنەوە، جمێنەکانیان دەمەزەرد بکەنەوە و بڕێک جمێنی تری نوێش دابهێنن.

ئەوەی جمێن بەم و بەو بدات، خۆی لە هەر پلە و پایەیەکدا بێت، جمێنی پێ دەدرێتەوە، ئەگەر لەبن لێویشەوە، یان لە پاشملەیش بووبێت. پەندە کوردییەکە دەڵێت: "جوێن مەدە بە باوکی سەگم، با جوێن نەدەم بە باوکی بەگت" یان دەڵێت: "لە جێی سندان قوزەڵقورتە" واتە ئەو کەسەی جمێنی پێ دایت تۆیش جمێنی پێ بدەرەوە. یان ئەوەی خراپەی لەگەڵدا کردی تۆیش بەخراپە وەڵامی بدەرەوە، کە ئەمەیان گیانی لێبووردنی تێدا ونە.

جمێن هەیە تەنیا وشەیەکە و بڕایەوە. وەلێ واتایەکی زۆری لە خۆیدا هەڵگرتووە. هەیشە دوو وشەیە، بەهۆی ئامرازی (ی) یان (و)ی پێوەندییەوە پێکەوە لکاون، وەک: شمڵی شەڕ. نەدی و بدی.. هەرچی و پەرچی.. گەجەر و گوجەر.. لات و لەوار. هەندێک لەمانە هاوواتان. جنێویش هەیە لە فۆرمی

دەستەواژەیەکدایە و بوویشە بە ئیدیۆم وەک: کەری ناو جۆگە. ڕێوییەکەی قەمچووغە. سابرێنەکەی ئۆغڵیجە. ماکەری ئابلاخ. مانگای مالوان، زلی بێ هونەر. کەری دوای جەجاڵ. گەنەی گونی گا...

وەلێ جمێن هەیە تەواو دوور و درێژە وەک: (ئاوی ئاموون و توونی بابا چی، پێشت کەندەلان، پشتت ڕەشەبا، چوونت هەبێ، هاتنەوەت نەبێ!)، یان (لوا، هەڕە کەرە سەرەتەرا) ئەمەیان هەورامییە، واتە: (برۆ قوڕ بەسەری خۆتا بکە) یانژی (بترپێنم بەڕیشی باوکتا) یان (لەو کەرە بەم پێی هاتی) ئەمەی دواییان مەبەستی پێ هەڵکوتانە سەر لادێییە، گوایە کەسانی ناشارستانین. ئەمانە لە ڕووی داڕشتنەوە، ڕستەی تەواون.

تۆ هەروا سەرنجی ئەم پلارانە بدە بزانە چەند دوور و درێژن: (دەڵێی کوڕی سەیفنەی بەڕۆژەیە و گووی بە سێپەلەی دارەوە کردووە!) واتە: (خۆی زۆر بەگەورە و ناوازە دەزانێت) یان ئەم پلارەیان، کە دەڵێت: (ئەملای ناوە بەولاوە، گووی داوە بە هەردوو لاوە!) بە کەسێکی لەخۆڕازی دەڵێن خۆی هەڵبنێت، بەڵام لە ڕاستیدا هیچی ئەوتۆی لەدەست نەهاتبێت و جێدەستی دیار نەبێت.

## جنێو لای ئێمە، لای ئەوان

لە کولتووری ئێمەی کورددا تەواو پێچەوانەی کۆمەڵی خۆراوایی، زامی جمێن، کە قسەی ڕووتە، لە زامی گوللە کاریگەرترە. بۆیە ڕووی داوە لەسەر تەنیا جمێنێک کێشەیەکی گەورە دروست بووە، تا کار گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی خوێنی تێدا ڕژاوە.. زۆرجاران لە دەمەقاڵێکەوە، لە جمنێکەوە، شەڕی وەها دەکەوێتەوە کلکی کەری تێدا دەپچڕێت. کورد دەڵێت: "زامی خەنجەر سارێژ دەبێت و زامی زمان سارێژ نابێت" ئەم پەندە حیکایەتێکیشی بەدواوەیە، بەندە لە کتێبی (مەملەکەتی ماسی)دا حیکایەتەکەم گێڕاوەتەوە. دەکرێت خوێنەر، ئەگەر مەیلی لێ بێت بگەڕێتەوە

سەری. بەڵام هەتا بڵێی دوورە لە واقیعەوە. چونکە زۆرجاران جمێن بێزاری دەربڕینە، کەرامەتی بەرانبەری پێ نارووشێت. بگرە بەپێچەوانەوە، جمێندەر بەکەم سەیر دەکرێت. بۆیە ئەو پەندە هیچ لە جێی خۆیدا نییە.

وەلێ لە خۆرئاوادا زەینی خەڵک تەواو بەپێچەوانەوەیە. تۆ لەوێ دەتوانی دەیان قسەی توند بە بەرامبەرەکەت بڵێیت و تا دەنگت دەکەوێت بەسەریدا بشیڕێنیت. بەرانبەرەکەشت بەهەمان شێوە بەسەر تۆدا دەنەڕێنێت و بڕایەوە. بێ ئەوەی یاسا سزاتان بدات. وەلێ ئەگەر دەستت لێ کردەوە و زللەیەکت لێ دا، ئەمەیان سزای توندی لەسەرە. بەپێی یاسا، ئەوان هەڕەشەی کوشتن و زیان پێگەیاندنیش بەهەند وەردەگرن. کەچی لە کن خۆمان یاسا لێپێچینەوە لەسەر هەڕەشە ناکات. ئەگەرچی پەندە کوردییەکە دەڵێت: "هەڕەشە نیوەی میردییە" کەواتە لە نێوەندە میللییەکەدا هەڕەشە بە مەترسییەکی جیدی دێتە ژماردن، گوایە کەسانی بەغیرەت هەڕەشە دەکەن. بۆی هەیە بەڕاستیان بێت و ئەو هەڕەشەیە بخەنە واری جێبەجێکردنەوە.

لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، تاک دەتوانێت بە بەدەستەڵات و ڕەمزەکانیدا هەڵبشاخێت، بێ ئەوەی تووشی سزا و لێپێچینەوە ببێت. وەلێ کفرکردن و سووکایەتیکردن بەحەزرەتی عیسا، بەپێی یاسا سزای لەسەرە. کەچی کاتێک لەسەر تاکە سۆلێک ناوی حەزرەتی مەسیح دەنووسرێت، ئەم ئاکارە بە جمێن و سووکایەتی نایەتە ژماردن.

لە ئەمەریکا، ئەگەر تۆ ئاڵای وڵاتەکەیش بسووتێنیت، کە ڕەمزی نەتەوەیەکە، هێشتا هەر بە تاوان لەسەرت حیساب ناکرێت، بگرە ئەو کارە بە نارەزایی دەربڕین حیسابە. وەلێ بەری ڕاپەڕین، لە وڵاتی عێراق، جمێن بە گەورە پیاوان بە تاوان حیساب بوو. لەسەر جمێنێک بە سەرۆک، چەندین ساڵ هاووڵاتی دەخرایە زیندانەوە. شیمانەیش هەبوو لەسەر تەنیا جمێنێک بە سەرکۆمار، هاووڵاتی بکوژن. ئەمەیان ئاکاری زۆرێک لە سیستەمە

دیکتاتۆرییەکانە. لێرەدا جێی وەبیرهێنانەوەیە، کاری هەرە لەپێشی کوردە بەعسییەکان ئەوە بوو، لەنێو خەڵکدا گوێ هەڵبخەن، بزانن کێ جمێن بە سەرۆک و بە حکوومەتی بەعس دەدات، تاکو لە دەمیەوە بدەن.

## جمێنی پیاوە گەورەکان

(جۆ بایدن)ی جێگری سەرۆکی ئەمەریکای ئێستا، لە سەرەتای مانگی تەمووزی ۲۰۰۹دا سەردانی وڵاتی عێراقی کرد. بەپێی ڕۆژنامەکانی عێراق، بایدن لە نیوەڕۆژە خوانێکدا، لەنێو یەکێک لە کەونە کۆشکەکانی سەرۆکی پێشووی عێراقدا، کۆمەڵێک جمێنی مزر و بازاڕییانەی بە سەدام داوە. بەڵام جمێنەکان نەکراون بە عەرەبی. ئەوەندە نەبێت، گوایە بایدن وتوویەتی: «سەدام حوسێن لە گۆڕەکەیدا ئەشکەنجە دەدرێت و دەگری» لە ڕاستیدا ئەمە بۆچوون و زادەی خەیاڵی ناوبراوە، کەچی هەندێک ڕۆژنامە ئەمەی بە جمێن لەسەر ناوبراو حیساب کردووە.

هەر بەپێی ڕۆژنامەکانی عێراق، گوایە سەربازەکان لەم هەڵوێستەی جەنابی جێگری سەرۆک سەریان سوورماوە. چونکە لێیان چاوەڕوان نەکردووە، وەک ئیتیکی دیپلۆماسی، کە پلە و پایەکەی بەسەریدا دەسەپێنی ڕێی پێ بدات بەو شێوە بازاڕییە دابەزێتە سەر سەدام. ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەی (العرب ئۆنلاین)ی ئەلیکترۆنیدا ڕۆژی ۲۰۰۹/۷/۷ بڵاو بووەتەوە. جێی وتنە سەدام لە عۆجەی زێدی خۆی نێژراوە و خەڵکانێک هەن سەردانی گۆڕەکەی دەکەن و فاتیحای لەسەر دەخوێنن.

هەر لە باشووری گۆی زەوییەوە هەتا دەگاتە باکور، لە هەموو سەردەمێکدا و بە هەموو زمانێک جمێن هەبووە. جمێن شوێن و کات و تەمەنی دیاریکراوی نییە. نێر و مێ، گەورە و بچووک، میر و گزیر جمێن دەدەن. (بەکر سیدقی) ڕابەری یەکەمین کودەتای سەربازییە لە وڵاتی عێراق و ناوچەکە و تەواوی نیشتمانی عەرەبیشدا، (بەیانی ژمارە یەک) ئەو دای

هێناوە. چونکە کودەتاچیی ناوبراو هاوکاریی لە تەک (شا مەحموود)ی نەمردا نەکردووە و بەدڵی ئەو نەجووڵاوەتەوە، شێخ مەحموود پێی وتووە: (بەکرە شێت!) شێخ ئەم قسەیەی لەلای جەمال نەبەز وتووە، کاتێک ناوبراو لە سەردانێکدا بۆ داریکەلی، وتوبێژی لە تەکدا کردووە.

ڕێزدار مام جەلال، لە گفتوگۆیەکی تەلەڤزیۆنیدا، کە لەیلا عەلی لەگەڵیدا ئەنجام دا، بەو ڕۆژنامەنووسانەی وا ڕەخنەی توند لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگرن دەڵێت: (ئەوانە سەگن و بە مانگەشەو دەوەڕن!) وەلێ ئەمەیان لە بنەڕەتدا ئیدیۆمێکی کۆنی کوردی و جیهانیشە. لەلایەن چەند هونەرمەندێکی شێوەکاری جیهانییەوە بە کەڤاڵ کراوە، وەک:

کەڤاڵی (سەگ بە مانگەشەو دەوەڕێ)ی هونەرمەند (خوان میرۆ) ١٨٩٣-١٩٨٣، میرۆ کەڤاڵەکەی بە ستایلی سووریالی لە ساڵی ١٩٢٦دا، بە ڕۆن لەسەر کانفاس و بە قەوارەی ٢٩ بە ٣٦ گرێ کێشاوە.. ئەم کەڤاڵە ئێستا لە مۆزەخانەی هونەریی شاری فلادلفیادایە.

هەروەها کەڤاڵی (سەگ چاودێریی مانگ دەکات)، دەستکاریی هونەرمەند (جوان براون)ە، کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٨ - ١٩٩٠دا ژیاوە، لە ساڵی ١٩٦٩دا، ئەم کەڤاڵەی بە ڕۆن لەسەر کانفاس و بە قەوارەی ٣٣ بە ٤٣ گرێ کێشاوە. ئێستا کەڤاڵەکە لە دێرینخانەی هونەریی شاری (بێرکەلی)دایە. جێی باسە گەلێک کەڤاڵی تریش لەسەر ئەم وتە پەندئامێزە هەیە.

کەچی (محمد سعيد الصحاف)ی وەزیری ڕاگەیاندنی عێراقی سەردەمی بەعس، بەو مەزنە لەشکرەی، کە سەر بە چەندین وڵاتی دنیابوون و گەلەکۆمەیان لە عێراق کرد و ساڵی ٢٠٠٣ ڕێژیمی بەعسیان داڕووخاند دەڵێت (علوج). ناوبراو لەسەر کلاوی جەنگەکەدا، لە ڕاگەیاندنی ڕۆژانەیدا بۆ ئاژانسەکانی ناوەخۆ و دەرەوە، هەموو کات ئەم وشەی علوجەی لەسەر زار بوو.. علوج، دەربڕینێکی کۆنی عەرەبییە، ئەو هاتبوو لە بنکی قامووسدا

دۆزینویەوە و هـێنابووی وەک پلار دەیگرتە هێـزی هاوپەیمانان. ئەم جـمـێنە بەواتای هەرچی و پەرچی دێت.

نیکیـتـا خـرۆشـێف ١٨٩٤- ١٩٧١، لە نێـوان سـالانی ١٩٥٣- ١٩٦٤دا سکرتێـری گشـتیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت بووە. سالانی ١٩٥٨-١٩٦٤، سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی بالای سـۆڤـیـەت بووە. ناوبراو لە کۆبوونەوەی خولی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ١٩٦٠ وەک ناڕەزایی دەربڕین و پێشاندانی بێڕیزی بەو ڕێکخراوە، پێڵاوەکانی داکەند و لە کـورسـیـیـەکەی خـۆیـەوە بە پێـڵاو لە سـەکـۆی ڕێکخـراوی ناوبراوی دەدا. بەلای خـرۆشـێـفـەوە، ئەم ڕێکخـراوە، ئامـێـرێک بـووە بەدەست بەرەی سەرمایەداری و بلۆکی خۆرئاواوە. ئەم کارەی سەرۆکی ئەو دەمەی یەکەتیی سۆڤیەت نیکیتا خرۆشێف، وەک سووکایەتی بە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لێک درایەوە و ولاتانی بلۆکی خۆرئاوا گەندە سوودیان لێ بینی. جێی باسە ئەو دەمـە (داک هەمەر شـۆلد)ی بە ڕەگەز سـویدی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.

## شیعری داشۆرین، جنێوی بە کێش و سەروایە!

هەندێک جاران شاعیرەکانیش پەنا بۆ جمێن دەبەن. ئەوان جمێن و تووک و نەفرین دەخـەنە قـالبی شـیـعـرەوە. واتە بەکـێش و سـەروا، مـوسـیک، وێنە، میتافۆر و تەواوی ڕەگەزەکانی شیعر دەیرازێننەوە، تاکو جوان و لەبەر دلان بێت. خوێنـەر پێی خۆش بێت، گوێی لێ بگرێت و تەنانەت ئەزبەریشی بکات. زۆر شـاعـیـر هەن لێ دەبڕێن لە ڕێی هونەری شـیـعـرەوە، داخی دڵی خۆیان بەسـەر دەسـتـەلاتی ملهـوڕدا قڵ پدەکـەنەوە. وەک مـوزەفـەر نـەواب، یان شـاعـیـرێکی هەست ناسکی وەک نزار قـەبانی، کـە دنیـا وەک شـاعـیـری خۆشەویستی ناسیوێتی، کەچی کاتێک قینی هەڵساوە و گەیشتە تینی، دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کردووە. ئەوەی وتوویەتی نەیوتووەتەوە. لێرەوە دەکرێت بڵێین

ئەم جۆرە شیعرە، کە لە کۆندا داشۆرین (هەجو)یان پێ وتووە، بە زۆری دەچێتە خانەی شیعری ڕامیارییەوە. چونکە شاعیر ڕاستەوخۆ سەرو پۆتەلاکی دەستەلات دەکوتێتەوە. گومانی تێدا نییە، شیعری لەم جۆرە جەماوەرێکی بەرفراوانی لەنێو توێژەکانی کۆمەڵدا هەیە.

دوای تێپەڕینی سەدەیەکیش بەسەر کۆچی دواییی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دا، هێشتا هەر شیعرەکانی ئەو، کە بە زۆری دەچنە خانەی داشۆرینەوە، خوێنەری بەرفراوانیان هەیە. زۆر خوێنەر هەن دەیان شیعری ئەم شاعیرەیان لەبەرە. دەشێ بڵێین: مادام نەفرین و جمێنی شاعیر، لە قاڵبی شیعردا جێی خۆی کردووەتەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین بەهونەر بووە و ڕاستگۆییی تێدایە. بزەیش دەخاتە سەر لێوی خوێنەر. پاڵەپەستۆی لەسەر کەم دەکاتەوە. نەجمەدین مەلاش لە دەڤەری سلێمانی؛ هەم ئەدیب و هەمیش مامۆستایەکی خۆبەخشی ناسراو بوو، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر بوو لە جمێن، کە هەموویان داهێنراوی خۆی بوون، بەتایبەتی لەو دەمەدا، کە خەڵکی نەفام تووڕەیان دەکرد.

لە ئێستا و ڕابردوویشدا، شاعیرمان هەن بەتەغار جمێنیان نێوەخنی شیعرەکانیان کردووە. ئەوەندە هەیە شاعیران بۆ حەلاڵکردن و ئارایشتکردنی جمێنەکانیان، ناوی شیعری داشۆرینیان لێ ناوە. یەک لە باری کورد، دەکرێت شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە سەرباشقەی ئەو شاعیرانە بێتە ژماردن. ئەگەرچی بڕوام وایە، شاعیرێک نادۆزیتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان، کەسێک، یان دەستەوتاقمێکی دانەشۆریبێت. وەک نموونە، تۆ ناوی چی لە شیعرە بەنێوبانگەکەی حەزرەتی نالی دەنێیت، کە بۆ مەستوورەی ئەردەلانیی نووسیوە:

مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ ناز و عیتابێ!

ئێستاش با نموونەیەکی زیندوو، لە جمێنی شاعیرانە بهێنینەوە و ڕاڤەی بکەین. شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ (شێخ عەلی)ی کاکی وتووە. جێی ئاماژەیە، تاکو ئێستاش وەرگری کورد بەهەڵە ئەم شیعرە ڕاڤە دەکات و لێی تێ دەگات:

(شێخ عەلی) خۆ تۆ منت ئاوارە کرد و دەربەدەر
چاکە هەجوێکت بکەم ئەمما موفید و موختەسەر
بۆ حەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارە کرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بەکێری نێرەکەر

بڕوانە (دیوانی شێخ ڕەزا، ل. ٤٩)

شێخ عەلی برا گەورەی شێخ ڕەزایە و گەورەی ئەو بنەماڵە و بەرەبابەیە. خەڵک یان موریدەکان ئەو بە شێخ و مورشید و ڕابەری خۆیان دەزانن. وەلێ شێخ ڕەزای برای گلەییی توندی لێی هەیە و ئەم گلەییەی لە شیعرێکی داشۆریندا داڕشتووە. دیارە لە دۆخی وەهادا، دەبێت هەجووی شێخ عەلی بکات، نەک حەمەی وەستا فەتاح. چونکە غەدرەکە هەرچییەک بووبێت شێخ عەلی لە شێخ ڕەزا و ئەو خەڵکەی کردووە. پرسیار و گرێیەکەیش لێرەدایە: کەواتە بۆچی شێخ ڕەزا حەمەی وەستا فەتاح دادەشۆرێت و دایکی ئەوی کردووە بە ئامانج؟ وەڵام:

لە ڕاستیدا شێخ ڕەزا بەهیچ جۆرێک دایکی حەمەی وەستا فەتاحی بە ئامانج نەگرتووە. چونکە شێخ ڕەزا دایکی ڕۆحیی حەمەی وەستا فەتاحی مەبەستە، کە دەکاتە ژنی شێخ عەلی. چونکە لای هەمووتان ڕوونە، کە دەروێش و مورید بە حەمەی وەستا فەتاحیشەوە، بە ژنی شێخ (شێخژن) دەڵێن (دایە). واتە هەموو وەک دایکی ڕۆحیی خۆیان بۆی دەڕوانن و بانگی دەکەن. کەواتە جمێنەکە، یان داشۆرینەکە ڕێک ژنی شێخ عەلیی برا گەورەی خۆی دەگرێتەوە، کە دەکاتە براژنی شێخ ڕەزا!.

هەندێک شاعیرانی کوردیش لە ڕێی شیعرەوە نەیارانی خۆیانیان داشۆریوە. ئەم جۆرە شیعرە کورد دای نەهێناوە بەری شێخ ڕەزای تاڵەبانیش هەر هەبووە؛ بەتایبەتی لەلای گەلانی دراوسێمان. یەک لە باری عەرەب مێژووی شیعری داشۆرین (هەجو) بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە، وەک ئەو شیعرانەی لە نێوان مەزنە شاعیرانی سەردەمی خۆیاندا، جەریر و فیرەزدەق لە ئارادا بوون، کە سەراپا داشۆرین.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی داهێنانی لەم تەرحە شیعرەدا کردووە، بەوەی وێنەی نوێی هێناوەتە ئاراوە و وەک چەندێتییش ژمارەیەکی زۆریشی لەم جۆرە شیعرە نووسیوە. ئەوەندە هەیە، وەک قسە عەرەبییەکە دەڵێت: "ئەوەی بۆ شاعیر دەلوێ بۆ ئەوانی تر نالوێ" جێی وتنە شێخ ڕەزا بۆ خۆی لە لاپەڕە ٦٨ی دیوانەکەیدا، کاتێک بە چوارینەیەک (شێخساڵح)ی مامی دادەشۆریوە. لەوێدا ددانی پێدا ناوە، کە شیعری هەجو جۆرێکە لە جنێو و جنێوبازی:

تۆ کە خۆت مەیلی جنێوبازی دەکەی (شێخ ساڵح)
بۆ دەکەی سەرزەنشتی من کە (ڕەزا) هەجاوە
غایەتی بەندە، جنێوم بە دوو سێ کەسێ دابێ
تۆ هەتا ئێستا بەقوربان، بەهەزارت داوە!

أ. ب. هەوری (ئەبوبەکر شێخ جەلال ١٩١٢–١٩٧٩)، لە (بەرهەمی خەبات)، شیعرەکانی (با کوردستانمان، ل. ١٦٥ و نووسەرێک، ل. ١٧٢)دا، جارێک گەورەی درۆ دادەشۆرێت، کە مەبەستیشی پێ ئەوانەیە وا نۆکەری بیانین و تەنیا خەمی ورگ و گیرفانی خۆیان هەیە. جارێکیش نووسەری دۆڕاوی بە نیشانە ناوەتەوە. ئەوانەی وا خەڵکی دەستخەڕۆ دەکەن و لایەنی هەژاران ناگرن:

با کوردستانمان

با گـــــەورەی درۆ، هـەمـــوو نۆکـــــەر بن
بــــۆ بێگـــــــانەکان وەک بارەبــــــەر بن
بەرامـــبــــەر بەخـــــۆ، دەست بە وەروەر بن
لە ڕووی دوشـــمندا گــوێ تەپیـــو، کـــەڕ بن
تــا نـــاپیاو پیـــاڵـــەی پـــڕ هـەتا لێـــو بـــێ

نووسەرێک

نووسـەرێ، نووسـینی داو بۆ هەژار بێ
دەسخـەڕۆکـــەری لادێ و شـار بــــێ
بۆ دەسـتی دوشـمن، کـوتەک و دار بێ
دەک ئەو نـووســــەرە لای بەدەوار بـــێ
با بـاسـی دوو هـەوڵـی خـــــۆیشم بکەم

ئەمەی وا لێرەدا دەیگێڕمەوە، سەروبەندی ١٩٧٩-١٩٨٣یە، واتە سەروکلاوی دوا دەستەی بەڕێوەبەری یەکەتیی نووسەرانی کورد، لقی سلێمانی، کە بارەگەکەی لە سابوونکەران بوو. ماوەیەک کەسێکی نەناسراو کردبووی بەخوو، عەسران وەک سەرجەم نووسەر و دۆست و ئاشناکانمان دەهاتە سەردانی یەکەتی و بێ ئەوەی هیچ بدرکێنێت لە باخچەکەدا لێی دادەنیشت و پاڵی دەدایەوە، تەنانەت قسەیەکیشی لە زار دەرنەدەهات. ئێمەش خۆمان تێ نەدەگەیاند. ئێ خۆ نابێت و ناکرێت دەری بکەیت! بەهەرحاڵ کاتێک ئەو بگەیشتایە، ئیدی باسی ئەو ساتەوەختە ئەگەر پێوەندیی بە سیاسەتەوە هەبوایە، ئەوا یەکسەر پێچمان پێ دەکردەوە و قسە دەچووە سەر باسوخواسێکی تر.

هەر لەودەمەدا ئەفسەرێک لە ئەمنی سلێمانی، کە ئێمە بەعەرەبمان دەزانی. زۆر بەجیدی کەوتبووە دژایەتیمان و دەیویست هەرچییەک لەو

کۆڕانەی نووسەراندا دەوترێت، ئەو بەتەواوی بچێتە بنج و بناوانیان. ئەو دەیویست یەکە یەکە پاشخانی هەموویشمان بزانێت. لە لێپێچینەوەیەکدا، لەگەڵ برادەران خۆی ئاشکرا کردبوو، کە ئەو ناوی (مولازم ئەوەل مەدحەت)ە. خەڵکی شاری کۆیەیە و خزمی نزیکی (دڵدار)ی شاعیرە و گوایە لە ئێمە باشتر لە ناوەڕۆکی شیعر و چیرۆکەکانمان حاڵییە و هیچ پێویست بەوە ناکات ئێمە زەینی لێ تێک بدەین، چونکە ئەو لە هەموو کەین و بەینێک تێ دەگات. هیوادارم لە ڕاپەڕیندا سەری تیا چووبێ!

تۆ بزانە لەو (موفارەقە)یە! ئەو شاعیرە خۆشەویستەی خاوەنی سروودی (ئەی ڕەقیب) و ئەم ئەمنە، سەر بەیەک بنەماڵەن! پەندە کوردییەکەم بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێ: "مریشک هێلکەیش دەکات و ریقنەیش دەکات". جا منیش ساتیرێکی کورتم بۆ ئەو زەلامە نووسیبوو. بێئەوەی بیناسین سەری دەداین و ئێمەش تەواو لێی بەگومان بووین. وای بۆ دەچووین بەنیازی هەواڵدزی بێتە سەردانی بارەگەی نووسەران و دووریش نییە شەخسی (مولازم ئەوەل مەدحەت) ناردبێتی. ئەمەش دەقەکەیەتی:

چاوت بزە وەک چاوی دز
گوێچکەت قووڵە وەک ڕەحەتی
خوا پێم نەگرێ تۆ نێردراوی
مولازم ئەووەل مەدحەتی!

وەلێ ئەم ساتیرە شیعرە برێ زبر و تووڕەیەی لای خوارەوەم بۆ کەسێکی دیاریکراو نەوتووە، بگرە مەبەستم پێی تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی حوکمی زاتی «المجلس الوطني لمنطقة الحكم الذاتي» بوو. جێی باسە چەند ئازیزێکیش دوای ئەوەی پرسیان پێ کردووم، ئاخنیویانەتە (تضمین) شیعری خۆیانەوە. ئەم کورتیلە ساتیرە لە چیرۆکی (ڕاپۆرت)ی لەمەڕ خۆیشمدا (بڕوانە کۆچیرۆکی (ملوانکەی ستیل) دووبارە بووەتەوە.

تـــۆش گـــــــــــــــــــــــــــــەواوی
تۆش ئەندامـی ئەنجـومـەنی ناوبڕاوی
تـۆش جـــــــرتـێـکی دوو دەنـگـیـت و
تـاکـــو ئـێـــســـتـــایش لـێ نـەدراوی!

## فەقێ و گەمەی زمان

با ڕووداوێکی نوکتەئامێزیش لەو سـەردەمی منداڵیی خۆم بـگێڕمـەوە. بەندە دوای دەوامی قـوتابخـانەی سـەرەتایی، مـاوەیـەک لە حـوجرەی فـەقـێـیـانی قەرەداخیش دەمخوێند. ئەودەمە هیچی وام لـە کەین و بەینی نێوان فەقێیان نەدەزانی. ڕۆژێکیان فەقێیەک نامەیەکی لوولکراوی دامێ و پێی وتم بیگەیێنە فلانە فەقێ. کاتێک نامـەکەم گەیاندە فـەقـێی دووەم، داوای لێ کردم کەمێک چاوەڕوان بم هەتا وەڵامی نامەکە دەداتەوە.

هەر بە بەرچاوی خـۆمـەوە لە پەنچکێ کـاغـەزدا ئەم چەند وشـە سـەیرەی نووسـی (لیـری لەر بـە لونی لاتب) منیش بـێ ئەوەی هیـچـی لێ حـاڵی ببم، یانژی هیچ لەلام مـەبەست بێت، وەڵامـەکەم گەیاندەوە دەستی فـەقێی یەکەم. ئەویش سـەرنجێکی وەڵامـەکـەی دا، زەردەخـەنە گـرتی وتی، "ئەی منافـەق!" ئەمـجـا نامـەکـەی پێـشـان دام و پرسـی: "ئەها چی بۆ نووسـیـوم!" منیش سـەرنجم دا و وتم: "بۆم ناخـوێنرێتـەوە، چی نووسـیـوە!" فـەقـێـم فـەقێ، قەڵەمەکەی لە باخـەڵی دەرهێنا و چوار سەری بۆ لامـەکـان کرد، هەمـوویانی کـرد بە کـاف. ئیـدی وشـە بێ واتا و سـەیرەکـان بەم شـێـوەیەیان لێ هات: "کـێری کـەر بە کونی کـاتب!" واتە: "کـێری کـەر بەقوونی ئەو کەسـەی ئەم نامەیەی نووسی!" جێی باسە ئەودەمە هێشتا حەوتی سەر و ژێری پیتەکان دانەهاتبوو.

تەنانەت توێژی منداڵانیش جمێن دەدەن. ئەوان هێشتا لە باخچەی ساوایاندان، کەچی قامووسێکی گچکۆکە جمێنیان لەلا کۆ بووەتەوە. لەسەر شەقامەکان و لە کەسوکاری خۆیانەوە، لە فیلمەکانەوە، بەتایبەتی لە فیلمە ئەکشنەکانی ئەمەریکاوە فێری دەبن. لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەم قامووسە لێی زیاد دەکرێت و ئەستوورتر دەبێت.

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان گوێت لە منداڵە چوار ساڵانەکەت بوو، لە پڕ جمێنێکی بەرانبەر بە میوانێک لە دەم دەرچوو، ڕەنگە خراپ پێی تێک بچیت و لەلای خۆتەوە شەرم دات بگرێت و ڕەنگت سوور هەڵبگەڕێت، ترسی ئەوەت لێ بنیشێت لە ناخەوە گلەییت لێ بکەن، چونکە تۆی دایک یان باوک لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵەکەتدا سەرکەوتوو نەبوویت. یان ڕەنگە ئەو میوانە وەها تێ بگات گوایە ئەو منداڵە لە ژینگەیەکی نادروستدا دەژی و ئەو جمێنەی لە ئەندامانی خێزانەکەیەوە بیستووە. وەلێ باشتر وایە ئەم دیاردەیە بە ئاسایی وەربگریت. چونکە دەشێ ئەویش لە باخچەی ساوایان، لە منداڵێکی تری بیستبێت، بێ ئەوەی لە واتاکەی حاڵی بووبێت، دێت لە ماڵەوە دووبارەی دەکاتەوە.

لەم ڕووەوە، خاتوو «مێری والاس» لە کتێبەکەیدا بە ناوی (الأسلوب الأمثل لتربية الطفل بعد عامة الرابع) دەڵێت: "منداڵە بچووکەکان لەم جیهانەدا، هەست بە بێهێزییەکی زۆر دەکەن. ئەوان بە تەواوی پشت بە گەورەکان دەبەستن، ڕێنوێنییان بکەن چلۆن هەڵسوکەوت بکەن. وەلێ لە تەمەنی چوار ساڵی بەدواوە، ئیدی دەست بەفێربوونی ئەم وشانە (جمێن) دەکەن، چونکە هێزیان پێ دەبەخشێت.. ل. ٨٣".

سەرچاوەی زۆرێک لەو جمێنانەی، کە هەندێک جاران منداڵان لە تووڕەییدا و برێ جاریش وەک لاساییکردنەوە، هەر بۆ خۆشی دەیدەن،

باخـچـەی سـاوایان و فـیلمی تەلەڤـزیۆن و گـەورەسـالانە. مـرۆڤ ئەگـەر بە منداڵیش فێرە جنێو نەبێت، ئەوا کاتێک گەورە بوو، زۆر ڕێگە و پاساوی بۆ فێربوونی جمێن لە بەردەستدایە. وەلێ لێرەدا گرینگ ئەوەیە داخۆ دایک و باوک چلۆن مامەڵە لە تەک منداڵەکەیاندا دەکەن، کاتێک گوێیان لێ دەبێت جنێو دەدەن. ئاخۆ لێیان تووڕە بن و هەڕەشەیان لێ بکەن تاکو دووبارەی نەکەنەوە؟ یان گەرەکە ناچار بکرێن داوای لێبووردن لە بەرانبەر بکەن؟ خاتوو مێری والاس بەم شێوەیە چارەسەری دۆخەکە دەکات:

«هەوڵ بدە بە دەمییەوە پێ نەکەنیت، یان پێی نەڵێت بێژەیەکی جوان بوو. نەکەی بە شێوەیەکی ئاشکرا تووشی شۆکی بکەیت. بەمجۆرە پەرچەکردارانە دنەی دەدەیت بەردەوام بێت. بۆیە زۆربەی شارەزایان لەسەر ئەوە کۆکن کە باشترین وەڵام بۆ ئەم زمانە زبرە ئەوەیە وەڵامێکی هێمنی بدەیتەوە، یان بە هیچ شێوەیەک وەڵامی نەدەیتەوە... ل. ٨٤»

ئەوەتا جمێن گەیشتووەتە نێو فیلمی کارتۆنیش. هەندێک لەو فیلمە کارتۆنانەی لە کوردستانەوە دەگەنە ئەوروپا، بە دەیان جمێن ئاخنراون. پێم وایە هۆکارەکەی ئەوە بێت، ئەوانەی لە سلێمانی ئەو فیلمانە دۆبلاج دەکەن، هەم لە پەروەردەی منداڵەوە دوورن و هەمیش بە نێوەندە هونەرییەکە نامۆن. وێڕای ئەوەی لە هونەری وەرگێڕان و دنیای ئەفسووناویی پاک و بێگەردی منداڵانیش ناحاڵین. لە ڕاستیدا هیچ وڵاتیک قەبووڵ ناکات ئەدەب و هونەری منداڵانی بەو شێوەیە بە جمێن بئاخنرێت و بە جارێک نەوەی نوێ فێرە جنێو بکرێت. ئەم جمێنانەیش لەنێو خودی فیلمە ئەسڵییەکاندا نەبوون، بگرە ئەو وەرگێڕانە خۆیان بۆیان زیاد کردوون. ئەوی ڕاستی بێت، ئەوانە لە پێناوی چەردەیەک دەستکەوتی مادیی خۆیاندا، خدە و ئاکاری منداڵان تێک دەدەن و جمێنی لەلا دەکەن بەکردەیەکی ئاسایی وەک ئاوخواردنەوە.

ئەگەر نێو بازاڕ، تۆڕەکانی ئینتەرنێت، تەنانەت دانیشتنەکانی هۆڵی

پەرلەمانی وڵاتانیش شەڕەجمێنیان تێ بکەوێت، هەر نەیسە، وەلێ جمێن بپەڕێتە نێو دەقی بۆ منداڵ نووسراو، ئەمەیان دیاردەیەکی نوێیە و لەسەر وەستانی جیدیی گەرەکە؛ چونکە بەغەیری کورد لە باشووری وڵات، لەنێو هیچ میللەتێکدا، کاری وەها ڕووی نەداوە.

تا ئێستا دنیای پاکی منداڵ، لە دیاردەی توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانیەوە، جەستەیی و دەروونی و لە ڕێی زمانی هەڕەشە و جمێنەوە بە دوور ڕاگیراوە. دنیای منداڵ پەرێزێکی پاکە و نەلەوتاوە. نووسەرانی دنیایش لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم جیهانە نابێت خوێنڕشتن و شەڕەجمێنی تێ بکەوێت. ئەگەر هەر ژانرێکی ئەدەبی و هونەرییش سانسۆر ڕەت بکاتەوە، ئەوا گەرەکە ئەدەب و هونەری منداڵان، لەم ڕووەوە، کە ئاماژەم پێ دا، لەژێر سانسۆردا بێت. لە شاری سلێمانی چەند بنکەیەک هەن ناوی (سەنتەر)یان لە خۆیان ناوە. ئەم سەنتەرانە فیلمی کارتۆنی بیانی دۆبلاج دەکەن. واتە کارێک دەکەن قارەمانە کارتۆنییەکان بە زمانی کوردی بئاخڤن. هەتا ئێرە کارەکە ئاساییە. لێ مەترسییەکە لەوەدایە، ئەمانە لەلای خۆیانەوە فیلمەکانیان بە جمێنی سووکی ئەوتۆ ئاخنیوە، کە منداڵ بەهەموو بەرائەتی خۆیەوە دەکاتە کەسێکی دەمپیسی جمێنفرۆش، بەڕادەیەک، ئیدی ڕووی ئاوەدانیی نامێنێت. (سەنتەری خۆشی) لە سلێمانی (دارە سووتاوەکە)، لە بازاڕی (حاجی ساڵح) وەک خۆی لەسەر فیلمە کارتۆنییە دۆبلاجکراوەکان نووسیویەتی. هاتووە فیلمەکانی پڕ لە جمینی بازاڕی کردووە! بۆ نموونە لە فیلمی کارتۆنیی (بەراز)دا، لەسەر زاری گیاندارەکانەوە، لە فۆرمی هەڵبەستدا ئەم (شەڕەجوێن)ەمان گوێ لێ دەبێت:

دەی بڕۆ پیسی سواڵکەر
با بە شەق نەتکەمە دەر
دنیا خراپ گۆڕاوە
شەرم و حەیاش نەماوە

ساختەچی و هەرچی و پەرچین
ئێوە مەلابەزێن
بڕۆن ملتان بشکێن
وا مەکە مردووت مرێ
داخی ئەم حەیوانە
وا مەکە لەو شەتڵانە
بیبڕەرەوە هیچنەزان
وەی لەو بێ ئەدەبییە
کچێ چەتیوە کەرە
بەبێ قوماریش دیارە
کێ کەرە و نالەبارە

جێی وتنە، زۆر خێزان لە کوردانی هەندەرانشین، بەو نیازەی منداڵەکانیان خێراتر فێرە زمانی کوردی بن، کاتێک بە سەردان دەگەڕێنەوە کوردستان، لەگەڵ خۆیاندا فیلمی کارتۆنیی کوردییان بۆ دەهێنن. بەڵام ئەوان کاتێکیان زانی منداڵەکانیان فێری دەیان جوێنی بازاڕی بوونە. جێی سەرنجە هەتا ئێستا نە لایەنی پەروەردە، نە میدیاکان، نە ئەو دەزگەیانەی مشووری ئەدەب و هونەری منداڵان دەخۆن، لەم دیاردە مەترسیدارە بەدەنگ نەهاتوون. پێم وایە بۆ سەلامەتیی توێژی منداڵان و دوور ڕاگرتنیان لە توندوتیژی، لانی کەم دەبوایە ئەم جۆرە سەنتەرانە دابخرانایە.

ماوێتی

سەرچاوە:
(١) میري والاس، الأسلوب الأمثل لتربية الطفل بعد عامة الرابع، مكتبة جرير، الرياض، الطبعة الأولى ٢٠٠١.
(٢) صوفية السحيري بن حتيرة، الجسد والمجتمع، الطبعة الأولى، الإنتشار العربي،

بیروت، ۲۰۰۸.

(۳) أ. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات. چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۲.

(٤) ڕۆژنامەی (العرب ئۆنلاین)ی ئەلیکترۆنی، ڕۆژی ۲۰۰۹/۷/۷.

(٥) شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی، د. مکرم تاڵەبانی، بڵاکراوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۱.

## ڕۆمانی (وا إسلاماه) چ ڕۆڵێک بە کورد ڕەوا دەبینێت؟

وا أسـلامـاه، ڕۆمـانێکـی مـێـژوویـیـە، لەلایەن (علي أحـمـد باکـثـیـر ١٩١٠-١٩٦٩)ەوە نووسـراوە. بـاس لە سـەردەمـێک دەکـات، کـە وڵاتانی ئیـسـلام، لە ڕۆخی ڕووباری سندەوە بۆ ڕۆخی ڕووباری نیل، ناحـەزانی ئیسـلام تەراتێنی تێـدا دەکـەن. لـە ڕۆژهـەڵاتەوە تەتار، بـە فـەرمـانـدەی جـەنگیـز خـان و دواتر هۆلاکۆ، لە ڕۆژئـاوایشـەوە خـاچپـەرسـتـان، بکوژ و ببڕن و شـمـشـێـریان تێ ناوە.

لە هەلومەرجێکی وەها دژوار و ئاخۆران و بخۆراندا، سوڵتـان جەلالەدینی کوڕی خوارەزم شـا، کە لە شاری غەزنە فەرمانڕەوایـە، پێمل نابێت و بەنیازە لەشکر بکات، بجـمـێت و پێش بـەم شـاڵاوەی تەتار بگرێت. هەر لەم کـاتەدا مـیـر مـەمـدوود، کـە سـەرکـردەیەکی لێـوەشـاوەی سـوپایە و دەسـتـەڕاسـتی سـوڵتـانـە، هـەم ئامـۆزایـەتی و هـەمـیش خـوشکی سـوڵتـانی لە باخـەڵدایە، کوڕێکی دەبێت ناوی لێ دەنێت مـەحـموود و سوڵتـان جـەلالەدینیش کچێکی دەبێت ناوی لێ دەنێت جیهاد. پاشـان ئەم دووانە، دەبنە قارەمانی سەرەکیی ئەم ڕۆمـانە مـێـژوویـیـە و دوای کێشـمـانـەکێش و مـلانێـیـەکی دوور و درێژ ئەوجا دەتوانن، لە میسرەوە خۆیان کۆ بکەنەوە و جیهانی ئیسلامی لە تەتار پاک بکەنـەوە. لە سـەرەتای ڕۆمـانـەکەدا لەشکری تەتـار شـاری مـەرو داگـیـر دەکـات؛ پاشـان نـەیسـاپوور دەگـرێت و بـەرەو هـەرات بەڕێوەیە. سـوڵتـان جەلالەدینیش هێشتا هەر لە غەزنەیە و چاودێریی دۆخەکە دەکات.

جـەلالەدین بەگـژ سـوپای بەهێـزی تەتـاردا دەچێـتـەوە، بـەڵام دوای چەند جـەنگێک پەکی دەکـەوێت و دەرۆسـتـیان نـایەت. دەشکێت و دەکشـێـتـەوە. بە

پاشماوەی سوپا شکستخواردووەکەیەوە لە لاهور خۆی دەگرێتەوە. لە تافی کشانەوەدا سەریان لەدوو ناوە، بۆیە بەناچاری مێیینەکانی خێزانی خۆی بەدەم ڕووبارەوە دەدات، نەبادا بەدیلی بکەونە دەست تەتار و ئەوەی نەشێت پێیان بکەن. لە لاهوور، دیسان دەبووژێنەوە و دەوڵەتۆکەیەک بنیات دەنێت و لە نوێ سوپا پێک دەهێنێتەوە و گەشە دەکەن. ئەم ڕۆمانە گلەیی و بناشتی زۆریشی لە فەرمانڕاوەیانی ئەو چاخە، بە عەرەب و ناعەرەبیانەوە هەیە، چونکە ئەوان وەک پێویست بۆ غەزای تەتار وەخۆیان نەکەوتوون و نەهاتوونەتە دەست.

هونەرێکی ئەوتۆ بەم ڕۆمانەوە دیار نییە. گێڕانەوەیەکی ڕووتە. نووسەر گێڕانەوەی تەواوی ڕۆمانەکەی بە کەسی سێیەمی هەمووشتزان (Omniscient Narrator) سپاردووە. تارمایی خۆی بەئاشکرا لە پشت حیکایەتبێژەوە دیارە. بیر و ئایدیای خۆی بەسەردا سەپاندووە. واتە نووسەر خۆی لە جێی ئەوان بیر دەکاتەوە و دەیانجوولێنێت. ناوبەناو شیعریشی تێ دەکەوێت. بێ ئەوەی ئەم شیعرە ستوونییانە، بتوانن شتێک لە ئاستی هونەریی دەقەکە بەرز بکەنەوە. لەو جۆرە ڕۆمانانەیە، ئەگەر بە شارەزاییەوە ئامادە بکرێت بۆ سینەما لەبارە.

ڕۆمانی مێژوویی واتە هەڵکردنی ئەدەب و مێژوو پێکەوە، یان بە ئەدەبکردنی مێژوو. لە گێڕانەوەی مێژووییدا یەک دەنگی دلێر و ئاشکرا لە گۆڕێیە؛ ئەویش دەنگی ئەو مێژوونووسەیە، کە کۆرنۆلۆجییانە ڕووداوەکانمان بە شوێن یەکتردا بۆ دەگێڕێتەوە. وەلێ لە سەمتی ڕۆماندا کۆمەڵێک دەنگی ناکۆک و دژ بە یەکیش هەن، ئەو دەنگانە لە تافی مامەڵەکردنیاندا بەریەک دەکەون. مەلانێ دەخولقێنن و هاوکات بەسەرهاتەیلیش بۆ خوێنەر دەگێڕنەوە.

لە سەمتی ڕۆماندا، بەدەر لە ڕاستی و فاکتەکان، هەقیقەتێکی تریش لە

گۆڕێیە، ئەویش هونەر و ئەستاتیکا و زمانی شیعرە. هەروەک دەشێ ڕۆمانی مێژووییش وەک ڕۆمانەکانی تری کریمینالیتی و خۆشەویستی و... تاد چەند حیکایەتبێژێک (Narrator)، هەریەکە لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، یان دەشێ قارەمانەیل خۆیان ببنە حیکایەتخوان ڕووداوەکان بیگێڕنەوە.

نووسەر تاکێکی دەستڕەنگین و هونەرمەندە، ئەگەر مێژووی سەردەمێکیش بگێڕێتەوە، یاخۆ مێژوو ناوەخنی هونەری گێڕانەوە بکات، ئەوا بە هەست و سۆزی مرۆڤانەی خۆی دەینووسێتەوە، نەک بەپێی ویست و مگێزی سوپایەکی لوتبەرزی لە جەنگدا سەرکەوتوو، یان هەر هێز و لایەنێکی تری دەستڕۆیشتوو.

سوڵتان جەلالەدین جارێکی تر بە سوپایەکی پێنج هەزار سەربازییەوە لە لاهورەوە، بۆ جەنگی تەتار دەجەمێت. جووتە میری چکۆلە مەحموود و جیهادیش لە تەک خۆیدا دەهێنێت. ئەم جووتە میرە، ئیتر هۆگری یەکن و دەبنە دڵدار و دڵخوازیش. میر مەحموودی منداڵ خەون بەوەوە دەبینێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بچێتە جەنگی تەتار و تۆڵەی بابیان لێ بکاتەوە، کە لە جەنگی ئەواندا کوژرابوو.

جا چونکە تەتار زوڵمێکی زۆر لە هاوولاتییان دەکەن و بە شوێن تالآن و بڕۆوەن، خەڵکەکە لێیان پڕن، بۆیە سوپای جەلالەدین بەبێ جەنگ کابول دەگرێت. سوپای تەتاریش داوای یارمەتی لە جەنگیز خان دەکەن. وەلێ جەلالەدین کرمان دەگرێت و لەوێوە بەرەو ئازربایجان پێشڕەوی دەکات. مەحموودی خوشکەزای و جیهادی کچیشی لەگەڵدان. لەم دەمەدا جەنگیز خان، یەکێک لە کوڕەکانی بە سوپایەکی چل هەزارییەوە دەنێرێتە بەرەکانی جەنگ.

لە لاپەڕە پەنجای ئەم ڕۆمانەدا هاتووە: "جەلالەدین فەرمانی دا هەموو

دیلەکان بکوژن، لە نێویاندا سەرکردەکەیان، کە کوڕی جەنگیز خانە. فەرمانی دا بیهێنن تاکو بەدەستی خۆی بیکوژێت. بەڵام مەحموود، کە هێشتا منداڵە، وتی: خاڵە تۆ تەنیا جەنگیز خان بکوژە. با منیش کوڕەکەی بکوژم، کە شایانی شمشێری تۆ نییە.. جەلالەدین پێ کەنی وتی: ڕاستت گوت مەحموود. بیکوژە بەمەرجێک سێ شمشێر زیاتری لێ نەدەیت. مەحموود لە میرە تەتارییەکە هاتە پێش، کە بەزنجیر بە زەوییەوە بەسترابوو. دووجاران شمشێری لە هەوادا سووڕاند. ئەمجا لە ملی دا و سەری پەڕاند. ئامادەبووان لە سەدای ئەڵڵاهوئەکبەریان دا، خۆشحاڵ و سەرسام بوون بە هێزی ئەمیری گچکە.. مەحموود ئاوڕی لە خاڵی دایەوە وتی: لە یەک شمشێر زیاترم لێ نەدا. جەلالەدین هەڵسا و دەستی کردە ملی و وتی: بارەکەڵا ئەی قارەمان!.. ل. ٥٠" واتە لەم ڕۆمانەدا دیل کوشتن بە زنجیرکراوی و لەلایەن منداڵێکەوە بە قارەمانێتی حیساب کراوە. وێڕای تێوەگلانی منداڵ لە تاوانی کوشتندا.

دوای ئەم ڕووداوە، بەنیازی تۆڵەسەندنەوە، جەنگیز خان خۆی بە سوپایەکی تەیارەوە دەکەوێتە ڕێ. ئیدی بەدوای ئەم شاڵاوەدا کاولکاری، گرانی و هەژاری باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشن و جەلالەدین ناچار دەبێت داوای یارمەتی لە (دار الخلافة) و پادشاکانیان لە وڵاتانی میسر و شام بکات، بەو حیسابەی گوایە ئەوان دەوڵەمەندن، دەکارن لەشکر چێ بکەن و بە ڕووی دوژمنانی ئیسلامدا بوەستنەوە. بەڵام ئەوان گوێی لێ ناگرن. وەلێ ئەو بێهوودە نامە بۆ خەلیفەی بەغدا دەنووسێت. تەنانەت بەشێک لە پادشا موسڵمانەکان دەکەونە تەک تەتار (یەکێک لە پادشاکانی بەنی ئەیووب، کە چووبووە پاڵ لەشکری تەتار، بە دیلی دەکەوێتە دەست سوپای جەلالەدین. سوڵتان لە سزای ئەوەدا، کە خیانەتی کردووە بە دەستی خۆی دەیکوژێت... ل. ٢٠١).

دەشێ بڵێم حیکایەتبێژ نەیتوانیوە بێلایەن بێت و لەیەک دوورییەوە بۆ

هەموو قارەمانەکان بڕوانێت، حیکایەتبێژ هەموو ئاکارە جوانەکانی داوەتە پاڵ جووتە قارەمانی موسڵمان (مەحموود و جیهان). ئاکارە ناجۆرەکانیشی داوەتە پاڵ ئەوانی تری تەتار و غەیری تەتار. لێبووردەیی قارەمانی سەرەکی بەڕادەیەکە، کاتێک لە لووتکەی سەرکەوتنیدا ڕوکنەدین بێبرس، مەحموودی پادشا دەکوژێت، ئەو داوای تۆڵە ناکات. بگرە بەدەم گیانەڵاوە لە خوێنی خۆی خۆش دەبێت و هەر لەوێشدا بکوژەکەی خۆی دەکات بە پادشای وڵات. داوایش لە یارانی خۆی دەکات ڕوکنەدین بێبرس وەک پادشای خۆیان قەبووڵ بکەن.. کەسێک بەناوی مووساوە لە دیمەشق هەیە، هەردەم تاڵاوی بە گەرووی خۆی و جیهاندا کردووە. بەڵام کاتێک بەسەرکەوتوویی دەچێتە شامەوە، هەواڵی دەپرسێت و فرمان دەدات مووچەی بۆ ببڕنەوە.

وەک چۆن ڕۆمان بەگشتی ژانرێکە لە ڕۆژئاواوە سەری هەڵداوە، ڕۆمانی مێژوویش دیسان لەوێوە داکەوتووە و گەیشتووەتە لای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی. جۆرج لۆکاش پێی وایە: "پەیدابوونی ڕۆمانی مێژوویی؛ لە ئەوروپادا، بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە. بۆ ئەو زەمانەی، کە ناپلیۆن هەرەسی هێنا. هەر لەو سەروکڵاوەدا بوو ڕۆمانەکەی والتەر سکۆت ١٧٧١-١٨٣٢ بە ناوی ویڤرلی لە ١٨١٤دا بڵاو بووەوە... الرواية التأريخية، ص، ١١"

تایبەتمەندیی ڕۆمانی مێژوویی لەوەدایە، کات و شوێن ڕیاڵانە لەسەر زەوینەی واقیع هەن و خەیاڵی نین، ئەوەندە هەیە نووسەر خەیاڵی خۆی ئامێتەی ڕۆمانەکە دەکات. واتە بۆ خۆیان بە قارەمانەکانیشەوە، یان هیچ نەبێت قارەمانە سەرەکییەکان، بەشێک لە ڕابردوو پێک دەهێنن و نووسەر لە ڕابردووی ئەوساوە بۆ حاڵی حازر هێناونی و درێژی کردوونەتەوە. وەلێ نووسەر وەک مێژوونووس سەیری ڕووداوەکان ناکات، بگرە وەک هونەرمەند مامەڵەیان لە تەکدا دەکات.

ڕۆمانی (وا إسلاماه) نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم نووسراوە.

بەپێی ئینسایکلۆپیدیای ویکیپێدیا (علی أحمد باکثیر ١٩١٠-١٩٦٩) وێڕای شیعر، حەوت ڕۆمان و سی و نۆ دەقی شانۆیی نووسیوە. وەلێ ئەو یەکەم نووسەری عەرەب نییە لە بواری ڕۆمانی مێژوویی‌دا کارا بووبێت؛ بگرە پێش دەرکەوتنی ئەو، هەرە دیارترینیان لەم بەستێنەدا (جۆرجی زەیدان بوو ١٨٦١-١٩١٤)، کە ژمارەیەکی بەرچاو ڕۆمانی مێژوویی نووسیوە؛ وەک: غادة کربلاء، الحجاج بن یوسف، أبومسلم الخراساني و صلاح الدین الأیوبي و زۆری تریش.

ڕۆمان گرینگییەکی زۆر بە وردەکاری دەدات. لە جلوبەرگی قارەمانەکانەوە بگرە تا دەگاتە هەستەکانی مرۆڤ و درێژەدان بە وەسفی شوێن و کات و بەستنەوەیان بە ڕووداوەکانەوە. دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕووداوەکان وەک کارێکی هونەری و بۆ جوانتر بەرجەستەکردنیان ئەرکی ڕۆماننووسە، لە کاتێکدا مێژوو گرینگییەکی ئەوتۆ بە وردەکارییەکانی کات و شوێنی ڕووداو نادات. لەلای مێژوونووس گرینگ ئەوەیە کام لایەن جەنگەکە دەباتەوە و ئەنجامەکانی جەنگەکە چی و چی بوون. وەلێ ڕۆمان لەوانەی تێ دەپەڕێنێت. ئەو دۆخی جۆشان و وروژاندنی هەست و هەڵچوونەی، کە مێژوو بەلایاندا نەچووە، ئەم بەسەریان دەکاتەوە. مێژوو ئەگەر زنجیرە ڕووداوی ئەبستڕەکت بێت، ئەوا ڕۆمانی مێژوویی سوود لەو ڕەگەزانە وەردەگرێت و گیانیان بەبەردا دەکات.

مێژوو سەرچاوەی ڕۆمانی مێژووییە، یان دەشێ وردتر بڵێین: ڕووداوی مێژوویی سەرچاوەی ڕووداوی ئەدەبییە. واتە لەم بەستێنەدا ئەدەب و مێژوو ئاوێزانی یەک دەبن. بەلاتەوە سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم: نووسەرانی شیعر و دراما و چیرۆک و ڕۆمان، خەیاڵ و فانتاسیا دەنووسن، وەلێ بەو نیازە دەینووسن خوێنەر بە واقیع لێیان وەربگرن. کەچی لێرەدا نووسەر واقیعی مێژوویی دەهێنێت و لەلای خۆیەوە بەخەیاڵی دەکات، یان خەیاڵی ئامێتە دەکات. زۆریشن ئەوانەی خولیای خوێندنەوەی کتێبی مێژوویان نییە، کەچی

وەختـتـایێ لـە ڕۆمـاندا، یان لە درامـادا هـەمـان مـێـژوو بەخـەیاڵ دەبێت؛ بە گـەرمی بە پیـریـیـەوە دەچن و بەدیارییـەوە ئەوق دەبن. پاڵنەرەکـەیش لە دۆخی دووەمـدا ئەوەیـە، کـە ئەو مـێـژووە وشکە، هـونەر و خـەیاڵی ئـامـێـتـە بووە و بەهـونـەر بووە. گـەلێک کـاریگـەری و ئەلەمـێنتی تری وەک: وێنەی شـیـعـری، دایەلۆگ و مۆنـۆلۆج و هونەری سـینەمـا و حـیکایەتخوانی و چنین و تیـمـە و وتاری مـرۆڤـانەی وەک خـۆشـەیسـتی و تێکەڵبـوونـی ڕەگـەزی مێ و... هـەمـوو ئەم ئـیــفـێکتــانە بـەتەواوی کــاریگـەریـی خــۆیانەوە ئـامــادەن، کــە لـە وتاری مێژووییدا جێیان نابێتەوە و دەتوانین بڵێین بەجارێک بزرن.

خۆ ڕۆمـان وەک مێژوو تەنیا گێڕانەوە تاکلایەنەی وشک و برینگ نییە، لە هـەندێک ئەنجــامـگری و ســاڵ و مــانگ و نـاوی چەند ســەرکــردەیەکی درەوشـاوەدا قەتیس بمێنێت. بگرە ڕۆمـان زیندووتر و بەرجەسـتـەتر ڕابردوو بە بەرگی نوێوە بۆ ئێستا دەهێنێت. دەشێ بڵێم: مێژوو ڕابردوویەکی سڕ و بێ ئاگایە، وەلێ ڕۆمـانی مێژوویی، ڕابردووە بە زیندوویی و ئـامادەکرای بۆ ئێستامان هێناوە و بەدیاری پێشکێش بە خوێنەرمان کردووە.

د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم، لە لێکۆڵینەوەکەیدا (من الرواية التأريخية الي التخيل التأريخي: لە ڕۆمـانی مێژووییەوە بۆ خەیاڵی مێژوویی) دەبێژێت: "کاتی ئەوە هـاتووە زاراوەی خـەیـاڵی مـێژوویی لە بریـی ڕۆمـانی مـێژوویی بـەکـار بەرین. ئەم گـۆڕینـە پاڵ بەنووسـینـی گێـڕانـەوەی مـێـژووییـیـەوە دەنێت، کـێـشــەی سنـووری نێـوان ژانـرە ئەدەبیــیـەکـان و ئەرکـەکـانیــان تێ پەڕێنێت، دوای ئەوەیش دووانەی مێژوو و ڕۆمان لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت و لە شـوناسێکی سـەردی نوێدا لەیەکیان دەداتەوە، بەلای هیچ کامیشیاندا دای ناشکێنێت."

## ڕۆڵی کورد لەم ڕۆمانەدا

جەلالەدین گلەیی زۆریی لە پاشاکانی ئەو سەردەمە هەیە، چونکە ئەوان وەک پێویست بەدەنگییـەوە نەچوون و هـاریکارییـان نەکردووە. دوژمنی دینەکـەیان

و مرۆڤایەتی بە شمشێری هەڵکێشراوەوە بەردەرگەی پێ گرتوون و ئەوان نەجووڵاون. وەلێ ئەوانە لە خراپترین پێناسەدا کەمتەرخەم و بێ دەربەستن، بەڵام هەرچی کوردە، لەم ڕۆمانە مێژووییەدا ناپاکی و ڕاووڕووتی دراوەتە پاڵ.

جەلالەدین شا، بە حیساب کەسێکی موجاهیدە. ئەو لە بریی تەواوی موسڵمانانی جیهان شمشێری جیهادی لێ کێشاوە و داکۆکی لە ئاین و مەفتەنیان دەکات. لە دۆخی وەهاشدا گەرەکە تەواوی سەرکردە ئیسلامەکانی ئەو سەردەمە هاوئاوزەنگیی ئەو بن. بێ مەلامەتیش نییە، کە کیژەکەی خۆی ناوناوە (جهاد)، کە واتا و ئاماژەی خۆی هەیە. ئەگەر لە تەک ناوی خوشکەزاکەیدا، کە جێنشینێتی لێکیان بدەین ئەوا دەکاتە (جهاد محمود). ئەمەیش بە واتای پەسندانی پرۆسەری جیهاد دێت.

لە کاتێکدا لەشکری تەتار بێ بەزەییانە وەربوونەتە ڕۆژهەلاتی ئیسلامی و تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنن، لە گەلی کوردی موسڵمان وەها چاوەڕوان دەکرێت، هاوکار و پشتیوانی جەلالەدین شا بێت. وەلێ هەڵوێستی کورد تەواو پێچەوانەیە. کورد لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی دەوەشێنێت. لە لاپەڕە ٥٢دا هاتووە: "لەودەمەدا، کە سوڵتان جەلالەدین بە وڵاتی کورداندا بۆ نیشتمانی خۆی دەگەڕایەوە، کاتێکی زانی مەحموود و جیهاد بە مەیتەر و خزمەتکارەوە دیار نەماون. بۆ ڕۆژی دواتر لاشەی مەیتەرەکەیان بە قەدپاڵێکەوە دۆزییەوە، سینگی بە خەنجەر بێژرابوو و سەریشی بە بەرد پان کرابووەوە و لە چیاکەوە هەڵیان دێرابوو." هەر لەم سەروکلاوەدا جەنگیز خان بوخارا دەگرێت و خراپ تۆڵە دەکاتەوە.

لە لاپەڕە ٦٢– ٦٣دا هاتووە، مەحموود و جیهاد لە تەک سوپادا بەڕێوە بوون، لە پڕ کەروێشکێکی کێوی لەنێو گیادا دەردەپەڕێت. مەحموود شوێنی دەکەوێت و جیهادیش بەشوێنیدا. لە پێچی چیایەکدا لە سوپا ون دەبن و

کەسێک گوێیان پێ نادات، چونکە سیرون و شێخ سەلامەیان لە تەکدایە. لەودەمەدا حەوت کورد ئاگایان لێیانە و چاودێرییان دەکەن، لە پێچی چیاکەدا پێشیان پێ دەگرن. لە ولاخ پیادەیان دەکەن و دەمیان دەبەستن و بەخێرایی لەو جێیە دووریان دەخەنەوە. هەڕەشە لە سیرون و شێخ سەلامە دەکەن ئەگەر هاوار بکەن، یان هەڵبێن دەیانکوژن. جەردە کوردەکان ناوە عەرەبییەکەی ئەوان بۆ عەجەمی بە (قطز و گوڵنار) دەگۆڕن، تاکو نەناسرێنەوە. لەودەمەدا، کە سیرون بەنیازە لە دەستیان هەڵبێت، ڕمێک دەچەقێننە جەرگی؛ دەیکوژن و لە چیاکەوە هەڵی دەدێرن. سەلامەیش ئامۆژگاریی بەنرخ بە جووتە میری منداڵ دەدات. وەلێ دواتر لە داخ و خەفەتدا دەمرێت.

ئەو ئاگای لە کۆتاییی تراجیدییانەی جەلالەدین نییە، کە دوای چەند ڕۆژێک ئەویش بە هەمان چیایەدا سەردەکەوێت، کە ئەمان پێشتر گرتیانە بەر و پەنای بۆ دەهێنێت، کاتێک تاتار سەریان لەدوو ناوە. لەوێ بەدەستی کوردە تاوانبارەکە دەکوژرێت و بەردهاوێژێک لەولای لە گۆڕەکەی ئەمەوە گۆڕغەریب دەنێژرێت. بەم شێوەیە قطز ساڵانێک وەک (مملوک) لەنێو پیلانگێڕیی پادشاکاندا بەسەر دەبات و دڵیشی هەر لەلای گوڵنارە، کە بووە بە کەنیزە و کەوتووەتە لای شاژن (شجر الدر).

جەلالەدین لە سۆراخی مەحموود و جیهاددا پەرێشانە و سەردەکاتە مەی نۆشین. خەو و خۆراکی لێ هەڵدەگیرێت. وەک لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: (ئاوا جەلالەدین ڕۆژە ڕەشەکانی خۆی لە ولاتی کورداندا بەڕێ دەکرد.) جێی باسە لە بریی ناوی کوردستان، (ولاتی کوردان) بەکار هاتووە. جەلالەدین داخی دڵی خۆی و سەرکەوتنەکانی جەنگیز خان بە ولاتانی ئیسلام دەڕێژێت و دەکەوێتە تالان و بڕۆ و کاولکاری و دەست ناپارێزێت.

لە ڕۆمانەکدا هاتووە: (سوڵتان جووتە خۆشەویستەکەی، واتە مەحموود و

جیهادی لەدەست چوون، کاتێک ئەوان بە وڵاتی کورداندا ڕەت دەبوون، ئەو دنیای بەشوێندا شەنگ و سووژن دا و بەهەر نرخ و شێوەیەک بوایە لە سۆراخی پەیداکردنەوەیاندا بوو. وەک ئەوەی زەوی قوتی دابن، بە خۆیان و سەلامەی هیندی و سیرونی مەیتەرەوە، ئەو جووتە پیاوەی، ئێشکگرتن و خزمەتکردنی ئەوانیان پێ سپێردرابوو دیار نەمان... ل. ٥٢)

جەلالەدین دەشکێت و ناچار دەبێت بەرەو ئامەد هەڵبێت. لەوێ لە چیایەک دەگیرسێتەوە کوردی لێ نیشتەجێن و بە (چیای کوردان) ناوی هاتووە. لەوێ خۆی بە کوردێک دەناسێنێت و پێی دەڵێت: (من جەلالەدینم، بمشارەوە و داڵدەم بدە. دوژمن سەری لەدوو ناوم. دەتکەمە پادشا. کوردەکەیش بردییە ماڵی خۆی و بە ژنەکەی وت: ژنەکە ئاگات لێی بێت... ل. ٥٨) بەڵام کوردێکی تری گومان لێکراو، جەلالەدینی بینی و ناسییەوە. کاتێک پیاوی خاوەنماڵ پشت پێی هەڵکرد، ئەم بەقەمەیەکەوە خۆی لێ بەژووردا کرد و بە ژنەی خاوەنماڵی وت: "بۆچی ئەم خوارەزمییە ناکوژن؟" ژنەکە وتی: "نایکوژین، چونکە پیاوەکەم پەنای داوە."

کوردە قەمە بەدەستەکە وتی: "ئەم پیاوە پەنا نادرێت. ئەمە سوڵتانە و برایەکی منی کوشتووە.) لەودەمەدا جەلالەدین پەلاماری دەدات و قەمەکەی لێ دەسێنێت و پێی دەڵێت: "هەر ئێستا دەتکوژم و تۆش هەواڵەی لای براکەت دەکەم!" ئەوجا کوردەکە دەڵێت: "من هەردوو جگەرگۆشەکەتم فڕاندووە!" سوڵتان دەڵێت: "چیت لێ کردوون ئەی کابرای کورد؟" کوردەکە لە ترسی گیانی خۆی دەڵێت: "لەلای منن، بەڵام ناتاندەمەوە هەتا ژیانم نەپارێزیت." جەلالەدین پێی دەڵێت: "ئەوا ژیانم پاراستی. بڕۆ بیانهێنە، هەر کاتێکیش توانیم خەڵاتت دەکەم." وەلێ کوردەکە کاتێک گەیشتە لای دەرگەکە و لە مەترسیی جەلالەدین دوور کەوتەوە وتی: "ئەی سەرلێشێواو ڕزگارم بوو لە دەستت. منداڵەکانتم ناردوون بۆ بازرگانی کۆیلەکان لە شام. ئەوان هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ لای تۆ!" ئیدی جەلالەدین لە حەشمەتا دەبووریتەوە و

کوردەکەیش هەڵدەکاتە سەری و بە قەمە دەیکوژێت... بڕوانە ل. ٥٩-٦٠.

کاتێک سەرانی دەوڵەتۆکە ئیسلامییەکان، بە عەرەب و ناعەرەبیانەوە ئامادەی بەرەوڕووبوونەوەی تەتار نەبوون و هەریەکە دەستی بەکڵاوەکەی خۆیەوە گرتبوو با نەیبات، ئەم جۆرە هەڵوێست وەرگرتنە وەها دەخوێنرێتەوە، کە ئەوان ئامادەییان بۆ چێکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی تێدا نەبووە. یان هزری خەڵک بۆ چێبوونی ئەم جۆرە دەوڵەتە هێشتا ئامادە نییە و پێ نەگەیشتووە.

لە پاژی چوارەمی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە: "لەم چیایەدا خێڵە کوردێک دەژیان، ڕاووڕووتکەر بوون و ڕێیان بە کاروان دەگرت، تالانیان دەکرد، ڕێبوارەکانیان دەکوشت، ژن و منداڵەکانیشیان دەفڕاند و دەیانفرۆشتن بەو بازرگانانەی، کۆیلەیان دەکڕی و ئاشنای خۆیان بوون. ئەو بازرگانانەیش هەر بەم نیازە گلاوە هامشۆی ئەم چیایەیان دەکرد. ئەوان کۆیلەکانیان بار دەکردن و بۆ بازاڕەکانی عێراق و میسر و شامیان ڕەوانە دەکردن... ل. ٦٢".

بەپێی دەقی ڕۆمانەکە، ڕێگرە کوردەکان هەریەکە لە مەحموود و جیهاد بە سەد دینار بە بازرگانی کۆیلە دەفرۆشن. هەر لەوێشدا ناوی مەحموود بۆ (قطز) و ناوی جیهاد بۆ (گوڵنار) دەگۆڕن. بازرگانەیل هەردووکیان دەبەنەماڵێک لە حەڵەب و دواتر لە دیمەشق دەگیرسێنەوە. لە گوتوبێژێکدا مەحموود دەڵێت: "من کوڕی جیهان خاتوونی خوشکی جەلالەدینم. باوکم میر مەمدوودە و ئامۆزایەتی، خۆم ناوم مەحموودە. ئەو جەردانەی منیان فڕاند و فرۆشتمیان ناویان ناوم قطز.. ل. ٨٧" بەم پێیە چەندین جار باسی جەردەی کورد و چیای کوردان لەم ڕۆمانەدا پاتە بووەتەوە..

دەتوانم بڵێم وێڕای ئەو غەدرەیشی، کە لە میللەتی کوردی کردووە، هێشتا ئەم ڕۆمانە مێژووییە، ڕاستگۆیانە دۆخی کۆمەلایەتی و ئاستی ژیاریی ئەو

سەردەمەی خوێندووەتەوە و بەرجەستەی کردووە. شەڕ لەسەر کورسی، خیانەت و بێ وەفایی لە نێوان سەرکردەکاندا. خەنجەر وەشاندن لە پشتەوە. پاشقول گرتن و خۆپەرستی و ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە و کۆکردنەوەی زێڕ و زەمبەر لەسەر حیسابی ڕەشەخەڵکەکە و بەرچاوتەنگیی سەرکردەکان، هەموو ئەم دیاردانە، ئاکارە زاڵەکانی ئەو چاخەی حوکمڕانەکانی ناوچەکە بوون. وەلێ لە جەنگەی ئەم دۆخە ناجۆرەدا، دەرکەوتنی قارەمانی مێژوویی و کەسیەتیی کارێزما پێویستییەکی مێژووییە و بەخێرهاتنی لێ دەکرێت. هەر ئەو قارەمانەیشە، کە سنوورێک بۆ ئەم بەرەڵایی و پاشاگەردانییە دادەنێت لە هەڕەتی سەڵتەنەتی خۆیدا دەناسرێت.

## بەفیلمبوونی ڕۆمانەکە

جێی باسە ئەم ڕۆمانەی (علی أحمد باكثير)، وەک بەرهەمی هاوبەشی ئیتاڵیا و میسر بە فیلم کراوە. فیلمەکە ڕەنگاوڕەنگە و باشترین ئەکتەری ئەو سەردەمەی وڵاتی میسر و ئیتاڵیا ڕۆڵیان تێدا بینیوە. فیلمەکە ساڵی ١٩٦١ بەرهەم هاتووە. ڕۆبەرت ئەندروز سیناریۆی بۆ نووسیوە. (یوسف السباعي) گوتوبێژ (دایەلۆگ). ئەحمەد مەزهەر ڕۆڵی مەحموود دەبینێت و خانمخاس (لوبنا عەبدولعەزیز) ڕۆڵی جیهاد. ئەم ئەکتەرانەیش ڕۆڵە گرینگەکانی تر دەبینن: فەرید شەوقی، ڕوشدی ئەبازە، حوسێن ڕیاز، عیماد حەمدی، مەحموود ئەلمیجی. لە ئیتاڵییەکانیش فولکو لوللی و سیلڤانا پامپانینی. (ئەندرۆ مارتۆن)یش ئەرکی دەرهێنانی فیلمەکەی گرتووەتە ئەستۆ.

وەلێ لە فیلمەکەدا مالیجەیەکی زیرەکانە بۆ کێشەکان دۆزراوەتەوە و ساڵانی(٦٣٣- ٦٥٨)ی کۆچیی بۆ مێژووی ڕووداوەکان دیاری کردووە. فیلمەکە لە کوژرانی سوڵتان جەلالەدینەوە دەست پێ دەکات . لێرەدا (حوسێن ڕیاز)، کە یەکێکە لە ڕابەرانی شانۆ و سینەمای میسر، ڕۆڵی شێخ

سەلامە دەبینێت. لە فیلمەکەدا شێخ سەلامە وا زوو نامرێت. خۆیەتی، کە مۆری سوڵتانی لە شانی مەحموود و جیهاد دەدات، بەو نیازەی ئەگەر ئەم دووانە لە یەکتری دابڕان، لە داهاتوودا بە ئاسانی و بە بەڵگەوە یەکدوو بناسنەوە و لەلایەن خەڵکیشەوە گەواهییان بۆ بدرێت، کە ئەم دووانە، لە نەوەی سوڵتان جەلالەدینی خوارەزمین و بۆ سەرکرادیەتی و گەڕاندنەوەی مافی زەوتکراوی جەماوەر لە هەمووان قابیلتر و لەپێشترن.

واتە هەر شێخ سەلامە خۆی ئەم جووتە منداڵە لە دەست تەتار ڕزگار دەکات و بەناچاری لە بازاڕی کۆیلەکاندا دەیانفرۆشێت. وەلێ نرخەکەیان ناخاتە تەنکەی باخەڵی، بگرە بەخەڵکی ڕەشوڕووتی دەبەخشێت. دواتر هەر خۆی وڵات بە وڵات و شار بە شار بەشوێنیاندا دەگەڕێت و دەیاندۆزێتەوە.

زۆرجارانیش ڕۆمانە بێ پێزەکان لە ڕووی تەکنیک و هزرەوە، لەبارترن بۆ بە فیلمکردن؛ تا ڕۆمانە بەهێزەکان لە ڕووی فیکر و تەکنیکەوە. کە بەئاسانی بۆ شانۆ و سینەما ئامادە ناکرێن؛ چونکە لڤلڤینی کەمتریان تێدایە و ئەمڕۆیش لە بەرهەمهێنانی فیلمدا ئەکشن زیاتر ڕەچاو دەکرێت. وەلێ پرسی هزر هەروا بەئاسانی لە سینەمادا گیانی بەبەردا ناکرێت. لەم ڕۆمانەدا چەندین پارچە شیعری ستوونی هەن، هیچ کامیشیان لە فیلمەکەدا دووبارە نەبوونەتەوە.

لە سەمتی فیلمەکەدا فۆکۆس نەخراوەتە سەر کورد. بگرە ئەو پاژەی ڕۆمانەکە، کە گەلی بەکوردەوە وابەستەیە بەجارێک وەلانراوە. حیکایەتی فیلمەکەیش لە بەسەرهاتی مەحموود و جیهادەوە دەست پێ دەکات و شوێن چارەنووسی ئەوان دەکەوێت، کاتێک ئەوانی منداڵ لە نازوجیازی خۆیان دەکەون و بێ سەرپەرشت دەمێننەوە. لێرەدا جێی ئاماژە پێدانە، ماڵپەڕی (الفن السابع)ی عەرەبی، فیلمی (وا إسلاماه)ی دەرهێنەر ئەندریە مارتۆنی لە ڕیزی باشترین سەد فیلمی عەرەبیدا پۆلێن کردووە. فیلمەکە تەواوی جەنگەکانی جەلالەدینی پشتگوێ خستووە. ڕۆمانەکە کە لەمسەرەوە بۆ

ئەوسەری جەنگ و کوشتار و لەشکرکێشییە، لێرەدا جەنگ و کاولکاری ئەو گرینگییەی نەماوە.

لەو باوەڕەدا نیم (وا إسلاماه) ڕۆمانێکی هونەری و سەرکەوتوو بێت، وەلێ کاتێک ڕۆمان، بەتایبەتی ڕۆمانی سەرکەوتوو بەفیلم دەکرێت، بەشێکی زۆر لە جوانکارییەکانی لەدەست دەدات و بەقوربانی لایەنە مادییەکەی فیلمەکە دەکرێت. فیلمسازان بەمەبەستی بازاڕگەرمی، دێن تەشویقی تری بۆ زیاد دەکەن. بەڵام یەک لەباری ئەم ڕۆمانە، ئەوانەی ڕۆمانەکەیان فیلماندووە کارێکی باشیان کردووە، کاتێک هاتوون ئەوەی بە ناوزڕاندنی کوردەوە پێوەستە، لێیان دەرهێناوە. دەشێ بڵێم بەم کارەیان هەم ڕۆمانەکەیان لە خەوش بەدوور گرتووە، هەمیش فیلمەکەیان پێ جوانتر کردووە.

## باکثیر ئەم ڕۆمانەی لە پای چی نووسیوە و چ خولیایەک پاڵنەری بووە؟

پێم وایە مەبەستی سەرەکیی نووسەر لە نووسینی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە، شکۆمەندییەکانی ئیسلام و عەرەب زیندوو بکاتەوە و بیانخاتە پێش چاوی نەوەی نوێ، تاکو وەک پێشەنگی خۆیان بۆیان بڕوانن و دەرس و ئەزموون لە سەرکەوتن و شکستەکانی ئەو سەردەمە، بۆ خوێندنەوەی ئێستا وەربگرن. بەڵام پشکێکی زۆری ئەو شکۆمەندییە بۆ کورد و نەتەوەکانی تری بە ئیسلام بوو دەگەڕێتەوە. وەک ئەو ڕۆڵە گرینگەی گەلی کورد لەژێر ئاڵای ناسر سەڵاحەدیندا و دەرکردنی خاچپەرستەکان. سوڵتان جەلالەدین و خوارەزم شای بابیشی خەڵکی ئەفغانستان بوون و پایەتەختەکەیان شاری غەزنە بووە. بەڵام مادام نووسەر بە زمانی عەرەبی ڕۆمانەکەی نووسیوە، وەک ئەوەیە تەواوی شکۆمەندییەکانی ئەو نەتەوانەشی بە نەتەوەی عەرەب ڕەوا بینیبێت.

بۆ زیندووکردنەوەی گیانی نیشتمانی و بەرەوڕووبوونەوەی داگیرکاری ناموسڵمانی کافر (بەقسەی خۆیان)، کە چەند جارێک لەسەر زاری قارەمانی سەرەکیی ڕۆمانەکەوە (مەحموود: قطز) باس دەکرێ، بەمەبەستی دەمەزەردکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و ئاینییە پێکەوە. بەتایبەتی لەو سەروبەندەدا، کە باکثیر تێیدا ژیاوە سێ جەنگی گەورە لە ناوچەکەدا بەرپا بووە، جەنگی ١٩٤٨ کە لەوێوە ئیسرائیل چی بوو. پاشان جەنگی ١٩٥٦ی بەسەردا هات، کە میسر ناوی لێ نا (العدوان الثلاثي) و دوترایش جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ کە پاشتر بەجەنگی شەش ڕۆژە ناسرا. ڕۆمانەکانی باکثیر بە (وا إسلاماه)یشەوە هەر لەو سەروبەندەدا نووسراون. تاکو نەوەکان پەندی لێ وەربگرن و دەرسی لێ هەڵێنجن. ڕێی پیاوچاکەیل بگرنە بەر. واتە بە پاڵنەری ئاینی و نەتەوایەتی نووسیوێتی.

ئەگەر جۆرجی زەیدان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕۆمانی مێژوویی بە مەبەستی پێشکێشکردنی جیهانبینیی نوێ نووسیبێت، یەک لە باری باکثیر: «لەلای باکثیر و هاوەڵەکانی دیدڕوون و ئامانج دیاریکراو بوو، ئەویش بە ئاراستەی فیکری عەرەبی و ئیسلامی بوو لە ڕێی لاکردنەوە بەلای مێژووی ئیسلام، یان مێژووی ئەوانی تر.. بڕوانە: د. محمد أبوبكر حميد، هل إنتهت مرحلة الرواية التأريخية؟» جێی باسە ئەم توێژەرە (د. محمد أبوبكر)، نزیکەی چارەکە سەدەیەک لە تەمەنی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی ئەدەبی باکثیر، لە شیعر و شانۆ و ڕۆمان تەرخان کرد.

دەتوانم جەختی لەسەر بکەم، کە باکثیر گەرەکی بووە هەرچی فەزڵی میللەتانی تریش هەبووە لەسەر ئیسلام، یان هەرچی ڕەنجێک، کە ئەوان داویانە بەکردە و کۆشش، یان بە فەزڵی نەتەوەی عەرەب لە قەڵەمی بدات. دەنا بەهۆی چەند کوردێکی ڕاووڕووتکەرەوە، ڕەنجی سەلاحەدینی ئەیوبی و گەلی کوردی لەم بەستێنەدا فەرامۆش نەدەکرد.

سەبارەت بە باکثیر، (د. محمد أبوبکر حمید) دەڵێت: "باکثیر دیدی ئیسلامیی بۆ نەتەوە و شارستانەتە کۆنەکان لەلا شکڵگیر بووبوو، کاتێک ئەو لە کتێبی (هونەری شانۆ لە ڕێی ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆمەوە) وەهای دانابوو، کە جیاوازی لە نێوان شارستانەتی فیرعەونی و بابلی و فینقیدا نییە. گەرەکە هەموو ئەمانە بدرێنە پاڵ دەستمایەی شارستانەتی عەرەبی، کە میراتگری هەموو ئەم شارستانەتانەیە و میراتگری ئەو خاکەیشە، کە هەموو ئەم شارستانەتانەی لەسەر پەیدا بووە.. بڕوانە وتاری: هل إنتهت مرحلة الرواية التأريخية العربية؟"

لەو پێشەکییە کورتەدا  کە نووسەر بۆ ڕۆمانەکەی خۆی نووسیوە هاتووە: (میسر ئاڵای ئەم جیهادە هەڵدەگرێت) لە کاتێکدا سەرکردەی ئەم جیهادە لە هەردوو کەرەتدا خوارەزمییە. یەکەم جار جەلالەدین و دووەم جار (الملك المظفر)ە، کە دەکاتە قطز، یان مەحموود. ئەویش خوشکەزای جەلالەدینە و خوارەزمییە. جێی وتنە کاتێک ئەم دووانە بەمنداڵی بەکۆیلە دەکرێن، زمانی عەرەبی نازانن و بەفارسی قسان دەکەن. ڕۆمانەکە خۆشی ئاوا سوڵتان دەناسێنێ: جەلالەدینی کوڕی خوارەزم شا، پادشای هیند و ئێران و خۆراسان و پشتی ڕووبار.

وەک دەبینیت نووسەری گۆڕین مێژووی تەتار و خوارەزمییەکان بە کورد و بلووچ و فارس و ئازەر و عەرەب و نەتەوەی تریشەوە بەسەر دەکاتەوە. غەزنە بە قاهیرەوە دەبەستێتەوە و ڕۆمانێکی عەرەبی لەم مێژووە بەیەکداچووە چێ دەکات. یان دەکرێت بڵێین لەسەر دوو هێڵی هاوشان دەڕوات، پاشان مێژووی عەرەب و ئیسلام پێکەوە گرێ دەدات. ئەمەیش بێگومان بەچاکەی نەتەوەی عەرەب دەشکێتەوە.

نووسەر، وتاری مێژوویی پێملی وتاری ئەدەبیی ئیستاتیکی کردووە. بەو واتایەی کاتێک تۆی خوێنەر کتێبی مێژوو دەخوێنیتەوە، لەودەمەدا واقیعی

ڕابردوو دەخوێنیتەوە. بەڵام کاتێک تۆ ڕۆمانی مێژوویی دەخوێنیتەوە، مامەڵە لە تەک خەیاڵدا دەکەیت.

پێم وایە باکثیر بە ئەمانەتەوە باسی ڕۆڵی کوردانی نەکردووە. ئەو هاتووە بەشێک لە شکستی سەرانی ئەو سەردەمەی عەرەب و موسڵمانی داوەتە پاڵ کوردان، لە کاتێکدا هۆکاری تر خودی و بابەتی هەبوون شکستیان خوڵقاندووە، کە لە سەروو توانای سنووردار و کزەی کوردانەوە بووە. خوێنەر بۆی هەیە بپرسێت: کوردان ئەگەر ئەوەندە کرد بوون، بۆچی خەمی خۆیانیان نەخواردووە؟ پادشایەکیش بە سێ چوار ڕێگر و قاچاخچیی کۆیلە ناخیچێ. لێرەوە دەشێ بڵێین، بۆی هەیە ڕۆمانی مێژوویی بکەوێتە بەر مگێزی کەسەکیی ڕۆماننووس.. پاشا و سەرکردەکان خاوەنی ئاکار و کەسیەتیی تایبەت بە خۆیان بوون، وەلێ مگێزی نووسەر کەسیەتیی تری بەباڵا بڕیون، ئا ئەمەیە ئیشکالیەتی ڕۆمانی مێژوویی. نووسەر بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت کەسیەتیی پادشاکان دادەڕێژێتەوە، نەک بەو جۆرەی ئەوان، لە واقیعی سەردەمی خۆیاندا هەبوون و ژیاون.

سەرچاوە:
(١) الرواية التاريخية، جورج لوكاش، ترجمة: د. صالح جواد الكاظم، بغداد، وزارة الثقافة الإعلام، الطبعة الثانية، ١٩٨٦.
(٢) من الرواية التأريخية الى التخيل التأريخي. د. عبدالله إبراهيم، صحيفة العرب القطرية، ٢٨ نيسان ٢٠١٠.
(٣) وا إسلاماة، علي أحمد باكثير، دار مصر للطباعة، القاهرة، سنة (؟).
(٤) هل إنتهت مرحلة الرواية التأريخية العربية؟، د. محمد أبوبكر حميد، بڕوانە ماڵپەڕی Lahaonline.com

سەرنج: لە ژمارە (٤٧)ی (فەرهەنگ)، هەفتەی (٣٦)، مێژووی ٢٠١٠/٩/٨، بڵاو بووەتەوە.

## دوو سەرکردەی کورد دەبنە قارەمانی ڕۆمانێکی ڕووسی

لە سەرچاوەکانی دیجلەوە (عند منابع دجلة)، ناونیشانی ڕۆمانێکی ڕووسییە لەلایەن (ئێس. ڤی. ڤیگین)ەوە نووسراوە. ساڵی ١٩٢٧ لە یەکەتیی سۆڤیەتی جاران چاپ کراوە و ساڵی ٢٠٠٣. لەلایەن (د. محمد البندر)ەوە بەعەرەبی کراوە. (خانەی وەشانی سەرگۆن) لە وڵاتی سوێد، ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی گرتووەتە ئەستۆ.

کات: سەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەمە و شوێن: کوردستانە. هەرسێ نەتەوەی کورد، ئاشووری و ئەرمەن، کە هاوماڵن و سنوورەکانیان بەشێوەیەک بەنێو بەیەکتردا چوون، هەروا بە ئاسانی لێک جودا ناکرێنەوە. هەرسێ لایان چاویان بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی عوسمانلی لە جەنگەوە بگلێت و ئەمانیش دەرفەتی ڕزگارییان بۆ بخوڵقێ. هەر گەلە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لەم ڕۆمانەدا هاوبەندییەکیان لە نێواندا نییە. بگرە هەندێک جاران کنە لە پرسی یەکتردا دەکەن.

قەرەدەشت، گوندێکی ئەرمەنینشینی نزیک شاری (وان)ە و بنەماڵەی (فرامیان) لە بابەلبابەوە لەوێ نیشتەجێن. ئێوارە وەختەیەک، لەودەمەدا ڕان دەگەڕێتەوە ناو دێ، قەرەدەشت دەکەوێتە بەر هێرشی لەناکاوی سوارەی چەکداری کورد. باب و دایکی فرامیانی دوازدە ساڵە دەکوژرێن و (ئەشخن)ی خوشکی ، کە تەمەنی هەشت ساڵانە، لەگەڵ مێگەلی گونددا بەتاڵان دەچێ. چونکە ئەرمەن غەیرە دینن، پاشای وان بەدەنگیانەوە ناچێ. ئەمەریکاییەکان، کە لە شاری وان دەژین بەهانای گوندی کارەساتبارەوە دەچن. کوژراوەکان دەنێژن و بریندارەکان بۆ تیمارخانەکەی خۆیان

دەگوێزنەوە. دواتر فرامیان دەگوێزنەوە هەتیوخانەی میشنەری (التبشیریة)، کە لە پاڵ بانگەشەی ئاینیدا منداڵانی بێ سەرپەرشتیش بەخێو دەکات. فرامیان لە پاڵ خوێندنی ئینجیلدا فێری زمانی ئینگلیزی دەبێ. چونکە لە هەموویان وریاترە، هەمان (الارسالیة التبشیریة) بۆ خوێندنی زانکۆ و لەسەر ئەرکی خۆی، دەینێرێتە ئەمەریکا. فرامیان خوێندن تەواو دەکات و دوای دوو ساڵان نوژداری، لە نیسانی ١٩١٤دا دەگەڕێتەوە وان و لەگەڵ هەمان میشەنریدا کار دەکات. ئەم کەسێکی ئاینی نییە و دوو ئامانجی هەن: سۆراخی ئەشخنی خوشکی و چارەسەری نەخۆش، بێ گوێدانە ئۆل و نەتەوەیان. ئیدی لەگەڵ (کیت)دا، کە دەکاتە (خاتو براون)ی ئەندامی میشەنری و چەند یاوەرێکدا بەرەو ناوچە کوردنشینەکان بەڕێ دەکەون. سەفەریش بۆ زێدی کوردان و لەو ڕۆژگارەدا، جۆرێکە لە سەرەڕۆیی.

ئەوی ڕاستی بێ من هێشتا ڕۆمانم نەخوێندووەتەوە ئەمەندەی ئەمەی ڤیگین زانیاریی لە خۆیدا هەڵگرتبێت. دەوڵەمەندە بە مێژوو، کولتووری کورد و ئەرمەن و ئاشووری. پشت ئەستوورە بەوێنەی فۆتۆگرافیی سەرخێڵ و زۆمی کوردان؛ بە گوند و رووبار و وێنەی مارشەمعون و سورمەخانی خوشکی؛ بە وێنەی سەرخێڵ و چەکداری ئێزیدییان. قسەی خۆشمان بێ بەوەدا نووسەرەکەی تەواو ئاگەداری ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەم نەتەوانەیە و تەواو شارەزای جوگرافیا و مێژوویانە، پێ دەچێ هەواڵچنی رووسیای تزار بووبێ.. هەر چۆنێک بێت، ڕۆمانەکە دەهێنێ لەسەر بنووسرێ و لە چەند لایەکەوە ڕۆشناییی بخرێتە سەر. وەلێ لەم دەرفەتەدا ڕۆشنایی دەخەمە سەر تەنیا دوو سەرکردەی ناسراو، کە بوون بە قارەمانی ئەم ڕۆمانە. لێرەدا ڕەوایە گلەیییەکیش لە هەموو ئەو ئازیزانە بکەم ساڵێ بەو عەیام خوێندنیان لەیەکەتیی سۆڤیەت تەواو کرد و ئاگەداری ئەم کارە و گەلێ کاری تریش نەبوون، کە بە زمانی رووسی لەسەر کورد نووسراون.

## سمكۆی شكاك و عەبدوڕەزاق بەدرخان

ئەم دوو سەركردە كوردەیش دوو كارەكتەری گرینگی ڕۆمانەكەن. فرامیان بەربای گوێی كەوتووە، كە ئەشخنی خوشكی زیندووە و لە كن كوردان دیلە. بەڕێككەوت لەودەمەدا كاروانەكەیان دەگاتە زۆمەكانی عومەر بەگی گەورە سەرخێڵی هەكاری، كە لە دەوروبەری هەكاری هەڵی داوە و بەسەر زەماوەندا دەكەون. عومەر بەگ خۆی و ژنەكانیشی بە شانازییەوە بەمیوانەكان ڕادەگەیەنن، كە بووكەكەیان كچی سەرخێڵی شكاكە و بە ئیسماعیل ئاغای كوتور ناسراوە. كوتوریش گوندێكە دەكەوێتە سەر سنووری نێوان توركیا و ولاتی فارس.

لە لاپەڕە ٥٧دا هاتووە: ئەم ئیسماعیل ئاغایەی وا نازناوی سمكۆیە، ناچێتەوە سەر بنەماڵەیەكی خانەدان (نبیل) و ڕەچەڵەكدار. بەلام بەزیرەكی و ئازایەتی ناوبانگی ڕۆیشتبوو. لەو سۆنگەیەوە، كە هەڵی دەكوتایە سەر ناوچەكانی دەوروبەر و پێوەندیی بە ڕووسەوە هەبوو، هەر ئەوانیش پارە و چەكوچۆڵیان دەدایە؛ بۆ توركان بووبووە مایەی دڵەڕاوكێ. سمایل ئاغای سمكۆ بەچاوێكی كەم دەیڕوانییە توركان، چونكە تا ئێستاش عەباسییەكانی بەشیاوتر دەزانی بۆ گرتنە دەستی جڵەوی خیلافەت. سمكۆ پێی وابوو، كە ئالی عوسمان داگیركەری خیلافەتن. هێشتا گوێڕایەڵیی ئەو بۆ وەچەكانی عەباس بوو، كە خۆیان لە ناوچە سەختەكانی چیاكانی بۆتان قایم كردبوو. عومەر بەگیش خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی بەباشی خۆی پڕ چەك بكات، تاكو بتوانێ بەرتەكی پاشاكانی تورك بداتەوە.. ئەو بۆ خۆی، بۆ خوازبێنیی كچی سمایل ئاغا تەشریفی بردبووە كوتور. داوایشی لە هەوادارانی خۆی كردبوو نهێنیی ئەم سەردانە بپارێزن. چونكە دەیزانی جەنەراڵەكەی والیی وان پێی قووت ناچێت، ئەم لە كوردانی ولاتی فارس نزیك ببێتەووە. وێڕای ئەوەیش عومەر بەگ بەوە تۆمەتبار كرابوو گوایە لەگەڵ عەبدوڕەزاقدا خەریكی

هەڵبەستنی پردی پێوەندییە، کە لە تەفلیسەوە هاتبوو.. ناوبراو کوڕی یەزدانشێری بەناوبانگە، کە لە سەروبەندی جەنگی (قرم)دا شۆڕشی هەڵگیرساند و دەستی بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا گرت، کە کەوتوونەتە نێوان وان و بەغداوە ئەوی ڕاستی بێ عومەر بەگ عەبدوڕەزاقی لە کوتور بینیبوو. پێکەوە بەقورئان سوێندیان بۆ یەک خواردبوو دۆستی هەتاهەتایی بن. ئەمەیش هیوای ئەوەی بەعومەر بەگ بەخشی، کوردان بەخێرایی لە کوردستاندا یەک دەگرن و تورکانی لێ وەدەر دەنێن.

هەر لەوەدەمەدا نامەیەکی لە پاشای وانەوە پێ دەگات، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

"عومەر بەگی ئازیز سەرۆکی خێڵی هەکاری لە جۆڵەمێرگ، خوای گەورە بتانپارێزێ، لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە هەندێ هەواڵم بەرگوێ کەوتووە، گوایە بەنیازی کچی سمکۆی کوتوری بەکرێگیراوی کافران بۆ ئیبراهیمی کوڕت بخوازی. هەروەها پێوەندیی دۆستانەت لەگەڵ عەبدوڕەزاقی ناپاکدا هەیە. چلۆن دڵت هێنای خزمایەتیی کوردێکی کوتوریی ڕەچەڵەک نزم بکەیت، کە ناگاتە ئاستی گەورەیی و بەخشندەییی تۆ؟ ئەوێک، کە فارسەکان براکەیان لە تەورێز بەداردا کرد. ئاخۆ ئەم کەسە شایانی پلە و مەقامی بەرزی تۆیە؟ ئاخۆ ئەو شیاوی ئەو شەرەفەیە، کە تۆ پێی دەبەخشی؟ داخۆ بیرت لەوە کردووەتەوە، لە بابیعالی، لە ئەستانە چیت پێ دەڵێن؟ بزانە منت دووچاری چ لە ڕوودا دامانێک کردووە؟ منی هاوڕێت. کە هەموو هەوڵێکی خۆی خستە کار تاکو نازناوی بەرزت پێ ببەخشن؟ تکات لێ دەکەم ڕای خۆت بگۆڕە و بۆ دانوستاندن وەرە بۆ لامان. ئاگەدارم (سوڵتان بەگ)ی ناسراو، بەڕاستی دەخوازێ خزمایەتیت لەگەڵدا بکات و خوازیارە کچەکەی لە کوڕەکەت مارە بکا.. ئەگەر ئەرێت دا، ئەوا من دیاریی بەنرخ بۆ زاوا و بووکێ دەنێرم.."

عومەربەگی سەرخێڵی هەکارییش، ئاوا وەڵامی والیی وان دەداتەوە:

"بۆ والیی وان بەکر سامی بەگی شەرکەسی بە ڕەچەڵەک قەوقازی.. خوا کوردستان پایەدار کات. ئیبراهیم بەگی کوڕم کچی سەرخێڵی شکاکی ناسراو و بڵندپایە و ئەسڵزادە ئیسماعیل ئاغای کوتوری، ئازاترینی ئازاکان دەخوازێ. برای (جەعفەر). ئەو پیاوەی بەچاونەترسی ناسراوە، کە لەلایەن حاکمی تەورێزەوە. نەفرەتی یەزدان لەناوی بێت، خیانەتی لێ کرا. دەیشزانم، کە ئیسماعیل بەگ، ئەوەندەی سوارچاکی زەبردەست هەن، ژمارەیان لەو پەزانە زۆرترە، کە باوکت لە سیواس بەبەرتیل و دیاری کۆی کردنەوە. بابت لە کن کافران جەنەراڵ بوو. لەسەر دۆستایەتیی ئەوان دەژیا. وەک هەموو ناپاکێک لە قەوقاس هەلات. ئەگەر ڕاستگۆ نیم، فەرموو ئەمە عەرد و ئەمە گەز. هەوڵ بدە بەدرۆم بخەیتەوە! ڕێککەوتێکی باش بوو جەناب ئیدارەی کوردستانت گرتە دەست، کە یەک لەباری ئێمە خاکێکی پیرۆزە. بەو دەستانەی بۆنی لیرەی زێڕیان لێ دێ کاروبارەکانی بەڕێوە مەبە.. نامەکەتم خوێندەوە، بەڵام بەتەواوی نا. چونکە من ئامادەی زەماوەندی کوڕەکەت نابم، هەروەک بۆ زەماوەندی کوڕەکەیشم بانگهێشتنت ناکەم. ئێمە گوێڕایەڵیی خۆمان بۆ سوڵتان، خەلیفەی موسڵمانان، ڕادەگەیەنین. پارێزگاریی سنووری سوڵتان دەکەین و ئامۆژگاری و وشەی حاکمەکانی بەرز ڕادەگرین. بەڵام سەبارەت بە کردەوە و بێ ئاوەزیی هەندێک، کە وادیارە نیازیان خراپە، ئەوا ڕەشەبای چیاکانمان دەستەبەری ئەوەیە نەهێڵێ هەر گوێشمان لێیان بێت! شکۆمەندی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی. ئەگەر ئارەزووت لێیە، بابیعالی لە ئەستانە، لە ناوەڕۆکی ئەم نامەیە ئاگەدار بکە و لەوێوە چاوەڕوانی دەست لەکارکێشانەوەت بە.."

سەبارەت بە سمکۆ دەڵێ: کاتێک هێزەکانی ڕووس ڕژانە وڵاتی فارسەوە سمکۆی دووربین لەوە تێ گەیشت، کە خۆشی بێت و ترشی بێت، هەر دەبێ ئاشنایەتییان بکات. لە بەرامبەر ئەو ترش و تاڵانییەی لە وڵاتی فارس

دەســـتی دابـوویە، دەکـرێ بـە تاڵانیـی ناوچـەکـانـی بن دەسـتــەڵاتـی تورک قـەرەبووی بکاتـەوە. ئەم ئاکارەیش وەهای لێ کرد لـە دیدی کوردەیلەوە وەک پاڵـەوانێکی نـەتەوەیی نـاو دەربکات کـاتێک ڕاپەڕینی دژ بـەتورکـەیلی بـەرپا کرد، یەک لەباری ڕووس، ئەمـە وەهای کرد؛ هـەر کاتێک جەنگ لەگەڵ تورکدا هەڵگیرسـان ئەوان پشـتی پێ ببـەستن. وەک سـەرەتایەک بۆ دۆسـتایەتییـان، ڕووسـەکان چەک و تەقـەمـەنییـان پێدا. ژمـارەیەکی زۆری کوردانیش، کـە لە چوار قـوڕنەی دنیـاوە بەو هیـوایە هـاتبـوون لە تاڵان و بڕۆ و پەلامـارەکـاندا دەسـتکەوتیـان هـەبێ، بۆیە دایانە پاڵ هێـزی سـوارەی سـمکۆ.. سـمکۆیش لە خـۆشگوزەرانیـدا دەژیا و کـەسـێکی دارا بوو. بەڵام ئـەو لە دەوڵەمـەنـدیدا نەدەگەیشتـە عومەر بەگ. سمکۆ میسری گۆشـتێکی دەستەباڵا بوو (متوسط القامة). جـووتێک چاوی سـەوزی پێـوە بوو، کـە دڵڕەقی و بڕوابەخـۆبوونێکی توندوتیـژیان تێـدا دەدرەوشـانـەوە. ئەو کـەمـدوو بوو. هـەوڵی دەدا ئەوپەڕی شکۆ و گرینگی، بەتایبەت لەگەڵ کوردەکاندا پێشـان بدا. سمکۆ خێوەتگەی لەبـان گـردێکی بـەرز و لە شـوێنێکی چۆڵەوانیـدا هەڵدابوو، کـە زیاتر لە سـەربازگەیەکی جـەنگی دەچوو تاکو زۆمی ڕەوەندان. مۆسـیک و سـەمـای کوردان لەوێندەرێ ڕمبەی دەهات و دەنگی دەدایەوە.

لە باسی عـەبدوڕەزاق بەدرخـاندا دەڵێ: بۆ ڕۆژی دواتر کاتێک فرامیـان و کیت گەیشتنە کوتور، لە تەفلیسەوە عەبدوڕەزاقی یاوەریش گەیشت. ئەو یاوەر و نازپێدراوی سوڵتـان عەبدولحەمید بوو. نەوەی بەدرخانی بەناوبانگ. برازای ئەو یەزدانشـێرەی، کـە لە جـەنگی قـڕمـدا، توانی کـوردان دژ بە سـوڵتـانی عوسـمانلی یەک بخـات. بەهۆی ئەوەی گومانیـان لێ پەیدا کرد، گوایە ئەو کار بۆ جیابوونەوەی کوردسـتان بکات، بەرەو ئـەفریقیا نەفییان کرد. بەڵام دوای چەرمـەسـەرییـەکی زۆر، تـوانی هەڵبـێت. پاش ڕاگـەیاندنی جـەنگ لە نێـوان ڕووسـیـا و ئەڵمـانیـادا، دووبارە لـە تەفلیس سـەری هەڵدایەوە. لـە هزری عـەبدوڕەزاقدا، بیرۆکەی وەدەرنانـی تورک لە خاکی کوردسـتان، بەهاوکاریی

ڕووس و باڵادەستـیی بەسـەر کـورداندا بـناغـەی داکـوتابـوو. ئەو خـۆی وەک جـێنشـینی تەخـتی کـوردان جاڕ دابـوو. بەکردەوەیش دەسـەڵاتێکی زۆری لە کـوردسـتـاندا هـەبوو. عـەبدوڕەزاق لە ناخـەوە ڕکی لە ئینگلیـز دەبووەوە. ئەم ڕقـەیش لەو سـۆنگەیەوە سـەرچاوەی گرتبـوو، کـە ئەوان لە ڕاپەڕینی پێشـوودا پشتیان کردبووە گەلی کورد. لە کاتێکدا هـەر خۆشـیان بوون بۆ هـەڵایساندنی سـەرهـەڵدان و ڕاپەڕین کوردەیلیان هـاندەدا.. عەبدوڕەزاق کـەسێکی باڵابەرزی جـەسـتـە پتـەوی هـەنیـەبەرز بوو. جـووتـێ چاوی دڕندەئاسـای هـەبـوو. خـاوەنی زەردەخـەنەیەکی تیـژ بوو، تەمـەنی لە پەنجـا لایدابوو. سـەری بەشـێـوەیەکی زیویی سـپی بووبـوو. ئەو بـەفـرەنسـیـیـەکی ڕەوان دەدوا. زۆر شـارەزای کولتـووری ئەوروپاییـەکان بـوو. سمکۆ بەشێـوەیەکی تایبـەت پێـشـوازیی لە عەبدوڕەزاق کرد. کوردان بۆ پێشاندانی مـەزنیی ئەو، دەستیان مـاچ دەکرد و بۆی دەچەمـانەوە. ئەویش تـەواو ئاسـایی هـەڵسـوکەوتی دەکرد. سـەرلەئێـوارە، عـەبدوڕەزاق فـرامـیـان و کـیـتی بۆ ڕەشـمـاڵەکـەی خـۆی بانگهـێـشتن کـرد. میوەجات و براندیی پێشکێش کردن...

ڕۆمـانەکە درێژە و ناکرێ زۆرتری لەسـەر بڕۆم. لێرە بەدواوە عـەبدوڕەزاق سـیاسـەتی خـۆی و حـەتمیـیەتی بـەرپابوونی جەنـگی نێوان ڕووسـیـای تزار و دەوڵەتی عـوسـمـانیـیـان بۆ بـاس دەکـات. ڕۆڵی کـورد لەم هـەلومـەرجـەدا و چۆنێتیی سـوودبینینی کورد لەم دۆخە نوێیە بۆ مـیوانەکان ڕوون دەکاتەوە. بەدەم شیکردنەوەی بارودۆخەکەوە مەی دەخواتەوە..

ڕۆمـانی مـێـژوویی پەلکێـشی مـێـژووە بۆ ئێـسـتـا، بە نیـازی تێگەیشـتنی قووڵتر لە حاڵی حازر. هـەروەها بە نیازی لەقـاودان و پەردە لادان لەسـەر ئەو ناڕەواییانەی، کە لە کۆندا ڕوویان داوە.

ڕۆمـانی مـێـژوویی زەوینەیەکی مـێژوویـیی هـەیە، واتە نووسـەر قـارەمـان لە خـەیاڵدانی خـۆیەوە ناهـێنێت، بگرە ئەو لـە هـەوڵدایە، وەک ڕۆمـانەیـلی تر ئەو خـاڵە گـرینگانـەی مـرۆڤ بە مـێـژووەوە گـرێ دەدەن، ڕۆشنـاییی پـتـریان

بهـاوێژێتـه سـەر، ئەویش لە سنووری ئـەدەب و هونەردا. واتە مـێـژوویـەکی خـەیاڵی تێکەڵ بە مـێـژوویەکی واقـیـعی دەکـات. خـەڵکی کـاتـێ ئەم جـۆرە ڕۆمـانانە دەخـوێننەوە، بە عـەزرەتی ئەوەوەن، وێڕای ئـەو مێژووە خـالیسـەی، کـە بەندکـراوی لاپـەڕەکـانی کـتـێـبی مـێـژووە، ئەدەبیش بخـوێنێـتـەوە. وردەکـارییـەکـانی ئەو مـێـژوودەیش بخـوێنێـتـەوە، کـە مـێـژوونـووس هەر بەلایشیاندا نەچووە، یان بەلایەوە گرینگ نەبوون..

هەر کاتێک باسی مێژوو دێتـە پێش، ئێمـە جـەنگ و کوشـتـارمـان وەبیر دێتـەوە. وەلێ لە دەقی ڕۆمـاندا، ئێمـەی خوێنـەر گەرەکمـانە بزانین ئەدگار و قـەلافەتی میر و فـەرماندە و سـەرکردەکان چلۆن بوونە؟ پێمـان خۆشـە دیوی دەرەوە و دیوی نـاوەوەیان بخـوێنینـەوە. مـرۆڤ وابەسـتـەی مـێـژووە و بۆ خـۆیشی بوونەوەرێکی مێـژووکردە. بۆیـە تاک پێی خـۆشـە وەک بیـرەوەری، تەواوی وردەکارییەکانی مێژوو بەسـەر بکاتەوە. تەنیا ئاشنابوون بە سـاڵ و مـانگ و جـەنگ، مـرۆڤ بۆ خـوێندنـەوە دنە نادات و مگێـزی ناجـووڵێنێت. ئەوەیش لـەولاوە بوەسـتـێ، کـە مـێـژووەکـان زۆر لەیـەک دەچن. سـاڵ و ناوی پایـەتەخت و پـەیمانبـەسـتن و دۆڕان و بـردنەوە.. هـۆیەکـانی هـەرەسـی هـەر دەوڵەتێک بگریت، کە بەزۆری لەیـەک دەچن، هیچ پادشـا و میـرێک دەرسـیـان لێ وەرناگـرێت، ئەگـەرچی مـاکـیـاڤـیللی لـە بەرهـەمـەکـانیـدا وەک هێلکەی پاککراو خستوویەتییە بەردەستیان.

ڕووداوەیل هـەمـوو کـات ئـامـادەن و بەلێـشـاو لە بـەردەسـتی نووسـەردان. ئەوەندە هـەیە ڕۆمـاننووس دێت بەخەیاڵی ئەو ڕۆژانە و بەتەواوی وردەکارییەوە دەیانهۆنێتـەوە. بەخـەیاڵ بۆ ئەو سـەردەمەمان دەباتەوە. پۆشاکیان بازرگانی و بازاڕیان، جـەنگ و خۆشـەویستییـان دەخـاتە ڕوو.. ئەوی نووسـەر، هـەڵچنینی ساختمانی ڕۆمـان و بەگەڕخستنی خـەیاڵی داهێنەرانەی لەسـەرە. بەمـەرجێک مێژووی ئـەوسامـان بۆ وێنا بکات. دیارە ڕۆمـانی مێژوویی زۆر پرسی وەهای تێ دەکەوێت، کـە لە ئێستادا دووبارە نابنەوە. وەک پارەکانیـان کە لە ئێسـتادا

شـایانـی دێرینخـانەن و مـامـەڵەیان پێ ناکـرێت. یان وەک سـوارچاکی، کـە جارێکی تر باوی نایەتەوە. ڕۆمانی مێژوویی زیاتر ئەو شتانە دەگێڕێتەوە، کە مێژوونووس گرینگیی پێ نەداون.

ڕووداوی مـێـژوویی، ئەگـەر مـێـژوونووس بیگێـڕێتـەوە، هەردەم لـە تافی ڕابردوودایـە، وەلێ کـاتێک چیـرۆکنووس یان ڕۆمـانـنووس مـامـەڵە لـە تەک مێژوودا دەکات دەشێ هەمـوو تافەکانی تێ بکەوێت. قسـەیەک هەیە دەڵێت: مـێــژوو لە وردەکــارییــەکــاندایە. جـا ئەو وردەکــارییــانە لە هـەڵوێســتی کـارەکتـەرەیلدا بن، یان لـە ڕووداوەیلدا، کارێکە هەر لە گـێڕانەوەی ڕۆمـان دەوەشێتەوە.

ئەم نووسـەرەیش بەنیـاز بووە ڕۆمـانێکی مـێژوویی بنووسـێت. وەک دەبیـن سـەردەمێکی زۆر هەستیاری لە مێژووی ناوچەکە و مێژووی دەوڵەتی زلهێزی عوسـمانیدا هەڵبژاردووە، کـە بۆ میللەتانی ژێردەسـتی، بە گەلی کوردیشەوە چارەنووسساز بووە، کە دەکاتە ئاخۆران و بخۆرانی جەنگی یەکەم.

سەبارەت بە کـەرەسـتـەی خاو بۆ نووسینی ڕۆمـانی مێژوویی، دەشێ بڵێم، ئەم نـووسـەرە شـارەزای داونەریت و فـەرهەنـگ و مـێـژووی کـوردە. هزر و زەوینە و ڕەگـەمـای ناودارانی ئەو سـەردەمـە دەناسـێت. وێڕای شـارەزایی لە جوگرافـیـای هەرێمـە بەیەکـداچووەکانی نێوان کـورد و ئـاشـووری ئەرمـەن. بەڵام ئەو خاوەنی خەیاڵ و فـانتاسیا و هونەری ڕۆماننووسین نییە. ڤیگین لە گــێـــڕانەوەدا بـەلای مــێـــژوودا دای شکاندووە هـەتا ئەدەب. ژمـــارەیـەک بەســـەرهاتـی لەمـــەڕ کـوردان گـێـــڕاوەتەوە، وەک پرسـی تۆڵە و تـالانی و شـالاوبردنی خێڵـەکان و مـەیلی ئەوان بـۆ جـەنگ و پشـتکردنە کشـتـوکاڵ و پیشـەسـازی، کـە ئەمـانە هـەر بەتەنیا خـدە و ئـاکاری خێڵـە کـورد نەبوونە، بەڵکو هەموو خێڵەکانی دنیا لە قۆناغێکی مێژووییدا بەم دۆخەدا ڕەت بوونە.

نووسـەر ژمارەیەک وێنـەی فۆتۆگرافی تێهەڵکێشی کـارەکەی کردووە، ئەو

بەم وێنانە، کە بۆ ئەو سەردەمە نوێ بوون، ویستوویەتی تێز و گێڕانەوەکانی بە بەڵگە پشتڕاست بکات. دیارە وێنە دیکۆمێنتە و پێشانی دەدات، کە ئەوی نووسەر بەجیدی خەریکی کارەکەی بووە. بۆ سەلماندنی گێڕانەوەکانی بەڵگەی بەدەستەوەیە. بەڵام ڕۆمان پێویستی بە بەڵگە و وێنەی مێژوویی نییە. وێنەی قارەمانەیل، یان وێنەی زۆمی خێڵە کورد ئاستی هونەریی کارەکە سەرناخەن. لە زۆر شوێنیشدا، نووسەر، ڕۆمان و هونەری ڕۆمانی فەرامۆش کردووە و بایداوەتەوە سەر گێڕانەوەی مێژووی ڕووت. هەر چۆنێک بێت ئەم ڕۆمانە دەهێنێ بکرێ بەکوردی.

سەرچاوە: عند منابع دجلة، تالیف: ئیس. ڤي. ڤیگین. ترجمة: د. محمد البندر، دار سركون للنشر، الطبعة الاولى بالروسية: ١٩٢٩، الطبعة الاولى بالعربية: ٢٠٠٣، سويد.

## دەورکردنەوەیەکی خێرای کۆچیرۆکی (لێوی ئاگرین)

ئەمینی میرزا کەریم (١٩٣٣-١٩٨٤)، یەکێکە لە ڕابەرانی شانۆ و کورتە چیرۆک. بەنیازم لەم دەرفەتدا، بە خێرایی گورزە تیشکێک بهاومە سەر کۆچیرۆکی (لێوی ئاگرین)، کە ناوبراو ساڵی ١٩٦٧ بڵاوی کردووەتەوە. وێنەی بەرگەکەی بەشێوەیەکی هونەریی لەلایەن مامۆستا (ع. ع. شەونم)ەوە کێشراوە. هیچ کام لە چیرۆکەکان مێژوویان لەسەر نییە. لەو حەوت چیرۆکە، شەشیان لە سنووری هەزار وشە تێ ناپەڕن. بە زمانێکی سادەی نزیک بە زمانی خەڵکی ئاسایی نووسراون. ئەم ئەزموونە پێمان دەڵێت، مەرج نییە کورتە چیرۆک بەڕستەی شیعری و چڕ بنووسرێت.

گەرەکە ئەوەشمان لە بەرچاو بێت، ئێمە لێرەدا وەک زمان و تەکنیک و بابەت، مامەڵە لە تەک ئەزموونی چیرۆکی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەکەین، کە نزیکەی نیو سەدە پێش ئێستایە. لێرەدا حیکایەتبێژ هاتووە ڕووداوی چیرۆکەکانی کۆرنۆلۆجییانە لە دەستپێکەوە بۆ کۆتایی گێڕاوەتەوە. ئەوەیش بزانە چیرۆکی هەزار وشەیی یان کەمتر، ئەوەندە بواری بۆ مانۆڕ تێدا نییە، تاکو نووسەر ئەو دەستمایە هونەرییەی هەیەتی لەم ڕووبەرە تەسکەدا بیخاتە کار، بە تایبەت ئەم کۆچیرۆکە زیاتر گرینگیی بە ناوەرۆک و تیمەی چیرۆکەکان داوە. ئەم دیاردەیە، یەکێک بوو لە نیشانە و تایبەتییەکانی چیرۆکی شەستەکانی سەدەی بیستەم.

چیرۆکی (لەش و پارە)ی لێ دەرچێت، ئەوانی تری بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک سپاردووە، بیانگێڕێتەوە. لێرەدا پێمان دەڵێت، لەپشت هەر ئافرەتێکی لەشفرۆشەوە چیرۆکێکی دڵتەزێن هەیە، دڵڕەقیی کۆمەڵ و

سەختیی ژیان، ئەم ئافرەتانەی بەو جێیە گەیاندووە. ژنە لەشفرۆشەکە بەدەم هەنسکەوە سەربوردەی خۆی بۆ بارام دەگێڕێتەوە. دیارە ئەوەی لە شوێن سۆزانی بگەڕێت، جوانیی جەستەی ئەوی لا مەبەستە. وەلێ بارام دێت گرگر ئەوەیان هەڵدەبژێرێت کە پەست دانیشووە. ئەم چیرۆکە ئاوا وێنەی هۆڵی پێشوازیی ماڵی سۆزانییەکان دەکێشێت:

"لە هۆڵەکەدا ئافرەتان دانیشتون ئارایشت کراون، هەندێکیان جگە لە ژێرکراسێکی تەنک نەبێت هیچی تریان لەبەرا نەبوو، ئەمیان لەبەر خۆیەوە گۆرانیی ئەوت، ئەویان پەست دانیشتووە دەستی ناوەتە ژێر چەناگەی." ئەم چیرۆکە، بە مشتێک وشەی سادە، وەسفێکی ڕیالانەی هۆڵی پێشوازیی ماڵێکی لەو جۆرە دەکات. سەرنج بدە دەقەکە پێمان دەڵێ (ئارایشت کراون) واتە یەکێک ئارایشتی کردوون نەک خۆیان. تەنانەت ئارایشتەکەیش دەسەڵاتی خۆیان، یان زەوق و سەلیقەی خۆیانی تێدا نییە. پێشتر ئاماژەمان بەجەستەی مێیینە دا. ئەوەتا لە چیرۆکی (لێوی ئاگرین)دا گرینگیی پێ دراوە و لێرەدا دۆخێکی ئیرۆسیی خوڵقاوە. دەتوانم بڵێم، لەو سەردەمەدا، دەستبردن بۆ ئیرۆتیکا، جۆرێک بووە لە جورئەت و پڕکێشی.

"سینە بەرزە نیانەکەی جووت کرد لەگەڵ سنگمدا لەسەر ئاوازی ڕۆمپا هەنگاومان فڕێ دەدا.. هەستم کرد زیاتر خۆیم لێ نزیک دەخاتەوە بەجۆرێک ڕانی کەوتە بۆشاییی هەردوو لاقمەوە.. کوڵمە خرپنە خوێنینەکانی نووسان بە ڕوومەتمەوە. لێوی لەگەڵ لێوم جووت کرد. هەناسەی سوار بوو، لەبەر خۆیەوە وتی بەڕاستی لێوی ئاگرین ئەمەیە!".

دەکرێت بڵێین، تارمایی نووسەر لەپشت گێڕانەوەی حیکایەتبێژەوە بەدی دەکرێت. ئەمەیش وەنەبێت دیاردەیەکی نوێ، یان نامۆ بێت. یەک لە باری ڕۆماننووس و چیرۆکنووس، بیرەوەری و گەڕانەوە بۆ دەورانی منداڵی و هەرزەکاری، ڕۆڵی بەرچاو لە پێکهاتەی بەرهەمەکانیاندا دەبینێت. گەلێک

جاران نووسەر قارەمانەکانی لە واقیعی کۆمەڵی خۆیەوە دێنێت و خەیاڵی خۆی لە دەوریان دەئاڵێنێت و بەچیرۆکیان دەکات. ڕێک دەکەوێت لەنێو ئەو قارەمانانەدا هەبن لە ڕووی خولیا و ئاکار و مگێزەوە لە نووسەر خۆی بچن. وەلێ ئێمە ناتوانین بەم جۆرە چیرۆکانە بێژین بایۆگرافی، هەتا نووسەر بە ڕاشکاوی ناوی خۆی نەهێنێت و ددانی پێدا نەنێت، یان ناوی چیرۆکی خود بایۆگرافیی لێ نەنێت. لەوانەیشە نووسەر بەشێک لە بەسەرهاتی خۆی تێکەڵ بە ڕووداوەیلی ئەم چیرۆکانە کردبێ. بەهەرحاڵ، گرینگە نووسەر، لە ڕێی حیکایەتبێژەوە، بەسەر ڕووداوەوە چاودێرێکی بێلایەن بێت. دەست وەرنەداتە کاروبار، یان گفتوگۆی نێوان قارەمانەیل نەکەوێتە نێوانیانەوە.

ئەو مەیلە ئیرۆسییەی لە جەستەی مێیینەدا چێژی لێ دەبینرێت و پێشتر ئاماژەم پێ دا، لە چیرۆکی ڕەشبەڵەکیشدا پاتە بووەتەوە، "بێ سڵەمینەوە چوومە دەستییەوە.. پەنجە نەرمۆڵەکانی ئاڵان لە پەنجەکانمەوە.. شانم لە شانی چەسپان.. لاڕانی نەرمی ئەخزا لە لاڕانم.. کەوتینە دەست گوشین.." لێرەدا تیمەی چیرۆکەکە باس لە دیاردەی ژنکوژی لەلایەن نێرێنەی کوردەوە دەکات. هۆی کوشتنەکەیش ئەوەیە، کوڕێک دێتە داخوازی و ئەم ئامادە نییە شووی پێ بکات. دواجار لە گەڕی شاییدا دەیکوژێت و شایی بەشین دەگۆڕێت.

چیرۆکی (بەفر و ئاگر)، باس لە کۆمەڵە زیندانییەک دەکات و ئاماژە بە ڕاپەڕینەکەی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٢ دەدات، وەک ئەوەی نووسەر خۆی یەکێک بووبێت لەو زیندانییانە. وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، نووسەر بۆی هەیە بەسەرهاتی خۆی بە چیرۆک و ڕۆمان بکات. ڕەنگە کاری وەها ڕاستگۆییی پتریشی تێدا بێت. وێڕای ئەوەی ئەگەر نووسەر باسی ژیانی خۆی بکات، ئەوا لە هەموو کەس جوانتر و بەپێزتریش دەیهۆنێتەوە. بەسەر کارەکەشیدا زاڵ دەبێت. بەسەرێکی تر ئەگەر نووسەر خۆی قارەمانی چیرۆک بێت، ئەوا قورس لەسەری دەکەوێت، ئەگەر بێتو باسی زیرەکی و

شـۆخـوشــەنگی و ئازایەتیی خـۆی بکات. لـە دۆخی وەهادا ڕێی تـێ دەچێت خوێنەر بەجۆرە خۆهەڵنان و زێدەڕۆیییەک لەسەری بکەن بەماڵ.

ئەمـینی مـیـرزا کـەریم لـەو نووسـەرانەیە، کـە زوو دەسـتی بـۆ ورووژاندنی پرسـی ئـیـرۆسـی و ئـیـرۆتیکا بردووە. وەلێ ئەو هـاتـووە لەم دەروازەیەوە، باس لە پـرسـێکی تر دەکـات. واتـە ئـەو ئـیـرۆتیکـای کـردووە بـەپرد بۆ پەڕینەوەی پرسـی دیکە. قارەمـانی چیرۆکی (لێوی ئاگرین)ە لەو سـۆنگەیەوە، کە کوردە، ئافرەتە تورکەکـە ئامـادە نییـە مـەیلی بداتێ. واتـە ئەم لاوە کوردە بە دوژمن حـیـسـاب دەکات. ئەم چیـرۆکـە باسـی ئەو سـەردەمـە دەکـات، کـە بەکـوردی پەیڤین لە تورکیادا قەدەغە بووە.

ڕەنگ، بەرەنجـامـی هـەسـتکردنی چاوە بەشـەپۆلە جـیـاوازەکـان، کـاتێک ڕۆشـنـاییی لـەســـەر تەنێک پـەرچ دەبێت، ئـەو تەنـە هـەنـدێک شـــەپۆلی ئـەو ڕۆشـنـاییــیـە دەمــژێت، هـەندێکیـشـی دەداتـەوە. ئەوەی دەیداتـەوە، کــار لە خـانەکـانی چاو دەکات و هـەست بە بوونی ڕەنگ دەکـات... ئەگـەر گـورزەیەک ڕۆشنایی بەنێو ئاوێزەیەکدا بچێتـە سـەر ڕووبەرێکی سـپی، ئەوا بە ڕیز، ئەم حـەوت ڕەنگەمان دەداتێ: (بنەوشـەیی، نیلی، شـین، سـەوز، زەرد، پرتەقـاڵی و سـوور). سـێ ڕەنگی سـوور و پرتەقـاڵی و زەرد، بەڕەنـگی گـەرم حـیـسـابن؛ چونکە خـۆر و ئاگـر و خـوێن، سـەرچاوەی گـەرمـین. شـین و سـەوز و تـۆنە نزیکەکـانیـان بەڕەنگی سـارد حـیـسـابن؛ چونکە ئاسـمـان و ئاو سـەرچاوەی ساردین.

ئەم نەخـتـاڵە زانیـارییـەم لـەسـەر ڕەنگ بـەو نیـازە ورووژانـد تاکـو شـتـێک لەســـەر کـــاریگـەریی ڕەنگ لەم چیــرۆکـــانەدا بـدوێم. لـە ناوی هـەندێک لە چیـرۆکەکـاندا دەلالەتی ڕەنگ هـەیـە. ڕەنگی لێـو سـوورە، نووسـەر بۆ ئەوەی گـەرمـتری بکات، ڕەنگی (ئاگرین)ی داوەتێ. وێڕای بوونی هێـمای ئـیرۆسـی. لێوەکەیش هـی نێرینەیەکی کوردە، نەک مێیینە.

کورد لەو گەلانەیە، شەیدای ڕەنگە. زۆر ناویشی لە ڕەنگ ناوە. دەکرێت بڵێم کورد لە بواری ڕەنگدا قامووسێکی دەوڵەمەندی هەیە. ئەمەیش لە ڕێی پەند و ئیدیۆمەکانەوە بەدیار دەکەوێت. وێڕای گیاندارەکان، بە تایبەتی ئەسپ، کە ئەوەندەی هەستم پێ کردبێت نووسەرانیش بەم ڕەنگانە نامۆن. سەرنج بدە، ناوی تاکەکانیش ڕەنگیان تێ دەکەوێت، وەک: خولەسوور، ئەحەڕەش و حەمەشین... کورد لە پۆشاکیشدا زۆر ڕەنگ بەکار دێنێت. دەشێ ئەم خدە گرتنە بە ڕەنگەوە، بۆ ژینگەکەی بگەڕێتەوە، کە تژییە لە ڕەنگ. تەنانەت لە هەندێک کاڵادا، کە ڕەنگ بەو ڕادەیە پێویست نییە، کەچی کورد زیادەڕۆییشی تێدا دەکات. وەک: کاڵەی شەمامەبەند و پانیبەرز و دووخێن و زۆری تریش.

لێرەدا جێی ئاماژە پێدانە، خێڵی (دانی)، کە لە وڵاتی غینیادا دەژین. لە بەرانبەر تەواوی ڕەنگەکاندا، تەنیا دوو ناو، یان ئاوەڵناویان هەیە. ئەوانیش بەرانبەر تۆخ و کاڵ، یان ڕەش و سپی دێن. وەلێ لەلای خۆمان ناو بەرانبەر بە تۆنەکانی ڕەنگیش هەیە، وەک: شەرابی، جەرگی، ئاڵ، کە دەچنەوە سەر ڕەنگی سوور.

(ڕەشبەڵەک) ناوی یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەم کۆچیرۆکەیە و وشەیەکی لێکدراوە. لە دوو ڕەنگی ڕەش و بەڵەک پێکهاتووە. ئەگەرچی لە بەستێنی هونەری شێوەکاریدا ڕەش و سپی بە ڕەنگ حیساب ناکرێن؛ چونکە تۆ هەر ڕەنگێک بگریت، ئەگەر تۆخت کرد، ئەوا لە دوا قۆناغدا دەبێت بە ڕەش. بەپێچەوانەیشەوە، هەر ڕەنگێکت کاڵتر کردەوە، ئەوا لە دواجاردا دەبێت بە سپی. لە چیرۆکەکەدا ڕەش هێمایە بۆ نێر. بەڵەکیش هێمایە بۆ مێ. ڕەش زبر و توورە و تاریکە. هەرچی بەڵەکە، نەرمونیان و سپیواشە. وەکی تر، جۆرە هەڵپەرینێکە نێر و مێ پێکەوە تێیدا بەشدارن.

(گوڵی سپی) ناوی چیرۆکێکی تریانە. دیتن و بۆنکردنی گوڵ دڵ دەکاتەوە.

ڕەنگی سپی هێمای ئاشتی و پاکێتییە. پۆشاکی پیاوە ئاینییەکان بە زۆری سپین. سپی لە کن خۆمان پاکێتی دەگەیێنێت. لە چیرۆکەکەیشدا هەر بەو واتایە بەکـار هـاتووە. بێگەردی و ڕەوانی و بێگرێیی گـوڵ دەگـەیێنێت. ئەگەرچی لای میللەتانی هیند و چین، سپی ڕەنگی پرسەیە.

(بەفر و ئاگر)یش چیرۆکێکی تری ئەم کتێبەیە. ئەگەر سپی، هێمای بێگەردی و خـاوێنی و بەرائەت بووبێت. ئەوا ئاگـر، کـە تێکەڵەیەکـە لە ڕەنگەکانی زەرد و پرتەقاڵی و سوور، گەرمە و پرشنگ دەهاوێت. لە دوورەوە سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت. وێڕای ئەوەی (ئاگری) لە خۆیدا ڕەنگە، یان تۆنە ڕەنگێکی سوورە. هەندێک جاران چەمکی ئاگر بۆ دڵڕەقی و جەنگ و مەترسی بەکار دێت. ئیدیۆمە کوردییەکەش دەڵێت: "ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە". دەکرێ بڵێین، ڕەنگی ئاگر پێچەوانەی سپییە، کە ڕەنگی بەفرە. هێمن و کپ و ساردیشە.

دیاردەیەکی تری کۆچیرۆکی (لێوی ئاگرین)، پرسی بە مراد نەگەیشتنە. مرۆڤەکان بەیەک ناگەن لە یەکودوو تێ ناگەن. زمانی هاوبەشیان لە نێواندا نییە، یان ئەو زمانە هاوبەشە پێ نازانن و بۆیان نادۆزرێتەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم دیاردەیەیش جیاوازیی زمان و نەتەوە و بەکەم سەیرکردنی تاکی کوردە. ڕێبواری نێو کەشتییەکە، ناتوانێت بگاتە ئەو کیژەی لە ستافی کەشتیوانیدایە. شانازی بە نەتەوەوە، وەهای لێ دەکات بسڵەمێتەوە و لە قسەکانی کچەکە ڕاسێت.

لە چیرۆکی (ئەو کچە جوانە)دا، دوو هەرزەکار وێنەی هەمان شۆخە کچیان لە باخەڵدایە. ئەمەیش ئەو پەندە کوردییەمان بیر دەهێنێتەوە، کە دەڵێت: "بە قوربانی کوڕەی سێو لە باخەڵ بم" کاتێک لەیەک ئاشکرا دەبن، دەستیان لە بنی هەمبانەکەوە دەردەچێت. کچەکە بە گوڵە ژاڵە دەچوێنن. ژاڵەیش ئەگەرچی بەڕەنگ گەش و جوانە، بەڵام تامی تاڵە. خۆشییەکان

کەمخایەنن و دیاردەکان چاوخەڵەتێنن. ڕووداوەکان ناخۆشییان لە تەک خۆیاندا هێناوە.

لە (ڕەشبەڵەک)دا، شێتۆکەیەکی کەمئەندام، لە گەڕی شاییدا کچۆڵەیەک دەکوژێت، هەر لەسەر ئەوەی ئامادە نەبووە شووی پێ بکات. بەم ڕەنگە شایی دەبێت بەشین.

لە چیرۆکی (بەفر و ئاگر)یشدا، قارەمانی چیرۆک و چەند لاوێک، لە هەلومەرجێکی دژواردا، زیندانی سیاسین. دەستگیرانەکەی بە نامە داوای جیابوونەوەی لێ دەکات. بۆ سبەی لەو بەندیخانەیەوە دەیگوێزنەوە، بۆ زیندانی پایەتەخت. هەم لە دەستگیران و هەمیش لە شارەکەی بێبەش دەبێت.

لە چیرۆکی (لەش و پارە)یشدا، کچۆڵەیەکی دڵشکاو و بێ داڵدە بەهەزار خۆزگە و ئاواتەوە، ناچار بە لەشفرۆشی دەبێت. نووسەر ڕووبەرێکی زۆری بۆ ڕەگەزی مێیینە و کێشەکانی تەرخان کردووە.

شوێن و ژینگە لە گۆڕاندان. لە بەزاندنی سنوورەوە تا بە سواربوونی پاپۆڕی گەورە دەگات. لە زیندانەوە بۆ گوند و شاری گەورە، لەوێوە بۆ نێو چین و توێژە جیاوازەکان و کەسیەتیی جیاواز، لە سۆزانییەوە بۆ سایکۆبات و کەسانی بێ سەرپەرشت.

سەرچاوە:

(١) ئەمین میرزا کەریم، لێوی ئاگرین، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٧.

(٢) قاسم حسین صالح، سایکولوجیة إدراك اللون والشکل، مؤسسة ریاض للطباعة، کویت، ١٩٨٢.

(٣) صادق العاني، مبادیء الرسم والفن، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٦٣.

سەرنج: لە ڕۆژنامەی (هەولێر)، ژمارە (٨٨٠)ی، مێژووی ٢٠١٠/١٠/١٥دا، بڵاو بووەتەوە.

## چەند پڕۆژەیەک بۆ تێکدانی ڕەوشتی ئاو، لە سلێمانی

ئێمە بۆیە ڕۆمانی شاکارمان پێ نانووسرێت، چونکە شارمان نییە. سلێمانییش گوندێکی هەڵئاوساوە. ئێستا زەینی لادێ، مامەڵەی لادێییانە و ناومالّی دێهاتییانە، بە ڕەنگ و ستایلی دێهاتی لە سلێمانی باویەتی. سەرمایەیش بەزۆری کەوتووەتە دەست لادێیی شارنشین، کە ڕەنگە هەندێک لەوانە نەتوانن بەدروستی ناوی خۆیان بنووسن. لە کاتێکدا تاکی گوندنشین لە گوندەکەی خۆی و لە کێلّگەدا، بەسواری ترەکتۆر و لە پاڵ کێلّگەی مەڕوماڵاتدا جوانە و ولاتیشی پێ ئاوەدانە. (د. ولید أحمد السید)، لە وتارێکدا بە ناونیشانی «هیئة نقاد العمارة، في عامها الاول» نووسیویەتی:

"ئەدەب و تەلار لە یەک هەوڵدا پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئەویش توانای لە خەیاڵ ڕۆچوون و بەستنەوەی ڕووداوەیل و چنینیانە لە یەک قاڵبدا، کە لە بناغەدا پشت بەداهێنان دەبەستێت.. ڕۆمانی کلّۆڵەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ، بە درێژی پاریسی سەدەی نۆزدەمی بە ئامانج گرتووە، هەوەها ڕۆمانی (چیرۆکی جووتێک شار)ی لەمەڕ چارلّز دیکنز و (زقاق المدق)ی لەمەڕ نەجیب مەحفووز. زۆرێک لە ڕۆمانەیل هەن وەک سەکۆیەک بۆ گێڕانەوە، یان وەک تەختی شانۆ، فەزای شار بەکار دێن کە لەوێدا ڕووداوەیل بەڕێوە دەچن. بەهیچ کلۆجێک ڕۆمان بەبێ شار مەیسەر نابێت و نایەتە نووسین".

ڕۆمانی (تەلاری یەعقوبیان)ی لەمەڕ عەلاء ئەسوانی، ناوی تەلارەکەی هەڵگرتووە و هەر لەو تەلارەیشدا بەڕێوە دەچێت. نەوەکان لەوێدا گەورە دەبن. ڕۆمانەکە باس لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی چەند نەوەیەک لە گەلی میسر دەکات. زۆری تریش هەن بەتانی شاردا دێنە خوار، بە تایبەتی

شاری بەیرووت.

لە ڕاستیدا ئەدەب و هونەری تەلارسازی، ڕەگەزی خەیاڵیش کۆیان دەکاتەوە. تەلار دەبێتە شوێن بۆ بەڕێوەچوونی چیرۆک و ڕۆمان. ژانری ڕۆمان بەتایبەتی وەسفی وردی ئەو تەلارانە دەکات، کە ڕووداویان تێدا بەڕێوە دەچێت. لە سلێمانی، تۆ پێ نازانی ئامانج لە بەرزکردنەوەی ئەو تەلارانە چییە؟ ئاخۆ کەڵکی ئابوورییان هەیە، یان هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پارەدار و (سەرکار)ەکانیان لەپرسی سەرمایەگوزاریدا تێی ناهێنن و ئامانج تەنیا خەرجکردنی پارەیەی کەڵەکەبووە؟ لە بەرزکردنەوەی ئەم تەلارانەدا پێ ناچێت کولتوور و فەرهەنگی تەلارسازیی کورد بەهەند گیرابێت. چونکە نیشانەیەک بۆ ئەوێتی (شوناس)ی کوردەواری بەو تەلارانەوە نابینرێت.

ژمارەیەکی زۆر لەو تەلار و کۆمەڵگە و گەڕەکە نوێیانەی، کە بۆ ژیانی دانیشتوان دروست کراون، ناوی بیانییان هەڵگرتووە، نەک ناوی کوردەواری. ئەمەیش خۆبەکەمزانین بەرامبەر بیانیی تێدا دەخوێنرێتەوە. دەنا بۆ لە بریی سیتی شار و لە بری پەرەدایس بەهەشت بەکار ناهێنن. کەسانی پاشڤەرۆ لە ئاستی خەڵکی بیانی و شارستاندا هەست بە کێماسی دەکەن، لەسەرێکی ترەوە، ئەو خاوەن پرۆژانە لەبریی ئەوەی وڵات بە شار و شارستان بکەن، دێن شارستان بە دێهاتی هەڵئاوساو دەکەن.

ئەوەتا دەیان تەلاری کوێرانە و هەڕەمەکیی بەرز، لە کەناری ئەو شەقامە گشتییانەدا بەرز بوونەتەوە، کە یەکسەر بەسەر شۆستەی شەقامدا دەڕوانن بێ ئەوەی باخیان هەبێت، بێ ئەوەی جێی وەستانی ئۆتۆمۆبێلیان هەبێت. دیارە ئەو خاوەن تەلارانە بەنیازن شەقامی گشتی و شۆستەی گشتی بە گەراج بکەن، دەنا تەلارێک دە نهۆم هەڵچووبێت خۆ دەبێ شوێنی وەستانی پەنجا ئۆتۆمۆبێلیشی هەبێت.

سلێمانی کۆمەڵگەیەکی جەنجاڵی کەس لە کەسە، زەوینەکەی بە توێکڵی گوڵەبەڕۆژە و توێکڵی پاقلەی کولاو و کارتی تەلەفۆنی دەستی داپۆشراوە. تکایە لە ناوجەرگەی شاردا، کە دەکاتە بەردەرکی سەرا، کەمێک سەرنجی زەوی بدە. بەدەگمەن بەردێک دەبینیت بە ساغی مابێت. هەر کاسبکارێک وەختایێ لە کاشیرێژکردنی دوکانەکەی بووەوە، ئەگەر مەیلی لێ بێت، ئەوا شۆستەی پێشی دوکانەکەیشی کاشی دەکات و پلیکانە بۆ ڕێبوار چێ دەکات، واتە بەئارەزووی خۆی دەستکاریی موڵکی گشتی دەکات. تۆ کاتێک لەوێ ڕێ دەکەیت دەبێ لە بریی ئەوەی ئاسۆیی بڕوانیت، گەرەکە سەروملا سەیری زەوی بکەیت دەنا تووشی بەڵایەکی نەخوازراو دەبیت.

لەوێ جێیەک بۆ مرۆڤی پیادە نەماوە بەسەلامەتی بەسەریدا بڕوات. بەدەر لە پارکی ئازادی، جێیەک بۆ خۆشی و کات بەسەربردنی ئەو حەمکە خەڵکە بەڕێزە نەماوەتەوە. ئەویش بەپارەیە. لە غەفڵەتێکی خەڵکی شاردا کارێزی وەستا شەریف بوو بە بیاوان و شوێنێک بەناوی باخی بەختیارییەوە لە نەخشەی شار و دەوروبەیدا نەما. سەرچنار، کە نزیکترین هاوینەهەواری شار بوو، بۆ هەمووان بوو، بێ نموود و تەلبەند کراوە و دەروازەکەی لە دەروازەی زیندان دەچێت و چواردەوری تەلبەند کراوە. ئەوەی سەردانی بکات دەبێ بەپارە بچێتە ژوورەوە. نێوان باخی بەختیاری و بەکرەجۆیشیان بەو خەڵکە ڕەوا نەبینی.

ئێستا سلێمانی کۆمەڵگەیەکە ئاوەکەی پیسە، هەواکەی پیسە، بەشێک لەو خۆراکەی دەگاتە ئەوێ ماوەبەسەرچووە و پیسە. شەقامەیلی پیسن و ژینگەی دەوروبەریشی پیس بووە، ئیتر چلۆن دەشێ بە کۆمەڵگەی وەها بوترێت شار. دوور لە زێدەگۆیی، ژینگەی سلێمانی و دەوروبەری بووە بە زبڵدانێکی مەزن. دیسان دوور لەزێدەگۆیی دەبوایە، لە تاسڵووجە سکیلتێک دابنرایەوە و بەپیتی درشت لەسەری بنووسرایە: "ئەی ڕێبواری ئازیز، سەردانی سلێمانی زیان بەتەندروستیت دەگەیەنێت!" لە کاتێکدا بیست

سـالێک لەمـەوبەر، لە ڕۆژانـی هەینیدا، وەختـایێ مـزگەوتی گـەورە پڕ دەبوو، خەڵک بە دڵنیاییەوە بەرماڵیان لە گۆڕەپانەکەی پێشی ڕادەخست و نوێژیان دادەبەست، چونکە بـە پاکیـان دەزانی. ئێـسـتـایش ژیان لـە سلێـمـانیـدا سـەرەڕۆیـی و پڕ مـەترسـییـە. پێم وایە ئەگـەر هـەروا بەم پیسی و پۆخـڵی و جەنجاڵییەی ئێستای بمێنێتـەوە، ئەوا ئەو نەوانەی لەم شارەدا دەردەکەون و گەورە دەبن تەمەن کورت دەبن.

کـەم کەس لەم کۆمەڵگەیەدا بەساغی مـاوە. سـەرچاوە ئاگەدارەکان باسی هەڵکشـانی ڕێژەی شـێرپەنجـە و نەخـۆشـیـی دڵ دەکەن. گـرانەتایش یەخـەیان بەرنادات. شـارێکە پرسـەی ڕووداوەیلی ڕێوبـانی لێ کـۆن نابێ. دەشێ بـڵـێم نەبوونی لێــپــرســـینەوە و یاســـای هـاتوچـۆی تونـدوتۆڵ و ڕێوبانـی نوێ، کـارەساتێکی مـرۆییی وەک ئەنفالی لێ کەوتووەتەوە؛ وەلێ ئەنفـالێکی ڕۆژانە و هـەمـیـشــەییی بێـدەنگ. خـەمـخـۆرێکی کـارسـازیش بەرچاو نـاکـەوێت.. ئاسـمـانی بان شـارەیلی دنیـا شینە، کەچی ئاسـمـانی بان سلێـمـانی سـاڵ دوازدەی مـانگ خـۆڵەمـێشـیـیـە. تۆ ئەگـەر بتـەوێ ئاسـمـانـی شین ببـینیت، گەرەکە دەیان کیلۆمەتر لەوێ دوور بکەویتەوە.

ئەندازیار تەیب جـەبار لە کـتـێـبـەکـەیدا (چەند پڕۆژەیەک بۆ تێکدانی ڕەوشــتی ئاو) بـەچڕی و ڕوونی، ڕۆشـنایـی دەخـاتـە سـەر پـڕۆژەکـانـی ئەم دواییەی ڕێوبانی سلێمانی و دەوروبەری. ڕێبوار سیوەیلی، کە پێشەکیی بۆ نووسیوە، لـە خانەی فەلسەفەدا پۆلینی کردووە و لە زنجیرە کتێبی (پڕۆژەی فـەلسـەفـە)دا چواردەمـینیـانە. تەیب جـەبار گلەییی زۆری لـە ڕێی نێـوان سلێـمـانی و تاسڵووجـە هـەیە. وەک باس دەکات هـەرەمـەکی دروست کراوە. داهاتوو ڕەچاو نەکراوە و سەلامـەتیی گیانی هاووڵاتییـان بەهەند نەگیـراوە. پـارەی زۆری تێـــدا بـەفـــیـــڕۆ دراوە. بـەپێی ئـەندازەی نوێی، ڕێوبـانێکی نائەندازەیی و لەدوایە:

"بێ سـەروبەری لە ئیشکردندا، بەوەی بەکەیفی خۆیان لم و کیـربستۆن و

مەوادی تر لەسەر هەردوولای ڕێگەکە بەشەو و بەڕۆژ بڵاو دەکەنەوە و هیچ بیر لە سەلامەتیی گیانی خەڵک ناکەنەوە و بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆیش نقەی لێوە نایەت. ئەوەندەی من ئاگادارم تا ئێستا (٢٠ تا ٢٥) کەس گیانیان لەدەست داوە.. ئەرێ بەڕاست کێ بەرپرسە لە گیانی هاووڵاتییان؟ ئەرێ بەڕاست کەسوکاری ئەو هاووڵاتییانە بۆ شکات لە بەرپرسان ناکەن؟ ل، ٢١»

وەک نووسەری ئەندازیار باس دەکات "جاری وا هەیە لە تاسڵووجەوە تا سلێمانی سەعاتێک زیاتر دەخایەنێت، ل، ٢١" لە کاتێکدا نێوان تاسڵووجە و سلێمانی نزیکەی (١٥) کیلۆمەترە. بە ڕای نووسەر، کە خۆی شارەزای بوارەکەیە «ئەم پرۆژەیە (جەزرەیە) پرۆژەیەکی نائەندازەیی و ناشیرینە، هیچ خزمەتگوزارییەک ناگەیەنێت جگە لە دروستکردنی کۆسپ و گرفت... پارەیەکی زۆری تێ دەچێ بێ ئەوەی یەک زەڕە سوود بگەیەنێت... لە پردی کەنەکەوەوە تا سلێمانی، شۆستەکە سەدان چاڵ و چۆڵیی تێدایە وەک خەڵک دەڵێت بووە بە تەبەقی هێلکە. ل، ٢٢"

ئەم کتێبە دەیان پرسیاری بەجێ و جیدی سەبارەت بەناتەواویی ئەو ڕێگەیە دەورووژێنێ و داوای وەڵام لە بەرپرسان دەکات:

بۆ بەرپرسانی ئێمە جەزرەی ناوەڕاست دەشێوێنن و شۆستە چاک ناکەن؟ ل، ٢٣.

باشە بەرپرسانی ئێمە خەڵکی تاسڵوجە بە مرۆڤ دەزانن؟ بە کوردیان دەزانن؟ ئەی بۆ خزمەتیان ناکەن؟ ل، ٢٤.

ئەگەر مرۆڤێک لەناو قوڕ و لیتە و زبڵ و خاشاکدا بژی و بەخێو بکرێت، دەبێ چۆن مرۆڤێکی لێ دەربچێت؟ ل، ٢٤.

ئێوە بۆ ئاو و کارەبا بۆ جەزرەی ناوەڕاستی ڕێگەیەکی دەرێی شار ڕادەکێشن؟ ل، ٢٥.

ئەندازیار تەیب جەبار، لە لاپەڕە (٢٥)دا، بە زمانی داتا بەرەوڕووی بەرپرسان دەبێتەوە و بڕی وەها مەزن لە پارەی بەفیڕۆدراو لەم ڕێیەدا دەخاتە ڕوو، دەکرا دەیان گوندی پێ ئاوەدان بکرێتەوە. لە هەمان لاپەڕەدا هەندێک لەو کارانە بە (غەڵەت و وێرانکاری) ناودەبات. لێرەدا وەرگر سەری دەسووڕمێت و لەلای خۆیەوە، دەیان پرسیاری لە جێی بە خەیاڵدا دێت. ئەمانە بۆچی ئەوەندە نابەرپرسیارانە مامەڵە دەکەن، بۆ بەتەنگ گیان و سامانی خەڵکەوە نین؟ بۆچی نێوانی مرۆڤ و ژینگە تێک دەدەن؟ بۆچی مرۆڤ بە ژینەگەکەی خۆی نامۆ دەکەن؟

جا چونکە تەیب جەبار کەسێکی شاعیرە، لە هەندێک جێدا بەشیعر، ڕەخنە دەگرێت و ناونیشانی یەکێک لە باسەکانیش، کە لەمەڕ (٤٠) مەلەوانگەی سەقەتە. بەهەڵبەست دای ڕشتووە، ڕەنگە بەو نیازە ئەمەی کردبێت، کاریگەیی پتری لەسەر زەینی بەرپرسان هەبێت. ناونیشانەکە لە خۆیدا کۆکردنەوەی دوو پارادۆکسە. مەلەوانگە دەبێت پڕ بێت لە ئاو، کەچی ئەوانەی لەمەڕ سلێمانی وشکن.

چل منالّم، چل پەنجەم، هەشتا چاوم

چل (مەسبەحی وشک)ی بێ ئاوم

نووسەر لەبەر ڕۆشناییی (١٣) هۆکار، کە لەم کتێبەدا بەدرێژی ڕوونی کردوونەتەوە، سەبارەت بە پرۆژەی چل مەلەوانگە سەقەتەکە، دەگاتە ئەم ئەنجامە: "ئەم پرۆژەیەیش یەکێکە لە پرۆژە وێرانگوزارییەکانی حکوومەتی هەرێ"م

یەکێکی تر لە باسەکانی ئەم کتێبە، بە سەردێری (پرۆژەی مەسرەفی جێب)ە.. لێرەدا دەڵێت : "دەبوایە بە شەش مانگ تەواو بکرایە، بەلاّم وا شەش ساڵ تێ پەڕی و هێشتا (٥٠٪)ی تەواو نەبووە، چونکە کۆمەڵێک بەرپرس (مەسرەفی جێب)ی لێ دەردەکەن... ل، ٣٣" دواتر لەمەڕ ئەم پرۆژە

سـەیروسـەمـەرەیە دەنووسـێت: "لە مـاوەی ئەم (٦) سـاڵەدا ئەم پرۆژەیە دوو سێ دەزگای کردووە، ئیتر کە دەگوازرێتەوە، دەزگای تازە لە دەزگای کۆنە ناپرسێتەوە چیتان کردووە و چیتان خەرج کردووە؟ یەکسـەر لە (سفر)ەوە دەست پێ دەکـات و کـۆمـەڵێک بەرپرسـی تر (مـەسـرەفی جـێب)ی لێ دەردەکـەن. یەکێک لە خـاسـیەتەکـانی تری ئەم پرۆژانە ئەوەیە (مـەکـان) و (زەمان) و (پارە)ی دیاری نییە، کەس نازانێت چەندە؟ بەکەیفی خۆیان پانی دەکەنەوە، باریکی دەکەنەوە، درێژی دەکەنەوە، کورتی دەکەنەوە، ئەمدیو و ئەودیوی دەکـەن، جـارجـار لێی دەوەسـتنەوە و دوایی گـوڕی لێ دەبەستنەوە....ل، ٣٤".

نووسـەر بۆ لە قـاودانی ئەم دیاردە ناجـۆرە، پەنا بۆ شـێوە نووسـینی گاڵتەئامێز و کاریکارتێر دەبات، کە شێوازێکە زۆرجاران، ستوونـنووسەیلی شـارەزا لە رۆژنـامـە بەناوبانگەکـاندا پەنای بۆ دەبەن.. لە کـۆتاییـدا، بەتەوسەوە دەنووسێت: "سوپاس بۆ وەزارەتی دارایی و دەزگـای چاودێریی دارایی"

پاژێکی تری کتێبەکە بە سەردێری "چەن پرۆژەیەک بۆ تێکدانی رەوشتی ئاو"ە، کـە رەنگە گـرینگتـرینیـان بێت، باسی چەند پرۆژەیەک دەکـات بۆ کۆکردنەوە و هەڵدانی ئاو بۆ بەرزایی و بەنداو دروستکردن، کە ئەمانەن:

(پرۆژەی چەمی قەڵاچوالان /هەرووتەی ئەزمر)

(ناوقەدی ئەزمڕ/ بەنداوی وشک/ چەمی قەڵاچوالان)

(تووی مەلیک/ دەباشان)

دەریاچەی دوکان/ خانووەکانی دامێنی شاخی سارا)

کـاتێک مـرۆڤ لەم پرۆژانە ورد دەبێتـەوە، تێ دەگـات، کـە بێ مـەلامـەت نەبووە کورد تاکو نەهۆ نەیتوانیوە، ببێت بە خاوەنی کیانی خۆی و لەم دنیا بەرینەدا، جێ پێیەک بۆ خۆی بکاتەوە. ناشێ ئەو گەمانە ناوی پرۆژەیان لێ

بنرێت، چونکە نەک ئەندازیار، هەر مرۆڤێکی نەخوێندەواریش لەوە تێ دەگات کە ئەم کارانە سەرناگرن و هەتا بڵێی ساکار و بێ واتا و پارە بەفیڕۆدانن.. بەڕاست (بەنداوی وشک) چییە؟ بەنداو ناوی خۆی وا بەخۆیەوە، دەبێت ئاوی تێدا کۆ کرابێتەوە؛ وەلێ ئەوەتا لە سلێمانی بەنداویان بۆ کۆکرنەوەی هەوا چێ کردووە. ئێمە لە بەرانبەر دۆن کیخۆتەدا نەوەستاوین. ئەمە زادەی خەیاڵی فراوانی ڕۆماننووسێکی سەر بە ڕیالیزمی ئەفسوونی نییە. ئەمە لەسەر زەوینەی واقیع لە سلێمانی ڕووی داوە و تەیب جەباری ئەندازیار و شاعیر ئاوا پێمانی دەناسێنێت:

«پرۆژەی بەنداوی وشکە و پێی دەوترێت (بەند با) وتم مەلەوانگەی وشک و (بەنداوی وشک)م بیستووە، ئەی (بەند با) چییە؟ وتیان (بەند با) حەوزێکە بەبەرد و کۆنکرێت و مونەی چیمەنتۆ و تەلی موشەبەک دروست دەکرێت، بەرپرسەکان (با)ی تێدا کۆ دەکەنەوە بۆ نەوەکانی دوارۆژ! منیش وتم: دەستخۆش بۆ داهێنانیان، سوپاسی دڵسۆزی و خەمخۆرییان دەکەم بۆ نەوەکانی دوارۆژ!... ل، ٤٥»

ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوەیەکی ڕاستینە بۆ بنیاتنانی شاری سلێمانی بکەین، هەر دەبێ لە ڕوانگەیەکی کوردی و لە زەینێکی کوردانەوە ئەم کارە ئەنجام بدەین. خوێندنەوەی خۆرئاواییانەی شار، بۆ سلێمانی، پڕ بەپێستی نابێ، چونکە ئەو زەینەی پایەتەختی بابانی لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی گوێزایەوە، لە زەین و هزری میرێکی کوردەوە دەرهەق بەو ڕۆژگارە سەرچاوەی گرتبوو. بۆیە لەم بەستێنەدا، واتە لە تافی چێکردنی سلێمانیدا، ئێمە پێویستمان بەوە نابێت، بە گوتەی ئەندازیار و تەلارسازە ئەوروپاییەکان، ڕاکانمان لەمەڕ بنیاتنانی سلێمانی بسەلمێنین.

پڕ بەواتای زاراوەی کوردەواری، سلێمانی شارێکی کوردەوارییە. ئەگەر ئێمەی نەوەی ئەمڕۆ، لە کۆنیدا پێ نەزانین، ئەو شارە کوردنشینانەی تاکو

ئێستایش بەپێوە ماون، کێ بنیاتی ناون و کەی بنیات نراون و لەساو پەنای کـامـە دەوڵەت و سـوڵتـاندا بنیـات نراون، ئەوا یەک لەباری سلێـمـانی دامـەزرێنەر و مێژووی دیاری هەیە و لە سایەی میرنشینی باباندا بە شار کـراوە. واتە سلێـمـانی شـارێکە لە سـەتا سـەت کـوردەوارییـە. بە مـێنتـاڵی کوردی نەخشـەی شەقام، قشڵە، گەرمـاو، بازاڕ، مزگەوت و خوێندنگەی بۆ داڕێژراوە. بەو نیازەی پایەتەخت بێت، نەک شارێکی ئاسایی.

واتە ئەگـەر سلێـمـانی یەکـەم شـاریش نەبێت، ئەوا لە ڕیزی ئەو شـارە دەگمەنانەی کوردستـاندایە، کە کورد بـۆ ئەوەی بنیات نـاوە پایەتەخت بێت. دیارە مـەهاباد بەر لەوی قازی بیکاتە پایەتەختی کۆماری کوردستان خۆی شار بووە. هەولێر هێندە کۆنە کەس بەڕاست و دروستی پێ نازانێت کەینێ و کێ دروستـی کردووە. واتە بەهەزاران سـاڵ بەر لەوەی ببێـتە پایەتـەختی هەرێم، هەولێر شار بووە و چەند ناوێکیشی گۆڕیوە. وەلێ سلێمانی کۆرپەی بابانە و لە میرانی بابان کەوتووەتەوە. شارێک بووە لە قسڵ و بەرد و خشتی سـوور و گڵ، بۆ ژیانی چەند هەزار کـەسـێک و بە پێـودانگی ئەو ڕۆژە و لە جێیەکی مەحکەم و ستراتیجیدا بنیات نراوە.

وەلێ شاری سـەردەم دەبێ تەلاری بەرز و مەزنە گومەزی تێدا بێ، کە هـەم بەرزە، هـەمیش، وەک نموونـەیەک بۆ بەرزی و قـووڵی و شـینایی ئـاسـمـان، فراوانە. شار کە جێژیانی دەیان هەزار مەردمە، گەرەکە لەوێدا ڕووبەرێک بۆ ئاو، ڕووبەرێکیش بۆ سـەوزایی هەبێت، تاکـو خـەڵکی بە بەرچاوڕوونیـیـەوە بای باڵی خۆیانی تێدا بدەن، هەوای پاک هەڵمژن و ژینگەکەیان خاوێن بێت. گـەرەکـە خـاوەنی شـەقـامی فـراوان و پیـادەڕەوی فـراوان بێت. وا بێت ئۆتۆمـۆبێلەکـان و تاکـەکـانیش بەریەک نەکـەون. گـەرەکـە ڕووبەرێک بۆ باڵندەکـانیش هەبێ، هێلانەی لێ هەبەستن و بەئازادی چینەی تێدا بکەن و بفڕن.

شاری بێ پاساری و بولبول و لەکلەک و پەڕەسێلکە و کۆتر و قەلەباچکە و قەلەڕەش مریشکەڕەشە و قاز و مراوی کەی شارە؟ ئەگەر نزیک بە دەریا و دەریاچە و ڕووبار بوو، شاری بێ ماسیگرە (نەورەس) کەی شارە؟ شار دەبێ دوور لە هارەهاڕی ئۆتۆمۆبێل و مۆتۆڕسایکل و جرتوفرتی پایسکلسوار، پیاسە شەقامی هەبێت، تا ماڵخۆ و گەشتیاران تاوێک لەوێدا، دوور لە ژاوەژاو و ڕاکەڕاک، پیاسەی لێ بکەن و لەوێ بخۆن و بخۆنەوە و بکڕن، شانیان بەر شانی یەک و پێڵاویان بەر پێڵاوی یەکودوو نەکەوێت. دەبێ لەگەڵ ئاژەڵدۆستی و پەلەوەردۆستیی دانیشتوانەکەیدا، ڕووبەری هێمنی بۆ کۆترەکان هەبێت، پیاسەی تێدا بکەن و بەیەکدا هەڵپژێن و بگمێنن، تا چاو و دڵی ڕێبواریان پێ ڕوون بێت. ترسی بەنێچیربوونیان نەنێت و بەژێر دەست و پێوە نەبن.

گەرەکە شار بۆ پیاسەی دۆستەیل، دڵدار و ژن و مێرد، دەیان مەزنە باخی تێدا بێت تا لە سای سێبەری درەختە هەڵچووەکاندا هەوای پاک و بۆنی گوڵ هەڵمژن و گوێیان لە چریکەی بانگخۆشکە بێت و چاویان لە فڕینی وردەمەل و پەپوولە و هەنگ بێت و لەوێدا دەردی دڵی خۆیان بکەن. گەرەکە شار بۆ نمایش و ڕایکردنی میهرەجان و گرێدانی کۆڕ و کۆبوونەوە، دەیان مەیدان و گۆڕەپانی فراوانی تێدا بێت، تاکو دانیشتوانەکەی هەست بەکرانەوە و فراوانیی شارەکەیان بکەن، شاری بێ مەزنە گۆڕەپان خەڵکەکەی پشووکورت و تەنگەنەفەسن.

کەم شاری کوردستان هەیە هێندەی سلێمانی خەڵکەکەی متووی پەیکەر بن، بەڵام لە ڕووبەری سلێمانیدا یەک شوێنی گونجاو بۆ دانانی پەیکەر نادۆزییەوە، چونکە نە مەیدانی فراوانی تێدایە نە پیادەڕەوی فراوان. پەیکەریش دەبێ لە فەزایەکی کراوەدا جێگیر بکرێت. وابێت، لەوسەری شەقامەکەوە لە ڕێبوارەوە دیار بێت. وابێت بەسەر دەوروبەر و تەواوی مەیدانەکەدا بڕوانێت. دەبوایە گەشتیارەیل هەر بەپەیکەرەکاندا شتێک لە

مێژووی ئەم شارەیان زانیبا. پەیکەر بۆ ئەو گەورە پیاوانەی بنیاتیان نا.

پەیکەر بۆ سالم و نالی و پیرەمێرد و گۆران و کامەران و ئازاد شەوقی.. ئەم زاتانە نموونەی ئەدەب و هونەری ئەم شارەن. ئەدی ئەوە نییە خۆتان نازناوی پایەتەختی ڕۆشنبیریتان پێ ڕەوا بینیوە؟ ئەگەرچی دەبوایە بتانوتایە (پایەتەختی فەرهەنگی، یان کولتووری) نەک ڕۆشنبیری. ئەدی کوان ئەو ڕۆشنبیرانە؟ بۆچی شوێن و ئەسەریان نادیارە؟ بۆ ڕێزلێنراو نین؟ کوا پەیکەریان؟ کوا ماڵ و مۆزەخانەی تایبەت بە خۆیان؟ تۆ بڵێی ئەو ئازیزانە ئێستا لە ژیاندابوونایە کەیفیان بە، کەس لە کەس و گەڕەلاوژەی ئەم شارە بهاتایە؟

سلێمانی بەو تەمەنە کورتەی خۆیەوە، شارێکی مێژووییە. چونکە وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، وەک پایەتەخت بەردی بناغەی دانراوە. بەڵام کوا دێرینخانەکانی؟ دەبوو لانی کەم، دوو دێرینخانەی تایبەت بە بابان و سەردەمەکەی، بە شا مەحموود و سەردەمەکی تێدا بوایە و ساڵ دوازدەی مانگ لە بینەردا جمەیان بهاتایە و خەڵک بە درێژاییی دەیان مەتر ڕیزیان بۆ ببەستایە و بووبووایە بەمایەی خێر و بەرەکەت بۆ شارەکە. دەبوایە هەر بیانییەک سەری ئەم شارەی دا، دوای چەند پیاسەیەک، هەر بە دێرینخانە و پەیکەرەکانیدا شتێک لە سەردەمی شا مەحموود و بابان حاڵی ببێت!

ڕەنگە بەهەڵدا نەچووبم ئەگەر بڵێم، دوای بڕینەوەی درەختەکانی، شەقامی مەولەوی هیچ نموودی نەماوە. وێڕای سێبەر و سەوزایی، ئەو درەختانە، سەربانە ڕووتەڵە دزێوەکانی هەردوو بەری شەقامی شاردبووەوە. لە کوێی دنیادا درەختی شەقام خاشەبڕ کراوە؟ لە شارەیلی بیاوانیشدا شەقامی بێ درەخت نییە. بەڕاست کامانەن ئەو درەخت و گولانەی بە سلێمانی تایبەتن و وێنە و بۆنی شارەکەیان خۆش کردووە؟ کامانەن ئەو مەلانەی هێلانەیان لە درەختەکانی شار هەڵبەستووە و شاریان پڕ زریوە و نەغمە کردووە؟

تەلاری جوان ئەوەیە، کە بەو شارە تایبەت بێت و پێی بناسرێتەوە، نەک فۆتۆکۆپیی تەلاری وڵاتانی دراوسێ و دوور. قوللە و تەلار کاتێک جوانن، کە بێوێنە بن، وەک قوللەی ئیڤڵ و بورجی خەلیفە و ئۆپێرای سیدنی و تەلاری (المجلس الوطني) لە وڵاتی کوێت. گەرەکە شووشە و نەخشی پەنجەرەکانیشی جیاواز بن و لەبەرگیراوە نەبن، تاکو بەتێپەڕینی کات، شاریش مێژووییتر و جوانتر بێت. ئاوا شار گەشە دەکات، دەناسرێت و دەبێت بەڕووگەی گەشتیارەیل و شایانی ئەوەی پێی بوترێت شار!

گەرەکە شار هێڵی پاسی شەوانەڕۆژی خۆی هەبێت، چونکە شاری نوێ شەو و ڕۆژی بۆ نییە. شار بەشەو چراخانە. بەڕۆژ جێی کار و فرمانە. شار دەبێ قەتار و میترۆ و پاسی خۆی هەبێت، یان هیچ نەبێت لە قەتار و میترۆ یەکێکیانی هەبێت. وەلێ سلێمانی بۆ گواستنەوەی ڕێبوار پاسیشی نییە. ناکرێ ئەو کۆستەرە شڕانەی پیر بوونە و بەبێ نەخشە و پلان کار دەکەن، بەپاس بێنە ژماردن. شار گەرەکە پاسی گەورە و تایبەت بەخۆی هەبێت، نەک شڕە کۆستەری هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو، کە هەر عەسری لێ هات پایدۆستی لێ دەکەن. ئەگەر سلێمانی یەکێک لە هۆیەکانی گواستنەوەی هەبووایە، پێویستی بەوە نەدەکرد هەر ماڵە تۆتۆمۆبێلێک دووان بکڕێت و بەری بداتە سەر شەقامەکان و دووکەڵی زیانیدە بەسەر خەڵکدا ببەخشێتەوە. بەتایبەتی قەتار و میترۆی ئەم سەردەمە دۆستی ژینگەن! بەم پێیە سلێمانی ئەو شوێنەیە، کە عەسری لێ هات دەخەوێ. ڕاستت دەوێت ناشێ بەشوێنی وەها بوترێ شار! چونکە شار ناخەوێ. شڕە کۆستەریش پاس نییە و ڕووی ئەوەی نییە لە شوێنێکدا پێی بوترێ شار، ڕێبوار بگوێزێتەوە. کۆستەر بۆ کاری تایبەت شیاوە.

شار دەبێ شەو و ڕۆژ بۆنی قاوە و چایی لێ بێت. هەروەک دەبێت بۆنی گوڵی لێ بێت، شاری بێ گوڵ کوا هەیە. باشە بۆچی سلێمانی لەنێو هەزاران گوڵدا یەکێکیان هەڵنابژێرێت تاکو بیکات بەگوڵی خۆی؟ هەر شارە

بەشـتـێک ناوبانگی ڕۆییـوە و پێی دەناسـرێتـەوە. باشـە سلێـمـانـی بەچی بەناوبانگە؟ یەک لەباری خـۆم بەدەر لە (گـەزۆ) هیـچی تر گـومـان نـابەم! ئەوەیش هیچ هـونەرێکی بۆ شـارەوانی و ئەو دەزگـەیانـەی شـار بەڕێوە دەبەن تێدا نییـە. بگرە کاری چەند کاسبکارێکی دەستڕەنگینە. ئەدی بۆچی لەنێو سـەدان جۆر باڵندەی جوانی ئەم کوردستـانەدا، سلێمـانی باڵندەیەک ناکات بەهێـمـای خـۆی و ناهێنێتـە ناو شـار؟ بەڕاست شـاری بێ بـاڵنده لە کـوێ هەیە؟ ئەم شـتـانەن، کە سـەرنجی گەشـتـیار ڕادەکـێشن و تایبـەتمەندییش بەشارێک دەبەخشن.

ئۆتۆمۆبێل لە ئاسن، لاستیک، شووشە و بڕێک کانزای تر دروست بووە و بێ گـیـانـە. ئۆتۆمـۆبێل ئـامـێـرێکە بۆ خـزمـەتی مـرۆڤ داهێنراوە. هەرچی مرۆڤیشـە وەک مـارکس وتوویەتی بەنرخترین سـەرمـایەیە، بەڵام لە کۆڵان و شەقامەکانی سلێمانیدا (ئەگەر بشێ ناوی شەقامیان لێ بنێین) پێشنووره بۆ ئۆتۆمـۆبێلە نەک بۆ مرۆڤ. هەمـوو پەڕینەوەیەک لە شـەقـام سـەرەڕۆیی و دوو بەخـتـیـیـە. یان ئەوەتا دڵ لە مست بە زیگزاگ، دەپەڕییـەوە، یان دەبیت بەژێرەوە و ئاووئاو دەچیت. حـاشـایەکی گـەلی خـوێنەر و هەمـوو ئـەو خـەڵکە بەڕێزە، پەرژینێکی قـایم لە نێواندا بێت. ناشێ و ناکرێ مرۆڤ ڕۆژانە وەک سـەگی خـوێڕی فیچەڵفاچ (زیگزاگ) بەنێوان قەتارەی ئۆتۆمـۆبێلدا غار بدات و بپـەڕێتـەوە! لەم شـاردا هەردەم نێـوانی مـرۆڤ و مـەرگ هەودایەکی هێند باریکە بەچاو نابینرێت.

بۆیە ئـەوەی لەم شـارەدا بژی هـەر دەبێ تووڕە بێت و لە دڵەڕاوکـێـدا بژی. هـەر دەبێت دەسـتی لەسـەر دڵی بێت. هـەر دەبێت لەگـەڵ ژینگەکەیدا ناکۆک و لەملانێدا بێت. کاتی خۆی شەقامەیلی سابوونکەران و کانێسکان، بۆ بیست سی عـەرەبانـەی دوو ئەسـپی دروست کـراون. وەلێ ئێـسـتـا لەم شـارە تەنگەبەرەدا، ئۆتۆمـۆبێل پیاو دەخـوات! ئەگـەر پیاسـەیەک بەشـاردا بکەیت، لانی کەم ڕێککەوتی شەڕێک، دەمـەقاڵێک دەکـەیت. مرۆڤێک لـەم شارەدا بژی

بەسـەریدا سـەپاوە لە دەرفـەتێک، بۆنەیەک بگەڕێت، تاکـو لەو بێـتـاقـەتی و خـەفـەتەی سـالانێکە هەراسی پێ تاڵ کـردووە، خـۆی بەتـاڵ بکاتەوە، جـا بەشـەڕ بێت، یان بە خـۆپێـشـاندان و ناڕەزایی دەربڕین. لێـرەدا مـرۆڤ بەتۆپزی، ناچار بە پشـووکـورتـی و تووڕەبوون و هەڵچـوون کـراوە. دڵنیـابە مـرۆڤی وەهـایش بێـزار و تەمـەنکورتە. تـاک لەبەر تـەنگەبەریی شـوێن، بێ ئەوەی داوای لێـبـووردنـی لێ بکەن، ڕۆژانە چـەندین جـار پێ بەپێـلاوە تازە بۆیاخکراوەکەیدا دەنێن. بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەنەوە و پێی بڵێن: (ببوورە بەڕێز!) ڕۆژانە دەیان جـار شـانـی لێ دەدەن. چونکە ئـەم ئەتوارانە ئـەوەندە پاتە بوونەتەوە بوونە بەکاری ڕۆژانە.

لـەژێر عـــەردی ئـەم شـــارەدا چـەندین ڕووبـاری گـــچکە هـەیـە، تکـایـە بەزێدەگۆیی لەسـەرم حـیساب مەکە، ئەگەر بڵێم، لەم هەموو کارێزانە، وێڕای ئەوەی گـۆمی بەفـواره و کـەنار سـەوز چێ دەکـرا، دەکـرا بەلێکدانـیـان ڕووبارێکیش دروست بکرایە و بەناو شـاردا تافـەی بهـاتایە. بۆچی نا؟ خـۆ خـاکی (لیبیا) بیـاوانە، کـەچی لیـبـیـاییـیـەکان هاتـوون لە دووریی هـەزاران کیلۆمەترەوە، ئاوی بن بیـاوانیـان گەیاندووەتە پایەتەخت و ڕووباریشیـان لێ دروست کـردووە. ئەوەتا لەلای ئێـمـەیش کـارێـزەکـان، کـە ڕەونـەق و ئاوی زیندەگیی گـشت شـارن، سـەریان نراوەتەوە و داپۆشـراون. بەم کردەوەیەش هـاتوون شـارێکـی ئاویژەیان بەبیـاوان کـردووە. لـە هـەمـان کـاتدا دەکـرا لەم کارێزانە ئاوی کانـزایی بەرهەم بهێنرێ. وەک دەبینی بێ مەلامـەت نییە، کە میرانی بابان ئەم شـوێنەیان بۆ پایەتەخت هەڵبژاردووە. بەڵام ئەوەندە هـەیە، لە ئێستادا، لەپشت سلێمانییەوە مێنتاڵی کراوەی بنیاتنەرانە لە کاردا نییە و هیچی بەدەست نییە.

هـەر کـاتێک ڕووبـەرە ئاوییـەکـان لە سلێـمـانی پـەیدا بوون، ئەوسـا قـاز و قولینگ و نەورەس و وردە مەلە ئاوییەکانی تر خۆیان ڕوو لە شارەکە دەکەن. خـۆیان شـارەکە بەسـەردەکـەنەوە و دەیکەن بە مـەفـتـەنی خـۆیـان. ئاو ژیانە،

شاریش جەرگەی ژیانی ئەم سەردەمەیە. ئاو شار جوان و فێنک دەکات. کوان ئەو سەوزاییيانەی چنگ لە دار و دیواران گیر دەکەن و دیوار سەوز و فێنک دەکەن؟ کوا ئینجانەی دەم پەنجەرە و بەلەکۆنەی مالان بۆ ڕۆشناییی چاوی ڕێبوار. بۆ ڕازاندنەوە و بۆنخۆشکردنی هەوای شار؟

بۆ بنیاتنانی شاری جوان و خۆشگوزەران، پتر شووشە بەکار دەبەن تا بەرد و گڵ و بلۆک. تۆ لە وڵاتان ئەوق دەبیت، کاتێک دەیان بەرزە تەلاری لە شووشە دروستکراو، بەگۆشە و شێوە و ڕەنگی جیاواز دەبینی بەئاسماندا هەڵچوون. شاری ئێستا، لە چاو جاراندا کەمترین ئاسن و بەرد بەکار دەبات لای خۆیشمان هێشتا (بلۆک) سەروەرە، بەتایبەتی لە پێکهاتەی تەلارە ستوونیەکاندا، کە بە حیساب فلاتی (شوققە) نوێن، وەلێ شوققەی بەبلۆک هەڵچنراو، جۆرێکە لە وشکە کەڵەک. بە زستان سارد و بە هاوین گەرمن و بۆ ژیان دەست نادەن و ناجۆرترین خانووی لێ بەرهەم دێت، کە بەرگەی بوومەلەرزەی برێک بەهێز ناگرێت.

بەڕاست ئەگەر سلێمانی پایەتەختی فەرهەنگییە، کوان سینەماکانی؟ کوان هۆڵەیل بۆ نمایشی شانۆ. خۆ دەبوو لانی کەم هەر گەڕەکە و هۆڵێکی سینەما و هۆڵێکی شانۆ و کتێبخانەیەکی گشتیی هەبوایە. ئاخر لەم عەسرەدا شاری بێ کتێبخانە چۆن دەبێت بە پایەتەختی فەرهەنگ؟ وەک چۆن نابەجێیە ماڵت لە چوارباخ بێت و بۆ نوێژ بگەیتە زەرگەتە، ئاوا نابەجێیە ماڵت لە سەرکارێز بێت و بۆ خوێندنەوە و کتێب قەرزکردن بگەیتە شێخ محێدین. سلێمانی لە ڕۆژی بنیاتنانیەوە تاکو ڕۆژانی ڕاپەڕین مەڵبەندی فەرهەنگ بووە. بەلام لە ڕاپەڕین بەدواوە ساڵ بەساڵ، هەنگاو بەهەنگاو دێتە دواوە. ئەدی ئەو ڕۆشنبیرانە بۆچی بە ڕووبەری شارەوە دیار نین؟ بۆچی بەشێکیان بەرەو هەندەران ڕەویان کرد، کە ئەوان لە سەردەمی بەعسیشدا دانیان بەخۆیاندا گرتبوو چۆڵیان نەدەکرد؟ ئەدی ئەوە نییە حزب (خەڵک)ی بە ئەدەب و فەرهەنگ نامۆ بە ئەندام و دەستەی بەڕێوەبەری

یەکەتیی نووسەران تەعین دەکات، کە بەدرێژاییی تەمەنی خۆی سلێمانی دەستێوەردانی وەها ناڕەوا و ترسناک و شموولییانەی بەخۆیەوە نەدیوە!

خۆ ئێستا هەر ئەندامێکی حزب ئارەزووی لێ بێت، بۆی هەیە ببێت بە ئەندامی یەکەتیی نووسەرانیش. پەیڕەوی ناوەخۆی نووسەرانیش ئاوا نووسەر دەناسێنێت: ئەو کەسەیە، کە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبی و دەقی شانۆیی دەنووسێت. ڕۆشنبیر تاکێکی خاوەنی ئیرادەیە، تاکایەتیی خۆی دەپارێزێت و بەهزری خۆی دەنووسێ و گوێ لە مستی هیچ کەس و حزب و دەستە و تاقمێک نابێت. لە سلێمانی ئەهلی قەڵەم و حیکمەت و فەلسەفە و فەرهەنگ پەراوێزخراوترین توێژی کۆمەڵن و کەس کا بەکڵاویان ناپێوێت. (ئەهلی تەقەڵ)، کە توێژێکن خۆیان بە فەرهەنگدا هەڵواسیوە و دەسەنە خۆرن، بە نای ناهەق جێی ئەم توێژە زیندووەی کۆمەڵی گرتووە!

حاڵی حازر لە سلێمانیدا، خانوو لە ڕووبەری سەد مەتر دووجادا دروست دەکرێت. ئەمە بەداهێنان نایەتە ژماردن. چونکە ئەو خێزانەی لەوێدا بژی زیندانی هەتاهەتاییە! ئەو منداڵەی لەوێدا گەورە ببێت چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێ مرۆڤێکی ساغڵەم دەرچێت. چونکە سەوزایی و پانتاییەک گومان نابات یاریی تێدا بکات، گوڵ نابینێت بۆنی بکات و چاوی پێی ڕوون بێت. خانوو دەبێ دوولای باخ بێت بۆ دانیشتن و گۆشت برژاندن و گوڵزار و سەوزایی و جێ یاریی بۆ منداڵ هەبێت. خۆ ئەگەر شوققەیش بێت ئەوا دەبێت لانی کەم لە دوولاوە دنیای ڕوونی لێوە دیاربێت، وێڕای ئەوەی هەر تەلارێک، یان کۆ تەلارێک چەند دۆنمێک زەویی بۆ سەوزایی و گۆڕەپانی گچکەی تۆپی پێ و یاریی منداڵان و چی و چی هەیە. ڤێلایش بەو خانووە دەڵێن، کە هەر چوار لای باخ و سەوزاییە. ڤێلا خانوویەکە، لەسەر ڕووبەرەوە زەوییەکی چوارسەد مەتر و هەورازتر بنیات نرابێت. بەم پێیە بێ، زۆربەی ئەو تەلارە نوێیانەی سلێمانی بۆ ژیان دەست نادەن و ناچنە ڕیزی

خانووەوە، بگرە ئەوانە داڵدەن بۆ تێپەڕاندنی ژیانێکی ناعیلاجی و ناجۆر. داڵدەگەلێکی بە ژینگە ناحەزن، چونکە بێ درەخت و ڕووبەری سەوزایین.

کاتێک لەسەر چیای گۆیژەوە سەیری سلێمانی دەکەیت، وەک برادەرێک وەسفی کرد (لەپشتی ڕادیۆی ترانسیستەر دەچێت!) کەڵەکە بەرد و بارستە کۆنکرێتی لەسەر یەک هەڵچنرای بێ ڕەنگی کەم سەوزاییی بێ ڕووبەرە ئاوە. بە ئاسمانی شارەوە چڕەدووکەڵ کەپرۆکەی بەستووە و ترسناک دێتە پێش چاو.. ڕووبەرێکە ئەگەر وێنەی بگریت و پێشانی هەر شارەزایەکی بیانیی بدەیت لەلای خۆیەوە وەهای وێنا دەکات نزیکەی دووسەد هەزارێک مرۆڤی تێدا بژی. کەسێک بڕوات پێ ناکات ئەگەر بڵێی نزیکەی ملیۆنێک مرۆڤ لەم ڕووبەرە تەنگەبەرەدا ژیان دەگوزەرێنن. نە بازاڕ نە شەقام و نە پیادەڕەوی، نە ژمارەی قوتابخانەی، هی ئەوە نین لە دووسەد هەزار پتری تێدا بژی. شوێنێکە بەزۆر مرۆڤی تێ تەپێنراوە. لە چڕیدا لە گۆڕستانی سەیوان دەچێت! ئەگەرچی ژمارەیەک گەڕەکی نوێ پەیدا بوون، وەلێ لەبەر زۆر هۆ، هێشتا چڕەبەندانی خەڵک لە سنووری شەقامی بازنەییدا دەژین.

(د. وليد أحمد السيد)، لە وتارێکدا بەسەردێری (المدينة اللامنتمية) دەڵێت: "ساڵی ١٩٠٠، دە لە سەدی دانیشتوانی جیهان لە شارەکاندا ژیاون. لە ساڵی ٢٠٠٧دا ، ئەم ڕێژەیە بۆ پەنجا لە سەد بەرز بووەتەوە، چاوەڕوان دەکرێت، لە ساڵێ ٢٠٥٠دا ئەم ڕێژەیە بگاتە حەفتا و پێنج لە سەد." بەڵام چڕیی دانیشتوان لە سلێمانی، لە ئەنجانی نابووتکردنی دێهاتی دەوروبەریەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێک ئەوان لە کەسانی بەرهەمهێنەوە کران بە دەستوپێوەند.

هەتا پێش ڕاپەڕین، لە هەموو عێراقدا شاری سلێمانی فێنکترین مەڵبەندی پارێزگە بوو. ئێستایش بەپێی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، کە ڕۆژانە پلەی گەرمای پارێزگەکانی کوردستان بەیان دەکات، مەگەر

بەدەگمەن، دەنا ڕۆژانە سلێمانی چەند پلەیەک لە هەولێر گەرمترە. ڕۆژ هەیە بەئەندازەی شاری مووسڵ و ڕۆژ هەیە لە مووسڵیش گەرمترە! ئەم جیاوازییە زۆرە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ خۆ هەڵکەوتەی سلێمانی وەک جوگرافیا لە جوانی بێبەش نییە، بەتایبەتی کۆمەڵێک گردی تێدایە تۆ دەتوانی لەوێوە بەشێک لە شار ببینیت. سلێمانی تەخت نییە. هەم مەترسیی لافاو و سەرئاوکەوتنی لێ ناکرێت و هەمیش بەئاسانی ئاوەڕۆی بۆ دروست دەکرێت.

ئەوە چۆن چۆنی سلێمانی دەبێت بە پایەتەختی کولتووریی گشت کوردستان، لە کاتێکدا نوێنەری موعتەبەر و ڕاستینەی فەرهەنگ برێتییە لە ڕێکخراوی (یەکەتیی نووسەرانی کورد) و ئەم یەکەتییە بەعس بارەگەیەکی بۆ چێ کردبوو، شیاوی سەرۆکایەتیی وەزیران بوو، کەچی دەسەڵاتی خۆجێیی هات بەخورتی لێی داگیر کرد و ماڵەکەی بەسەر بەشی ماڵان کرد و لە خانوویەکدا کردی بەکرێنشین؟ ئاخر چلۆن بەو وەزعەوە سلێمانی دەبێتە پایەتەختی فەرهەنگی لە کاتێکدا ئەندامانی ئەم یەکەتیی نووسەرانە مافی ئازادیی هەڵبژاردنی لێ سەندرابێتەوە و حزب دەستەی بەڕێوەبەری بۆ تەعین کردبێت؟ بەو هیوایەی جارێکی تر دانیشتوانی شار بەژینگەی خۆیان شاد و شوکر ببنەوە.

سەرچاوە:

(١) تەیب جەبار، چەند پرۆژەیەک بۆ تێکدانی ڕەوشتی ئاو، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.

(٢) د. ولید أحمد السید، هیئة نقاد العمارة، في عامها الاول، القدس العربي، ٢٠١١/٩/٢٨.

(٣) د. ولید أحمد السید، المدینة اللامنتمیة، القدس العربي، ٢٠١١/٨/١١.

## شیعر ، ئەدەبی قۆناغی هەرزەکارییە

پێ دەچێت شیعر بەم فۆرمەی ئێستایەوە، چیی تر لە توانایدا نەمابێت پێویستیی ڕۆحی و دەروونی و ستاتیکی مرۆڤی هاوچەرخ دابین و تێر بکات. بگرە مرۆڤی ئێستا لە بریی شیعر ناچارە پەنا بۆ ژانری تری کاریگەرتر ببات. ئێستا هەر چاودێرێک لەلای خۆیەوە هەستی پێ دەکات کە ژانری شیعر ڕۆڵە جەماوەرییەکەی جارانی خۆی لە دەست داوە و هەوادارانی هاتوونەتە کزی. ئەم دیاردەیە ڕووی لە دەڤەرەکەی ئێمەیش، لە خۆرهەڵاتی ناوین کردووە. (د. جابر عصفور)، بیرمەند و نووسەری وڵاتی میسر، لە لێدوانێکدا دەڵێت:

"ئێستا لە ناوچەکەی خۆماندا و لە وڵاتانی عەرەب بەتایبەکاری، سەردەمی شیعر بەسەرچووە، سەردەمی ڕۆمان دەستی پێ کردووە. شاعیران خۆیان دەستبەرداری شیعر بوونە. ئەوانەی توانایان بەسەریدا بشکێت بایانداوەتە سەر ڕۆمان. جیهانی عەرەبی بە پلەی نایاب لە چاخی ڕۆماندا دەژی و شیعریش بووە بە ڕابردوو."(١) سەلیم بەرەکاتی بەڕەگەز کوردی عەرەبینووسی خەڵکی سووریا و ئیبراهیم نەسروڵا لە شانشینی ئوردن، دوو نموونەی بەرچاون. ئەوان جاران شاعیر بوون، وەلێ بەم دواییە دەستیان داوەتە ڕۆمان نووسین. جێی وتنە ئیبراهیم نەسروڵا دەستی وێنەکێشانیشی هەیە.

لە خۆرئاوادا، گلۆبالیزم ژانری شیعری فڕێ داوەتە نێو ئەرشیڤەوە. ئێستا نزیکەی لە هیچ وڵاتێکی زیندووی ئەم جیهانەدا جێی مشتومڕ نییە، داخۆ سەردەمی کامیانە، شیعر یان ئەدەبی گێڕانەوە؟ چونکە ئەم چەند

دەیەیەی ڕابورد، بەو هەمـوو ئـەو گـۆڕانکارییـەکـانەوە کـە لـە تەک خـۆیدا هێنای، شیعری وەلانا و پێشنۆرەی بە هونەری گێڕانەوە بەخشی.

ژیان لەم سـەردەمـەدا، بەو هـەمـوو لقلقین، فـرە ڕەنـگی و فـرە دەنگیـیـەی خـۆیەوە، دەبێ لـە بەرگی نوێـتـردا، بـە شـێـوازی نـوێتـر ڕێک بخـرێتـەوە و بگێڕدرێتەوە، نەک بـە شیعر بکرێت. بەڵام لە سۆنگەی هـەڵکەوتەی مێژووی و جوگرافیاییی کوردستـان و وابەستەبوونی بە بەجێمانەوە، هێشـتا لەوێ ئەم فاکتـە سـادە و سـاکارە ناسەلمێنرێت. هێشـتا گەوهـەری گلۆبالیزمیش وەک خۆی کە هەیە، بە کوردستـان نەگەیشتەوە، مەگەر بە ڕووکەش.

کـە خـاوەنی (٥٠) کتێـبی چاپ کـراوە و زۆربەیشـیـان شـیـعـرن، لە Peter Laugesen نووسـەری دانیمـارکی (پیـتـەر لاوسـن گفـتـوگۆیـەکدا لەگەڵ (أنور بدر) دەڵێ: "لە دانیـمـارک تـەنیـا هـەرزەکار گـوێ لە شـیـعـر دەگـرێت" جا خـۆ ئەگـــەر بەپێی ئـەم ڕایە بێت، وەهـا بەدیـار دەکـــەوێت خــوێنەری کـــورد لە درێژاییی تەمـەنی خـۆیدا ناگـاتـە قـۆناغی باڵغبوون. لێ بەدڵنیـاییـیـەوە دەڵێم: وەهـا نییـە، خـوێنەری کورد لە باشـوور هۆشـیـارە و بە ژمـارەی بەرچاویش لە شـیـعـر دوور کـەوتـوونەتەوە. لە ڕاسـتـیـدا دوورکـەتـنەوە لە شـیـعـر یـەکسـانـە بەدوورکەوتنەوە لە وەهم.

پیـتـەر لاوسـن دەڵێت: "دەشێ ڕۆمـانێکی چاک، ملیـۆنێک کـەس لەسـەر ئاسـتی ئەوروپا بیـخـوێنێـتـەوە. وەلێ خـوێنەری دیـوانە شـیـعـرێکی گـرینگ لەسـەر ئاسـتی هەمـوو ئەوروپا و ئەمـەریکا پێکەوە، لـە پەنجا هـەزار تێپـەڕ ناکـات." جـێی باسـە وەک خـۆی دەڵێت: "تەنیـا شـەشـسـەد دانـەی لە دیوانە نوێیەکەی چاپ کردووە."[٢] ئەم ژمارەیەیش بۆ وڵاتێک کە گەورە و گچکەیان دەخوێننەوە، شایانی باسکردن نییە.

شـیـعـر ئەگـەر وەک هـەنگاوی بەرایی، بۆ چوونە نێو جیـهـانی بەرفـراوانی فـەرهـەنگ و ئـەدەبیـاتەوە چاوی لێ بکرێت، ئەوەندە تـاکـو ئەو کـەسـە خـۆی

دەدۆزێتـەوە و جێ پێیـەک بۆ خـۆی دەکـاتەوە، خـەوشـێکی تێـدا نییـە. وەلێ دیاردەیەکی نـائاسـاییـیـە مـرۆڤ قـۆناغی هەرزەکـاری و لاوێتـیـشی تێپەڕاندبێت، کەچی هێشتا هەر دەستبەرداری شیعر نووسین نەبووبێ.

شـاگردی چایخـانـەیەک بە (کـا)ی قـارەمـانی ڕۆمـانی (بـەفـر)ی ئۆرهـان پامـۆک دەڵێت: "نیـوەی ئـەو لاوانەی دێنە ئێـرە، شـاعـیرن."[٣] شـوێنـەکـەیش شـارەدێی (قـارس)ە.. مـوختـاری کـۆنە مێـردی (ئیپـەک)یش هەر شـاعیرە.. جـێی بـاسـە ئەگـەر بـە وردی ئەم ڕۆمـانە بـخـوێنیـتـەوە، ئەوا دەگـەیتـە ئەو قـەناعەتەی، کە ئـۆرهـان پامۆک لـەم ڕۆمانەدا جـارێ کـۆتاییـهاتن بە هونەری شـیعـر، لانی کـەم لە تورکـیـادا دەدات. چونکە قـارەمـانی ڕۆمـانەکە (کـا)، شـاعـیـرێکە بـە درێژاییـی ڕووداوەکـان خـەریکی شـیـعـر نـووسـینە، وەلێ شـیـعـرێکیـشی دیار نییـە. ئەو بـەو نیـازە گـەڕاوەتـەوە بۆ تورکـیـا تاکـو بە (ئیپەک)ی کـەونە هـاوڕێی خـوێندنی، کە ئێستا بێوەژن کـەوتووە شـاد ببێت، وەلێ لەمـەیشـیـاندا سـەرکـەوتوو نابێت. دەست لە کـاروباری سـیـاسـەت وەردەدات و تێوە دەگلێت، دیسانەکە سەرکەوتوو نابێت.

دوای ئەوەی (کا)ی شـاعیر، نک و نائومێد دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمـانیا و لەوێ دەکوژرێت. لەوێ دۆسـتـەکانی مـەبەسـتیـانە شـیعـرەکانی کـۆ بکەنەوە و لە فەوتاندن ڕزگاریان بکەن، وەلێ چەند هـەوڵ دەدەن دەستنووسەکەی (کا)یان بۆ نادۆزرێتـەوە. خـوێنەر مـافی ئەوەی هـەیە، دوای خـوێندنەوەی ئەم ڕۆمـانە، بگاتە ئەو ئەنجـامـەی، کە ئۆرهـان پامـۆک دەیەوێ پێمـان بڵێت: باوی شـیعـر نووسـین نەمـاوە و شـاعـیر ئەو ڕۆڵەی کـە جـاران هەیبوو، لە دەسـتی داوە. لە لاپەڕە (١٥٩)ی هەمـان ڕۆمـاندا هـاتووە: "لە قـارس هـەموو کـەسێک شـیعـری دەنووسی، بەڵام (کـا) تاکە شـاعـیـر بوو کـە شـیـعـری بڵاو کـرابێـتـەوە و ئەم بیناسێ".

واتە، لەم ڕۆمـانەدا، ئۆرهـان پامـووک دەڵێ: شـیـعـر نووسـین وەک گـەمـەی

کەلایێنە (هەڵماتێن) هەموو کەسێک لە شارەدێی قارس دەیزانێت، بەم پێودانگە بێت، بەڕاست کرینگی و هونەری شیعرنووسین لە چیدایە؟

سەرچاوە:
(١) جابر عصفور، من الجزائر: زمن الشعر إنتهى والرواية قادمة، علال محمد، الزمان، ٢٦/٩/ ٢٠١١.
(٢) بڕوانە: القدس العربي، ١٢/١٢/٢٠٠٨ گفتوگۆی، أنور بدر و پیتەر لاوسن.
(٣) بڕوانە: بەفر، ئۆرهان پاموک، وەرگێڕانی، بەکر شوانی، ل. ٤٠٩.
سەرنج: لە ڕۆژنامەی (هەولێر)، ژمارە (٨٧٥)ی، مێژووی ٢٨/٠٩/٢٠١٠دا، بڵاو بووەتەوە.

## نابووتکردنی کەڵەشاعیر

بەڕاست ئەوە چ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکە و سەر بەکام سەدە و کامە هزر و ڕێبازە، کاتێک هەر ڕەخنەگر و توێژەرێک لای خۆیەوە، بۆ پەسندان و بە شانوشەپیلکدا هەڵدانی ئەو شاعیرەی، کە خۆی مەبەستیەتی، دێت بە ڕاست و چەپدا نازناوی (کەڵەشاعیر) دەبەخشێتەوە؟ داخۆ نازناوی کەڵەشاعیر لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و چلۆن پەڕیوەتە نێو فەرهەنگی ئێمەی کوردەوە؟ بەنیازم لێرەدا، لەمەڕ چەمکی کەڵەشاعیر، وەک زاراوەیەکی باوی نێوەندە فەرهەنگییەکە قسان بکەم و نابووتیشی بکەم.

ئەوی ڕاستی بێت کەڵەشاعیر نازناوێکە فرێ بەسەر کورد و ئەدەبی کوردەوە نییە. بگرە سەر بە کولتووری بیژییە. بەو واتایەی زادەی بیر و هزرێکە، بەئێمە نامۆیە. دەشێت بڵێین سەر بە کولتووری بیاوانە و بۆ سەردەمی جاهیلیی عەرەبان دەگەڕێتەوە.. کەڵەشاعیر، زاراوەیەکە کتومت وەرگێڕانی (الشاعر الفحل) ی عەرەبییە و لەوێوە بۆ نێو کەلتووری ئێمەی کورد پەلکێش کراوە.

لە سەردەمی جاهیلیدا، شاعیر دەزگەیەکی ڕاگەیاندن بووە بۆ خۆی. ئەوی شاعیر شێلگیرانە بەرگریی لە سەروەری و کەرامەتی خێڵەکەی خۆی کردووە. ئەوەندەی پێی کرابێت، کوورەی جەنگی نێوان خێڵەکانی دەماندووە. لای ئەوی شاعیر، خێڵ لە جێی نیشتمان، گەل و نەتەوە بووە. ئەو بە شۆڕەسوار و شەڕوانانی خێڵی خۆیدا هەڵی داوە. فەزڵی خێڵەکەی خۆی بەسەر تەواوی خێڵەکانی دەوروبەریدا داوە. گوایە شەڕوانانی خێڵەکەی خۆی، هەردەم شمشێریان بە خوێنی نەیاران سوور بووە.

ئەوانی کوڕانی خێڵ، مەردی مەیدان و پیاوی ڕۆژی تەنگانەن و هەرگیز ناخیچێن. ئەوان بۆ خزمەتی میوان سەریان پێوە نییە. بەخشندە و نانبدەن. بەم پێیە، هەر خێڵێک لای خۆیەوە، لانی کەم شاعیرێکی هەبووە، یان ڕای گرتووە، کە مایەی شانازیی ئەندامانی خێڵەکەی بووە. شاعیر نزیکترین کەس بووە لە میر و سەرخێڵەوە. لەسەر خوانی ئەوان نانی خواردووە بەم دەست و بەو دەست خەلات کراوە.

ئەو ڕۆڵەی، کە شاعیری جاهیلی گێڕاویەتی بە مێیینە ڕایی نەکراوە. لە دیدی ئەواندا مێیینە ڕایەکی نەکەوتووە ببێتە دەمڕاستی خێڵەکەی. مێیینە هەردەم لەبن مەترسیدا بووە و شیمانەی ئەوە هەبووە لە غەزوێکدا ببێتە دەستکەوتی جەنگ (غنیمە) و بەکەنیزە بکرێت. لێرەیشەوە بەجارێک ئابڕووی خێڵ پایەماڵ بکات. دەڵێن فیرەزدەق، شاعیری ناوداری سەردەمی جاهیلی، سەبارەت بە ژنە شاعیرێکی ئەو سەردەمە وتوویەتی: "اذا صاحت الدجاجة صياح الديك فاذبحوها/ ئەگەر مریشک وەک کەڵەشێر خوێندی سەریبڕن!" واتە فیرەزدەق عەقڵی نەیبڕیوە مێیینە دەم لە ئەدەبەوە بدات، چونکە ئەو شیعرنووسینی بە کاری مێردان زانیوە.

ئەگەر بەتالانچوونی (سەبی) مێیینەیەک لە تافی جەنگدا، بۆ خێڵ بە شانکورتی حیساب کرابێت. ئەوا سوێی بەتالانچوونی مێیینەیەکی شاعیر دووجایە. چونکە زامێکی ئەوتۆ دەکاتە جەستەی خێڵ، هەتا ڕۆژی قالوبەلا سارێژ نابێت. بە سەرێکی تر، وەک (عبدالله الغذامي) لە کتێبەکەیدا، (المرأة واللغة، ط٣، ٢٠٠٦ ) باسی لێوە دەکات، لە سەردەمی جاهیلیدا، شیعر هۆنینەوە بە کارێکی نێرانە هاتووەتە ژماردن.

بۆیە ئەوان زاراوەی (کەڵ: فحل)یان بۆ شاعیرە هەڵکەوتووەکانی سەردەمی خۆیان بەکار هێناوە. گوایە ژن شایانی ئەوە نەبووە شیعر بهۆنێتەوە. چونکە شاعیرەکان کە سەرپاکیان پیاو بوون ددانیان بە توانای

مێیینەدا نەناوە.. دواتر بە هەزار ناری عەلی، چەند شاعیرێکی پیاو هاتوون ددانیان بە توانای خەنسادا ناوە. واتە چەند کەڵەشاعیرێکی ئەو سەردەمە هاتوون خەنسایان کەلاندووە و بە شاعیر قەبووڵیان کردووە.

ئەگەرچی لە سەردەمی جاهیلییەوە تاکو ئێستا، گۆڕانی مەزن بەسەر ئەدەب، هزر و دیدی خەڵکدا هاتووە. ئەوەتا دەیان ژنە نووسەری بەدیمەن لەنێو عەرەبدا هەڵکەتوون، کە جێدەستیان بە فەرهەنگی عەرەبییەوە دیارە و مایەی شانازین وەک، نازک مەلائیکە، لەیلا عوسمان، سەحەر خەلیفە، ئاسیا جەبار، ئەحلام موستەغانمی، حەنان ئەلشێخ و زۆری تر... وەکی تر چەندین ئافرەت لە دنیادا خەڵاتی نۆبڵیان لە ئەدەبدا وەرگرتووە. شیعریش چیی تر ئەو ژانرە نییە، کە تەنیا نەزری نێرینەکان بێت.

حاڵی حازر ئێمەیش چەندین ژنە شاعیرمان هەن، کە هەر لە جێیە گوێ بۆ لەرینەوەی دەنگ و سۆز و ئەدایان بگرین وەختایێ ئەوان شیعر دەخوێننەوە. هەر زینەتە سەیری سەروسوورەت و قەدوبالایان بکەین، وەختایێ ئەوان بە تەواوی بڕوابەخۆبوونەوە دێنە سەرشانۆ. شاعیرانی مێیینە زۆر جوانتر و خۆشئاوازتر شیعرەکانیان ئەدا دەکەن. ڕاستگۆیی و سۆزی زیاتریش لە شیعری ئەواندا هەست پێ دەکرێت. ئەوەتا لە بواری شیعردا ژنانی وەک کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە، مەهاباد قەرەداخی، ڕۆژ هەڵەبجەیی، نیگار نادر، لازۆ، چۆمان هەردی و کەژاڵ ئیبراهیم و چەندانی ترمان هەن.

جێی باسە دەرکەوتنی نووسەری مێیینە لە خۆیدا ڕوونترین ئاماژەیە بۆ چوونەپێشەوەی ڕۆڵی مێیینە لەنێو کۆمەڵدا. کەچی هەندێک نووسەری نێرینەی کورتبینی کورد، هێشتا لەبن کاریگەریی ئەم زاراوە جاهیلییەدان. لە کاتێکدا هەر توێژەرێکی نوێی عەرەب، ئەگەر نەختالێک شارەزای ڕەوتی مێژوو بێت، دەستبەرداری بووە و باوەڕ ناکەم چیی تر زاراوەی کەڵەشاعیر

بەسەر زاریدا بێت.

پیاوی شاعیر چەند بکۆشێت هێشتا هەر ناتوانێت لە بریی ئەوانی مێینە ئەدەب بنووسێت و گوزارشت لە خەم و کۆڤانی ئەوان بکات؛ بەتایبەت لەم چاخەدا کە کوڕانی خێڵ لەسەر سووکە گومانێک، نزیکترین مێیینە لە خۆیانەوە گۆشاوگۆش سەردەبڕن.

جا لەو سۆنگەیەوە، کە سەروەختی جاهیلی شیعر تاکە ژانری ئەدەبی بووە، ئەوان سیفەتی کەڵیان داوەتە پاڵ شاعیر. وەلێ لەم سەردەمەدا، کە ژانرەکان زۆرن، ڕەخنەگری کوردیش لەلای خۆیەوە بە ڕاست و چەپدا نازناوی کەڵ دەبەخشێت و دەیداتە پاڵ ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و... بگرە ڕەخنەگری وامان هەن ئەم نازناوی (کەڵ)ە، وەک خەڵات دەبەخشنە، هونەرمەندانی شانۆ و شێوەکار. ڕۆژێک لە ڕۆژان بیریان لەوە نەکردووەتەوە، کە ئەم نازناوە ماوە بەسەرچووە کەڵکی ئەم سەردەمەی پێوە نەماوە. تۆزی لێ نیشتووە و لە خۆیدا واتای بێبەشکردنی ڕەگەزی مێیینەیە لە بەهرەی ئەدەب و هونەر دەگەیەنێت.

وەکی تر بۆ سەردەمی جاهیلیی عەرەبان دەگەڕێتەوە و فڕی بەسەر فەرهەنگ و کولتووری کوردەوە نییە. وێڕای ئەوەی، کە زاراوەی کەڵەشاعیر یان کەڵەنووسەر، زیاتر مەدلوول و ناوەڕۆکی ئیرۆتیکی و سێکسیی لە خۆیدا هەڵگرتووە و پێوەندیی بە داهێنانەوە نییە. جێی باسە (کەڵ) بەو گیاندارە نێرە بەهێز و بەتوانایە دەوترێت، کە مێیینەکانی لێ چاک دەکرێت. وەک: کەڵەگا، کەڵەکێوی، کەڵەشێر... دەشێ بڵێین کەڵایەتی، یان نێرایەتی، هیچ پێوەندیی بەداهێنانەوە نییە؛ نەخوازە ئەگەر ئەو داهێنانە لە بەستێنی ئەدەب و هونەردا بێت.

## پۆشاک، هەم کەلەپوورە، هەمیش شوناس

سەربوردە کۆنەکە دەڵێت: جارێکیان کەسێکیان بانگهێشتنی داوەتێک کردبوو. ئەویش بەدەستێک جلکی کۆن و پەڕپووتەوە بەدەم بانگهێشتنەکەوە دەچێت. لەوێ کەس پێشوازی و فەرمووی لێ ناکات. ئەویش زۆر بەخۆیدا دەشکێتەوە و دەزانێت چی لە پشت ئەم دۆخەیەوە. دەستبەجێ دەگەڕێتەوە ماڵ. دەستێک کەوا و سەڵتەی نایاب دەپۆشێت و ڕێوڕێ بۆ داوەتەکە دەگەڕێتەوە. وەک پیاوەکەی ئەوسا نەبێت، ئەمجارەیان زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێ دەکەن و بە فەرموو فەرموو بۆ لای سەرەوەی مەجلیسەکەی دەبەن و بەرێزەوە سینییەک خواردنی چەوری لەپێش دادەنێن. ئەویش چمکی کەواکەی لە بەلەمە پلاو دەنێت و پێی دەڵێت: (کەوا بخۆ!)

لە ڕاستیدا ئێستایش لەو ڕۆژهەڵاتە، هەر زەمانی کەوا بخۆیە. ئەم سەربوردە سواوەیش، ڕۆڵی پۆشاکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، چلۆن لە وێناکردنی کەسیەتیی تاکدا نەخشی گرینگ دەگێڕێت. وێڕای ئەوەی پێشمان دەڵێت، ئەو خەڵکە زەینیان وا لە چاویاندا و ڕواڵەت و دیکۆری دەرەوەی تاک بە گەوهەر دەزانن.

جلوبەرگ تەنیا چەند پارچە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگی بالاپۆش نییە، بگرە بۆ قەدوبالا و ڕوخساری تاکەکان دیکۆریشە. وێڕای ئەوەی لە سەرما و گەرما دەیانپارێزێت، جەستەیشیان دەشارێتەوە و دادەپۆشێت، پۆشاک هونەری میللیشە. شوناسە، گەلانی پێ جیا دەکرێتەوە و پێی دەناسرێنەوە. پۆشاک بووە بە مارکە و ئەوێتییان. گەلێک وردەکاریشی تێ دەکەوێت، ئەمە وێڕای سەلیقە و چێژ و هەڵبژاردنی ڕەنگ و نەخش و نیگار و

تەواوکـەرەکـانی. هەرچی ڕەگـەزی مـێـیـە، ئەوەندەی کـات بۆ هەڵبـژاردنی دەسـتـێک پۆشـاک تەرخـان دەکـات، نیـو ئەوەندە بەهەڵبـژاردنـی ژەمـە خۆراکێکەوە خەریک نابێت. دەیگۆڕێت و لێی زیاد و کەم دەکات و دەیداتەوە بەسەر فرۆشیار و بەرگدروودا.

دیزاین و بڕینی جلوبەرگ لە خـۆیدا هونەرە و داهـێنـان، وەک داڕشتن و داهێنانـی کەڤاڵی شـێوەکـار وەهایە. پۆشـاک کۆمـەڵە فـیگەرێکە مـرۆڤ لە ژیانیـدا پـێویسـتی پـێـیـانە. سـاو (ملمس)، ڕەنگ بە تۆنەکـانیـەوە، هـێڵ بە جـۆرەکانیـەوە ڕۆڵی گـرینگی تێدا دەبینن. دەشـێ بڵـێین پۆشـاک کەلوپەلی میللییە و بە گەلێکی دیاریکراو تایبەتە. ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە پۆشاک لە ویژدان و هەست و مگێزی ئەو گەلەوە هەڵقووڵاوە. لە ئەنجامی کەڵەبوونی ئەزمـوونی نەوەکـانەوە سـەرچاوەی گـرتووە و تا بە فـۆرمی ئێـسـتـای گەیشتووەتە، لێی زیاد و کەم کراوە. واتە بەکەفوکوڵێک هەڵنەخڕێنراوە.

ئێمەی نەوەی نوێیش، وەک باپیرانمـان لەگەڵیدا ڕاهاتووین و بەگیـانمان خـۆشـە. بەتوێی ئەم پۆشـاکـەوە هەست بە دانەپاڵ مـیللەتێکی مـێـژووکـرد دەکەین و خۆمـان بە شت دەزانین. لێرەوە هـەست دەکەین قـووڵاییـیەکمـان لە مێژوودا هەبووە. دەتوانم جـەختی لەسەر بکەم، نزیکەی هەمـوو تاکێکی کورد لە هەندەران جلوبەرگی کوردیی هەیە. با ئەوی پەڕیوەی هەندەران نەورۆزا و نەورۆزیش لەبەری بکات، هـەر بەلایەوە گـرینگە و شـادیگەیێنە. چونکە ئەم جلوبەرگە میللییە، لەو دوورەوە، تاکە ئاوارەکان بە نیشتمانە ڕەسەنەکەی خۆیانەوە گرێ دەدات و ئەوێتیی خۆی بیر دەخاتەوە.

پۆشـاک هەندێک جاران ڕەمز و برگـەی پیرۆزیشی تێ دەکـەوێت. هـەر بۆ نموونـە، زۆر کـەس ڕایان وایـە، کـاتێک کـوردێک سـێ گـرێ لە پشـتـوێنە قـومـاشـەکـەی کـەمـەری دەدات، مـەبەسـتـی پێ بەهەندگـرتنی هەڤـۆتە زەردەشتییەکانە و ئەم سێ گرێیە، بۆ کتێبی ئاوێستا دەگەڕێتەوە، کە لەوێدا

هەوادارانی خۆی بۆ سیانەی (بیری چاک، وتاری چاک، کرداری چاک) بانگهێشتن دەکات. واتە ئەو سێ گرێیەی پشتوێنی کوردەواری، هەروا لامسەرلایی نەهاتووە. بگرە ڕەگ و ڕیشەی کۆن و ئاینیی هەیە، کە ڕەنگە بۆ هەزاران ساڵ بەری ئێستا بگەڕێتەوە. بۆچی کورد پشتوێنی قوماش دەبەستێت؟ سوودی ئەو دوو گوێچکەیەی کوڵەباڵی لەمەڕ هەورامییەکان، کە خۆیان فەرەنجیی پێ دەڵێن چییە و لە چییەوە هاتووە؟ جێی وتنە هەورامییەکان، هەموو کات بەشی خۆیان پۆشاک و پێڵاویان بەرهەم هێناوە؟

ئێستاش با شتێک لەبارەی پشتوێنی کوردەوارییەوە بدوێین. پشتوێنی کوردی، دەبێتە پاڵپشت بۆ ماسولکەکانی پشت و سکی مرۆڤ، بەتایبەتی لە کاتی ئەنجامدانی کاری قورسدا، پشت و سک ڕادەگرێت و دەپارێزێت. وێڕای ئەوەی یارمەتیی دەدات بۆ هەڵگرتنی خەنجەر و ڕەخت. دەمانچەشی لەسەر دەبەسترێت. دەشێ بیکاتەوە و، نوێژی لەسەر بکات. ئەگەر هاتوو پێکرا، زامەکەی پێ ببەستێت. وێڕای ئەرکی ڕازاندنەوە، دەکارێت کەلوپەلی پێ گورزە بکات و بەکۆڵی خۆیدا بدات. دەکرێت بڵێین، پشتوێن تەواوکەری پۆشاکە و ناوقەد و کەمەری مرۆڤیش گەرم ڕادێنی، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا. وێڕای ئەوەی پزووی شەرواڵ و ڕانک دەشارێتەوە. دیارە بەلای تاکی شەڕوانەوە، دەرکەوتنی پزووی شەرواڵ و ڕانک پەسند نییە.

ئەم پارچە جلکانە وەک ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییان هەیە، ئاماژەی ئابووریشیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە. جلوبەرگ لە ئاماژەی فەرهەنگی و کولتوورش بێبەش نییە. مرۆڤی کورد بەتوێی ئەم پۆشاکانە بەرجەستە دەبێت. قەدوباڵا و بیچم و ڕوخساری شکڵگیر دەبێت. بەجوانی دەبینرێت و خۆی پێشانی دەوروبەری دەدات. هەرچۆنێک بێت جلوبەرگیش بەشێکە لە شوناسی نیشتمانی.

تۆ وەک بینەرێک، کاتێک ئەم پارچە جلکانە لەبەر تاکەکاندا دەبینیت، بیر لە جوگرافیا و مێژووی کوردستانیش دەکەیەوە. چونکە ئەمانە دوو چەمکی پێکەوە گرێ دراون. پۆشاک، چنین، زەخرەفە و هێڵی کەوانەیی و پێچاوپێچ و ڕاستی تێ کەوێت. ڕەنگی هەمەجۆری تێ دەکەوێت، بەتایبەت جلوبەرگی ژنانە. نەخش و نیگار و ئەندازەی تێدایە، واتە لە سەلیقە و هونەریش بێبەش نییە. وەک دەبینیت جلکی کوردی بەدەنفراوانە نەک بەدەنچەسپ. ئەم تەرزە پۆشاکە بەشێکە لە شارستانییەت و تایبەتمەندیی گەلێک.

لە پاڵ ئەم پۆشاکە خۆماڵییەدا، شان بەشان پۆشاکی فەرەنگی، یان ئەوروپایی ژنان و پیاوانیش هەن. وەلێ ئێمە، کە هێشتا گەلێکی سەربەخۆ نین، گەرەکە جلوبەرگی خۆمان، وەک هێمایەک بۆ نەتەوە و ڕەگیشەمان بەلاوە گرینگ بێت و بیپۆشین.

جاری وا هەیە تەرزە پۆشاکێک، مێژووی سەردەمێکی زێڕینمان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێک ناوی سەکردەیەکی مێژوویی هەڵدەگرێت و وابەستەی ناو و مێژووی ئەو دەبێت. چونکە لە کاتی خۆیدا وەستاباشییەکانی جلوبەرگ بەتایبەکاری، بۆ چوونە سەرتەخت و وەرگرتنی پۆستی باڵا، بەباڵای ئەویان بڕیوە. وەک ئەو دەستە پۆشاکە تایبەتییەی شێخ مەحموودی مەلیک، کە تاکو ئێستایش هەر باویەتی و ڕەمێنی لەسەر ماوە.

کاتێک تاکی کورد لە شێخان و شەنگار و دەشتی نەینەوادا، ناتوانێت دەستبەرداری جلوبەرگی عەرەبی بێت و بگەڕێتەوە سەر جلوبەرگی باپیرانی خۆی، کە کوردییە. ئەم هەڵوێستەی وەها بۆ لێک دەدرێتەوە، گوایە ئەو ناتوانێت لەو بیچم و قاپڵووخەی، کە داگیرکار بەسەریدا سەپاندووە و دەقی پێوە گرتووە دەربچێت. لە دۆخی وەهادا ئەو تاکە نایشتوانیت کوردانە بیر ناکاتەوە، بگرە ئەو وەک خاوەنی ڕەسەنی پۆشاکەکانی بەری بیر دەکاتەوە. چونکە ئەو بە چەترسێنکراوە. جورئەت و پرکێشیی ئەوەی لەدەست داوە،

لەبن هەژموونی داگیرکەر دەرفرتێت.

پۆشینی جلوبەرگی میللی و نەتەوایەتی مافی هەر مرۆڤێکە. وەلێ ئەو لە دەشتی نەینەوا ئەگەرچی ئێستاکە هەلی لەباریشی بۆ ڕەخساوە، کەچی هێشتا هەر ناتوانێت ببێتە خاوەنی یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی. وەلێ ئەم تاکە بەچە ترسێنکراوە (بەمندالّی سەرکوتکراوە)، گەرەکە ئێستا هەولّی زۆری لەگەلّدا بدرێت، تاکو ئەم خدە ناجۆرەی، کە لەگەلّ بنیاتی مێژوویی ئەودا نایەتەوە تەرک بکات. چونکە ئەو بەو حالّەوە، تاکێکە بنیاتی شێوێنراوە.

جلوبەرگی کوردەواری، لە بەرەبەیانی مێژووەوە تاکو ئێستا، پێ بەپێی پەرەسەندنی هەستی ستاتیکی، مگێز و ئاین و پێداویستیی ژیان لەلای تاکی کورد، گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە. تۆ هەروا بەراوردێک لە نێوان پۆشاکی ئێستا و سەدەکانی شازەدم و حەڤدەمی تاکی کورددا بکە، کە گەڕیدە و خۆرهەڵاتناسە دەستڕەگینەکان، پۆرترێتیان بۆ کێشراوە. دەشێ ئەم دیاردەیە وەها لێک بدرێتەوە، کە گۆڕانکاری بەسەر دید و کەسیەتیی تاکی کورددا هاتووە. وەک گۆڕان لە ڕوانینی ئەودا بۆ جەستەی نێر و مێ و چۆنیەتیی دەرکەوتنی ئەم جەستەیە لە بەرانبەر ئەوانی تردا.

لەگەلّ گۆڕینی ئایندا، پۆشاکیش بۆ نێر و مێ، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. وەک چۆن دووانەی حەرام و حەڵاڵ، کاریان لە ژیان و هەڵسوکەوت و خۆراکی تاک کردووە، ئاوا کاریان لە پۆشاکیشی کردووە؛ بەتایبەتی دوای بەئیسلامبوونی زۆرینەی کورد. هەروەها جیاوازی لە نێوان پۆشاکی کەنیزە و ژنی ئازاددا هەبووە، چونکە بەلای کۆمەڵەوە گرینگ نەبووە ئەگەر کەنیزە بەشێک لە جەستەیشی کەوتبێتە بەرچاوی ئەوانی تر. بۆ نموونە زۆر بەقورسیان نەگرتووە، کەنیزە سەر و گەردن، یان پاوپووزی لەوانی تری نێرینە بشارێتەوە. لە نێوان نێرینەکانیشدا، بە پۆشاکی بەریاندا مرۆڤی

ئازاد و کۆیلە لەیەک جیا کراونەتەوە.

بێـژەی (سـەرڕووت و دەمـڕووت و لینگڕووت... تاد)، ناتـۆرەن و مـەبەست پێیان ئەو ئافرەت و پیاوانەن، کە حیشمەتی خۆیان ناپارێزن، سەروپێچ، یان مـێـزەر نابەستن. سـەبارەت بە ئافـرەتانیش، سـەروگـەردن و پاوپووزیان بەدەرەوەیە. بەمـەیش کـێمـاسی دەکـەوێتە کـەسـیـەتیی ئەوانەوە. دیارە ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ پۆشاک نەۆ گۆڕینی بەسەردا هاتووە.

پێـشـتـریش ئـامـاژەمـان بەوە دا، کـە جلوبەرگ بـەپێی سـەردەم گـۆڕانی بەسەردا هاتووە. وەک لە وێنە فۆتۆگرافییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەدیار دەکەوێت، کاتێک بە جلوبەرگی ئەم ڕۆژگارەیان بەراورد دەکەین. ئەو حـەلە تەنانـەت مـێـرمنداڵیش، بۆ ئەوەی لە ڕووی فـۆرمـەوە، ببنە خـاوەنی کەسیەتیی کامڵی خۆیان، هاتوون فەقیانە (ئەنگوچک) و مێزەریان بەستووە. بۆیە بێژەی (سەرڕووت) بۆ نێرینە و مێیینە، وەک پلار و جمێن وەها بووە.

جلوبەرگ جەستەی تاک لە گەرمی و ساردی دەپارێزێت. دای دەپۆشێت و بیـچمی، یان پەیکەری مرۆڤ بەرجەستە پێشان دەدات. جلوبەرگی ژنانە و پیاوانە لە کن هەر گرووپەکی ئیتنیکی، لە ڕووی بیچم و ڕەنگەوە جیاوازییان هەیە. ناشێ پیـاوان جلکی ژنانە، یان بەپێـچەوانەوە لەبەر بکەن. ئەوەندە هەیە ئەگەر ژن، لەسـەر کـار و نێـو مـەزرا جلکی پیـاوانەی پۆشی، گلـەییی نایەتە سەر. وەلێ هەرگیز نابێت پیاو جلکی ژنانە بپۆشێت. چونکە ئەوەیان یەکسـانە بە (بەمێیینەکردنی پیاو لە ڕێی پۆشـاکەوە) ئەمەیشـیـان لەلای خـۆیـەوە یەکسـانـە بەداشکاندنی بەهای پیـاو، کـە بۆ خـۆی سـەرگـەورەی کۆمەڵە. هـەروەک پۆشاک ئاستی چینایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکیشی پێ دەناسـرێتـەوە. پۆشـاکی ژنە جـووتیـارێک و ژنە ئاغـایەک زۆر لـەیەک جیاوازن.

لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تری کوردستـان، دیسـان جلوبەرگ بڕێک

گــــۆڕانـی تـێ دەکــــەوێت. هـەنـدێک پـارچەی پـۆشــــاک هەن دەبـنـە هـۆی بەرجـەسـتـەکردنی پـتری بەشـێک لـە جـەسـتـەی مرۆڤ. وەک پشـتـوێنی ژنە سـەقـزییـان، کـە قـەدوبـالاَ و کـەمـەر و سـمـتی ژن دەخـاتە بەرچـاو و برێک ورووژاندنیشی لێ دەکەوێتەوە. دەشێ خشڵ و زێڕ و زەمبەریش بە تەواوکەر و جـوانکاری و ڕازانەوەی زیـاتر بۆ پۆشـاکی ژنی کـورد بـدەینە قـەڵەم. وەک تاسکلاَو، یان پشتوینی زێڕ، لەم سەردەمەدا.

(صوفـيـة السـحيـري بن حتـيرة)، لە کتێبـەکـەی خۆیدا بەناوی، (الجسـد والمجـتمع)، پێی وایە: "پـۆشـاک یەکێکە لە بنەمـاکانی کـەسـیـەتیی نەتەوە. پۆشــاک، لـە نەتـەوەکــانی تر جـیــای دەکــاتـەوە و مــۆرکی تایبــەتیی پێ دەبەخشێت. بەگشتی تەواوی ڕواڵەت، ئەدگار، تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بڕوایی و شـارسـتـانەتەکـانی لەسـەر ڕەنگ دەداتـەوە (...) پۆشـاک هەڵوێسـتی کـۆمـەڵ بەرانبـەر جـەسـتـە بەدیار دەخـات. جلوبەرگ بەسـەرێک جـەستـە دەشارێتـەوە، بەسـەرێکی تر وێنەی کۆمـەڵایەتیی جـەستـەش ئاشکرا دەکات. هەروەها یارمـەتیمـان دەدات، تاکو خۆمـان بەوانی تر بچوێنین. ئێمە لە ڕێی پۆشاکمانەوە لەوانی تر دەچین... ص ١١٨".

ئێـسـتـا ئێـمـە، کـاتێک لەو ئازیزانـەی دەشـتی نەینەوا ڕادەمـێنین، تیـا دەمـێنـین. نازانین داخـۆ بڕوا بەکـام لایەنەیان بکەین. بە جلوبـەرگـیـان، کـە عـەرەبییـە، یان بەزمـانیـان، کە کوردییە؟ بەنـاچاری دەکەوینە نێو گـێژەنی پرسیارێکی گوماناوییەوە. بۆچی ئەم تاکە پۆشاکی لەگەڵ زمانیدا نایەتەوە؟ یەک لـەباری خـۆم، ئـەوەندەی گـەڕابم، دیاردەی وەهـام لە کن هـیچ گـەلێک بەرچاو نەکەوتووە.

کاتی خۆی، لە کتێبی (مێنتەلێتی خێڵ)دا، پاژی (ئەوێتی، تاکەکان کۆ دەکاتەوە) بە کورتی ئامـاژەم بەم پرسـە دابوو: "دەشێ مـرۆڤ کـەڕولاڵ بێت، وەلێ پۆشـاک کـەڕولاڵ نیـیـە، زمـانی هـەیە و چاوی ئێـمـە دەدوێنێت. پۆشـاک

کۆنتاکتی لەگەڵ چاوماندا هەیە نەک گوێمان. پۆشاک بێلایەن نییە. ئەگەر تاکێک چەفتە و عەگالی لەسەر نا، واتە ئەویێتیی خۆی بۆ ئاشکرا کردین. واتە ئەو تاکێکە سەر بەجڤاکێکی عەرەبییە، وەلێ بە کوردی دەئاخڤێت. لەدۆخی وەهادا لانی کەم دەبێت بڵێین: ئەو تاکێکە ئەویێتیی خۆی لە نێوان دوو گرووی ئیتنیکیی جیاوازدا دابەش کردووە. یاخۆ تاکێکی (دوورەگ: هجین)ە. خاوەنی ئەویێتییەکی نیوە ناتەواوە! نەک هەر خۆی، بگرە کەسیەتی و ئەویێتی و تەواوی ئەو نێوەندەیشی، کە تێیدا دەژی، کەرت کردووە. واتە ئەویێتیی دەستەجەمعیشی لەت کردووە."

تاکە نێرینەکانی گرووە ئیسلامییە ئوسوڵی و دەمارگیرەکان، مەبەستیانە لە دیمەن و پۆشاکیشدا خۆیان لە یەکتری جیا بکەنەوە. ئەمیان کەوای شۆڕ بەگەن دەکات، کەچی ئەوی تریان کورت، گوایە مرۆڤ ئەگەر جلکی شۆڕ بوو، ئەوا دەتوانێت زیاتر خۆی پێوە بابدات و خۆی ڕانێت. ئەمەش لەگەڵ هەڤۆتەکانی ئاینی ئیسلامدا یەک ناگرێتەوە. جیاوازی لە نێوان ڕاڤەکاراندا سەبارەت بەپرسی عەورەتی پیاو و ژن هەیە و زۆریشی لەسەر نووسراوە. وەک دەبینی ئافرەتی موسڵمان هەیە تەنیا چاوی بەدەرەوەیە، لە ئەفغانستان مێیینە چاویشان بەدەرەوە نییە. چونکە ئیمام هەیە لەوێندەرێ چاو و ڕووی مێیینەی بەعەورەت لەسەر حیساب کردوون. کەواتە دەبێت ژن پۆشاکێک لەبەر بکات، چاو و ڕووی داپۆشێت. صوفية السحيري بن حتيرة، پێی وایە:

"پۆشاک نامەیەکی لە خۆیدا بۆ ئەوی تر هەڵگرتووە، لەوێدا هەڵوێستی خۆی لە کۆمەڵ و ڕێچکەی خۆی لە ژیان و خواستی خۆناساندن ئاشکرا دەکات. ڕواڵەتی دەرەوەی تاک، ناونیشانی زاتی خۆیەتی، لەوەدا، کە ئەو گوێڕایەڵ، یان سەر بەم نەتەوەیە، سەر بەویان نییە، سەر بەم خێڵ و چینی کۆمەڵە، سەر بەویان نییە... ص، ١١٩".

هەر ئەم پرسی پۆشاکە، حاڵی حازر لە وڵاتی میسر و لە ئەورووپاشدا مشتومڕی زۆری ناوەتەوە. لە وڵاتی میسر کێشەکە لەسەر ئەوە بوو، زانکۆکان قەبووڵیان نەدەکرد، خوێندکاران بە پەچە (نقاب) و (برقع)ەوە بچنە نێو شاری زانکۆ، یان هۆڵی تاقیکردنەوەکانەوە. ئەم پرسە گەورە بوو، ڕەوتە ئاینییەکان خۆیان لێ بەخاوەن کرد، تا گەیاندیانە دادگە. ئەنجام پرسەکە بەسەرکەوتنی ئەوان شکایەوە. ئەگەرچی ئەزهەر پەچە و بورقوعی بەلاوە گرینگ نەبوو، چونکە بەڕای ئەزهەر، خواوەند فەرمانی بەپۆشینی پەچە و بورقوع نەکردووە.

لەم پرسەدا حکوومەتی میسر و زانکۆی ئەزهەر دۆڕاندیان و ڕەوتە ئاینییەکان بردیانەوە. وەلێ لە وڵاتی فرەنسا ئەنجام بەپێچەوانە شکایەوە. بەو هەنجەتەی ئازادکردنی ڕوو مەرجە بۆ پێکەوەژیان. ژن بەتوێی پەچە و بورقوع وەک زیندانی بەدیار دەکەوێت. ئەوە بوو لە تەمووزی ئەمساڵدا (٢٠١٠) پەرلەمانی فرەنسا بڕیاری قەدەغەکردنی پۆشینی پەچە و بورقوعی لە شوێنە گشتییەکاندا پەسند کرد. بەم پێیە، فرەنسا دەبێتە یەکەم وڵاتی ئەورووپا، کە ئەو جووتە پارچە پۆشاکە سەربەگۆبەنە لە ڕەگەزی مێیینەی موسڵمان قەدەغە بکات.

جلوبەرگ وابەستەی سەردەم و کات و شوێنە. گۆڕستان شوێنی تێکەڵبوونی نێر و مێیە. لەلای خۆشمان سەردانی گۆڕستان سرووتی خۆی هەیە. هەروەک ڕۆژی خۆیشی هەیە. یەک لە باری ژنان، پۆشاکی بڕێک جیاوازیش بۆ ئەم بۆنەیە هەیە. هۆکاری زۆرێک دەمەقاڵ و کێشەی نێوان ژن و مێرد، جیاوازییانە لەسەر پۆشینی جلوبەرگ لە تافی بازاڕکردن و دەوامی فەرمانگە و سەردانی خزم و ناسیاودا. لە ڕووی کورت و درێژی یان تەسک و تروسکی. لایقە یان نالایقە. عەیبە یان عەیب نییە. گونجاوە یان نەگونجاوە. شەرع ڕێی پێ دەدات یان نایدات؟

له ڕاستیدا جلوبەرگی پیاوانە، پۆشاکی مرۆڤی شەڕوانە. تاکی کورد لێ ڕاهاتووە لە شایی و جەژنی نەورۆزدا پۆشاکی میللی بپۆشێت. وێڕای ئەوەی جلکی کوردیی ژنانە و پیاوانە بۆ ڕاپەڕاندنی نوێژ گونجاون. چونکە تەواوی جەستەیان دادەپۆشێت. دەشێ بڵێین، پۆشاکی میللی بۆ کورد، ڕۆڵی دروشم و شوناس دەبینێت. ئەگەرچی جلکی فەرەنگی لە فەرمانگەکاندا پەیڕەو دەکرێت بەڵام ئەم پۆشاکە جیهانییە نەیتوانیوە لە گرینگیی جلوبەرگی کوردی کەم بکاتەوە. پۆشاکی کوردی ئەگەرچی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەلێ بناغەکەی هەروەک خۆی ماوە.

کوردانی پەڕیوەی هەندەران تەنیا لە نەورۆز و ئاهەنگە داخراوەکانی خۆیاندا جلکی کوردی دەپۆشن، بەدەگمەن کوردێک لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا دەبینیت شاڵوشەپکی لەبەردا بێت. ڕەنگە ئەم پارێزەی تاکی کوردی ئاوارە لە هەستکردنییەوە بێت بە کێماسی نەتەوەیی. وەلێ هیندییەکان لە هەر کوێیەکی جیهاندا بن، پێیان شانازییە لە شوێنە گشتییەکاندا بە پۆشاکی میلليی خۆیانەوە دەربکەون. ئەوان چاوی جیهانیان بە دیتنی جلوبەرگی میلليی خۆیان ڕاهێناوە، لە ڕاستیشدا پۆشاکی ئەوان وەک هی کوردی جوانییەکی سەرنجکێشی هەیە. جلکی ژنانەی ئەوان نەخش و نیگاری تایبەت بەخۆیانی تێ دەکەوێت.

(ساریّ)، جلی بووکێنیی ژنانی هیندستانە. پۆشاکێکی میللییە و تاکو ئێستایش ڕەمێنی لەسەرە و بووک بە سارێوە دەگوێزرێتەوە، ساریّ لە ئاوریشم دەچنرێت. خۆ ئەگەر سیمی زێڕینی تێکەڵ کرا ئەوا نرخی هەڵدەکشێت. ئێستا لە بریی دەستچن، کۆمپانیاکان ساریّ بەرهەمی دێنن.. یابانییەکانیش، ئەو گەلە زیندووە دەسترەنگینەن، کە جیهان پێیان سەرسامە. ئەوانیش لە بۆنەکانی خۆیاندا (کیمۆنۆ) دەپۆشن و پشتیان نەکردووەتە ئەم پۆشاکە میللییەی خۆیان.

لەم سەروبەندەدا، سالآنە لە زۆر شاری گەورەی جیهاندا پێشانگە بۆ پۆشاکی میللی دەکرێتەوە. جاروبار چاوت لێ دەبێت، یان دەبیستیت، ڕەوەندی کوردیش لە ئەوروپا پێشانگەی جلوبەرگی کوردی دەکەنەوە و خەڵکی ڕەسەنی وڵاتانی ئەوروپاشی بۆ بانگهێشتن دەکەن. ئەوە ژنە دەستڕەنگینەکانی هەندەرانن ئەم کارە ڕادەپەڕێنن. لە ڕاستیدا پۆشاکی میللی، بە بیچم و نەخش و ڕەنگەکانیەوە بەشێک لە کولتوور و فەرهەنگی گەلان پێک دەهێنێت. بۆیە لەم سەدەیەدا جارێکی تر بە بایەخەوە گەڕاونەتەوە سەری. لە بۆنە میللییەکانی خۆیاندا دەیپۆشن و لە فەوتانیش دەیپارێزن.

پۆڵسن لە کتێبی (کوردان)دا، سەبارەت بەجلوبەرگ دەڵێت: "کوردان لە هەر وڵاتێک بن، ترادسیۆنی جلوبەرگی هاوبەشیان هەیە و تاکو ئێستاش لە دێهاتەکاندا پارێزراوە. ژنان کراسی درێژی بەنەخش و نیگار دەپۆشن، لەگەڵ ئاوەڵکراسی فراوان و درێژ تا گۆزینگ. پیاوانیش بەتوێی شەرواڵی فراوان و هێلەکی کورتەوە؛ بەزۆری مێزەریان بەستووە. بەڵام لە شارەکاندا تەنیا بەشێکیان ئەم پۆشاکە ترادسیۆنییە لەبەر دەکەن، لێرە زۆرینە بەجلوبەرگی ئەوروپاییی مۆدێرنەوە دەردەکەون... کوردان، ل، ٢٤"

وەک جەمال حەیدەر لە کتێبی (الغجر)دا باسی دەکات، قەرەجەیل خاوەنی پۆشاکی تایبەت بە بەخۆیان نین. واتە قەرەج پۆشاکی نەتەوەییان نییە. یان ئەوەتا هەیانبووە و لە سۆنگەی دەربەدەری و کۆچەڵکۆچەوە، لەگەڵ درێژەکێشانی ئەم دۆخی بێ کیانییەدا، کە تێیدا دەژین لەدەستیان داوە. ئەوان لە هەر وڵاتێکی ئەم جیهانەدا گیرسابنەوە، یان لە پاڵ هەر نەتەوەیەکدا لانشین ژیابن، جلوبەرگی ئەوانیان پۆشیوە. مەگەر ئەوەندە هەبێت ژنەیلیان، بۆ ڕازاندنەوەی خۆیان هەندێک متومورووی دەستکرد لە خۆیان دەدەن و بەنیازی بەتاڵکردنەوەی سیحر و جادوو، نوشتە و دوعا بەکار دەبەن.. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەو گەلەی ئەوێتی، یان شوناسی

خۆی ون بکات، دەستبەرداری پۆشاکی نەتەوایەتیش دەبێت.

ئەتاتورک ڕۆڵی پۆشاکی لە بەرجەستەکردنی ئەوێتیی کوردەیلدا بەهەند زانیبوو، بۆیە بڕیاری قەدەغەکردنی دا. ئەو بەخورتی، پۆشاکی هاوبەشی بەسەر تەواوی هاووڵاتییانی تورکیادا سەپاند. لەوێوە میللەتێک بەدیار دەکەوت لە دیکۆری دەرەوەیاندا چوونیەک بوون. وەلێ ئەو بەپلەی یەکەم مەبەستی لەم بڕیارە سڕینەوەی یەکێک لە پایەکانی شوناسی کوردەواری بوو.

پۆشاک ئەو ڕەگەزە، یان ئەو بەشە زیندووەیەی شوناس و کەلەپوورە، کە لێ ناگەڕێت ئێمە لە دەریای بەرینی جیهانگیریدا بتوێینەوە، کارێک دەکات لەنێو گەلاندا دیار بین و بدرەوشێینەوە. ئەو برە جیاوازییەی لە پۆشاکی ناوچە جیاکانی کوردستاندا، بەتایبەتی لە پۆشاکی ژناندا هەیە، سامانی پۆشاکی ئێمەی دەوڵەمەند و هەمەڕەنگ کردووە.

گرینگیدانی تاکی کورد بە پۆشاک، لەودەمانەدا بەدیار دەکەوت، کاتێک جلکیان بە دەست و بە دەرزی و دەزوو دەدووری، ئەودەمانە تێچووی پارچەیەک جلک زیاتر دەکەوت و سەعاتی کاری زۆرتری پێویست بوو. نەخش و نیگارەکان گەرموگوڕییان زیاتر و ڕەونەقیشیان پتر بوو. قوماش ماوەیەکی زۆریش لەلای بەرگدروو دەمایەوە و ڕازاندنەوەی پتری دەخواست. هەر لێرەیشەوە پێوەندییەکی گەرموگوڕتری لە نێوان پۆشاک و مرۆڤدا دەهاتە ئاراوە.

لە ڕاستیدا پۆشاک هەر بەتەنیا بۆ گلدانەوەی سەرما و گەرما و داپۆشینی عەورەت نییە. بگرە بەو هەموو ڕەنگ و نەخش و نیگارەوە، کە لەسەر ڕووبەری دەسماڵ و سرکەیی و کراس و ئاوەڵکراس بەرجەستە دەبن، لێوانلێوە لە جوانکاری. هەر پارچەیەک بگریت، لە خۆیدا کەڤاڵێکە، لە هونەر و جوانکاری بەدەر نییە.

زۆرێک لە گۆرانیبێژە میللییەکانی لەمەڕ خۆمان، چەند بە سەروسوورەت، قەدوبالا، ڕەوتورۆینی ڕەگەزی مێیینەدا هەڵیان داوە، ئەوەندەش بەسەر چارۆکە، کۆڵوانە، شەدە، هەوری، کراس، پشتوێن و باقیمەنێی پارچە جلکەکانی تری دڵخوازەکانیاندا هەڵیان داوە. تا ئێستایش جوانترین دیاری، بۆ نێر و بۆ مێ، پارچەیەک یان دەستێک جلکی نایابە.

لێرەدا جێی وتنە، کە گەلانی ئەوروپا تەنیا لە(بۆنە) و جەژنە میللییەکاندا پۆشاکی نەتەوایەتیی خۆیان دەپۆشن. ئەوان جلەکانیان پاک و جوان بۆ ئەو بۆنانە هەڵدەگرن و دەیپارێزن، بەڵام ئێمەی کورد کار و کاسبیی پێوە دەکەین و خاوێنیش ڕای ناگرین.

سەرچاوە:
(١) صوفية السحيري بن حتيرة، الجسد والمجتمع، الإنتشار العربي بيروت، الطبعة الأولى ٢٠٠٨.
(٢) محەمەد فەریق حەسەن، مێینەلێتی خێڵ، دەزگەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.
(3) Flemming Madsen Poulsen, Kurdere, Kunksgaard, 1994, s.24.

سەرنج: لە ژمارە (٢)ی کۆواری (واتە)ی، ئەیلوولی، ٢٠١٠دا بڵاو بووەتەوە .

## كۆچبەر، لە نێوان دوو كولتووردا

ئەمین مەعلووف، لە كتێبی (الهويات القاتلة)دا، سەبارەت بە ڕەوشی مرۆڤی كۆچبەر دەڵێت: "غەریب كەسێكی دابەشبووی هەلارهەلارە، بە خیانەت لە یەكێكیان، نیشتمانە ڕەسەنەكەی، یان نیشتمانی خانەخوێ مەحكوومە. ئەمە خیانەتێكە، حەتمەن بە داخ و تووڕەییەوە دەیگوزەرێنێت."

لێرەدا بەنیازم ڕۆشنایی بخەمە سەر چەند لایەنێك لە ژیانی مرۆڤی كۆچبەر، كە خۆم سالانێكە بەكردەوە ئەزموونی دەكەم. ئەگەرچی كۆچ بووە بەدیاردەیەكی كۆمەڵی كوردەواری، وەلێ لە كوردستان، بەڕوونی ئاگەداری ژیان و خولیا و خەمەكانی تاكی كۆچبەر نین.

نەك هەر مرۆڤی كۆچبەر، بگرە باڵندە كۆچەرییەكانیش، لەبەر دڵدا بەڕێز و ئازیزن. ئێمەی مرۆڤ سۆزمان بۆیان دەجووڵێت. یەك لەباری خۆم، كاتێك لە سەرەتای بەهاردا لەكلەك دەبینم، بۆ ماوەی هەفتەیەك ئەم ولاتە سارده دەكاتە خانەخوێ، چاومی پێ ڕوون دەبێتەوە.. هاوكات دۆخی خۆمم وەبیر دێنێتەوە. ئاخر ئەوی بێ زمان سەدان كیلۆمەتر بەو ئاسمانە ساباقەدا فڕیوە. كفت و كەشەنگ بووە، ئەوجا گەیشتووەتە ئێرە، تاكو پشوویەك بدات.

ولاتی دووەم، بۆ كەسانێك، لە زێدی خۆیاندا دڵشكاو بوون و وەك پێویست ڕێز لێنراو نەبوون؛ نیشتمانێكی نوێیە، نیشتمانێك بێ ئەوەی مێژوویەكی هاوبەش لە نێوانیاندا لە ئارادا بێت.. ئەوەیش بزانە، مرۆڤ لە ولاتی دووەمدا، تا ماوەیەكی زۆر نابینایە، با جووتێك چاوی گەشیشی پێوە بێت. ڕاهاتن و تێگەیشتنی كۆچبەر لە نهێنی و كۆدەكانی جڤاكە نوێیەكەی،

پشووی درێژی دەوێت.

لە سەرێکی ترەوە، ئەو مرۆڤەی تەنیا لەنێو میللەتی خۆیدا ژیانی بەسەر بردبێت، تەنیا کولتوور و داوونەریتی میللەتی خۆی دەناسێت و هێشتا بەم جیهانە بەرینە نامۆیە. بۆیە وتوویانە: "غەریب بکەوە تاکو نوێ ببیەوە". بەندە لێرە، دوای سەرنجدان و بەراوردێکی ورد و درێژخایەن، ئەوجا بە خۆمم زانی، کە من وەک کوردێک بە دەیان کەموکووڕیی زەقم تێدایە و تازەکی و لێرە لێیان بەئاگا هاتووم. بۆیە بڕیارم داوە هەوڵ بدەم، وردە وردە خۆمیان لێ دەرباز بکەم. جا نازانم دەتوانم یان نا؟ فریا دەکەوم، یان نا؟

مرۆڤی غەریب لە زەمەنی ڕابردوودا قەتیس دەمێنێت و گێژ دەخوات. ڕۆژانە یادگارەکانی سەردەمی منداڵی، بۆن و بەرامەی منداڵی، ڕۆژانی نێو پۆل و گۆڕەپانی قوتابخانە، تێکەڵیی لەگەڵ دۆست و ئەحباب، لەوپەڕی زرپ و زیندوویەتیدا، هەرزەکاریی خۆی لەوپەڕی چالاکی و هاروهاجیدا دەور دەکاتەوە. ئەو بیرەوەرییانە دەیان جار، بەئاگای دەهێننەوە و لە خەوی قووڵ و شیرین ڕای دەپەڕێنن.. ئەوە سۆزبەندییە بۆ وڵات و درێژەدانە بە پێوەندی لە تەکیدا. ئەو لە نێوان جووت دۆخیدا دێت و دەچێت. پێیەکی لە وڵاتە و پێیەکی لە تاراوگەیە.. خەیاڵی لە وڵاتە و خۆی لە تاراوگە. لە نێوان نیشتمانی یەکەم و دووەمدا، یان لە نێوان خەیاڵ و ڕیالدا بە مۆلەق وەستاوە و دۆخی خۆی بۆ ساغ نابێتەوە.

بە خەیاڵ، ساتەوەختە درەوشاوەکانی ژیانی خۆی بۆ ئێستا دەهێنێت و دیسانەکە لێیان ڕادەمێنێت. پێی خۆشە ئەو ساتە کورتانە نەمرن و لە بەرچاوی بن، یان هیچ نەبێت لەبەر دیدەی خەیاڵی بن. ئەو بە هێنانی ئەو ساتەوەختە شیرینانە بۆ ئێستا، بەنیازە قەرەبووی نیشتمانێک بکاتەوە، کە لە دەستی داوە.

## کۆچبەر ئێستای نییە، داهاتوویشی نادیارە

کۆچبەر مێژوویەکی هاوبەشی لەگەڵ تاکەکانی ئەو وڵاتە نوێیەدا نییە، کە بەهیوایە بیکاتە نیشتمانی دووەمی. هیچ یادگارێکی تایبەت بەوێ گومان نابات، ڕۆحی ماندووی بلاوێنێت. بۆیە ئەوی غەریب ئێستایشی لەدەست داوە. دەڵێی بەسەر ئەم دنیایەوە نییە. چونکە هەر بەجەستە لەوێ ئامادەیە. بەهزر و خەیاڵ لە جێیەکی ترە. مانەوەی هەتا سەر لە وڵاتی غەریبی کارێکی قورسە، گەڕانەوەیش دەها قورستر. وەلێ ئەو هەردەم لە فیکری گەڕانەوەدایە، کە بەزۆری، لەبەر زۆر هۆ، بۆی نایەتە دی. هەرچی تاکی ئەورووپاییشە، بۆ ئێستای دەژی، چونکە داهاتوو تەمتومانە و نادیار. خۆ مرۆڤ بوونەوەرێکی غەیبزان نییە، تاکو داهاتوو بخوێنێتەوە. مەرگیش عەزیایەکە هەردەم لە بۆسەدایە. نازانی کەی یەخەگیرت دەبێت.

لە تاراوگە، هۆپێکت لەخۆ زانی قسە خۆشە خۆماڵییەکانت لەدەست داوە. ئەو تۆڕانەت لەدەست داوە، ئەگەر لە کەوتن بوویتایە، لە حەواوە دەیانگرتیتەوە و نەیاندەهێشت بەربیتەوە سەر زەوی. هەموو ئەو پەرژینانەی سنووری ماڵەکەتیان دەپاراست، ئاسەواریشیان نەماوە. لەنێو ملیۆنان مرۆڤدایت و لەوانیش ناچیت. وەک کۆترێکی ڕەشی ئاوەکیت لەنێو سەدان پۆلە کۆتری سپیدا.

لە ئامێزی ڕابردوودا قەتیسمان و شان دادانە سەر بالیفی بیرەوەرییە ڕازاوەکان، یەکسانە بە لەدەستدانی توانای بەرەوپێشەوە چوون. لە ڕابردوودا قەتیسمان دۆخێکە، کارکردی نەرێنی لەسەر زەینی ئەو نووسەر و هونەرمەندە کۆچبەرانە دادەنێت، کە هەرچەند دەکۆشن، ناتوانن لەبن پاڵەپەستۆی بیرەوەرییەکان دەربێن و خۆیان لە تەک ئێستای کۆمەڵە نوێیەکەیاندا بگونجێنن. ژیان بەیادی ساتە شیرینە دانسقە و بە سۆز بارگاوییەکانی ڕابردوو، کە هەرگیز ناگەڕێنەوە؛ باوەشی گەرمی ڕابردوو،

سیحر و هەژموونی ڕۆژانی ڕابردوو، دەرگە و پەنجەرەکانی زەینیان کڵۆم دەدات و لە ئەنجامدا، بەرەبەرە، بەبەرد دەبن. ناتوانن چیی تر داهێنانی نوێ بخەنە سەر لیستی ئەو کارە جوانانەی پێشتر لە نیشتمان بەرهەمیان هێنابوون.

لە تافی غەریبیدا، زمانی دووەم، گرینگییەکی لە ئەندازەبەدەری هەیە. تۆی غەریب، دەبێت زمانی ئەو نیشتمانە نوێیە بەباشی فێر ببیت، دەنا ناتوانیت کۆدەکانی بکەیتەوە و بەڕاست و دروستی لە ئاماژە و کولتوور و دیاردەکانی ئەوێ حاڵی ببیت. ناتوانی دەردی دڵی خۆتیان بۆ بەیان بکەیت و تێیان بگەیێنیت، کە تۆ چی لە دەوروبەرت دەخوازی. هەندێک جاران پەست دەبیت و بەزەییت بەحاڵی خۆتدا دێتەوە. ئەو ڕەوەندەی زمانی کۆمەڵە نوێیەکەی بەباشی فێر نەبووبێت، ئەوا بەردەوام دڕدۆنگ، زار بەگازندە و ماندووی مێشکە. وێڕای ئەوەی، کۆچبەرێک ئەگەر چاک لە زمان و کولتوور و یاساکانی کۆمەڵ نوێیەکەی حاڵی نەبێت، لە خەوش و کێماسیی کولتوور و زمانە ڕەسەنەکەی خۆیشی بێ ئاگا دەمێنێتەوە.

ئەو هەستی نامۆییەی لە مرۆڤی کۆچبەر دەئاڵێت، بە ساڵێک و دووان لە کۆڵی نابێتەوە. زەمان چەند بەرەوپێش هەنگاو بنێت تۆ هەر غەریبیت و نابیتە هاووڵاتیی ڕەسەن. تۆ ئەگەرچی ڕەگەزنامەیشت وەرگرتووە، وەلێ جارێک پێت دەڵێن بیانی، جارێک لەسەر شێوەی ئەو مووساییانەی کاتی خۆی لە کوردستان دەبوونە موسڵمان و پێیان دەوتن (نۆ موسڵمان)، پێت دەڵێن هاووڵاتییە نوێیەکان. جارێکی تر پێت دەڵێن، هاووڵاتی بەپاشخانی بیانی. یان قژڕەش و سەرڕەش و پێست تاریک.

### کۆچبەر، مرۆڤی لانشین

لە هەردە و دۆڵەکانی نیشتمان، هەڵۆ چەند بەسام و شکۆ بوو، کاتێک لەم لووتکەوە بۆ ئەو لووتکەی چیا دەفڕی! پۆلی پەڕەسێلکە چەند جوان و

سەرنجکێش بوون، کاتێک ساڵانە بەمیوانی سەریان دەدایەوە! وەلێ لێرە، نە هەڵۆ هەیە، نە پەڕەسێلکە و نە لووتکە. ئەوانیش لێرە ناحەوێنەوە. لێرە گوێت لە دەنگ و ئاوازە بێ پیت و بێ وشەکانی وەک، قووقەی کەڵەشێر، باعەی مەڕ و بۆڕەی مانگا و سەرەسەری نێرەکەری تێرجۆ نابێت. زستانان، دەنگی زاڵ، مەگەر وژەوژی با و ترپەی پێی تاوەباران و کرتەکرتی پەستانەوەی بەفری ئەستووری ژێر پێت بێت. لەم سەهۆڵبەندانەدا بولبولەکانیش، خۆیان داوەتە پەنا و دەرناکەون. ئەوانیش لە خولی متبووندان، کەس نازانێت لە کوێدا سەریان لەژێر باڵی خۆیان ناوە و کزکۆڵەیان کردووە.

لە تاراوگە، مرۆڤگەلی جاران وا هەست دەکات لانشین دەژی. بابایەکە کەس پێویستی پێی نییە.. میوانێکی ناوەخت و نەخوازراوە، ئەگەرچی لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیشی ئازادتر، بێمنەتتر و ئارامتریش ژیان بەسەربەرێت. سروشتی مرۆڤ وەهایە، ئەگەر لە غەریبی، لە نازی نیعمەتیشدا بژی، هێشتا هەر کاولە نیشتمانی خۆی لێ نابێزرێت و تاسەی دەکات. ئەگەر کەسێک لە نیشتمانی خۆی هەنگاوەکانی، وشەکانی لەژێر چاودێریدا بووبن، دڵنیابە لە تاراوگەیش، مرۆڤ لەنێو منداڵدانی دایکییەوە، تا مردن وێنەی دەگیرێت و لەژێر چاودێریدا دەمێنێتەوە. کامێرا ئاشکرا و نهێنییەکانی چاودێری، لەنێو پاسی ڕێبوار گواستنەوەدا، لەنێو قەتار و وێستگەکاندا، لەسەر شەقام و نێو بازاڕە جەنجاڵەکاندا، بەم ڕۆژگارە، وێنەت دەگرن و لێت نابنەوە.

نسێیەکی چڕیش، تووڕکی ڕووبەری ئەم وڵاتانەی باکوری داگیر و تاریک کردووە و بەری نادات. ئەم وڵاتە جوانانە، ئەوەندە سێبەر بەرهەم دێنن، لە خۆیان زیادە. خۆ ناکرێ وەک شیرەمەنی و گۆشتبەراز بۆ وڵاتانی دنیای هەناردە بکەن، دەنا دەیانکرد. نسێ لە ژووری نیشتەنی، لە پارک و کتێبخانە، لە هەموو جێیەک، لە مرۆڤەکان دەئاڵێت و یەخەیان بەرنادات.

دەشێ غەریبی، مرۆڤ دوو کەرت بکات و بیچڕووسێنێت. بە جەستە ئاوارەی هەندەران و بە ڕۆح لە کەونە وڵاتی خۆی بێت. خاوەنەکەی نەتوانێت کۆیان بکاتەوە و ڕۆژانە ئەم جووتە لەیەک دوورتر بکەونەوە، تا وایان لێ دێت، تەواو بە یەکدوو نامۆ و نەناس دەبن. ئیدی ئەو تاکەیش لە خۆی بێگانە دەمێنێت. ئای لە دابڕانی جەستە و ڕۆح خوایە! دەشێ لای ئەوی غەریبی خەم تێئاڵاو، هەستەکان، تەناهی، بزەی سەرلێو، ئارەزووی خواردن و خواردنەوە و گەشتوگوزار، لە جێی ڕاستینەی خۆیان نەمێنن. تاک لە هەواری غەریبیدا هۆپێکی لە خۆی زانی جورئەتیشی لەدەست داوە. هەندێک جاران، ئەوی قژڕەش، ناتوانێت لە ئاستی قژزەردێکدا چاو هەڵێنێت.

تۆی غەریب هەست دەکەیت لە بیاوانێکی چۆڵدا گیرت خواردووە. هەر دەڕۆیت و ناگەیتە ئەو ئامانجەی، کە پێشتر لە بەرچاوت گرتبوو. هەست دەکەیت ئامانجەکانت بە تراویلکە بوون و نایانگەیتێ. خەونەکانت نایەنە دی.. مەیلت ناچێتە سەر کولتووری خواردنی ئەوێ. تۆ ئەو سەمایەی ئەوان نازانیت و شانت بە گۆرانییەکانیان هەڵناتەکێنیت. دوای ماوەیەک ئەوجا پێ دەزانیت چ سەرەڕۆییەکت کردووە، کاتێک خۆت داوەتە دەستی قەدەر و بازرەی غەریبایەتی بوویت. ئەوجا پێ دەزانیت، درەختێکی بەرەگەوە هەڵکێشراویت و لەو غەریبییە ناڕوێیتەوە.

## کۆچبەر، لەسەر بیرەوەرییەکانی دەژی

بەم ڕۆژگارە، لە فەرمانگە، ماڵ، وێستگەی قەتار و شوێنە گشتییەکاندا، هەر میلی ڕەشی سەعاتە، چنگ لەسەر شان غار دەدا. چاوت لە بریسک و هووڕی سەعاتی تەلەفۆنە دەستییەکەتە. ئەوە چوارناڵەی مێژوویەکی جەنجاڵە، دەدا بە لاتا و تێ دەپەڕێ. ئەو بەغاردان جێت دێڵێت، تۆی لەش بەدۆشاویش دەسەوسان دانیشتووی، باوەڕ مەکە بە تۆزی سمە تازە ناڵکراوەکانیدا بگەیتەوە.

شڵپوکۆی قاز و مراوییە کێوییەکانی دەم گۆمە مەنگەکانی تاراوگە، بەتۆ نامۆن.. میترۆ و قەتارە خێراکان، بەتۆ نامۆن. ژەمە خواردنە سەفەرییەکانیش هەر بەتۆ نامۆن. تەنیا بیرەوەرییەکانت موڵکی خۆتن و بە هاناتەوە دێن. بۆیە ڕۆژی دەیان جاران دەستەودامێنیان دەبیت و بەسەریان دەکەیتەوە. چۆن بیرەوەرییەک؟ ڕازەکانی بەتاڵی زێڕ و خاسەڕەنگ نەخشێنراون. ئەوەندە درەوشاوەن ئاوی چاو دەبەن.

دەترسیت شەوکوتێک سووسەی کردبن، لە سێباری نیوەشەوێکدا، ناخلاف خۆیت لێ بەژووردا بکات و خورجەزینی هەزار ڕەنگەی یادەکانت بەتاڵان بەرێت. یان هەر بۆ خۆیان، وەک ڕەوە ئەسپی شەوبەکێوی سەردەمی زووی ئێلی جاف، تۆڕ و تووڕە، بەسەریاندا بێت، ئەم پادەشتە ڕچیوە بە کۆڵەوە بگرن و نەگەڕێنەوە بۆ لات. ڕۆژانە بۆ یادەکانت دەگریت، بەڵام دەخوازیت لەنێو شاردا بۆت نەدەن لە تەپڵ.

ئەم ژوورە نسرمەی تۆ، ڕۆژانە بۆ چەند خولەکێک تیشکە زەردەکانی خۆری تێ دەکەوێ، تاڵە کاڵەوەبووەکانی، بەشی ئەوە ناکەن چاوەیلتی پێ بڕێژی، وای، لە خۆری ئەوێ چەند گەش و بەتین بوو خوایە! خۆری ئەوێ چەند گەرم و بەشەوق بوو! کاتێک لەوێ، لە شارەدێ، بە ئارەزوویەکی ساکاری منداڵانەوە، سەرت لەسەر ئایەتەکان هەڵدەگرت و بێ تروکاندن، چاوت دەبڕییە گۆی خۆری دەمەوچێشتەنگاو، پاشان دەچوویتەوە سەر لاپەڕی قورئانەکەی سەر ڕانت، دەتدی پیتە ڕەشەکان بوون بە ساکە مێرگێکی سەوزی ناکۆتا. جا خۆ ئەگەر ڕاست بێت چاوبڕینە گۆی خۆر، مەردم کوێر بکات، دەبوو تۆی عاشقی خۆر، حەوت زەمان بوایە بینایيت لەدەست بدایە!

گوێت لە چریکەی بەسۆزی سەرەتای بەهاری شالوور و وردە مەلە. ئەوان چەند زوڵاڵ تێیان چریکاند. وەلێ نایانبینی! ئەوان لەنێو ورشەی گەڵای چڵە

بەرزەکاندا خۆیان داوەتە پەنا.. ئەم درەختانە زۆر لەوانەی دەورانی منداڵیی تۆ هەڵکشاوترن، بۆیە زاتناکەی وەک ئەوسا، سەمۆرە ئاسا، پیایاندا هەڵزنێی. ئەم گۆیژە دەنک سوورە بێ تامانە لەو گوێژە مزرانەی ئەوێ ناچن. تۆ بزانە چۆن کردوویانن بە پەرژینی باخچەی ماڵان و بە پەندیان کردوون!.

ئەم سەرەتای بەهارە، چەند لەکلەکێک لێرە لایان دا، وەلێ تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک ئێوەیان کرد بە خانەخوێ؛ گەرچی قوللەکانی ئێرە دەها هەڵکشاوترن، دارزانەکان باڵابەرزترن؛ منداڵەکانیش هێمنترن، کەسیشیان دارولاسیک لە مل ناکات! کەچی ئەوان بەدەم ڕاشەکاندن و لرفەلرفی باڵیانەوە، ئاسمانیان لە باوەش گرت و لێرە بەندنەبووەن. ئاسمانی دەرگە هەردەم والای میواندۆستیش چەند بەنەزاکەت و سۆزەوە ئەوانی لە هەمێز گرت!.

پەپوولە بەو ناسکییەی خۆیەوە، ئەگەر پەنجەی مرۆڤی بەرکەوێ دەژاکێ و دەپروێ، دەسا پەپوولەی کۆچەری باڵیان لەوانی تر بەهێزتر و فراوانتریشە. مرۆڤی کۆچبەریش کەسانی بەهێز و بە ئیرادە و سەرەڕۆن، ئەوان خۆیان داوەتە دەستی قەدەر. دەنا چلۆن بەرگەی ڕێی هاتونەهاتی کۆچ و شەپۆلانی دەریا و سوێی غەریبایەتی دەگرن؟.

## ئەی کۆچبەری غەریب

ئەی کۆچبەری غەریب، کاتێک شەوانە خەوت لێ دەزڕێت، چاک بزانە، تۆ نیشتمانێکت بەجێ هێشتووە درەوشاوە، خۆشەویستێکت لەدەست داوە بەوەفا. بۆیە ڕۆژێکی هێندە تاڵ تێ کەوتوویت، کە ناهێنێت بەیانی بۆی بەئاگا بێیتەوە.. یەک لەباری تۆی نووسەر، تەنیا بە نووسین دەتوانی بەرگەی غەریبی و تەنیایی بگری. لەم وڵاتە دەست و پێ تەڕ و تەزیوەدا، نووسین ئاگرێکی دڵسۆز و میهرەبانە، ناتسووتێنێت، گەرمت دەکاتەوە و ناهێڵێ ڕەق هەڵێی.

هەر دەڕۆیت، هەنگاوە ماندووەکان ئەسەرێک، نەخشێک، ڕەنگێک، سەنگێک، دەنگێک لەسەر ڕووی ئەم خاکە نوێیە نانوێنێت. دەرگە داخراوەکان دەکوتیت، شوێن پەنجەت بە دەسکی دەرگەیەکەوە جێ نامێنێت.. وەک ئەو مەلانەیت بە تەنیا ئاسمان تەی دەکەن و دوور کۆچ دەکەن، سرک و لەسەر هەست دەفڕن.. بای ڕچیوی باکور، بەم ڕۆژگارە کرژ و گرمۆڵەت دەکات و دەتخزێنێتە توێی پاڵتۆیەکی ڕەشی قۆپچە داخراوەوە. شەوانەیش، هەر ئەو بایەیە، شان لە پەنجەرەی ژوورەکەت دەکوتێت و دەیزرنگێنێتەوە.

دوورکەوتنەوە لە زێد، لەو خانووەی تێیدا چاوت بە دنیادا هەڵهێناوە، با لە خۆیدا کەلاوەیەکی پەڕپووتیش بووبێت، وەلێ وەک یەکەمین نیشتمان، سفتوسوێی خۆی هەیە. دوورکەوتنەوەی لە پڕ و یەکجاری لەو هەموو جەنجاڵی و ئاوەدانییەی کەسوکاری دەم بە هاوار و سوێرقسە، سینە پڕ لەو حیکایەتانەی، وەک هێلّی قەتار درێژ دەبنەوە و کۆتاییان بۆ نییە و چک ناکەن، بگرە ڕۆژانە حیکایەتی تری نوێیان تێ دەڕژێت، هەست دەکەیت بە ڕەگەوە لە باخی خۆت هەڵکەندراویت.

زۆرجاران مرۆڤ، ئەم دۆخی غەریبییە بە خەونبینین قەرەبوو دەکاتەوە. گۆڕەپانی هەموو خەونەکانی تاکی کۆچبەریش نیشتمانی خۆیەتی، چونکە ڕەگەکانی لەوێن. دەفتەری مێژووی لەوێ بەجێ ماوە.. چونکە پێوەندییەکی مکۆمی لە تەک ئەم کۆمەڵە نوێیەدا نییە، تاکو شەوانە خەونی پێوە ببینێت. ئەو خەونانە، غەریبیی نیشتمانێکە، ئەمی کۆچبەر پشتی تێ کردووە، یان لێی هەڵاتووە.

جار هەیە هەستێکی وا تێی دەئاڵێت، وەک سەرلەشکرێک بێت، لە غەفڵەتێکدا هاوسەنگەرانی، لە چەمەوە، پێ دزەیان کردبێت و پشتیان تێ کردبێت. خۆی بەتەنیا، بەتفاقی کەمەوە، لە بەرانبەر ئۆردوویەکی تەیاردا، ڕاوەستابێ.

له تاراوگه، میللەتێکی گەورە و گران دەمێنێتەوە سەرخێڵێکی گچکەی پەڕاگەندە. تاکەکانی بە ئاسانی پێکەوە هەڵناکەن. چونکە ئەوان، پێشتر یەکتریان نەناسیوە. هەریەکەیان لە گۆشەیەکی نیشتمان و لە ژینگەیەکی جیاوازەوە هاتووە. وەک چۆن جۆگەلەیەک، لەنێو شڵپوکۆ و شەپۆلانی دەریادا ون دەبێت، تاکەکانی ئەو خێڵەیش ئاوا، لەژێر زەوینێکی بۆخنکی شارێکی بە ئاپۆڕادا بزر دەبن. لەوێدا، دوور لە چاوی لاپرەسەنی زۆرینە و زاڵ، کلوپێک بۆ خۆیان چێ دەکەن. لەوێدا سرووتەکانی خۆیان پیادە دەکەن و خواردنی خۆیان دەخۆن، سەمای تایبەتیی خۆیان دەکەن. گوێ لە موسیک، حەیران و ئای ئای خۆیان دەگرن. ئەوان ئاوا قەرەبووی دووری و دابڕان دەکەنەوە. ئاوا لەوێ لەو سەهۆڵبەندانی باکورەدا، قەرەبووی هەتاوی پرشنگداری خۆرهەڵات و پێوەندییە گەرموگوڕەکانی ئەوسای وڵاتی خۆیان دەکەنەوە.

دەبنە یەکێک لە خێڵی شارە گەورەکان. ئەو شارانەی بە کەمایەتی جەنجاڵن و پێشیانەوە دیار نییە. چونکە کەمایەتی جێدەستیان بەو ئەورووپای دیجیتاڵەوە دیار نییە. ئەورووپایەک، کە شەو و ڕۆژی بۆ نییە، بەردەوام گوێت لە تافەی بەرەوپێشەوە چوونێتی، چاوت لە هەنگاوی بەرینی میترۆ و شەمەندەفەر و فڕۆکەکانێتی.

## ڕەوەند و ئەورووپای دیجیتاڵ

مرۆڤی کۆچبەر، وەختایێ بۆ دڵشکاوی و غەریبیی خۆی دەناڵێ و دەکرووزێتەوە، ئەوە ئەڵهای نیشتمانێکی لەدەستچوو دەکات. ڕۆح و جەستەی وا خەریکە لەسەر تاشەبەردی کولتوورێکی تر وردوخاش دەبن. تاوێک بێ ئۆقرە و تووڕەیە، بەگڕدا دەچێتەوە، تاوێکیش گرۆز. دواجار لە دەستەمۆبوون و ملدان بەولاوە هیچی تری لەدەست نایەت.

غەریبی وشەیەکە، لەرینەوەیەکی خەمناکی لەخۆ گرتووە. هەستکردنە بە

تەنیایی و پچڕانی ڕایەڵەکانی پێوەندی بە زێدەوە. ڕایەڵی دراوسێتی. ڕایەڵی خزمایەتی. ڕایەڵی سرووتە ئاینییەکان و هامشۆی مزگەوت و پەرستگە. ڕایەڵی هاوخێڵی. جەژن و بۆنە ئاینی و نەتەوەییەکان، کە تاکەکان لە یەکتری نزیک دەکەنەوە و سۆزبەندییان لە نێواندا بەهێز دەکەن. تاکی غەریب، پەڕیوەتە نێوەندێکەوە، دەوروبەرەکەی مشووری ناخۆن و بەتەنگییەوە نین. وەک پێویست گرینگیی پێ نادەن. وتەکانی ئەگەر گەوهەریش بن، لەوێ ڕەواجیان نییە و کەسێک ئاوڕیان لێ ناداتەوە. لێشی تێ ناگەن. گێژەگێژ بەسەر شەقام و نێو بازاڕەیلدا دەسووڕێتەوە، بێ ئەوەی سەڵاو لە کەسێک بکات، یان کەسێک ڕۆژباشی لێ بکات و جارێک خوڵکی قاوەخواردنەوەیەکی بکات.

بەدەگمەن هەڵدەکەوێت، کۆچبەر بتوانێت دۆست و هاوڕێ، لە ڕیزی هاوولاتییانی ولاتی خانەخوێدا بگرێ. نە ژنیان دەداتێ و نە ژنیان لێ دێنێت، مەگەر بە دەگمەن. ئەو ناچارە لەسەر ئەو هەموو کیژە چاوشین و بەژن زراڤ و پرچ زەردانەدا، گرگر بگەڕێتەوە زێدی خۆی، لەوێ ژن بخوازێت. ئەو دۆستایەتیی لەگەڵ غەریبێکی هاودەردی سەر بەمیللەتەکەی خۆیدا دەگرێت. تاکو ناوبەناو، سەر بەیەکتردا بکەن و نوکتە و یادگارەکانی خۆیان بۆ یەکودوو بگێڕنەوە.

ئەوروپا دەتوانێت چی لە لێشاوی ئەو خەڵکە بکات، کە ڕۆژانە لە باشووری گۆی زەوییەوە ڕووی تێ دەکەن؟ ئەوروپایەک، کە شاری گەورەی نییە کۆنە پاشا و سەرۆک وەزیر و سەرکۆماری خۆرهەڵاتیی خیچاوی کودەتا بەسەردکراوی تێدا نەبێت. ڕێک دەکەوێت لە قاوەخانەیەکدا، ئەوەی لە پاڵتدا دانیشتووە و خۆی بە ڕۆژنامەیەکەوە خەریک کردووە، سەردەمێک لە ولاتی خۆی ئیمپراتۆر بووبێت، لە غەفڵەتێکدا هۆیێکی لەخۆ زانیبێت، وەک من و تۆ لەم خۆرئاوایە بووە بە پەنابەر.

تاکی غەریب وا هەست دەکات، گوێڕایەڵی بۆ نیشتمانی ڕەسەنی خۆی لەدەست داوە. بۆیە لە ناخەوە هەست بە ئازاری ویژدان دەکات. وەکی تر لە نێوان خەڵکانێکدا گیری خواردووە، لەو ناچن و لە تۆرەمەی خۆی نین. هاوزمان و هاوپشتی خۆی نین و دڵیان پێی ناسووتێ. ڕەنگە گومانیشی لێ بکەن. ئەمیش دڵی بەوان ناکرێتەوە. زۆرجار ئەم زمانیان نازانێت و پێویستیشی پێیەتی. ئەوان زمانی ئەم نازانن و پێویستیشیان پێی نییە. ئەم سەربارە و خۆی بەواندا هەڵواسیوە. ئەم قەدەر هێناویێتی و بە ڕێککەوت لە نێوەندێکی وەهادا گیرساوەتەوە، کە ئاواتی بۆ نەخواستووە. وەلێ مالیجەشی نییە. گومانی ئەوەش دەکات، کاتێک بە ڕوویدا دەتریقێنەوە و زەردە دەیانگرێت، ئەوە زەردەخەنەیەکی دروستکراو بێت و لە ناخەوە نەپەڕیبێتە سەر گۆشەی چاو و لێویان.

بۆیە هەندێک جاران بەخۆیدا دەشکێتەوە.. ئاوەهایە غەریبی. دنیایەکە، پڕە لە ناکۆکیی پێکەوە هەڵکردوو. وەلێ دەنگی غەریب لە دووڕا دیارە، بە ئەندۆ و سۆز بارگاوییە. هەتا زیاتر لە زێدی خۆی دوور بکەوێتەوە، ژێیەکانی ڕۆحی پتر دەلەرزن و دەلەرێنەوە. فیولیت داغر، کە خۆی بەهۆی پازدە ساڵ جەنگی ناوەخۆی لوبنانەوە پەڕیوەی ئەوروپا بووە. لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (زمن الغربة)، کە لە ماڵپەڕی (الحوار المتمدن)دا، (١٧/١٠/٢٠١٠) هاتە بڵاوکردنەوە؛ سەبارەت بە چەمکی غەریبی دەڵێت: "غەریبی ئەوەیە، تۆ لە حاڵی حازردا غایب بیت و لە زەمانی ڕابردوودا ئامادە بیت. بەڵام ئەگەر هاتوو نەفی کرابیت، ئەوەیان ئەوپەڕی کەوتووە، بۆ کەسێک، بەزۆرەملێ لەلایەن ڕێژیمێکی سەرکوتکەرەوە قاو درابیت."

## خەمی ڕەوەندی کورد زۆرن

ڕەوەندی کورد لە هەندەران ئەوەندە کەمینەن، بەحەشیمەتی وڵاتی خانەخوێوە دیار نین. کەچی بەو حاڵەیشەوە داغان بوون و هەر ژمارەیەک،

سەر بەگرووپەکی سیاسین و بەیەکەوە نانووسێن. دەشێ بڵێین، ئەو واقیعەی لە نیشتمان هەیە لەوێندەرێش ڕەنگی داوەتەوە. لێرەیش دەردە کوردەکەمان لێ نابێتەوە. لە بریی ئەوەی کۆ بینەوە، لەیەک دادەبڕێین، ئەو شتە کەمەی، کە ئەم گرووەیان بە چنگەکڕێ بنیاتی دەنێت، ئەوی تریان دێت، دەیڕووخێنێ و لە بێشکەدا دەیتاسێنێت.

یەک لە باری خۆم، دەپرسم: گریمان هەموو کوردی نیشتەجێی وڵاتی سوێد بوون بە هەواداری فلانە حزبی کوردی، ئاخۆ دوای ئەوە چی ڕوو دەدات؟ ئاخۆ ئەم پێشهاتە دەتوانێت کێشەی کورد لە جیهاندا بستێک بباتە پێشەوە؟ وەڵام: نەخێر! ئەوان بەو مێنتەلێتییەوە نایشتوانن هیچ ڕاژەیەک پێشکێش بە زێدی ڕەسەنی خۆیان بکەن. بەبۆچوونی بەندە، وەها چاکترە ڕەوەندی کورد لە هەر وڵاتێکی دنیادا بژین، لەنێو حزبەکانی ئەوێدا چالاک بن. بۆ ئەوەی لەو جڤاکە نوێیەدا چەند هەنگاوێک بچنە پێش. لەوێ ببنە ئەندامی پەرلەمان و ئەگەر کرایش لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندندا جێ پێیەک بۆ خۆیان بکەنەوە. ئەوجا ئەوان دەتوانن لە کەسانی بڕیاربەدەست و سەرمایەدار، لە ڕووناکبیر و سیاسەتوان نزیک ببنەوە و بۆ سوودی میللەتی کورد بەگشتی کەڵکیان لێ وەربگرن.

هەر بۆ نموونە، ئەگەر حزبێکی کوردستانی، لە هەر وڵاتێکی ئەورووپادا ئەندام پەرلەمانێکی لە پەرلەمانی کوردستاندا هەبێت، ئاخۆ بەنیازە چی بکات و چ سوودێک دەگەیەنێت؟ وەڵام هیچ! بەڵام ئەگەر کوردی پارچەکانی کوردستان، ئەوانەی وا پەڕیوەی هەندەران بوونە، ئەوەندە هۆشیار بن، لە هەر وڵاتێکی ناتۆدا، یان با بڵێین لە وڵاتانی یەکەتیی ئەورووپادا چەند کوردێک بۆ پەرلەمان سەربخەن، ئەوسا دەیشتوانن یەکەتیی پەرلەمانتارانی کورد لە ئەورووپادا چێ بکەن. ئەو حەلە دەبنە گەورەترین هێزی پاڵەپەستۆ بۆ سەر ئەو حکوومەتە سەردەستانەی وا کوردیان تێدا دەژی. دەشتوانن ساڵانە ئاگری نەورۆز لە باخچەی پەرلەمانەکانی ئەورووپادا بکەنەوە و

ئاهەنگیان تێدا بگێڕن. واتە دەکارن کورد و کێشەکانی بەخەڵکی دنیا بناسێنن و بیشیبەنە پێشەوە.

تاکو ئێستا چەند کورد توانیویانە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی خانەخوێدا پۆستی گرینگی وەک سەرنووسیاری ڕۆژنامەیەک، کۆوارێک، یان بەڕێوەبەری ڕادیۆیەک، تەلەڤزیۆنێک مسۆگەر بکەن، کە ئەمانە پۆستی زۆر بەسوودن بۆ کورد؟ وەڵام: هیچ کوردێک! چەند کورد بوونەتە خاوەنی کارخانەی گرینگ، تاکو ئەو جۆرە پیشەسازییە بگەیەننە کوردستانیش؟ دیسان هیچ!

حزبایەتیکردنی تاکی کورد لە هەندەران، بەو شێوە کلاسیکییەی، کە ئێستا لە ئارادایە، لە خزمەتی کورددا نییە، بگرە زیانی پێ دەگەیەنێت. چونکە کورد لەوێ کەمایەتییە. ئەوانیش دێن ئەوەندەی تر دابەشی دەکەن. بۆ کوردی نیشتەجێی هەندەران وەها چاکە، وەک وڵاتێک سەرنجی کوردستان بدەن. خەمی هەموو کوردستان هەڵگرن، نەک خەمی پارچەیەک و لەو پارچەیەشدا خەمی پارچەیەکی گچکەتر، کە حزبەکەی خۆیانە بخۆن.

ئەگەر بهاتایە کوردانی نیشتەجێی ئەڵمانیا، کە حەشیمەتیان لە وڵاتی (بەحرەین) زیاترە؛ یەکدەنگ بوونایە، دەیانتوانی لە هەر خولێکی هەڵبژاردندا، لانی کەم چوار کاندیدی کورد بۆ پەرلەمانی ئەو وڵاتە سەربخەن. بەو دابەشبوونەیش، کە ئێستا لە ئارادایە لۆبی چینا بێت.

پێم وایە، ئەو حزبانەی، لە باشووری کوردستان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن، گەرەکە هەوادارانیان لە هەندەران هان بدەن پشت و پەنای حکوومەتی کوردی بن، جا هەر لایەک لە کوردستان لەسەر کار بێت. گەرەکە ڕەوەندی کوردیش وەک ڕەوەند، یان لۆبیی میللەتانی دنیا مامەڵە بکەن. واتە حکوومەتی کوردستان بەهی خۆیان بزانن. هەر کاتێکیش گەڕانەوە بۆ کوردستان با لەوێ بچنە پاڵ حزبی دڵخوازی خۆیان و دەنگی بۆ بدەن.

ڕەوەندی ئیسرائیل و ئەرمەنیش هەر وەهایان کردووە، بۆیە چالاکترین جووتە ڕەوەندی ئەم دنیایەن.

گەرەکە خەمی ڕەوەندی کورد لە هەندەران حزبایەتی نەبێت، بگرە کوردایەتی بێت. گەرەکە چاو ورد بکەنەوە و لە پێوەندیدا بن لەگەڵ کوردستانی گەورە. بزانن کورد لەوێ لە چییان کەم بێت، ئەمان لێرە ئەوەی لە توانایاندا بێت، بۆیانی دابین بکەن.

## کۆچبەر و مەیلی گەڕانەوە بۆ زێد

تۆی کۆچبەر ناتوانی هەروا بەئاسانی لەگەڵ ئەو خەڵکە نوێیەدا، کە هیچ پێشینەیەکت لەگەڵیاندا نییە، ڕابێیت. نایشتوانیت لەگەڵ لۆقی درێژی ئەواندا دەربچیت و ڕێ بکەیت. ئەوان زۆر پێشکەتوون و تۆ لە چاویاندا پاشڤەڕۆی. ئەوان لە دانیشتن و بۆنە و نانخواردن و ئاهەنگدا کولتووری خۆیان و ئیتیکی خۆیان هەیە، کە لە بابەلبابیانەوە بۆیان ماوەتەوە. تۆ هێشتا هیچی لێی نازانیت. ئەگەر وەک ئەوانیش هەڵسوکەوتت نەکرد، یان لە لاساییکردنەوەی ئەواندا تێ کەوتی لەوانەیە ببیتە جێی لاقرتییان. ئەوان وەک تۆ نان ناخۆن. وەک تۆ کەوچک و چەتاڵ، یان دەست و پەنجە بەکار ناهێنن و پێکهاتەی ژەمە خواردنەکانیشیان جیاوازە.

تۆ بەئاین ئیسلامیت و ئەوان خواردنی هەرە خۆشیان لە گۆشتبەراز دروست دەکرێت. گۆشتبەراز نە یەکێک نە دووان نە دە جۆر خواردنی لێ دروست دەکەن و تۆیش لەوەتی گوێچکەت لێ ڕواوە لێکدا لێکدا وێڕای حەرامییەکەی باسی ئەو نەخۆشییە وەهمییانەت بەگوێدا دەدرێ، کە لە خواردنی گۆشتبەرازەوە دادەکەون و تووشی مرۆڤ دەبن. خۆ ئەوان نایەنە سەر کولتووری تۆی ئاوەکی و غەوارە. ئەوان هیچ پێویستییان بەتۆ نییە، ڕەنگە لێشت بەگومان بن. یان لێت پڕ بن، چونکە تۆ لەو وڵاتە دواکەوتووەی خۆتەوە هاتوویتە سەر حازری و بە بنیاتنانی ئەم شارستانەتە نوێیەوە

سەعاتێک ماندوو نەبوویت و خشتێکت لەسەر خشتێک دانەوە، کەچی وەک ئەوان لە بەرەکەی دەخۆیت. سوودیش لە یاسا و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیی ئەوان وەردەگریت. کەواتە تۆ حازرخۆری بەر سێبەریت.

تۆ ئەگەر لە وڵاتی خۆیشت کەسێکی سوێرقسە بوویت، لێرە سڵ دەکەی لەوەی بەئارەزووی خۆت سەری قسە دامەزرێنیت. بگرە لێرە دەبیتە کەسێکی کەمدوو. بە ترسەترس قسان دەکەیت، نەبادا تێ بکەویت و هەڵە بکەیت و نەتوانی ئەوەی دەیخوازی بەدروستی بیگەیەنیتە دەوروبەرت. چەند دەکۆشیت ئەوەی دەتەوێ بیڵێیت بۆت نایەتە سەر زمان. چونکە زمان نهێنی و کۆد و ئیدیەم و دەستەواژە و پەندی خۆی هەیە، کە لە جێی خۆیاندا دەوترێن، تۆیش نەشارەزایت و فرت بەسەرییەوە نییە. تۆ با شتێکیش زمان فێر بوویت، ئەوان ئەگەر مەیلیان لێ بێت بەکۆد و هێمای تایبەت بەخۆیان دەدوێن، کە تۆ لێیان تێ ناگەیت و سەریان لێ دەرناکەیت. ڕەنگە بەو زمانە بەهێما و کۆد بارگاوییە پێشیان ڕابواردبیت و بەخۆیشت نەزانیبێت.

زمان نەزانین گەورەترین کۆسپی کۆچبەرە، چونکە ئەوەی زمان نەزانێ ناتوانێ تێکەڵ بەکۆمەڵ ببێت. دەبێ باسی ئەوەیش بکەم کە ئەوانەی بەتەمەنی پیری دەگەنە تاراوگە چەند هەوڵیش بدەن، هێشتا هەر بەباشی فێری زمان نابن. ئەو بەتەمەنانە، زۆرجاران بۆ ڕاییکردنی کاروباریان، لە بریی وەرگێر، منداڵیان یان کوڕەزا و کچەزا تەمەن نۆ ساڵ و دە ساڵەکانیان لە تەک خۆیاندا دەبەن. سوێی ئەوەیشیان لە دڵ دەرناچێت، کە لەوێ زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان بووە بەزمانێکی قەڵب و ماوەبەسەرچوو، ناخوات و ناچێت. کەسیش لەوان مەبەستی نییە بیزانێت.

کۆچبەر لەم ژینگە نوێیەدا هەموو کات دڕدۆنگ و ناقایل و زار بەگلەییە، هەرچی بکات و هەرچییەکیشی بۆ بکەن هێشتا قەرەبووی نیشتمانی لەدەستچووی بۆ ناکەنەوە. هاوین هات، ئەوی کۆچبەر، بەزێدەگۆییەوە

دەڵێ، خۆزگە لەوێ بوومایە، ئێستا لەوێ دنیا گەرمە و هەنجیر و فلان و فلان میوە و سەوزە پێ گەیشتوون.. بەهار هات دەڵێ، ئێستا لەوێ کاتی گەشت و سەیرانە. ئەو ناوی تەواوی سەیرانگەکانی لەسەر زارە. دیمەنی ئەوسای هەموویانی لە خەیاڵدا ماوە. بەهاری لێ هات، ئیتر لەو ئەوروپایەدا، هەر ژنی کوردە لە کن بەقاڵی عەرەب و تورکان بەشوێن پەڵپینە و چوالە و گەلامێو و کنگردا دەگەڕێن و پایزانیش بەشوێن تەڕەماشدا عەوداڵن، چونکە ئەم تەڕە و میوانە بۆنی نیشتمان و ژەمە خواردنی نیشتمانیان لێ دێت. ئەوان بەم شێوەیە قەرەبووی دووری لە ولات و لەدەستدانی نیشتمان دەکەنەوە.

تۆی ڕۆژهەلاتیی محافیزکاری (کۆنسێرڤەتیڤ) لەسەر پاراستنی داوونەریتی باپیران سوور، هەردەم لە دڵەڕاوکێی ئەوەدای کوڕەیلت پایان بئالێتە باندی مادە هۆشبەرەکانەوە، کچەیلیشت لەسەر داوونەریتی خۆرئاوا دۆست (بۆیفرێند) پەیدا بکەن و شەرەفت بلەوتێنن. خێزان هەن بەر لەوەی کچەیلیان عازەب بن، ڕێوڕێ بۆ ولاتی خۆیان دەگەڕێنەوە. ئەوان، کە لە نیشتمانی خۆیاندا پێیان خۆش نەبووە کچیان ببێت، لە خۆرئاوی کەس لە کەسدا، مێیینە بۆ ئەوان ئەوپەڕی نەهامەتییە و سەری دنیایان لێ دێتەوە یەک، کاتێک منداڵی مێیینەیان دەبێت. چونکە لەوانەیە بە قەولی خۆیان شانکورتییان بەسەردا بهێنێت. هەر لەمەڕ پرسی منداڵ و نەوەی نوێ. ئەوان لە دڵەڕاوکێی ئەوەیشدان پاش نەوەیەک دووانی تر، ئیتر بەتەواوی مەیلی نیشتمانی ڕەسەن و زمانی باپیرانیان بنێن و زمانە ڕەسەنەکەیان لەدەست بدەن، دێوانگۆڕ بن و بەجارێک وەجاخیان کوێر ببێتەوە.

هەر سەوزە و مێوەیەک باس کرا، ئەو خێرا و بێ بیرکردنەوە دەڵێ، ئەوەی لەمەڕ کوردستان تامی زۆر خۆشتر بوو. جوانترین دیارییش لە کوردستانەوە پێی بگات، ترخێنە و دۆینە و کەشک و گەزۆیە، کە ڕەنگە ئەودەمانەی لە ولات ژیاوە هەر مەیلیشی نەکردبن، بەلام ئێستا ئەم

خواردنانە هەم ڕاستەوخۆ بەکوردستانەوە دەیبەستێتەوە، هەمیش قەرەبووی خواردنەیلی وڵاتی خانەخوێی پێ دەکاتەوە، کە هێشتا مەیلی ناچێتە سەریان و ڕەنگە بێزیشیان لێ بکاتەوە. بەڵام دوای تەمەنێک، ئەم مەیلە بەو گەرموگوڕییە نامێنێت، بگرە گۆڕانی بەسەردا دێت.

بیهێنە پێش چاو، کۆچبەرێک لە وڵاتی خۆی ئەندازیار، یان پارێزەر بووبێت، کەچی لە تاراوگە ئەندازیاریان لێ زیادە. ئەمیش لەو پیشەیە بترازێ کاری تر نازانێ. لە خۆرئاوا پارێزەری ڕۆژهەڵاتییان بۆ چییە؟ ئەوێک، کە نەشارەزای ڕێسا و یاسای ئەم وڵاتە بێت، کە لەگەڵ یاساکانی وڵاتی خۆیدا ئاسمان و ڕیسمانیان بەینە دەتوانێ چی بکات؟ وێڕای ئەوەیش ئەوی کۆچبەر هێشتا بە ڕەوانی زمانە نوێیەکە فێر نەبووە، ئیتر چلۆن کار بکات، کە پیشەی پارێزەری، لە خۆیدا پێویستی بەزمانپاراوی هەیە؟ ئەم دوو کۆچبەرە، کاتێک لە نیشتمان ژیاون ڕەنگە خۆیان بە ڕۆشنبیریش زانیبێت. دەوروبەر بەچاوی ڕێزەوە بۆی ڕوانیون، کەچی لێرە هەست بەبێ ئۆرتیی خۆیان دەکەن. دواجار دەبێ بەناچاری لە دوکانێکی پیزادا قاپ بشۆن، یان لە نانەواخانەیەکدا هەویر بشێلن و گونک ببڕن، یان بەناچاری خۆیان فێری پیشەی سەرتاشی بکەن!

وێڕای هەموو ئەمانە، لێرە کارە فەرمییەکان بەهۆی کۆمپیوتەرەوە ڕایی دەکرێن و ڕەنگە ئەم دوو کۆچبەرە هێشتا بەپاندان بنووسن. لێرەوە بەخۆیاندا دەشکێتەوە و هەست دەکەن غەدریان لێ کرابێت. ڕەنگە خەمۆکی بەرۆکیان بگرێت و بیانچرووسێنێ. ئەم دووانە هەتا ئێوارە دەنگ هەڵبڕن و بڵێن ئێمە ئەندازیار و پارێزەرین، کەسێک گوێیان لێ ناگرێت. زەمەنی خێرای ئێرە، شارستانەتیی ئێرە بەجێی هێشتوون، هەتا ئەوان شتێک فێر دەبن لە دوو شتی تری نوێدا دوا دەکەون. ئەوانی لە کاروانی خۆرئاوا جێماو، چەند تێ بکۆشن هێشتا هەر بەلۆقی خێرای ئەم سەردەمەدا ناگەنەوە، کە بۆ چرکەیەکیش لەسەر ئەوان ڕاناوەستێت. دیارە هەیشە زوو

لەگەڵ دۆخەکەدا رایەت و دەتوانێ لە شوێنی شیاودا جێی خۆی بکاتەوە. بەڵام ئەو جۆرە کەسانە دەگمەنن.

هەیە بە کۆکردنەوەی پارە و سامان قەرەبووی ئەم بۆشاییانە دەکاتەوە. لێی بووە بەنەخۆشی، چاوی تێر نابێت، لێی نابەخشێ، یارمەتیی کەسی نزیک و خێزانی خۆیشی لێ نادات. بەملیۆن دۆلاری کەڵەکە کردووە، کەچی بەرواڵەت وەک هەژار خۆی پێشان دەدات. وەک هەژار ژیان دەگوزەرێنێت. پاساویشی هەر ئەوەیە، گوایە پارە پاڵپشتە، ئەگەر رۆژێک لێی قەوما.

ئەو کۆچبەرەی زمان فێر نەبوویێت، ئەوا لە دوودڵی و نیگەرانیی هەمیشەییدا ژیان تێ دەپەرێنێ و بروایشی بە توانای خۆی نامێنێ، کە رەنگە پێشتر لە نیشتمانی یەکەمی، خۆی بەکەسێکی خاوەن توانا و دنیادیوەیش زانیبێ. تاکی وەها ژان و ژووری غەریبی تێی ئاڵاوە و بەرۆکی بەرنادات، چونکە ئەو لە نێوان دوو کولتووردا بەگیر وەستاوە. لە یەکەمیان مایەپووچ بووە و نایشتوانی ببێت بەخاوەنی دووەم. کۆچ قۆناغێکە کەوتووەتە نێوان ژیانێکی سەقامگیر و ناسەقامگیرەوە، چونکە ئەو ترسی لە رووداني کارەساتی کوتوپرو نادیار هەیە. وەک جووتە نووسەری کتێبی «التحليل النفسي للمهجر والمنفي» دەڵێن: "کۆچ دیاردەیەکە، مرۆڤ وەک (کۆچبەر) پۆلێن دەکات.. ل. ٤٠"

کۆچبەر بەرەبەرە، لەگەڵ تێپەرینی رۆژگاردا، مەیلی نیشتمانی رەسەنی خۆی دەنێ: "تەنانەت لەگەڵ بەرێکردنی ساڵاندا، ژمارەی ئەو نامانەی، لەلایەن کۆچبەرەوە بۆ خزمانی و بەپێچەوانەوە دەنووسرێن دادەبەزێت، ئەمەیش نیشانەی دوورکەوتنەوەی نێوان دوو لایەن یان دوو جیهانە... ل. ٩٥".

کۆچبەر ترسی ئەوەیشی هەیە جارێکی تر دەستی بەهەموو ئەو شتانەدا نەگاتەوە، کە لە دوای خۆی لەوێ جێی هێشتبوون. بروای وایە ئەوانەی لە دەستی داون جارێکی تر بۆی پەیدا ناکرێنەوە. پیاوەیل زیاتر چاویان لەوەیە

بگەڕێنەوە، وەلێ زۆرینەی ژنەیل حەزیان بەکۆچی پێچەوانە نییە. چونکە ئەوان لە ولاتی دووەم دەستکەوتیان پترە و مافەکانیشیان پارێزراوە و بووشن بە خاوەنی کیسەی بەرباخەڵی خۆیان. خۆ ئەگەر دایک و بابیش هەوای گەڕانەوە لە کەللەیان بدات، ئەوا منداڵەیل پێیان خۆش نییە بگەڕێنەوە. چونکە ئەوان زمانە نوێیەکە فێر بوونە. چوونەتە نێو کۆمەڵە نوێیەکەوە. هاوڕێی نوێیان گرتووە و بەم شارستانەتە نوێیە ڕاهاتوون. وێڕای ئەوەی منداڵ لە گەورە زیاتر چێژ و کەڵک لەم شارستانەتە وەردەگرن. دوارۆژیان لێرە مسۆگەرتر و ڕوونتریشە، هەتا نیشتمانی یەکەم. لیون و ربیکا غرینبرغ پێیان وایە:

"زۆریان لە نێوان خەون و بێداریدا لە خۆیان دەپرسن، ئەرێ بەڕاست من لە کوێم؟ لێرۆکانە چی دەکەم؟ کاتێک ئەم دۆخە لێیان پێر دەکات، لەوانەیە تووشی لەخۆبێگانەبوونیان بکات. وەک ئەوەی مرۆڤی کۆچبەر، یان نەفیکراو نەتوانێ پارچەکانی ئەوێتی (شوناس)ی خۆی بەشێوەیەکی هارمۆنی کۆ بکاتەوە. ئەم جۆرە شڵەژانە، بەتایبەتی هەست و پێوەندیی تاک بەشوێنەوە پەک دەخات.. ل١٥٦."

کۆچبەر ئەگەر گەڕایشەوە زێدی خۆی، بەئاسانی لێی ناحەوێتەوە. ئەو دڵ لە جێ نییە. چونکە بەشێک لە کەس و دراوسێ کۆنەکانی کۆچی دواییان کردووە. ئەوانەیشیان، کە ماون هەریەکە پەڕیونەتە جێیەکی تر. وەک ئەوە وایە ڕووی کردبێتە ولاتێکی تری بە ئەو نامۆ. وەک گوتە فەلسەفییەکە دەڵێت: "مرۆڤ ناتوانێ دوو جاران لە هەمان ڕووباردا مەلە بکات" ولات بەجۆرێکی ئەوتۆ گۆڕاوە، شێوەی ناچێتەوە سەر ئەو دەمەی، کە ئەو لەوێ دەژیا.

پەیوەندییەکان لەوێش ساردوسڕن و ژیان بەگشتی وەک ئەوسا نەماوە، واتە جارێکی تر غەریب دەکەوێتەوە. چونکە ئەو ناچێتەوە نێو ئەو کۆڕو

کۆمەڵەی کاتی خۆی جێی هێشتووە کەواتە گەڕانەوەیش کۆچێکی تر و غەریبکەوتنێکی نوێیە، کەم کەس هەیە بەئاسانی لەگەڵیدا ڕابێت و هەڵبکات. بۆیە زۆر خێزان هەن گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان، خانوویان کڕیوە و ماڵیان پێکەوە ناوە، وەلێ دوای ماوەیەک چەندیان کۆشاوە نەیانتوانیوە لەگەڵ یاساکانی ئەوێ و دۆخی ژیان لەوێ ڕابێن. وێڕای بەربادیی سیستمی تەندروستی و تێکچوونی پێوەندییەکان، بۆیە جارێکی تر، خانوو و ناوماڵیان فرۆشتووە و بە دڵشکاوی بەرەو تاراوگە گەڕاونەتەوە.

سەرچاوە:
(١) أمين معلوف، الهويات القاتلة، ط (١)، ترجمة: د. نبيل محسن، ورد للطباعة والنشر، دمشق، ص/١٧، ١٩٩٩
(٢) فيوليت داغر، زمن الغربة، موقع (الحوار المتمدن)، ٢٠١٠/١٠/١٧.
(٣) ليون غينبرغ، ربيكا غرينبرغ، التحليل النفسي للمهجر والمنفي، ترجمة: تحرير السماوي، دار المدى للثقافة والنشر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨.
سەرنج: بەزنجیرە، لە ژمارە (٥٧١، ٥٧٢، ٥٧٣، ٥٧٤، ٥٧٥، ٥٧٩)ی ساڵی (٢٠١٠)ی گۆواری (هەرێمی کوردستان)دا بڵاو بووەتەوە.

## بەگزگلکردنی فەرهەنگ

فەرهەنگ هەموو ئەو ئاکار و سرووت و پێداویستیی ژیان و ئەدەبی نووسراو و زارەکی و تەلارسازی و بەڵگە و مێژووە دەگرێتەوە، کە توانیـوایانە تاکو نهۆ بەپێوە خۆیان رابگرن و بگەنە دەست ئێمەی مرۆڤی ئەم سەردەمە. هەر بۆ نموونە سەمای کوردی کە لە هەندێک ناوچە هەڵپەڕکێی پێ دەڵێن، بەشێکی زیندووی فەرهەنگی ئێمەیە. تۆ هەروا سەرنج بدە، دەیان هەزار کورد، پەڕیونەتە باکوری گۆی زەوی و هەیانە دەیان ساڵە لەوێ دەژی، کەچی لەوێیش هەر سەمای خۆیان لە یادە. لە بۆنەکاندا بەجۆش و خرۆشەوە پیادەی دەکەن.

فەرهەنگی تاک خۆی لە داوونەریت، کە بۆماوەیە، ئاکار، ژێرخانی هزری و ئایدیۆلۆجی، ئاین و زماندا دەبینێتەوە. هەتا گەشەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەر هەرێمێکدا خێرایی و چالاکیی پتر بەخۆیەوە ببینێ، ئەوا گەشەی فەرهەنگییش لەو هەرێمەدا خێراتر دەبێت. باوجوودی جیهانگیری و کاریگەرییەکانی کەچی لە هەرێمە داخراوە دواکەوتووەکاندا تاکو ئێستاش هەر داوونەریتە بۆماوەکان باڵادەستن، چونکە کولتووری کۆن تاکو ئێستایش هەر باڵادەستە و پارێزگاری لە خۆی دەکات. بەشێکی زۆری فەرهەنگی ئێمە لە کەلەپووردا ڕەنگ دەداتەوە. کە بۆماوەیە و لە نەوەکانی کۆنەوە هاتووە و گەیشتووەتە دەست ئێمە. واتە نەوەی نوێ دایان هێناوە. ئەمەیش بەو واتایە نییە، گوایە ئەوەی لە کۆنەوە بۆمان مابێتەوە ئیتر پیرۆزە و دەبێ ئێستایش پەیرەو بکرێت، چونکە زۆرێک لەو بۆماوانە کەڵکی ئێستایان پێوە نەماوە و گەرەکە پشتیان تێ بکەین.

وەلێ هەرە گرینگترینیان لە ڕووی شارستانەت و هزرەوە، کتێبە ئاینییەکانی ئۆلی کاکەیی و ئێزدییە، کە ئەمانیش دیسان بۆماوەن. لەگەڵ گرینگیی ئەم کتێبانەشدا تاکو ئێستا شتێکی ئەوتۆ شرۆڤە نەکراون. لە ڕووی بایەخەوە دوای ئەمانیش، ئەو سامانە شیعرییەیە کە لە بابا تاهیرەوە بۆ ئێستا درێژ دەبێتەوە، لەسەریەک کەڵەکە دەبێت و بە بەڵگە دەبێت.

تا ئێستایش هەندێک، لە ڕووی نەشارەزاییيەوەیە، چەمکی فەرهەنگیان لە چەند ڕشتەیەکدا، وەک شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ و دراما، کورت و بچووک کردووەتەوە، هەندێکیش پێیان وایە، فەرهەنگ بریتییە لە زانیاریی ڕووت، کە لە ڕووناکبیرانەوە دەردەچێت و لەوێوە دەستاودەست دەکات و بەنێو توێژەکانی کۆمەڵدا بڵاو دەبێتەوە. ڕاستت دەوێت وەها باس لە فەرهەنگ ناکرێت، وەک لە کن ئێمە بووە بەباو. ئەم جۆرە ڕوانینەیش بەگژگلکردنی پرسی فەرهەنگە.

کاتێک باس لە پیشەسازیی ئۆتۆمۆبێل لە یابان و ئەڵمانیا، یان چاندن و بەرهەمهێنانی برنج لە وڵاتانی ڤێتنام و چین، یان دامەزراوەی مایکرۆسۆفت لە ئەمەریکا دەکرێت، ئەوا باس لە کەرتێکی هەرە زیندووی فەرهەنگی ئەو وڵاتانە دەکرێت.

هەر بەو پێودانگە، کاتێک باس لە بەرهەمهێنانی نەوت لەم هەرێمەی خۆماندا دەکەین. یان باسی چاندنی سەوزە لە خانووی پلاستیکیدا، یان باسی سەدان کۆوار و ڕۆژنامە، بە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی خۆراییشەوە دەکەین، با وجوودی ئەو هەموو خەوش و وتی وتییەی لە دەوریشیان ئاڵاوە؛ ئەوا باس لە چەند پاژێکی گرینگی فەرهەنگی ئەم سەردەمەی خۆمان دەکەین، کە تا دوێنێ بوو بەئێمە نامۆ بوون. بگرە دەتوانم بڵێم خەون بوون. ئەمڕۆ ئەم کەرتانە لایەنی گرینگی فەرهەنگی ئێستای باشووری کوردستان پێک دێنن. ئەم دوو پاژەی ڕۆشنبیریی ئێمە، واتە ئۆردووی ڕۆژنامە و کەرتی نەوت و

گـاز، جـیـاوازیی ئاسـمـان و ڕێسـمـانیـان لەگـەڵ فـەرهـەنگی بیـست سـاڵ لەمەوبەری خۆماندا هەیە.

ڕووکردنە کەرتی نـەوت و گاز، پەرەسـەندنی کەرتی تەلارسـازی، کە لە شار و گـوندی مـۆدێرن و سـتـوونیدا، خـۆی دەبینێت و جـاران هـەم دەسـەڵاتمان بەسـەریدا نەدەشکا، هـەمـیش خـوازراو نـەبوو، جـۆرێکی تری ئـاست و ئاراسـتـەی گـۆڕان لە فـەرهـەنگی ئێـمـەدا پێشـان دەدات. چاندنی سـەوزە لە خـانووی پلاسـتیکیدا، فـەرهـەنگێکی ترە، تـازەکی ئێمـە کـەوتووینەتە سـەری. وێڕای کەرتـی گەشتـوگوزار، کە کولتـوورێکە تا چەند سـاڵێکیش لەمـەوبەر بە ئێمەی کورد نامۆ بوو. شارەزاییەکی ئەوتۆشمـان لەم بوارەدا نەبوو.

وەکو تـر، ئاخۆ بەرهـەمـی ئەدەب و هونەر، وەک لە ڕووی چەندێتییەوە، زۆر بووە، داخـۆ لە ڕووی چلۆنایەتیـشـەوە، بـە بەراورد لەگـەڵ پێش ڕاپەڕیـندا، هەڵکشـاوە یان داکشـاوە؟ ئەمـەیشیـان پرسـیـارێکە پێویسـتی بەوەڵام هـەیە، تاکـو بزانین گـەیشـتـووینەتە کـوێ و کـامـە قـۆناغ. وەلـێ هـەندێک کـەناڵی ڕاگەیاندن هـەن، تاکو ئێسـتاش ئەم بەشـانەی فـەرهـەنگ (موزیک و گـۆرانی، ئەدەب و درامـا) وەک شـتـگەلێکی زیادە و ناپێویست سـەیر دەکـەن، بۆیە هـەر بەلاشـیـاندا ناچن. ڕۆژنامـە، کـە خـۆی پاژێکی گرینگی فـەرهـەنگە، کـەچی چەندین ڕۆژنـامـەی کـاغـەزی و ئەلیکتـرۆنیـمـان هـەن بە دێرێکیش باسـی ئەم پاژانەی فەرهەنگ ناکەن.

ئەو ئـازیزانەی لـەو جـێـیـانەدا کــار دەکـەن، گـەرەکـە بزانـن وەک چۆن دەنگوبـاسـی سـیـاسـیـی دەرەوە و ناوەوە، هـەواڵەکـانی ئابووریی نـێـوەخـۆ و دەرەوە بۆ هـاونیشـتمانییانی کوردستان گرینگن، هەواڵەکانی فـەرهـەنگییش دیسـانەکـە بۆ مـرۆڤی ئەم چاخـە گـرینگن. هـەندێک بـڵاڤـۆکـیش هـەنە سیاسەتیان ڕوونە. لا لە بوارەکانی فەرهەنگ ناکەنەوە. وێڕای هـەموو ئەمانە فـەرهـەنگ، بیـر و بۆچوونی باو، باوەڕ، ئاکـار و هـەڵسـوکـەوتی بـە گـروویەکی

نەتەوەیی یان ئیتنیکی تایبەتیش دەگرێتەوە، کە ئەوانی پێ دەناسرێتەوە و لە گرووەکانی تر جیایان دەکاتەوە. فەرهەنگ ئەوەندە گشتگرە، هەموو ئەو فیگەرانە دەگرێتەوە، کە دەستکاریی مرۆڤن و خۆی دای هێناون. واتە پێشتر لە سروشتدا وەک خۆرسک، بەرچاو نەکەوتوون.

فەرهەنگ بۆ مرۆڤ پێویستییەکی ژیانی و ڕۆحییە، ناخی تاکەکان جوان و دەوڵەمەند دەکات، مێشکە داخراوەکان دەکاتەوە و ئاستیان بەرز دەکاتەوە، تاکو مرۆڤانەتر هەڵسوکەوت و مامەڵە لە تەک دەوروبەر و یەکتریدا بکەن. فەرهەنگ مرۆڤ نەرمونیان دەکات و ناهێڵێت ببێتە دڕندە و شوێن غەریزە متبووەکانی بکەوێت. مەعریفەش کۆمەڵێک زانست و زانیارییە، مرۆڤ دەکارێت بە چالاکی و هەوڵ و تەقەلای خۆی بیانگاتێ و بەدەستیان بخات. فەرهەنگ چالاکیی هزریی بەردەوامە، بە تێگەیشتنی قووڵەوە.. ئامانجیش لێی بنیاتنانی کۆمەڵێکی دروستی بە مەعریفە ئاشنایە، کە تاک و کۆمەڵ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا لێی سوودمەند دەبن.

فەرهەنگ ئامرازێکە بۆ پێوەندی گرێدان. ئەگەرچی داگیرکار ئێمەی لە کوردی پارچەکانی تری کوردستان دابڕیوە، بەڵام فەرهەنگی هاوبەش کۆی کردووینەتەوە. ستران و موزیک، ئەدەب و حیکایەتە میللییەکانن، ئێمەیان پێکەوە گرێ داوە. فەرهەنگ پێوەندیی توندوتۆڵی بە زمانەوە هەیە. هەر بەناوی زمانیشەوە وابەستەیە. کاتێک ئێمە دەڵێین فەرهەنگی کوردی، واتە زمانی کوردی بناغە و ئامرازی گەشەی فەرهەنگی کوردییە. ئەم زمانەی ئێمە وەک زمانی عەرەبی لەبن هەژموونی ئایندا نییە. کەمتریش قەدەغە و تابوی تێ دەکەوێت. بۆیە ئازادتریشە. بە هەنگاوی بەرین بەرەوپێش دەچێت. ئەوەش بزانە، مەرج نییە فەرهەنگی هەموو گەلێک بالاّ بێت، فەرهەنگ لە قەد شارستانەت و چالاکییەکانی نەتەوەکەیە.

## پرسی فەرهەنگ و هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەکان

ڕۆشنبیر ئەو تاکە چالاک و زیندووەی کۆمەڵە، کە فەرهەنگ (ثقافة) بەرهەم دەهێنێت، جا ئەو لە هەر بوارێکی فەرهەنگدا کارا بێت. وەلێ ئەوەی فەرهەنگ لە کتێبەوە بۆ قوتابی، یان بۆ هەر توێژێکی تر دەگوێزێتەوە، لە هەر ئاستێکی خوێندن و خوێندەواریدا بێت، ناکرێت پێی بڵێین ڕۆشنبیر. چونکە هیچی ئەوتۆی بەرهەم نەهێناوە زادەی هزر و کردە و کۆششی خۆی بێت. بگرە تەنیا هزری ئەوانی تری گواستووەتەوە. کەڵەکەبوونی زانیارییش لەلای تاکەکان، مەرج نییە هەردەم مەعریفەی لێ بەرهەم بێت. دەشێ بڵێین، ئەو خوێنەرە، وەک لاپتۆپێک، یان وەک کتێبخانەیەکی گەڕۆک وایە.

مەعریفە ئەو سامانەیە، کە لە دوای ساڵانێک ڕەنج و کۆشش لە بوارێکدا، یان لە چەند بوارێکدا کۆمان کردووەتەوە و هەر لەوێشەوە بووینە بەخاوەنی شارەزاییەکی ئەوتۆ، بەخۆماندا ڕادەپەرموویین مەعریفەی نوێی لێ بەرهەم بهێنین. یەک لە باری ئەدەب، تۆی خوێنەر دەتوانیت بە درێژایی ژیانت چەند سەد ڕۆمانێک بخوێنییەوە. لە دۆخی وەهادا، ڕەنگە تۆ شارەزایی لە ڕۆمانی چەند گەلێکی ئەم دنیایەدا پەیدا بکەیت، بەڵام هیچی نوێت بەرهەم نەهێناوە. گرینگ ئەوەیە تۆ لەو چەند سەد ڕۆمانەوە، ئەوەندە فێر بوویت، بتوانیت ڕۆمانی خۆت بنووسیت. ئەو حەلە دەتوانین بڵێین، تۆی خوێنەر گۆڕانی چۆنێتیت بەسەردا هاتووە. چونکە لە بوارێکی فەرهەنگدا بەرهەمی نوێت پێشکێش کردووە، یان دەکرێت لە دۆخی وەهادا بڵێین تۆ مەعریفەت بەرهەم هێناوە.

ئەو تاکەی ڕۆژانە کتێب و ڕۆژنامە و ماڵپەڕ دەخوێنێتەوە، ئەوە وەرگر،

یان خوێنەرە و کەسێکە بەشوێنداچوونی هەیە. دیارە جیاوازیی لە تەک ئەوانەدا کە ناخوێننەوە، ئاسمان و ڕێسمانە. ئاساییشە ئەگەر لەنێو ئەوانەدا کەسانی ڕۆشنبیر و زانایش هەڵبکەون.

هەر مرۆڤێکی شارستان بگریت، بۆی هەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان، تا مردن وەرگر، یان خوێنەر بێت، وەلێ بە پلە و ئاستی جیاواز. دەشێ مرۆڤ لە ڕادیۆ و تیڤییەوە، کە لە هەموو ماڵێکدا هەن، لە ڕێی چاو و گوێوە، کە دیسان هەموو تاکێکی ئاسایی ئەم دوو ئەندامەشی هەن، بێ ماندووبوونێکی ئەوتۆ، چەردەیەک زانیاری وەربگرێت و لەلای خۆی ئەمباری بکات. وەلێ ڕۆشنبیر کەسێکە بەکردەوە مەعریفە بەرهەم دەهێنێت. ئەو مەعریفە و زانیارییانەی، کە لای خۆی کۆی کردوونەتەوە، گۆڕانی چلۆنایەتییان بەسەردا دێنێت و مەعریفەی نوێیان لێ بەرهەم دەهێنێت. دوای ئەوەیش، تاکی ڕۆشنبیر هەموو کات ئامانجی ڕوونی هەیە. لەبەر چاوی گرتووە، ڕەنجی بۆ دەدات تاکو پێی بگات.

لەم چەرخە نوێیەدا وەها پێویست دەکات سەرلەنوێ چاو بە هەندێک لەو چەمک و زاراوانەدا بخشێنینەوە، کە وا پێ دەچێت جاران هەر بە گۆترە و مەزندە بەکارمان بردبن. بۆ نموونە، چەمکی ڕۆشنبیر. حاڵی حازر، خوێنەری سەدەی ڕابردوو هەن و زۆریشن، دەتوانین بڵێین، لەو نووسەرانە ئاستبەرزترن، کە جاران ئەمان بەپەرۆشەوە دوای بەرهەمەکانیان کەوتبوون و پێیان سەرسام بوون. زۆرێک لەو وەرگر و خوێنەرانەی ئەوسا، لە هەموو ڕوویەکەوە گەشەیان بەخۆیان داوە و لەگەڵ سەردەمە نوێیەکدا هاتوون؛ بێ وچانیش ڕێ دەکەن. ئەوان نەهۆ بەناو سایتەکاندا تەراتێن دەکەن و دەخوێننەوە. بە کۆمپیوتەر دەنووسن لە کاتێکدا هەندێک لەو نووسەرانەی ئەوسا، لە جێی خۆیان پێکوتەیانە و بستێک نەچوونەتە پێش. هێشتا هەر بە (ئووچ و قەڵەم) دەنووسن. تاکو ئێستایش نازانن کۆمپیوتەر بەکار بهێنن.
ئاخۆ دەکرێت لەم سەردەمەدا ئەوانە حیسابی ڕۆشنبیریان بۆ بکرێت؟

ئەو جۆرە ڕووناکبیرانەی ئەوسا، ئاگەداری ئەو شۆڕشە تەکنۆلۆجی و فەرهەنگییەن، کە سەرانسەری دنیا و تەواوی بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە، بەپرۆسەی نووسین و خوێندنەوەیشەوە. کەچی ئەوان هێشتا بە پێودانگەکەی جارانی سەدەی ڕابردوو لێ دەخوڕن و توانای گەشەبەخۆدان و گۆڕینیان لەدەست داوە.

ئێستا پێوەرەکانی مەعریفە و فەرهەنگ، بە فەرهەنگی هەرێمەکەی ئێمەیشەوە گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا هاتووە. هەندێک لەو نووسەرانەی ڕەخنە لە دواکەوتنی کاروانی گەلان و دیاردەی پاشڤەڕۆیی دەگرن، بۆ خۆشیان ئەگەر لەگەڵ منداڵێکی زیتەڵەی ئەم سەردەمەدا بەراوردیان بکەیت، تێی ناهێنن و خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا نییە. هەموو شتێک ڕوو لە گۆڕانە، ئەوان نەبێت. کێ ئێستا حوکمی عێراق دەکات؟ ئەدی ئەوە نییە پاژێک لە کوردستان ئازادە؟ گەیشتنی مۆبیل تەلەفۆن و هێڵی ئینتەرنێت بە عێراق و کوردستان لە خۆیاندا جاران خەون بوون. وێڕای چەندین کەناڵی تیڤی و سەتەلایت و دەیان ڕادیۆ و سەدان هەفتەنامە و ڕۆژنامە. وێڕای ڕۆژنامەی خۆڕایی. ئەوەتا کورد بەقۆناغێکی پێشکەوتووی ئەوتۆ گەیشتووە، نەوت دەردەهێنێت و هەناردەی دەکات، لە کاتێکدا جاران خۆی بوو گڕی لە چاڵە نەوت بەردەدا. بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییش، بوارێکی تری زیندووی فەرهەنگی نوێیە، کە پێشتر لێمان چووبووە کۆڵی شێر.

کورد تا چەند ساڵێک لەمەوبەریش، شارەزاییەکی ئەوتۆی لە بواری تەلارسازی و خانووبەرەدا نەبوو، ئەوەتا نەهۆ گوند و شاری ستوونی بنیات دەنێت. ئەدی بواری ڕێگەوبان و گەشتوگوزار؟ ئەوە نییە کورد پرد چێ دەکات، کە جاران پردی دەڕووخاند؟ ئەوەتا خەڵک بەشەوقەوە دەبن بە پۆلیس، جارانیش کورد پۆلیسی دەکوشت؟ هەندێک دیاردەی سەدەی پێشوو، ئێستا سەد و هەشتا پلە بایانداوەتەوە. کەچی هەندێک لە ڕووناکبیرانی ئەوسا، هێشتا لە گۆشەنیگای ئەوساوە جیهان دەبینێت.

وەلێ ئەوەی لە دوای کاروانەوە تەکەی بێت، لە هەمووان ماندووترە. بۆیە ئەم چەرخە نوێیە وەک لافاوی بەهارانی ڕووبار، ڕایان دەماڵێت؛ لە کەنارەکانی خۆیدا بەجێیان دەهێڵێت و بە ئاوماڵکەیان دەکات.

هەر شتێک، لە هەر بوارێکی ژیاندا، مرۆڤ لەسەر ئەم زەوینە دای هێنابێت و خۆڕسک لە سروشتدا نەبووبێت، دەچێتە چوارچێوەی فەرهەنگەوە. کەچی لەلای ئێمە، کاتێک باسی فەرهەنگ دێتە گۆڕێ، تەنیا چەند فیگەرێکی وەک ئەدەب و موسیک و سینەما و شانۆمان لە خەیاڵدایە.

هەرچی ڕاگەیاندنە، گەرەکە لە هەموو لایەنەکانی فەرهەنگ بدوێت. لە ڕاستیدا، ڕاگەیاندن و فەرهەنگ بە ڕادەیەک بەیەکدا چوون و تێکەڵ یەک بوون، ناکرێت لە یەکیان دابڕیت. ئەگەر هەر دیاردەیەکی نوێی فەرهەنگی دەرکەوت، گەرەکە ڕاگەیاندن، لێی بکۆڵێتەوە و پێشانی بدات. لەو بوارەدا قسەی خۆی هەبێت، نەک ڕاگوزەر بەلایدا تێ پەڕێت. وا چاوەڕوان دەکرێت ڕاگەیاندن ئەڵقەیەکی پێوەندی بێت لە نێوان فەرهەنگ و هاووڵاتیدا. دەشێ ئەوی هاووڵاتی، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، ئاگەداری ئەو داهێنراوە نوێیە نەبێت. ڕاگەیاندن دەستی بگرێت و ڕۆشنایی بخاتە سەر داهێنراو و خاوەنەکەی و هەردوولایان بناسێنێت.

ڕۆژنامەی کاغەزی و ماڵپەڕ هەن، ئەوەندەی گرینگی بە تاوان و گەندەڵیی ڕیسواییەکان دەدەن، سەدیەکی ئەوە گرینگی بە فەرهەنگ نادەن. بگرە هەیانە لا لە فەرهەنگ ناکاتەوە. یان هەیانە بە ئەنقەست ناوی زۆر ناسراو و چالاکیی بواری فەرهەنگ پشتگوێ دەخات. تەنیا لەبەرئەوەی ڕەنگە لە ڕووی هزرەوە لەیەک جیاواز بن. ئەمەشیان بمانەوێت یان نەمانەوێت دەچێتە خانەی جیاوازکارییەوە (تمییز)، کە جاران داگیرکەری سەردەست ئەم کارەی بەرانبەر نووسەرە نیشتمانپەروەرەکان پیادە دەکرد، کاتێک ناوی دەخستنە لیستی ڕەشەوە.

هـەیشـــیـــانـە گـــرینـگیی زۆر بە وەرزش دەدات، دیارە وەرزش لایەنێکی گرینگە، وەلێ فەرهەنگیش بۆ دروستیی مێشک پێویستە. کەچی هەندێک لەم کەناڵ و ڕۆژنامە و کۆوارانە، وەک بڵێی، مێشکی هاونیشتمانی بەهەند نەگرن، هەر لایشی لێ ناکەنەوە.

لەم قاتوقڕیی خوێندنەوەیەدا، کتێب هەیە دوای مانگێک لە مێژووی بڵاوبوونەوەی دانەی لە بازاڕدا نامێنێت، کەچی ئەو هەموو، ڕۆژنامە و کۆوارەمان هەن و دێڕێکیشی لەسەر نانووسن. بۆچی دەبێت ڕەنجی نووسەر و ڕووناکبیری کورد وەها فەرامۆش بکرێت؟.

## زمانی ستاندارد و زمانی ڕۆژانه

ئێمه خاوەنی هەر پیشەیەک بین، لە هەر ئاستێکی مەعریفیدا بین، هەردەم لەنێو ژینگە و نێوەندی زمانیدا دەژین و مامەڵە دەکەین. بۆیە بەر لەوەی بیر لە ڕێکخستنەوەی وڵات و ماڵی کورد بکەینەوە، گەرەکە زمان ڕێک بخەینەوە. چونکە بە زمان تەواوی جومگەکانی کۆمەڵ و وڵات ڕێک دەخرێن. ئەوەیش بزانە هەتا زمان سەربەخۆ نەبێ، مێنتاڵیش (عەقڵ) سەربەخۆ نابێت.

دەشێ لە داهاتوودا زمانی کوردی ببێت بە زمانە کوردییەکان، ئەگەر لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، ئەم زمانە ستانداردەی ئەمڕۆ کاری پێ دەکرێت، بە فەرمی نەچەسپێت و نەناسرێت، چونکە ئەم سەدەیە لە خۆیدا چاخی پارچە پەرچە بوون و بووژانەوەی گرووی ئیتنی و خێڵ و تایەفەکانە.

ئەوە دەسەڵاتی زمانە، کە تایبەتمەندیی هەر فەرهەنگێک دەپارێزێت و شکڵگیری دەکات. ئەوێتیمان (هوية) لەنێو مەزنە دەفری زماندا پارێزراوە. واتە زمان گوێڕایەڵیی تاک بۆ فەرهەنگ و بۆ گەلێک چالاک دەکات. شێواندنی زمانیش دەکاتە شێواندن و داڕووخانی ئەوێتیی تاک و مێژووەکەی.

لە ئێستای باشووردا، زمان تووشی داهزان هاتووە و خەریکە زمانێکی تری بیژی جێی زمانی کوردی دەگرێتەوە. بەو پێیەی، ئەم زمانە بیژییە زیاتر تێکەڵەیەکە لە زمانی کوردی و عەرەبی، دەشی ناوی (کوربی)ی لێ بنێین. مەترسیی ئەم زمانە بیژییە (کوربی) تەنیا لەوەدا نییە، کە بووە بە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە، بگرە (سکیلت)ی کۆمپانیا، دوکان و جێیە گشتییەکانیش بەم زمانە دەنووسرێن و بەدیارده بووە. ڕەنگە شارەوانی هۆبەیەکی تایبەتی

وەهایشی نەبێت لە ناو و ناونیشانی دوکان و شوێنە گشتییەکان بپرسێتەوە، دەنا چلۆن سکیلتی وەک (فرنی عەبدوڵڵای ئۆتۆماتیکی) کە مایەی گاڵتەجارییە، قەبووڵ دەکرێت؟

ئەوەتا ئەم زمانی کوربییە، پەڕیوەتە ڕادیۆ و تیڤییەکانیش و لەوێدا نزیکەی سەرلەبەری گوتوبێژەکان بەم زمانە دیوانگۆڕە بەڕێوە دەچن؛ بێ ئەوەی سانسۆرێک هەبێت پێشیان پێ بگرێ، یان لایەنێک لێپێچینەوە لەم بوارەدا بکات. دەتوانم بڵێم، لەم وێرانکارییەدا ڕادیۆ و تیڤییەکان پڕ مەترسیترین لایەنن. دیوانگۆڕی زمانی کوردی دەستی دەرەکیی لە پشتەوە نییە، بگرە خۆمانین بەپاچ و پێمەرە تێی کەوتووین، کنەی تێدا دەکەین و دەیشێوێنین. وەک نموونە: ڕادیۆ و تیڤییەکان بوون (ئێسک و پرووسک)یان بە(ڕوفات)ی عەرەبی و (گوێدێر و گوێمووچ)یان بە(گوێبیست) گۆڕی. وشەی (پار)یان کردە بە (پارساڵ).

بەهۆی دۆخی جیهانگیری، کرانەوەی ئابووری و ئاسانیی هامشۆی نێوان کوردستان و دەرەوە، دەیان زاراوەی نوێی دەرەکی پەڕیونەتە زمانی ڕۆژانەوە و بەسەر زاری توێژی لاوانەوەن. ئەگەر جاران نووسەران، بە ناچاری زاراوەی وەک: (سڤیل، کولتوور، دیکۆمێنت، ئەرشیڤ و ئەرگومێنت، پرۆژە)یان، بەکار هێنابێت، ئێستا خەڵکی عەوامیش زاراوەی وەک: (بالانس، سی ڤی، ئۆکەی، ڕۆنگساید، ئۆفەر...) بەکار دەهێنین. (د. عفیف دمشقیة) پێی وایە:

"زمان هۆی پێوەندی و تێکەڵبوونە لە نێوان ڕۆڵەکانی یەک گەلدا، یەکێکیشە لە هۆکارەکانی گوێڕایەڵیی تاک بۆ گەل و شارستانەت و نیشتمانێکی دیاریکراو. هاوکات، بەهۆی زمانەوە لە گەلانی تر جیا دەکرێتەوە... لغتنا، ص. ١٩"

زمانی ستاندارد، نیشتمانی، یان فەرمی، دەسەڵاتی فەرهەنگە و

شوناسی گەلێکیشە. زمانی ئەدەب و خوێندن و نووسینە. دەوڵەمەندتر و باڵاتر و خاوێنترە. بەو واتایەی کەمتر وشەی بیانیی تێکەڵ بووە. پێشکەوتووتریشە، چونکە پەیرەوی ڕێزمان دەکات و بژار دەکرێت. تاکەکانی گەلێک یەک دەخات، واتە زمان بەهای نیشتمانیی هەیە. جەخت لەسەر ئەوێتیی (هوية) گەلێک دەکات. وێڕای ئەوەی بەهای جوانی و وێژەییی هەیە. زمان ئەو دەفرەیە، کە مێژوو، ئەدەب، هونەر و زانست لە خۆیدا جێ دەکاتەوە و دەیانپارێزێ. واتە دەبێتە بەشێک لە بوون و ویژدانی تاکەکانی ئەو گەلە و لە ئاستێکی بەرزدا، گوزارشت لە هەست و نەستیان دەکات. ئەگەر زمان زیانی پێ گەیشت و خەوشدار بوو، ئەوا زیان بە ئەوێتیی گەلێک دەکەوێت و نیشانەی گوێڕاڵنەبوونی تاکەکانی کۆمەڵە، بۆ ڕەچەڵەک و شوناسی خۆیان. وێڕای ئەوەی زمانەکەیش لە خۆی نامۆ دەبێت.

"زمانیش وەک ئەو خەڵکە وایە، دێتە دنیاوە، گەشە دەکات، گەورە دەبێت، دەگۆڕێت، پیر دەبێت. دەشێ تەمەن کورت بێت و بمرێت، زمانەیلی تر جێی بگرنەوە، وەک بەسەر زمانی لاتینیی کۆندا هات، کە سەردەمێک جێی ئەو زمانە ڕەسەنانەی گرتبووەوە، ڕۆڵەکانی ئیتاڵیا و ئیسپانیا و فرەنسا قسەیان پێ دەکرد، دوای ئەوەی ڕۆمان ئەو وڵاتانەی داگیر کرد. کاتێکیش ئیمپراتۆریای ڕۆمانی هەرەسی هێنا، زمانە ناسراوەکانی ئێستا جێیان گرتەوە، وەک ئیتاڵیایی، ئیسپانیایی و فرەنسایی... لغتنا، ص. ٢٤"

کاتێک لە قوتابخانەدا فێری زمانی ستاندارد دەبین، پێویستمان بە کات هەیە، تاکو بتوانین بەدروستی وشەکان لە ڕووی ڕستەسازی و ڕێزمانەوە ڕێک بخەین، ئەوەی نووسیمان دەستی پێدا بهێنین و پێیدا بچینەوە. وەلێ هەرچی زمانی ڕۆژانەیە چونکە زارەکییە، گۆکردنی ماندووبوونێکی هزریی ئەوتۆ ناخوازێت. وشەکان خۆڕسک لە زار دەردێن و بەشوێن یەکتردا ڕیز دەبن. زۆرجاران ئەوەی دەیڵێین، لە ڕووی ڕێزمانەوە نادروستە، وشەگەلی بیانیشی تێ کەوتووە. وەلێ لێرەدا پێوەندیی گرێدان و حاڵیبوون گرینگن.

دەشێ بەشـێک لەو خـەڵکەی پێکەوە دەپەیڤن نەخـوێندەوار بن. ڕەنگە وشـەیەک بـەپێی شـوێن، بەچەنـدین شـێوەی جـیاواز گۆ بکرێت. یان هەمان وشەیە چەند واتایەکی جیاوازیشی هەبێت.

وڵاتانی تازە ڕزگـاربوو، بەری دەسـتـدانە هـەر پرۆژەیەکـی گـرینـگ، هەوڵی بژارکردنی زمانیان دەدەن. بەفەرمیی دەکەن و دەوڵەمەندی دەکەن. دەخوازن لە دەرفـەتێکی کورتدا بیبـووژێننەوە و کـاریگەری زمـانی داگیرکاری لەسـەر هەڵبگرن. پرۆگرامی خـوێندنی پێ دەنووسن و چاودێریی دەکـەن. ئەوەی بە هەڵە بەکاری بهـێنێت، لێی دەپرسنـەوە و سـەرکـۆنەی دەکـەن. بەڵام زمـانی کـوردی، ئێـسـتـا لە هەمـوو کـاتێک زیـاتر کـاریگەریی زمـانی داگـیـرکـاری لەسەرە.

لە سەرێکی ترەوە، زمانی ستاندارد گۆڕینی کەمتری بەسـەردا دێت، تاکو زمانی گوتوبێژی ڕۆژانە. ئەمەیش لەو سۆنگەیەوەیە، کە زمانی ڕۆژانە لەژێر چاودێریی زمانناس و زمانزاندا نییە. جیاوازیی چینایەتی، ژینگەی لادێ و شار، جیاوازیی ئاستی خوێندەواری، نەخشیان لەسـەر زمانی ڕۆژانە هەیە. دەشێ بڵـێین، ئەم چین و توێژانە، ئاسـتی ژیارییـان بـە زمـانی ڕۆژانـەیانەوە ئاشکرایە. کەچی زمـانی سـتاندارد جیاوازیی نێوان شـار و گوند و چین و توێژەکانی کەمتر پێوە دیارە. چونکە زمـانی سـتاندارد تەنیـا یەک زمـانە. جووتیـارێک لە گوند و تاکێک لە پایەتەخت، وەک یەک پێی دەنووسـن و کاری پێ دەکەن. زمانی ستاندارد پتر لە نووسیندا ڕەنگ دەداتەوە. هەرچی زمانی ڕۆژانەیشـە، لە گفتوگۆی سەرپێیی و زارەکیی ڕۆژانەدا.

هەرچی تاکی گـوندنیـشـینە، لە دەمی ئاخـافـتندا، بـەڕادەیەکی ئەوتۆ دەربڕینی وەک: (عـەیب نەبێت، بیلامـانێ، تەشبـیـهات نەبێت، دوور لە ڕووی جـەنابت، حـەدی نەبێت لە ڕووی خـۆتا، لە ڕووت بەگـوڵاو بێت و عـەرزی بەخـزمـەتی جـەنـابت بکەم...) بەکـار دەهێنێت، پرسـە بنەڕەتیـیـەکەت لەبیر دەباتەوە.

کەواتە زمـانی نووسـراو و گـۆکراو جـیـاوازییـان لـە نێواندا هـەیە. نـامـەی فەرمیی فەرمـانگەکانی دەوڵەت، قاموس و کلێشـەی تایبەت بە خۆیان هـەیە، کە لەوێدا سـەرو خواری خـۆیان لە ڕووداوەکان ئاگەدار دەکەنەوە و بە ڕێزەوە داوای هـاریکاری لـەیەک دەکـەن. دەشـێ بڵـێین، سـەری بگریت و بنـی بگریت، قـامـووسی زمـانی فـەرمـانگەکان لـە هـەزار وشـە تێـپـەڕ ناکـات. لە کـاتێکدا زمـانی ڕۆژانە، وێڕای ئەوەی بەردەوام وشـەی نوێـی تێ دەڕژێت، سنووری بۆ نییە.

دەکـرێت لێـرەدا، چەنـدین وشـە و زاراوەی تایبـەت بە سـەروەخـتی دوای ڕاپەڕین ڕیز بکەین، کە پێشـتر لە گفتوگۆی ڕۆژانە و زمـانی نووسـینیشـدا بەرچاو نەکـەوتوون. ئەمـانـە بەشـێکیـان دەچنە خـانەی جـمـێنەوە، کـە ڕەنگە هـەندێک لەم وشـانە، ئەوانـەشی، کـە دایشـیـان هێناوە بەباشی واتاکـانی نەزانن، وەک:

«کــەپرە برنجــە، تۆزوبا، وەزیـری ســێــبــەر، بێ داک و بـاب، ســەنـگەر گواسـتنەوە، سـفرەی مـاشـێنە، گـەراجی عـەرەبانە، فـایلڕەش، گوێبـیـست، ئاشـتـەوایی، پارسـاڵ، پشـتـڕاسـتکردنەوە، سـەیارەی علووج ، شـەمـشـە، موهـاتەراتچی، بێ مەعریفەت، قەڵەم شۆڕ...»

ئەگـەرچـی هـەندێک لەو وشـە و گـوزارشـتـە نوێیـانە کـوردی نـین، کـەچی ڕۆژانە بەسـەر زاری خـەڵکەوەن. هـەروەک چەنـدین وشـەیش هـەن، لـەم چەند سـاڵەی دواییدا، خـەڵک مـامـەڵەیان پێ نـاکـەن وەک: (ئۆتۆمـۆبێل و کـراس و جزدان) لە بـریی ئەوان (سـەیارە و قـەمیس و مـیحفـەزە) بەکار دەبرێن. جێی باسە کراس، کە وشـەیەکی کوردییە، وشـەیەکی عـەرەبی جێی ئەوی گرتووە و پەکی خستووە. وێڕای ئەوەی زمانی ستاندارد گرینگییەکی زۆر بە ڕێزمان و ڕازاندنەوە دەدات. گەرەکە وتار بە کوردییـەکی ڕەوان نووسرابێت. تا کوردی وەستـابێت، وشە و دەربڕینی بیانیی تێ نەکەوێت و لە شاشی و کەمـوکورتی بەدوور بێت.

زمانی گفتوگۆ و ڕۆژانەی زارەکی، وێڕای گەمەکردن بە تۆنی دەنگ، وەک تەواوکەر بۆ گوزارشتکردن، ئاماژەی جەستەیشی تێ دەکەوێت. جار هەیە مرۆڤ چرچ و لۆچ دەخاتە ڕوخساری و تەواوی جەستەی لەگەڵدا دەجوولێنێت. جەخت لەو وشە و بڕگە و ڕستانە دەکات، کە بەلایەوە مەبەستن. دەربڕینی قسەکان پەلەپەل، یان کرژی و خاوییان تێ دەکەوێت. زیاتر وتارێکی ڕاستەوخۆیە و نەکەوتووەتە بەر سانسۆری بژارکردن و پێداچوونەوە. وەستان و دەستپێکردنەوەی تێ دەکەوێت.

کەواتە زمانی ڕۆژانە، لەم ڕووەوە دەوڵەمەندە و بواری زۆری بۆ مانۆڕ لە بەردەستدایە. زمانی ڕۆژانە دەژێت و جار هەیە بەشی زمانی ستانداردیشی لێ دەدات. بەو واتایەی، ئەو وشانە، دوای ئەوەی بە چڕی کەوتنە سەر زاری چین و توێژەکانی کۆمەڵ و جێگیر بوون، بۆیان هەیە لە قامووسی زمانیشدا جێی خۆیان بکەنەوە. (أحمد قریشي) لە (علاقة الفصحي باللهجات العربية و...) دەڵێ: "پێوەندییەک، لە نێوان زمان و شێوەزار و زمانی ڕۆژانەدا بتوانین دەستنیشانی بکەین، پێوەندیی گشتییە بە تایبەتییەوە."

هەندێکیش لەو وشە و گوزارشتە نوێیانە هێشتا ڕێیان نەکەوتووەتە نێو قامووسی زمانەوە و لە دەقە ئەدەبییەکاندا بەرچاو ناکەون وەک: «کارگەی تۆزوبا، کەپرسەوز، ئەوە نیت...» بەشێوەیەکی گشتی دەشێ بڵێین، زمانی ڕۆژانە لە مگێزی خەڵکەوە نزیکە، ئاسان و لەسەر زارە. کەچی زمانی ستاندارد زمانی فەرهەنگ و فەرمی و یاسا و خوێندنە. زمانی گەلێکە.

خەوش لە زمانی کوردیدا نییە. کوردی زمانێکی هێژایە. بگرە خەوشەکە لە خۆماندایە، چونکە ئێمە وەک پێویست خۆشمان ناوێت و باوەشی سۆزی بۆ ناکەینەوە. زمانیش بە سۆز و خۆشەویستی گەشە دەکات و هەڵدەکشێت. ئەگەر کوردێک زمانی خۆی خۆشبوێت، چلۆن دڵی دێنێت، لە شارەکانی سلێمانی و دهۆک و کوێ و کوێ ناوی عەرەبی و فەرەنگی لە دوکان و

نووسینگە و لە جگەرگۆشەی خۆی بنێت؟

زمان دیاردەیەکی مرۆڤانەیە. ئەگەر زمانی ڕاگەیاندن بەو ڕادەیە بەرباد بێت، ئەوا هەم زمانەکە خۆی و هەم مگێزی کوردەواریشمانی پێ تێک دەچێت. ئەگەر زمانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن پەرپووت بوو، ئەوا پێوەندی لە نێوان خەڵک و ئەو دەزگەیانەدا، هەروەها پێوەندی لە نێوان تاکەکان خۆیاندا، بە دروستی گرێ نادرێت.. هزر، یان ئەو نامەیەی، کە مەبەستە بە ڕوونی ناگاتە زەینی وەرگر.

میسر یەکێکە لەو وڵاتانەی زوو دەستی گەیشتە هونەری سینەما. لەو ڕۆژەوە، کە سینەمای میسری دەستبەکار بووە، ویستوویەتی و مەبەستی بووە، لە ڕێی فیلمەکانیەوە، مۆدیلی زمانی خۆی؛ واتە شێوەزاری میسری بەسەر تەواوی عەرەبدا بسەپێنێت و خۆشەویستی بکات. ئێستا سووریایش لە ڕێی زنجیرە دراماکانیەوە خەریکی پەیڕەوکردنی هەمان نەخشەیە و گەرەکێتی شێوەزاری خۆی بباتە پێشەوە.

زۆر کورد لە باشوور هەنە، ناتوانن دوو ڕستەی دروست بە عەرەبیی ستاندارد بدوێن، کەچی زۆرن ئەوانەی لە ڕێی فیلم و زنجیرە دراما میسرییەکانەوە، فێری شێوەزاری میسری بوونە و بە ئاسانی گفتۆگۆیشی پێدەکەن. هەر ئەمەیشە وەهای کردووە، لەم سەدەیەدا، زمانی عەرەبی بەرەو پارچە پارچەبوون بچێت، وەک شارەزایانی زمانی عەرەبی خۆیان بەردەوام پاتەی دەکەنەوە.

سەرچاوە:
(١) د. عفيف دمشقية، لغتنا، الطبعة الثالثة، دار الفتي العربي، القاهرة، ١٩٨٨.
(٢) أحمد قريشي، علاقة الفصحي باللهجات العربية، في ضوء الدراست القديمة والحديثة، المعرفة، العدد (٥٥٠)، تموز ٢٠٠٩.

## حیکایەتیش بەشێکە لە ژێرخانی فەرهەنگی

ئێمە بەهەڵەدا چووین، ئەگەر وابزانین ڕەگەزی هەقایەت تەنیا بەزارۆیان تایبەت بووە و لە دێرزەمانەوە ئامرازێک بووە بۆ ئەوەی منداڵی پێ بخەنە خەوی شیرین. بگرە گەورەکانیش پەرۆشی بیستنی هەقایەت بوونە و ئارەزوویان کردووە شەوانە ڕوو بکەنە ئەو قاوەخانانەی، کە بۆ برەوی خۆیان، هەقایەتخوانیان هەبووە.

تۆ ناتوانی ئەفسانە و هەقایەت و داستانەیل لە سەردەم و سەمتی مێژوویی خۆیان و لە کارکردی سیاسەتیش دابڕیت. چونکە ئەم ڕەگەزانە، پێکەوە گرێ دراون و پێکهاتەی فەرهەنگیی سەردەمێکن، لە شارستانەت دابڕاو نییە. ئەفسانە بەنامێکانی دنیا، بەزمانی خۆیان گوزارشت لە شارستانەتی سەردەمێکی مێژوویی ئەو گەلانە دەکەن، کاتێک ئەوان لە هەڕەتی خۆیاندا بوون. وەلێ ئێمە خاوەنی دەسەڵات و ژیاری وەک هیندو ڕۆمان و یۆنانی کۆن نەبووین، کەواتە خاوەنی ئەفسانە و داستانی ئاست بەرزی وەک ئەوانەی ئەوانیش نین. بۆیە داستان و ئەفسانەکانمان لە قەد باڵای ژیار و مێژوومانە.

حیکایەت و بەیتەکانیش تەواو وەک ئەو ئاسەوارانەی لەژێر خاکدا شاراوەن، بە زمان و شێوازی تایبەت بەخۆیان مێژووی گەلێک، یان هەر گروویەکی ئەتنیکی دەگێڕنەوە. بەشێکیش لە ژێرخانی فەرهەنگیی گەلێک پێک دەهێنن، کە لە مێژوودا هەبووە، چالاکانە هەڵسووڕاوە و خاوەنی بەرهەم بووە.. نازانم بۆچی هەندێک خوێندەوار، کاتێک کۆنە پەیکەری میرێک، ئەسپێک، گایەک، یان پارچە دراوێکی کۆن دەبینن، پێی خەنی دەبن.

بەهەندی دەگرن، بە ئاسەواری دێرینەی دەزانن. بەچاوێکی قورس و قەمەر سەیری دەکەن و دەینرخێنن؛ کەچی هەقایەتێکی کۆنیان بەلاوە ناجۆر و ناپەسەندە؟ ئاخۆ ئەمە (بانێک و دوو هەوا) نییە؟

خۆ ئەم دوو جۆرە کۆنینەیە، هەردوو لایان، بیرەوەرین و مولْکی هەمان گەلن.. باشە ئەگەر (بۆ نموونە) گایەکی باڵدار لە بیچمی پەیکەرێکدا داتاشرابێت، یان لە سەمتی حیکایەتێکدا بەرجەستە بووبێت، لە ڕووی بەهای مێژووییەوە چ جیاوازییەکیان لە نێواندا هەیە؟ بۆچی دەبێ پەیکەرەکە بەهەند بگیرێت و حیکایەتەکەیش پشتگوێ بخرێت؟ خۆ هەر کامێکیان بگریت، پشکێک بووە لە هۆشیاری و جەختی لەسەر شوناس کردووە.. ڕاستت دەوێت، ئەم دوو فیگەرە تەواکەری یەکترین. وەک نرخی مێژوویش جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە. مەگەر جیاوازییەکە لەوەدا بێت، حیکایەت هونەرێکی زارەکییە. دەنا وەکو تر، هەریەکەیان پشکێک لە بیرەوەری و مێژووی گەلێک پێک دێنێت. هەردوولاشیان بەشێکن لە ئەوێتی (شوناس).

حیکایەتیش بەشێکە لە سامانی کەلەپوور. ئەویش وەک پۆشاک، شیو و خواردنەیلی میللی، بەیت، داستان و پەند و زۆر ڕشتەی تریش، لە باپیرانەوە بۆمان ماونەتەوە. یەکێکیش لە تایبەتمەندییەکانی کەلەپوور ئەوەیە، ئێمەی مرۆڤی ئەم سەردەمە بە باپیران، یان بەڕابردووەوە گرێ دەدات و پێشمان دەڵێت، ئێمە لە چاو ئەواندا گەیشتووینەتە کوێ. هەر بۆ نموونە کاتێک ئێمە بەراوردی حوجرە و مەدرەسەی فەقێیانی ئەوسا لەگەڵ قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆی ئەم ڕۆژگارەدا دەکەین، تێ دەگەین لەم بوارەدا چەندمان ڕێ بڕیوە، چەندمان گەشە کردووە و گەیشتووینەتە کوێ. هەر بەو پێیە کاتێک بەراوردی هەقایەتی میللی، کە زارەکی بووە لە تەک چیرۆک و ڕۆمانی ئێستادا دەکەین، وێڕای گرێدانی ئێستامان بەڕابردوومانەوە، لەویش حاڵی دەبین داخۆ لە بەستێنی ئەدەبی گێڕانەوەدا

گەیشتووینەتە کوێ؟

لەلایەکی ترەوە، ئەم حیکایەتانە بە کولتووری (ستوونی) حیسابن، بەو واتایەی، دەماودەم لە باپیرانمانەوە، بۆمان ماونەتەوە و موڵکی خۆمانن. بە پێچەوانەی کولتووری (ئاسۆیی)یەوە، کە لە دەوروبەر و هەندێک جاران لە دووری دوورەوە، بە هۆکاری هاوئۆلی، یان لە ڕێی هامشۆی بازرگانان و ئۆردووی داگیرکەرانەوە گەیشتووەتە دەم ئێمە. پاشان لە تەک پێشڤەچوونی مێژوودا، لەلامان جێگیر بووە، وەلێ ئێمە خاوەنە ڕەسەنەکەی نین.

دەسا ئەوانەی لە ڕووی بێ ئاگاییانەوە کەلەپووری گەلی خۆیان ڕەت دەکەنەوە، بێ ئەوەی بە خۆیان زانیبێت، ئاو بە ئاشی داگیرکەردا دەکەن، کە هەردەم دژ بە پایەکانی ئەوێتیی کورد، وەک گەلێکی جیاوازی مێژووکرد لە کاردا بوونە. جا خۆ ئەگەر هەر گەلێک ئاسەواری دێرینەی نەبوو؛ ئەگەر لە هەقایەت و لە باقیمەنێی هونەرەکانی زارەکی بێ بەش بوو، کەواتە بۆ خۆیشی لەنێو مێژوودا پێگەیەکی نەبووە، لە سەری ڕابوەستێت. ئەمەیش بۆچوونێکی مەترسیدارە.

ئاخۆ ئەو خوێندەوارە کوردانەی ئەفسانە و حیکایەتە میللییەکانی گەلی خۆیان ڕەت دەکەنەوە و لە ڕوویان نایەت خۆیانی لێ بە خاوەن بکەن، دەیانەوێت پێمان بڵێن، ئێمە لە ڕۆشنبیرانی ئەورووپای سەدەی بیست و یەکەم مۆدێرنتر و لەپێشترین؟ ئەم حیکایەتانە، وەک میللەتانی تری دوور و نزیک پێشتر کردوویانە، دەشێ لە کن ئێمەش ببن بە هەوێنی چەندین کاری هونەری. وێڕای ئەوەی، تاکو ئێستا، حیکایەت و ئەفسانەکان باشترین کەرەستەی خاون بۆ فێربوونی زمانی دایک. ئەوەتا لە زۆر شاری گەورەی ئەورووپادا بوونە بە پەیکەری جوان، پارک و شەقامەکانیان ڕازاندووەتەوە. خەڵکیش وێنەی یادگارییان لە پاڵدا دەگرن.

پەیکەری (پەریی دەریا Den lille havfrue) یەکێکە لە ڕەمزەکانی وڵاتی

دانیمـارک و پایەتەخت بەتایبـەتی. گرینگییـەکەی بە ڕادەیەکـە، ئەگـەر هـەر بیـانییـەک بە گـەشـتـوگـوزار ڕێی بکەوێتـە پایەتەخت و سـەردانی نەکـات و وێنەی یادگاریی لە پاڵدا نەگرێت، وەک ئەوە وایە وڵاتەکەی نەدیبێت. دوور لە زیادەگـۆیی، لە وەرزی گـەشـتـوگـوزاردا، ڕۆژانە سـەدان گـەشـتـیـار دەچنە سـەردانـی و وێنەی لە پاڵدا دەگـرن. دەسـا ئەم پـەیکەرە، لە ئەفـسـانـەیـەکەوە هـاتووە بـە هـەمـان نـاو. نووسـەری نـاوداری ئەم وڵاتە، (هـانس کـریسـتـیـان ئەندەرسن H. C. Andersen) مـامــەڵەی لە تـەکـدا کــردووە و بە چیــرۆکی کـردووە.. دەکـرێت بڵـێین، ئەم پەیکەرە گـرینگیی خـۆی لـە ئەفـسـانـەکـەوە وەرگرتووە، نـەک بەپێچەوانـەوە، چونکە لە کۆنیـدا، کەس تەمـەنی ئەفسانەکە پـێ نازانێت. وەلـێ هـەرچی پـەیکەرەکـــەیـە، لەلایـەن پـەیکەرتـاش (ئـەدوارد ئـیرکسن (Edvard Eriksenەوە دروست کـراوە و لە ئابی سـاڵی (١٩١٣) وە، لە کەناری دەریا، لە ناوچەی (Langelinie) جێگیـرە. جێی باسـە، هونەرمەند ئیرکسن، هاتووە، بۆ چێکردنی پەیکەری ئەم پەرییەی، لەسـەر ئاستی جیهان ناسراوە، (ئیلینە Eline)ی خێزانی خۆی کردووە بە مۆدیل.

ئێـمـە لە مـێـژوودا هـەبووین، ئەوەتا هونەری زارەکـیـمـان هـەیە. فـەرمـوو بیخوێننەوە. هونـەری زارەکیمان وەک هی هەموو دنیا لە هۆشیاری و هزر و پرس و ڕامــان بـەدەر نـیـیــە. فــەرمــوون ئێــوە لە گــۆشــەنیگای خــۆتانەوە لێکیبدەنەوە و توێژینەوەی لە هەمبەر ئەنجام بدەن.

خـۆ تازە بە تازە خـەڵک نایەت حـیکایەت بهـۆنێـتـەوە. بەواتایـەکی تر، ئەو بارودۆخـەی حیکایەتی تێدا هاتبووە دنیاوە بەسـەرچووە و نـهـۆ ئەو زەوینەیە نەمـاوە. مەبـەستم لەوەیە، مـێژوو حـیکایەتی تێ پەڕاندووە.. ئێمەیش تێمـان پەڕاندووە. کاتێک پەیکەری کەونە خـواوەندێک لە دێرینخانەیەکدا دادەنرێت، بۆ ئەوە نـییـە خـەڵک بیپـەرستن و کـڕنووشی بۆ بەرن، یان قـوربانیـی لەبەر پێـیــدا ســەرببـڕن! مـرۆڤــایەتیش ئـەو ســەردەمــەی تێ پەڕاند و چیی تر ناگەڕێتەوە سـەری. ئەوان بەو مـەبەستە لە دێرینخـانە و مەیدانەکاندا دایان

ناون. تاکو ڕۆڵەکانی ئەو میللەتە بە مێژووی خۆیان ئاشنا بن. بیانیش، وەختایێ بە گەشت ڕوویان تێ دەکەن، لە نزیکەوە بیبینن و بزانن ئەو گەلە، لە کۆنیشدا هەر داهێنەر بووە. ببینن چلۆن سنعەتکارانە پەیکەریان تاشیوە. هەروەها بۆ ئەوەی بزانن، کە ئەوانیش خاوەنی هزر بوونە. لە کۆنیشدا هەبوون و جێدەستیان دیار بووە و چالاکانە هەڵسووڕاون. بەپێی توانای خۆیان، لە بنیاتنانی شارستانەتدا پشکدارییان کردووە و وەک دەڵێن: (لە پڕێ نەبوون بە کوڕێ).. کوارگ ئاسایش هەڵنەتۆقیون.. هەرچی ئەم پەیکەرانەیشە، بەڵگەی بەرچاون و ئەوێتی و مێژووی ئەو گەلە پێک دەهێنن.

هەر گەلێک، ئەگەر کەلەپووری خۆی نەناسێت و وەک پێویست ڕێزی لێ نەگرێت، چلۆن دەتوانێت باوەش بۆ کەلەپووری گەلانی دنیا بگرێتەوە و قەبووڵیان بکات و ڕێزیان لێ بگرێت؟ فەرموون ئێوە بە مێنتەلێتی و بە ئاستی هۆشیاریی ئەمڕۆوە بیانخوێننەوە و لێیان بکۆڵنەوە. ڕایەکی بەڵگەنەویستە، ئەگەر بڵێم؛ لەمێژە ئەدەبی کوردی، حیکایەتی تێ پەڕاندووە. وەلێ هەقایەت و ئەفسانەکانیش بەشێک لە ئەوێتیی ئێمەیان پێک هێناوە. گوێڕایەڵیشیان (ولاء) هەر بۆ ئێمەی کوردە، چونکە باپیرانی خۆمان دایان هێناون و ڕۆیان ناون.. دەبا تەواوی ئەو هەقایەتە زارەکییانە، بە ناوی خۆمانەوە تۆمار بن و هەر بەناوی خۆشمانەوە تێکەڵ بە حیکایەت و ئەفسانەکانی جیهان بن.

## حیکایەت لە قوتابخانە

بۆ ئەوەی کاریگەریی زنجیرە بیانییەکان لەسەر زەینی منداڵان کەم بکەینەوە و زیاتر بەتەنگ شوناسی نیشتمانی و پەروەردەی نیشتمانیی قوتابییەوە بین، چاکتر وایە جاروبار بابدەینەوە سەر حیکایەتە میللییەکان و ئەو چیرۆکانەی نووسەرانی کورد خۆسەری نووسیویانن، یان لە فۆلکۆری خۆمانەوە ئامادەیان کردوون. ئەم چیرۆک و حیکایەتانە خەیاڵی منداڵ چالاک دەکەن و بەرەو داهێنان دنەیان دەدەن.

وێڕای ئەوەی حیکایەت نەوەی ئێستا بە نەوەکانی پێش خۆیەوە گرێ دەدات. لێرەیشەوە منداڵ دەکارێت بەراوردی نێوان ئێستا و ئەوسا بکات و لەوەیش تێ بگات داخۆ لە چاو ئەوسادا چ گۆڕانێک بەسەر بەرەی مرۆڤدا هاتووە و دنیا بە چ ئاستێکی شارستانەت گەیشتووە؟

چیرۆک بۆی هەیە ئەرێنیی کار لە کەسیەتیی منداڵ بکات. کەسیەتییش مەبەست پێ هەموو ئەو سیفەتە کۆمەڵایەتی و ئاکاری و مگێزی و زەینی و جەستەییەیە، کە تاکێکی پێ دەناسرێتەوە.

ئەوەیش بزانە، هەر پرۆژەیەک چەند مەزنیش بووبێت، سەرەتا بە خەیاڵ دەستی پێ کردووە. لێرەشەوە منداڵ شارەزای کەلەپووری نەتەوەکەی خۆی دەبێت. هەست بەو ڕاستییەیش دەکات، کە ئەوی بە تەمەن منداڵ، قووڵاییەکی لەنێو مێژوودا هەیە و بە ڕەگیشە دەچێتەوە سەر نەتەوەیەکی کۆنی ئەم پیرە زەوینە. لە ئەنجامدا هەم شانازی بە ئەدەبی نوێ، هەمیش بە ئەدەبی میللیی خۆیەوە دەکات. بۆ خوێندنەوە و بەشوێنداچوون هانی دەدات. بە پشووی درێژەوە فێری گوێگرتن و خوێندنەوە دەبێت. بڕوا بە خۆی و

تواناکانی خۆی بەهێز دەبێت و ئاستی زانیاریشی هەڵدەکشێت.

چیرۆک و حیکایەت، ناوی چەندین دارودرەخت، گژوگیا، گیاندار و بێگیان، بوونەوەرەکانی دەوروبەر و دووری تێ دەکەوێت. ئەمەیش قامووسی زمان لەلای منداڵ دەوڵەمەند دەکات. خۆ ئەگەر چیرۆک بە شێوەی نواندن پێشکێش بەمنداڵان بکرێت، ئەوا تا ماوەیەکی زۆر، ئەدگاری کەسیەتییەکانی، لە بیرەوەریدا بە زیندوویی دەمێننەوە. وێڕای ئەوەی، چێژی ستاتیکیی ئەوی منداڵ پەرە پێ دەدات. چونکە چیرۆک بۆ خۆی، پارچەیەکە لە جوانی. بۆیە گوێگر و خوێنەری ئەدەبی جوان، دەبێتە خاوەنی زەوقی جوان و هەستی بەرز.

*

ئەو کەسەی بەنیاز بێت حیکایەت بۆ منداڵان بگێڕێتەوە، یان بخوێنێتەوە، گەرەکە زمانی ڕەوان و دەمولەبز شیرین بێت. چاکتر وایە ئەرکی گێڕانەوەی چیرۆک بەو کەسانە بسپێردرێت، کە دەرچووی بەشی شانۆن؛ تاکو بە (ئیلقا)ی بەهێز، بە جلوبەرگی تایبەت بە کەسیەتییەکانی نێو چیرۆکەکە و بە ئاماژە و جووڵەوە بیگێڕنەوە. چاکتر وایە ناوبەناو هەوایەک گۆرانیی میللیشی لە تەکدا بێت، تاکو منداڵان هەستی پێ بکەن، کە گەلەکەیان خاوەنی هونەری گۆرانی و موسیکی تایبەت بە خۆیەتی. تاکو ئەوان لەبن هەژموونی هونەر و ئەدەبیاتی دەرودراوسێدا دێوانگۆڕ (مسخ) نەبن. هەروەک دەکرێت مامۆستایانی زمان لەسەر گێڕانەوەی حیکایەت ڕابهێنرێن و کتێبی چیرۆک و حیکایەتیان بەسەردا دابەش بکرێت و لە گرینگیی ڕۆڵی حیکایەتیش بۆ منداڵ ئاگەدار بکرێن.

چاکتر وایە ئەو حیکایەتانە لەپێش قوتابیاندا نمایش بکرێن. خوێندکاران خۆیان بەشداری لەو نمایشەدا بکەن، بەوەی لێ ببرێن خۆیان ڕۆڵی کارەکتەرەکان ببینن. جا چونکە منداڵ خاوەنی خەیاڵی دەوڵەمەندە،

دەتوانێت بە ئاسانی لەلای خۆیەوە وێنای ژینگەی ئەو چیرۆک و حیکایەتانە بکات، کە گەورەکان بۆی دەگێڕنەوە، یان خۆی دەیانخوێنێتەوە. چالاکیی لەم جۆرەیش، لە یەک کاتدا چەند ئامانجێک دەپێکێت:

فێربوون تێکەڵ بەگەمە دەبێت، کە منداڵان خۆیان متووی گەمەن.

دەقی چیرۆک بەشانۆیی دەگۆڕێن. واتە قوتابی بەشێوەیەکی سەرەتایی فێری نواندنیش دەبێت.

ژووری پۆل دەبێت بە وەرشەی گەم ەو کار، واتە چالاکیی پتر بەخۆیەوە دەبینێت.

وزە و توانا شاردراوەکانی منداڵان لێرەدا دەردەکەون.

دەشێ ئێمە بۆ کەلەپووری هەمەڕەنگ و دەوڵەمەندی خۆمان بگەڕێینەوە، سوودی لێ وەربگرین و بۆ چیرۆکی منداڵ بیگونجێنین. بەو واتایەی لە ڕووداوەکانی نێو مێژوو، لە ئاکار و بەسەرهاتی کەسیەتییە ناسراوەکانی مێژووی خۆمان سرووش وەربگرین و بەچیرۆکیان بکەین. دەکرێ ئێمە سرووش لە حیکایەتە میللییەکانی خۆمان وەربگرین، بە زەین و دیدی نوێوە، بە زمانی ئەم سەردەمە بیاننووسینەوە. دەشێ کەڵک لەو بەسەرهاتانە وەربگرین، کە بە پەند و سەرسوورمان و ئەفسوون و گیانی گاڵتەوگەپ دەوڵەمەندن. ئەوانەی وا دەرس و واتای بەرز و بەنرخیان تێدایە. هەروەک دەتوانین ئەم ڕەگەزانە، وەک کەرەسەی خاو بۆ دەقی شانۆ و ئۆپەرێت بەکار بهێنین، بەمەرجێک لەگەڵ ئەم سەردەم و قۆناغەدا بیانگونجێنن و بیانخەملێنین. بە زمانێکی نوێ بیاننووسینەوە و بە دنیابینیی نوێ بارگاوییان بکەین مامەڵەیان لە تەکدا بکەین. بەو واتایەی ڕەوش و کێشەکانی ئێستایان پێ بخوێنینەوە.

ئێمە دەتوانین بەم کارەمان، واتە لە ڕێی بەگەڕخستنی ڕەگەزەکانی کەلەپووری خۆمانەوە، بەئاسانی منداڵ بۆ نێو کەشوهەوایەکی میللیی ئەوتۆ

بهێنینەوە، کە لەوێدا هەست بە بۆن و بەرامەی گەلێک و کۆمەڵێکی جیاواز بکات. بۆنی کولتوورێک بکات، کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و مۆرکی خۆی هەڵگرتووە. دەشێ ئێمە کەسیەتییەکی خۆشەویست لە مێژووی خۆمانەوە بهێنین و ماوەی پێ بدەین، سەربوردەی خۆی و کار و کردەوەکانیمان بۆ بگێڕێتەوە.

## ڕۆنانی چیرۆک لە قوتابخانە

بەخوێندنەوەی مێژووی ژیانی داهێنەرانی بواری ئەدەب و هونەر، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەزۆری لانی کەمی تەمەن بۆ داهێنان، چواردە ساڵییە. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا مۆزارت سەرۆکایەتیی ئۆپێرای میلانۆی کردووە و بتهۆڤن ئاهەنگی موزیکی لە شەقامە گشتییەکاندا ڕێک خستووە و جەواهیرییش هەر لەم تەمەنەدا دەستی بە شیعر نووسین کردووە. گۆرانیی خۆیشمان لە دوازدە ساڵییەوە دەستی بەنووسین کردووە. واتە بەگشتی بەهرەی ئەدەبی و هونەری لە تەمەنی هەرزەکاریدا، لە تاک دیاری دەدات.

وەک ژینگەیش، ئەم هەلومەرجەی، کە لە وڵاتی سوێد لە ئارادایە و منداڵی کوردی تێدا دەژی، بۆ داهینان لەبارە. چونکە سوێد وڵاتێکی دیموکراتییە مافەکانی منداڵ لێرە سەلمێندراون و هیچ پاڵەپەستۆیەک لەسەر منداڵ نییە. هەروەک هەلومەرجی ژیانی باب و دایکی منداڵیش لێرە دروست و سەقامگیرە. دیارە لە کەشوهەوای ئازادی و دابینکردنی مافە مەدەنییەکاندا بۆ تاک، داهێنانیش لە هەر بوارێکدا بێت، گەشە دەکات.

وەکو تر، چاوەڕوان دەکرێت مامۆستایان لێرە، پێکهاتە و سروشتی ژانرە ئەدەبییەکان بناسن. ئێمە باس لە ژینگەی وڵاتی سوێد دەکەین، دەنا لە کوردستان ڕەنگە مامۆستای ئاسایی توانای بەسەر ژانرە ئەدەبییەکاندا نەشکێت و نەیشتوانێت ببێتە ڕابەر و چاوساغ بۆ قوتابییەکانی. لێرە ئەگەر مامۆستا پرسێکی لێ عاسی بوو، دەکارێت ڕاوێژ بە سەرووتری خۆی بکات.

دڵنیاشم بەهانایەوە دێن و ڕێنوێنیشی دەکەن. یان مامۆستایان دەکارن داوای یارمەتی لە چیرۆکنووسانی دەوروبەریان بکەن.

هەوڵێکی لە جێیە، ئەگەر منداڵ بخرێتە سەر ڕێی چیرۆکنووسین، جا ئەو لێ ببرێت لەنێو قوتابخانەدا بینووسێت، یان لە دەرێی قوتابخانە. بەڵام بۆچی ئێمە خوێندکار هان بدەین، لەنێو چەندین ژانری ئەدەبیدا چیرۆک بنووسێت؟ چونکە چیرۆک ژانرێکە کاریگەریی لەسەر زەینی منداڵ زۆرترە، منداڵ بە شەوق و زەوقەوە دەیخوێنێتەوە، یان ئامادەیە گوێی لێ بگرێت. وەکی تر مرۆڤ لە ڕێی چوار (شارەزایی: سکیڵ)ەوە زمان فێر دەبێت، کە ئەوانیش برێتین لە: بیستن، ئاخافتن، خوێندنەوە و نووسین. پرۆسێسی نووسینیش گرینگترینی ئەم سکیڵانەیە.

مرۆڤ لە ڕێی نووسینەوە، باشتر دەکارێت پێوەندیی بەوانی ترەوە گرێ بدات. پرسی نووسینیش ئامانجی سەرەکییە لە فێربوونی زمان. چونکە نووسین ئاستی مەعریفە و بیرکردنەوەی خاوەنەکەی بەدیار دەخات و هەڵوێستی تاک، بەرانبەر بە ژیان و دەوروبەری ڕوونتر دەکاتەوە. ئاستی زمانزانینی تاک پێشان دەدات. نووسین، بەگەڕخستنی توانای زمانە لەوپەڕی جوانی و دەربڕینەوەی خۆیدا. هەر زمانێکی دنیایش بگریت بە پرۆسەی نووسین گەشەی کردووە، بەتایبەتی نووسینی داهێنەرانە، نەک لە ڕێی گێڕانەوە و بەکاربردنی زارەکییانەی زمانەوە.

دەتوانین جەخت لەسەر ئەو ڕاستییەیش بکەین، کە نووسەرانی وەک مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، گۆران و چەندین نووسەری تر، بەهۆی بەرهەمە نووسراوەکانیانەوە زمانی کوردییان گەیاندووەتە ئەم قۆناغەی ئێستای. بۆیە لە جێیە ئێمەیش دەستی منداڵ بگرین بەرەو نووسینی داهێنەرانە ئاراستە و ڕێنوێنییان بکەین، تا بتوانن بە ڕەوانی گوزارشت لە هزر و هەستی خۆیان بکەن و بەڕەوانییش فێری زمانی دایکی خۆیان بن .

دیاردەیەک، کە بەدرێژاییی تەمەنم لە خوێندکاری کوردم دیبێت و هەستم پێ کردبێت، ئەوەیە، کە خوێندکاری کورد بە گشتی، لە ڕووی گوزارشتکردنەوە تەواو بێ دەرەتانە، جا خوێندکاری سەرەتایی بووبێت یان بنەڕەتی، نەیتوانیوە بە کوردییەکی خاوێن، لاپەڕەیەک پڕ بکاتەوە. منداڵی کورد نەک هەر بە نووسین، بگرە بە شێوەی زارەکییش خراپ گوزارشت دەکەن. لە سامانی زماندا هەژارن و لە ڕستەڕۆنانیشدا تێی ناهێنن. لە وتاربێژیدا بێ توانا و نەشارەزا و شەرمنن. پڕکێشیی ئەدەبییان کزە و ناتوانن بەسەرکەوتوویی ڕۆڵێکی کورتی شانۆیی ڕایی بکەن.

وێڕای گشت ئەمانە، ئەوان بەگشتی ناخوێننەوە. ئەم ئەنجامە نەرێنییەیش لە سۆنگەی خراپیی پرۆگرامی خوێندنی کوردی و سیستمی پەروەردەوە و میتۆدی وتنەوەی وانەی زمانەوەیە. باشترین چارەسەریش ئەوەیە منداڵ بخرێتە سەر کەڵکەڵەی مەشقی نووسین، بە مەرجێک هاوکات درێژە بە خوێندنەوەیش بدات.

پێشتر باسمان لە گرینگیی نووسین کرد. پرۆسێسی نووسینیش بەم قۆناغانەدا تێ دەپەڕێت: قۆناغی بیرکردنەوەی بەر لە نووسین، ڕەشنووس، هەڵەبژێری، پوختەکردن و پاکنووسی دەق. دوای ئەم هەنگاوانەیش دەقی نووسراو بڵاو دەکرێتەوە.. وەها ڕۆیشتووە، گوایە نووسەرە پیشەوەرەکان، زۆربەی کاتیان، بە قۆناغی بیرکردنەوەی بەر لە کردەی نووسین بەسەربردووە.

لە سەرەتادا، منداڵ بڕوایەکی ئەوتۆی بە توانا شاردراوەکانی خۆی نییە و پێی وایە هیچی ئەوتۆی بۆ نووسین پێ نییە. لە کاتێکدا ژیانی ئەوی منداڵ تژییە لە لڤلڤین و سەرەڕۆیی و بابەتی هەمەڕەنگ. ئەمانە بەسەریەکەوە پەرێزێکی دەوڵەمەند بۆ نووسین پێک دەهێنن. لێرەدا مامۆستای زمان، ئەوەندەی لەسەرە هاریکارییان بکات، چلۆن ئەوان بتوانن بچنەوە سەر،

بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و سەرەداوەکان بگرنە دەست. هەندێک جاران منداڵان چیرۆکی وەهایان لەلایە، لێوانلێوە لە خەیاڵ و فانتاسیا. بەڵام ڕۆڵی مامۆستا لەوێدا بەدیار دەکەوێت، چلۆن ئەو منداڵە بەهرەمەندانە بدۆزێتەوە و چالاکیان بکات.

ڕەشنووس:

لە قۆناغی ڕەشنووسدا، بیرۆکەکان دەخرێنە سەر کاغەز و منداڵ قەڵەم بەکار دەهێنێت. لەم سەردەمەدا، باشتر وایە لە بریی قەڵەم کۆمپیوتەر بەکار بهێنێت. لێرەدا دەستپێک گرینگە، چونکە منداڵ سامی دەشکێ. گەرەکە منداڵ بێ گوێدانە هەڵەی ڕێنووس و زمان و دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی، هەرچییەکی بە خەیاڵدا هات بینووسێت. چونکە ئەو هەرچییەک، کە ئێستا دەینووسێت، لە پاشاندا بژار و پاکنووسی دەکات و پێیدا دەچێتەوە. لەم قۆناغەدا خێراییی نووسین و زەین چڕکردنەوە گرینگن.

پێداچوونەوە:

بۆ ئەوەی کارەکە بەپوختی بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەر، دەشێ دەق چەندین ڕەشنووسی هەبێت. لێرەدا منداڵ دەقەکەی ڕێک دەخات و هەڵەکانی زمان و ڕێنووس ڕاست دەکاتەوە و نیشانەکانی خاڵبەندی لە جێی خۆیاندا دادەنێت. لە خۆی دەبێت بە خوێنەرێکی وریا و بەئاگا و نووسینەکەی خۆی هەڵدەسەنگێنێت. گۆڕان لە دەقەکەیدا دەکات، وشەیەک بە وشەیەکی تری گونجاوتر و شایستەتر دەگۆڕێت. وشە و ڕستە پاش و پێش دەخات و لە شوێنی تەواوی خۆیاندا جێیان بۆ دەکاتەوە. دەشێ ئەم پێداچوونەوەیە بە قوتابییەکی هاوپۆلی خۆی بسپێرێت و ئەمیش لە بەرانبەردا بە دەقی خوێندکارێکی هاوپۆلیدا بچێتەوە.

پاکنووس:

لێرەدا، منداڵ جارێکی تر دەقەکە بەپوختی و بێ هەڵە دەنووسێتەوە و هەڵەبڕی دەکات. واتە ئەمەیان برێتی دەبێت لە دوا نووسینەوەی دەقی چیرۆکەکە. گەرەکە بەخەتێکی جوان نووسرابیت. ڕەشکردنەوە و پەڵەی پێوە نەبێت. دێری پەڕاندبێت و وابێت بە ئاسانی بخوێندرێتەوە.. لێرە بەدواوە، ئەو بۆی هەیە، ناوی دەق لە کارەکەی بنێت.

بڵاوکردنەوە:

هەر نووسراوێکی ئەدەبی، هەتا نەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەر، ناکرێ ناوی دەقی لێ بنێین.. چەندین ڕۆمان، یان دیوانە شیعر، لەبەر زۆر هۆکار، لەو هۆکارانەی لە نووسەرانی کورد قەوماون، دەشێ دەیان ساڵ دوای نووسینیان و دوای مەرگی نووسەرەکانیان دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوەیان بۆ بڕەخسێت. بۆیە بەرهەمەکانیان دەکەونە بەر دیدەی نەوەکانی دوای خۆیان و ئەوسا وەک دەق دەناسرین.

دەکرێ بڵاوکردنەوەی دەق بەشێوەی زارەکی بێت، واتە دەشێ منداڵ، بەدەمی لەپێش قوتابیاندا، یان لە ڕادیۆی قوتابخانەوە چیرۆکەکەی خۆی بخوێنێتەوە، ئەگەر خوێندنگە ڕادیۆی هەبوو. یان دەشێت لە بڵاوکراوەی کاغەزینی قوتابخانەدا بڵاوی بکاتەوە. یان دەشێ بەشێوەی ئەلیکترۆنی لە ماڵپەڕی قوتابخانەدا دەقەکە بڵاو بکرێتەوە.

کاری مامۆستای زمان لەم پرۆژەیەدا ئەوەیە، بەهرەمەندانی بواری چیرۆک بدۆزێتەوە و دەسنیشانیان بکات. گەشە بە توانا و بەهرەیان بدات. هێڵە بنچینەیییەکانی چیرۆکنووسینیان فێر بکات. دەکرێ خوێندکاران لەنێو قوتابخانە، یان لە دەرێی قوتابخانە ئەم کارە ڕابپەڕێنن.

بیرت بێت، کە چیرۆکنووسین گەشە بە زمانی منداڵ دەدات. توانای

ئەدەبیی ئەو پێش دەخات و فێری دارِشتنی رِستە و رِێکخستنی پەرەگراف و گرێدانی رِووداوەکانی چیرِۆک بە یەکەوە و دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی لە جێی خۆیاندا دەکات. منداڵ دەخرێتە سەر رِێی داهێنان و هزرین و ئازادیی رِادەربرِین و گوزارشتکردن و پەرەدان بەو دید و بنەمایانەی، کە منداڵ برِوای پێیانە. جێی وتنە لە ساڵی ١٩٩٥وە ماڵپەرِێک بە ناوی kid pubەوە چالاکانە، کتێب و چیرِۆک، لە رِۆنانی منداڵان خۆیان، بۆ منداڵانی جیهان بڵاو دەکاتەوە. ئەمەیش ناونیشانی ماڵپەرِەکەیانە:

www.kidpub.com

لە وڵاتی (تونس)یش پرِۆژەیەک بەناوی (مشروع قصة الطفل: پرِۆژەی چیرِۆکی منداڵ) هەیە، کە لەوێدا (منداڵ بۆ منداڵ دەنووسێت).

## رِەگەزەکانی چیرِۆک

هونەری چیرِۆکنووسین و چیرِۆکگێرِانەوە، وەک هەر ژانرێکی تری ئەدەبی، بە خوێندنەوەی سەروەر و پرِۆڤەی زیاتری نووسین دەچێتە پێشەوە. دەشێ منداڵی نووسەر لە سەرەتادا لاسایی شێوازی نووسەرێک، یان نووسەرانێک بکاتەوە، کە بەرهەمی خوێندوونەتەوە و پێیان سەرسام بووە، وەلێ بەدرێژەپێدان و دوای کۆکردنەوەی ئەزموون، دەبێتە خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆی، کە پێی دەناسرێتەوە.

ئەو کەسەی وا لێبرِاوە چیرِۆک بنووسێت، گەرەکە ئاگەداری مەرجە بنەرِەتییەکان و رِەگەزەکانی ئەم هونەرە بێت، وەک: بابەت، بیرۆکەی چیرِۆک، بنیاتی چیرِۆک، قارەمان، رِووداو، چنین و شێواز و گەلێک جوانکاری و نهێنیی تریش، کە دەشێ لەگەڵ پێشڤەچووندا پەیان پێ ببات. ئێمە لێرەدا باس لە بنیاتی چیرِۆک دەکەین. رِووداو لە کات و شوێندا دەقەومێت. ژینگەی رِووداویش هەڵسوکەوتی قارەمانەیل، هەڵچوونی باری دەروونی و تەرزی ژیانیان دیاری دەکات. هەموو ئەمانە پێکەوە، بنیاتی

چیرۆک پێک دەهێنن و دەبنە سەرچاوەی چێژ و گرینگیپێدانی خوێنەران.

بابەت:

بابەت هەمەڕەنگە، ئەو یەکێکیان هەڵدەبژێرێت دەکرێ بابەتی چیرۆکی مندالٚ، نیشمانپەروەری، یان ژینگەدۆستی بێت. یان دەشێ بڕوابەخۆبوون و پشت بەخۆبەستن بێت. یان بەگژداچوونەوەی دیاردەیەکی دزێو بێت، یان گیانی هاریکاری و هاوڕێیەتی بێت. خۆشەویستی، وەک نموونەیەکی بەرچاو، بابەتێکی زۆر گرینگە و کۆن نابێت. لەوەتەی ئەدەب هەیە، نووسەران پێوەی سەرقاڵن، کەچی چکیش ناکات. بابەتی ڕۆمیۆ و جولێت، ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترا، شیرین و فەرهاد و مەم و زین و هەزاران چیرۆک و رۆمان و شانۆنامەی تریش هەن، وەک بابەت خۆشەویستن، بەلاّم لە یەکودوو ناچن و جیاوازیشیان زۆرە. یەکێک لەوانە، جیاوازییە لە بیرۆکەدا.

بیرۆکە:

گەرەکە بیرۆکەی چیرۆک، لە زەینی نووسەردا تەواو ڕوون بێت و بڕیاری کۆتاییی لێ دابێت، تاکو خوێنەریش بەڕوونی لێی وەربگرێت. بیرۆکە وەک ناوەلە یان وەک ناوک وایە. نووسەر لەگەڵیدا خەریک دەبێت و بەدەوریدا دێت، تاکو گەشە دەکات و دەبێت بە ڕووەکی تەواو. وەلێ بیرۆکەی چیرۆک ڕەگەزێکی سەرپێیی و چەقبەستوو نییە، بگرە لە هەڵکشان و پەرەسەندن و گەشەی سەرومردایە. نووسەر مافی تەواوی پێ دەدات، تاکو ئەو هەناسەیەی دەگاتە لووتکە و پاشان کۆتاییی پێ دێت. دەشێ بڵێین بیرۆکە دڵی زیندووی چیرۆکە، گەرەکە بەشێنەیی، بە ڕێیەکی گونجاو و لۆجیکیدا گەشە بکات و پێش بخرێت، تاکو چیرۆکەکە بگاتە کۆتاییەکی لۆجیکی و گونجاو.. بەلای هەر نووسەرێکەوە پەیبردن بە بیرۆکەیەکی نوێ و گونجاو وەک ئەوەیە بەسەر دەستکەوتێکدا کەوتبێت، چونکە دەرگەی چیرۆکێکی نوێی بۆ دەخاتە سەرپشت.

قارەمان:

قارەمان، کارەکتەر، یان کەسیەتی، بوونەوەرێکی لە کاغەز دروستکراوی خەیاڵییە. تا قارەمان چالاک و زرپ و زیندوو بێت، پتر سەرنجی خوێنەر، یان وەرگر بۆ لای خۆی دەهێنێت. قارەمان هەن، بە کردە و کۆششیان، بە توانا و ئاکاریان، بە جیاوازییان لەوانی تر، تا سەر لە بیرەوەریی خوێنەردا دەمێننەوە. قارەمان ئەو مرۆڤ و گیاندارانەن، کە خاوەنی دید و هزری خۆیانن. لە دروستکردنی ڕووداودا پشکدارن و ڕۆڵی گرینگ لەسەر کاغەز و لە پانتاییی چیرۆکدا دەگێڕن.

ڕەنگە ئەگەر قارەمانی چیرۆک مرۆڤ بێت، بۆ خوێنەر زیاتر سەرچاوەی چێژ و سەرنج بێت. چونکە لە مرۆڤدا باری دەروونی ڕوونتر بەدیار دەکەوێت. دەشێ خوێنەر خۆی، یان کەسی نزیکی خۆی لە کەسیەتی و کێشەکانی ئەو قارەمانەدا بدۆزێتەوە. کارەکتەری مرۆڤ، بۆی هەیە تاکێکی کارا و نموونەیی بێت و بۆ خوێنەر ببێتە پێشەنگ. هەروەک گەرەکە نووسەر وەسپی قارەمانمان بۆ بکات، تاکو ئێمەیش وەک خوێنەر، لە خەیاڵی خۆماندا وێنای بکەین. بزانین بەنیازی چییە؟ چلۆن بیر دەکاتەوە؟ مگێز و بیچمی چلۆن هەڵکەوتووە؟

وەکو تر بەپێی تیۆرییەکانی سیگمۆند فرۆید، کەسێتی سێ لایەنی هەیە: ئەو (Id)، من (Ego) و منی باڵا (Super ego). بەکورتی، بەلای فرۆیدەوە کەسیەتیی مرۆڤ، لە ئاکامی ملانێی نێوان ئەو، من و منی باڵادا دەڕسکێت و چێ دەبێت.

شێواز:

بابەت و ناوەڕۆکی هەر چیرۆکێک، دەستنیشانی شێوازی گێڕانەوەیشی دەکەن. ئەو بیرۆکەیە چییە نووسەر بەنیازە بیگەیەنێت؟ واتە گەرەکە شێواز لە تەک بابەت و بیرۆکەدا گونجاو و لە تەک چنینی چیرۆکدا کۆک و تەبا بێت

و بۆ کارەکتەر، یان کارەکتەرەکان لەبار بێت. شێواز واتە شێوەی نووسین، شێوەی گێڕانەوە و داڕشتنی چیرۆک. شێواز دەکاتە گوزارشتکردنی ڕوون، بەهێز و جوان، کە قووڵ، ڕاستگۆ و کاریگەر بێت. بە گشتی ڕەگەزی شێواز هەموو ئەو ڕێگە و فێڵ و هونەرانەیە، کە نووسەر بۆ داڕشتن و گوزارشت و گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەیانگرێتە بەر. ئەو فێڵانەی، کە نووسەرێک ملانێ و کێشەکانی پێ دەخاتە ڕوو و چیرۆکەکەی پێ دەگێڕێتەوە، دەشێ ناوی شێوازی ئەو نووسەرەی لێ بنێین. نووسەر وەک دەرهێنەری شانۆ وەهایە، داخۆ ئەو چ فێڵێک، یان فێڵەیلێک بەکار دەبات، تا کارێکی هونەریی ئاستبەرز بەرهەم بهێنێت؟ ئامرازەکانی نووسەریش، بریتین لە قارەمان و ڕووداو و تەواوی ئەو ڕەگەزانەن، کە ساختمانی چیرۆک پێک دەهێنن.. وەلێ ئەوی نووسەر، چلۆن دەکارێت هەموو ئەم ڕەگەزانە لە کارێکی جواندا کۆ بکاتەوە؟

چیرۆکنووسین سەنعاتە لەسەر ئەوە وەستاوە، تۆی نووسەر، چلۆن بناغەی چیرۆکەکەت دادەڕێژیت؟ چ ڕێوشوێنێ دەگریتە بەر بۆ بنیاتنانی چیرۆکێکی بێ کەلێن؟ چلۆن ئەو نەخشە و ڕێوشوێنانە، بەئاوایەکی ئەوتۆ دەخەیتە واری جێبەجێکردنەوە، بەمەرجێک بە جوانترین شێوە حیکایەتەکەت بۆ بگێڕینەوە؟ چلۆن گەوەکانی ئەو حیکایەتە بەیەکەوە دەبەستی و کەشوهەوای گونجاو بۆ چیرۆک دەخوڵقێنێ، کە لەوێدا کەسیەتییەکان دەجووڵێن، چالاکی دەنوێنن و گوتار بەرهەم دەهێنن؟ سەدان جار بنەماکانی دەستپاکی، ژینگەدۆستی، ئالیکاری و چێ و چی بەچیرۆکی سەرکەوتوو کراون. لێرەدا گرینگ ئەوەیە، داخۆ تۆی نووسەر، لەلای خۆتەوە چۆنیان لە چیرۆکدا پیادە دەکەیت و دەیانگێڕیتەوە، یان کارەکە چلۆن دادەڕێژی، بەمەرجێک مۆرک و ستایلی خۆتی پێوە دیار بێت؟ واتە ئێمە دەبێ گرینگیی زۆر بە سەنعاتەکە بدەین.

گوتوبێژ:

گـوتـوبێـژی ڕەوان و چڕی نێـوان کـارەکـتـەرەکـان، وێڕای ئەوەی کـۆیان دەکـاتەوە، دەبێـتـە جـێی سـەرنجی وەرگـر و خـوێنەریش دەکـاتە هـاوبەشی کارەکتەرەکان. گوتوبێژی بەهێز و لە جێ، یەکسـانە بە گێڕانەوەیەکی بەپێز و بەهێـز. گـوتوبێـژ زمـانـی قـارەمـانی چیـرۆکـە، بـە وشـە و دەسـتـەواژە و ئیدیەمـەکانیـەوە. گـوتـوبێژ، شێـوازی هـەڵسـوکـەوت و ئاسـتی کـۆمـەڵایەتی، هۆشیاری، چینایەتی و دەروونیی قارەمان بەدیار دەخات. هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات و هەرچییەکی لە ناخدا ئەمبار کردبێت دەیخاتە ئەو گۆڕە. لە ژانری چیرۆکدا لاوێک تا پیرێک، شارییەک تا چێودارێک، لە قەد بارودۆخ و دەرەتان و حاڵی خۆیان قسـان دەکەن. واتە گوتوبێژ لە پرسی بنیاتنان و دامەزراندنی کارەکتەری چیرۆکدا پشکدارە. ناکرێت فـەیلەسـووفـێک وەک سـەوزەفـرۆشـێک بدوێت و وتـار بدات. دیارە هەمـوو کـات مـامـۆسـتـا بڕیاری کـۆتا لەسـەر چیـرۆکـەکـان دەدات و دەیاننرخێنێت.

ژینگەی چیرۆک:

سـاختـمـانی چیرۆک لەسـەر ڕووداوێک هەڵدەچنرێت و بنیـات دەنرێت، لە ژیانەوە سەرچاوەی گرتبێت. ڕووداویش لقوپۆی لێ دەبێتەوە و دەبێتە گرێ. گرێ گەورە دەبێت، گەشە دەکات تا دەگاتە ناوەڕاست، پاشان هەڵدەکشێت و کۆتاییی پێ دێت. چیرۆک، کە باس لە چەند ساتێکی ژیان دەکات خۆیشی هەروەک ژیان گـەشـە دەکـات و دواییی پێ دێت. چیـرۆک لە چوارچێـوەی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوەدەچێت. ڕەگەزەکانی زمـان، کات و شـوێن و کـۆمــەڵ، ڕەنگی ئەو کـۆمــەڵەیان گـرتووە، کـە نووسـەر تێـیـدا دەژی و تایبـەتمەندیی خـۆی هـەیە و چیـرۆکـەکە بـە ڕەنگی خـۆی بۆیە دەکـات. واتە واقـیـع هـەمـان واقـیـعـە بە زمـان و کـات و شـوێن و دۆخـی ژیاری و

کۆمەڵایەتییەوە. دەشێ بڵێین، شوێنی ڕووداوەیل و فەزای ڕووداوەیل، بەشی هەرە گرینگی ژینگەی چیرۆک پێک دەهێنن.

ڕووداو:

هەموو ئەو چالاکی و کارانە دەگرێتەوە، کە قارەمان یان قارەمانەکان لە سەمتی گێڕانەوەی چیرۆکدا دەینوێنن و ڕای دەپەڕێنن. ئەمانەیش تەوەری چیرۆکەکە پێک دەهێنن.. قارەمان خۆی ڕەگەز و تەوەری سەرەکیی ڕووداوە، هەر خۆیشی ڕووداو دەخوڵقێنێت، هەڵوێستی لێ وەردەگرێت، گەشەی پێ دەدات. ئێمەی خوێنەر گوتوبێژیش لەسەر زاری خۆیەوە دەبیستین یان دەخوێنینەوە. ڕووداو لە کات و شوێندا ڕوو دەدات. وەلێ ئێمەی خوێنەر گەرەکە وێڕای ڕووداو بزانین مۆتیڤ (حافز، پاڵنەر) لەپشت ئەو ڕووداوەوە چییە. ڕووداو و قارەمان لەیەک جیا ناکرێنەوە چونکە ڕووداو قارەمان دەخوڵقێنێت و قارەمانیش ڕووداو. هەر قارەمانە، کە دەستبەکار دەبێت و درێژەیشی پێ دەدات.

ئەگەر نووسەر وەسفی کردار بکات و بکەر پشتگوێ بخات، ئەوا ئەو لە جوغزی چیرۆکڕۆنان دەردەچێت و بەرەو بواری هەواڵ گێڕانەوە (السرد الخبري) دەچێت. واتە کارەکەی دەبێت بە گێڕانەوەی هەواڵ و خۆیشی پێ دەبێتە پەیامنێری ڕۆژنامە، یان هەواڵنامە. چیرۆکی نوێ هەر بەتەنیا ڕووداو نییە، بگرە دەشێ لە دەوری بیرۆکەیەک، یان دیمەنێک، یانژی بارودۆخێکی دەروونی، یاخۆ چەند هەناسەیەکی ژیان بسوورێتەوە.

ڕووداوی چیرۆک هەرچییەک بێت، وردە وردە گەورەتر و گەرموگوڕتر دەبێت و گرژیی تێ دەکەوێت، تا هەموو شتێک لە کۆتاییدا ڕوون دەبێتەوە. بەسەرێکی تر، چیرۆک گەرەکە مینا هەواڵ، وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری وەک: کێ، چۆن، کەی، لە کوێ، بۆچی، دوای ئەوە چی، دابێتەوە. چیرۆکی سوننەتی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییی هەیە. هەموو ئەو پێشهاتانەی لەم

ماوەیەدا دەقەومێن پێیان دەوترێت ڕووداو.

ڕووداو سروشتی بەڕێوە دەچێت. واتە دوور لە ڕێککەوت و هەڵپڕووکاندنی بێ بنەما گەشە دەکات. وابێت ئاوەز، یان لۆجیک بیبرێت و ڕێی تێ بچێت. بەشێوەیەکی هونەریی ئەوتۆ ڕیزبەند کرابێت، زەینی خوێنەر قەبووڵی بکات. لە هەمان کاتیشدا خوێنەر سەرسام بکات. گەرەکە چیرۆکی منداڵ ئاڵۆز و بەسەریەکتردا پرژاو نەبێت، بگرە ساکار بێت و زیاد لە پێویست درێژەیش نەکێشێت. باشترە زووتر و خێراتر لەو چیرۆکانەی بۆ گەورەساڵان نووسراون، بگاتە لووتکە. چونکە منداڵ، بەتایبەتی ئەگەر ورد بێت، پشووی کورتە و توانای خوێندنەوەی چیرۆکی درێژی نییە. نووسەر منداڵ بێت، یان مەزن، لەگەڵ کەڵەکەبوونی ئەزموونداً، گەشە دەکات و دەچێتە پێشەوە.

چنین:

چنین دەکاتە جووڵەی چیرۆک لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی، جووڵە و گۆڕان لە هەڵوێستی قارەماندا لە سەرەتاوە تا کۆتایی. واتە تا لووتکەی گرژی و کردنەوەی گرێ و دۆزینەوەی چارەسەر، لە تەک هەڵکشان و داکشانی ڕەوتی ڕووداودا. پاش دەستنیشانکردنی بابەتی چیرۆک و بیرۆکە، نۆرە دێتە سەر گرێ. ئەوجا کەسیەتیی سەرەکی دێت، کە چیرۆکەکە لە دەوری وی دەسووڕێتەوە. پاشان چێکردنی ملانێ و گەیشتن بە لووتکە دێت، وەک هەندێک نووسەر دەڵێن، کە لەوێدا گرێ دەکرێتەوە و ملانێیەکە لەسەر هەرچییەک بووبێت، بەلایەکدا دەکەوێت، یان چارەسەری ڕیشەییی بۆ نادۆزرێتەوە و درێژە دەکێشێت.

واتە جووڵەی ڕووداو و بەرەوپێشچوونی لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی. ئەمەیش یەکسانە بە دەرکەوتن و هەڵکشانی قارەمان تا ڕووداو دەگەیەنێتە لووتکە و پاشان دادەکشێت و گرێی چیرۆکەکەیش دەکرێتەوە و دەگاتە ئەنجام. ئەم کردەیە پێویستی بە نووسەرێکی دەسترەنگینە، لێبڕابێت بێ

کەلێن و غەفڵەت تانوپۆی چیرۆکەکەی بچنێت. هەنگاو بەهەنگاو بەرەو گرژبوون و توندبوونی تەنگژەکە بچێتە پێش. ڕەگەزی چنین، چێکردنی گرێ و کردنەوەیشی دەگرێتەوە. کە لەگەڵ جووڵەی خۆیدا بەرەو لووتکە، خوێنەریش تووشی گرژی و کرژی دەکات. کاتێکیش پشوویەکی تێ دەکەوێت، دۆخی گرژی لەلای خوێنەریش خاو دەبێتەوە و پشوویەک دەدات. کەواتە چنین بریتییە لە دەرکەوتنی کێشەیەک، کە سەرەتا و هەڵکشان و گرێ و چارەسەر و کۆتایی تێ دەکەوێت.

چنینی سەرکەوتوو واتە ڕووداوەکانی ئەو چیرۆکە لە جێن. مکۆم پێکەوە بەستراونەتەوە و یەکەیەکی لێک دانەبڕاویان پێک هێناوە. بەشێوەیەکی واقیعی و لۆجیکی دەکەونە بەر دیدەی خوێنەر، چونکە چنین بریتییە لە چیرۆکەکە. دەشێ کۆتایی چیرۆک داخراو بێت، یان بۆ خوێنەری جێ بهێڵین. لە کۆتایی کراوەدا، نووسەر گەرەکێتی خوێنەریش بکاتە بەشدار و هانی بدات لەلای خۆیەوە بیر لە چارەسەری کێشەکە بکاتەوە بەلایەکیدا بخات. یان بابڵێین خوێنەر دەخاتە جێی خۆی، تاکو ئەو کۆتاییەکی گونجاو بۆ کێشەکە، یان کێشەکان بدۆزێتەوە. هەندێک پێیان وایە سەرەتا و کۆتایی چیرۆک دوو وێستگەی زۆر گرینگی چیرۆکن. سەرکەوتن یان ژێرکەوتنی چیرۆکیان پێوە بەندە. کەچی هەندێکیش پێیان وایە، لە چیرۆکی نوێدا نە سەرەتا و نە کۆتایی ئەو گرینگییەیان نەماوە.

گرێ:

گرێ لە خۆیدا کێشەیە، یان هەڵخڕێنەری کێشەیە دەبێت بە لایەکدا بخرێت، یان درێژە بکێشێت. هەر لێرەیشەوەیە، کە ئێمەی خوێنەری چیرۆک، هەست بەگەرموگوڕیی ناوەڕۆکی چیرۆک دەکەین. کردار و پەرچەکردار چێ دەبێت و لایەنی خێر و شەڕ بەیەکدا هەڵدەپژێن. هەڵچوونی دەروونی ڕوو دەدات و هەستیش بە هەڵکشانی ملانێی نێوان کارەکتەرەکان دەکەین.

زمان:

چیرۆک وەک هەر ژانرێکی تری ئەدەبی، چالاکییەکی زمانییە. چیرۆک دەکارێ لە پەخشان وزەی گوزارشت و لە شیعر وێنەی شیعری، وزەی ئاماژە و ڕەوانبێژی و کورتبڕی بخوازێت، وەک ئەوەی چیرۆک ژانرێک بێت لە نێوان هەرێمی شیعر و پەخشاندا هەواری هەڵدابێت. ئەمەیش لەلای خۆیەوە دەکاتە تێکەڵکردنی زمانی واقیع بە لایەک و زمانی خەیاڵ و سۆز بەلایەکی تر. پرسی زمان هەر بەتەنیا ئەوە ناگرێتەوە، کە نووسەر گەرەکە ڕێزمانی کوردی بزانێ، وشەکان لە جێی خۆیاندا ڕیز بکات و نەکەوێتە هەڵەی زمانەوە، بەڵکو گەلێک لەوە زیاترە. گەرەکە نووسەر بتوانێت خۆی گوزارشت بکات و ڕستەی ئاستبەرز دابڕێژێت. وێنەی نوێی جوانی پێ بخوڵقێنێت، کە خۆی دای هێنابن. وێڕای چڕکردنەوەی زمان، کە دەشێ ئەمەیان لە ڕێی مەشق و ڕاهێنانی زۆرەوە منداڵ فێری ببێت. چڕکردنەوەی زمان بۆ نووسینی ژانرە ئەدەبییەکان گەلێک پێویستە، چونکە ناشێت ئەدەب بەڕستەی شاشوواش و کرچوکاڵ بنووسرێت.

گێڕانەوە:

چیرۆکنووس دێت کەسێکی کاغەزین هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە وەکیلی خۆی، تا چیرۆکەکەی بۆ بگێڕێتەوە.. ئەم کەسیەتییە، کە دەشێ ناوی (چیرۆکبێژ)ی لێ بنێین، لە درێژیی دەقدا بوونی نییە و تەنیا لەسەر کاغەز ئامادەیە. ئەمە کە دەبێت بە گەوی پێوەندیی نێوان نووسەر و وەرگر. نووسەری وریا و بەئەزموون، هەردەم ماوەیەک لە نێوان خۆی و چیرۆکبێژدا جێ دێڵێت.

گێڕانەوە (سرد) بە ڕاناوی یەکەمی (من) لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعرە، کە بەتەنیا پرسی فۆرم ناگرێتە خۆ، بگرە پرسی دنیابینینیش لە گۆشەنیگای حیکایەتبێژەوە دەگرێتە خۆی. خوێنەر زوو لە تەک ئەم جۆرە

حیکایەتبێژەدا ڕادێت. گێڕانەوە بە ڕاناوی کەسی دووەم (تۆ)، وەک ئەوە وایە حیکایەتبێژ خۆی جڵەوی قارەمانی گرتبێتە دەست و بەڕێوەی ببات، یان لە بەگژداچوونەوە و جەنگەی ملانێیەکاندا خۆی سەرەوکاری و ڕێنوێنیی کارەکتەر بکات و بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەو بدات. هەروەها واتای ئەوەیشمان پێ دەبەخشێت، کە چیرۆکبێژ و قارەمان نێوانیان خۆش بێت و پێوەندیی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەبێت. لێرەدا چیرۆکبێژ بەتەنگ کارەکتەرەیل و چارەنووسیانەوەیە. سۆزبەندییەک لە ئارادایە، کۆیان دەکاتەوە.

گێڕانەوە بە ڕاناوی کەسی دووەمی (تۆ) بۆی هەیە هەڵچوونەکانی (من)ی حیکایەتبێژیش بگرێتە خۆی. هەندێک جاران (من)ی ڕۆماننووس، یان چیرۆکنووسیشی تێدا دەخوێندرێتەوە. وەلێ تاکو ئێستایش زۆرێک لە نووسەرانی چیرۆکی منداڵ گێڕانەوەی چیرۆک بە ڕاناوی کەسی سێیەمی (ئەو) دەسپێرن. جێی وتنە، تەواوی حیکایەتەکانی دنیا، بە حیکایەتەکانی ئێمەی کوردیشەوە، گێڕانەوەی چیرۆکیان بە ڕاناوی (ئەو) سپاردووە.. دەشێ چیرۆک لە ڕێی گوتوبێژی نێوان قارەمانەکان خۆیانەوە بێتە گێڕانەوە. هەروەک دەشێ چەند چیرۆکبێژێک پشکداری گێڕانەوە بن. هەریەکەیان لە گۆشەنیگا و دنیابینیی خۆیەوە چیرۆکمان بۆ بگێڕنەوە.

ئەدەبی منداڵان لەلای ئێمە، وەک زاراوە و بەرهەمیش دیاردەیەکی نوێیە. پەیدابوونی چیرۆکی هونەریی منداڵانیش دوای سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی هونەری کەوتووە. ئێمە لەم بەستێنەدا، هێشتا خاوەنی ئەزموونێکی قووڵی ئەوتۆ نین، تا بەدڵنیاییەوە بگەڕێینەوە سەری و لێی بەهرەمەند ببین. بۆیە پێم باشە ئەوانەی بەنیازی نووسینی ئەم تەرزە ئەدەبەن، بۆ پەیداکردنی شارەزایی، زیاتر ئەو چیرۆکانە بخوێننەوە، کە بۆ منداڵانی وڵاتانی ئەورووپا نووسراون.

سەرچاوە و سەرنج:


(١) أحمد نجيب، فن الكتابة للأطفال، الطبعة الثالثة، دار أقرأ، بيروت، ١٩٨٦.

(٢) د. سمر روحي الفيصل، أدب الأطفال وثقافتهم، منشورات إتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٨.

(٣) محمد فالح الجهني، تدرب على الكتابة، أبدع قصتك وأنتقد قصة زميلك، المعرفة. العدد ١٧٤.

(٤) عبدالمجيد ابراهيم قاسم، توظيف التراث في أدب الاطفال، ديوان العرب.

(٥) محمد محي الدين مينو، فن القصة القصيرة (مقاربات اولى)، القصة السورية.


(٦) ئەم باسە، لە حەوتەمین کۆنفرانسی مامۆستایانی زمانی کوردی، لە وڵاتی سوێد، شاری (ڤێستەرۆس) مێژووی (٢٥-٢٦ ئابی ٢٠١١)، پێشکێش کراوە. لە ژمارە (١٤)ی کۆواری (واتە)ی ئەیلوولی ٢٠١١دا بڵاو بووەتەوە.

## یوسف نیم براگەل، مەمخەنە بیرەوە!

ماوەیەک لەمەوبەر، ژمارەیەک شانۆکاری شار (سلێمانی)، بەچەند پاژێک و لە تەلەڤزیۆنی کوردساتەوە، شانۆ و ڕۆژانی زێڕینی شانۆیان هێنایەوە سەر خوانی باس و گفتوگۆ. مەبەستیشیان پێ ئەو هەموو خۆشەویستی و گوڕ و تینە بوو، کە لە کن شانۆکارانی ئەو سەردەمە تاریک و نووتەکە، لە هەمبەر هونەری شانۆ لە ئارادا بوو، کە دەکاتە ڕۆژگاری ژێر سایەی بەعس.

ئەوان بەدرێژی قسەیان لەسەر شانۆی ئەو سالانە، واتە حەفتایەکان و هەشتایەکانی سەدەی بیستەم کرد. من تەواو لەگەڵ ئەو ڕایانەدام، کە ئەو بەڕێزانە دەریان دەبڕێ. بەلام لەسەرێکی ترەوە، ئەوان (بێ ویژدانانە و بەئەنقەست) لەو بەستێنەدا ڕۆڵی بەندەیان پشتگوێ خست و تاکە جارێکیش ناویان نەهێنام.

سەیر ئەوەیە، زۆربەیان لە کارەکانی بەندەدا ڕۆڵیان بینیوە، وەک شانۆ شیعری (ڕووبار) یان درامای تەلەڤزیۆنی (بازنەی تەنیای) یاخۆ لە فیلمی (نێرگز بووکی کوردستان). هەروەها ئەوان بەشانازی و خۆشحاڵییەوە لەو کارانەیشدا ڕۆڵیان بینیبوو، کە بەندە وەرم گێڕابوون، یان ئامادەم کردبوون. پێم وایە هۆی ئەم پشتگوێخستنەیش هەر ئەوە بێ، کە بەندە سەر بەهیچ حزبێک نیم، واتە سەر بەو حزبەیش نیم، کە خاوەنی کوردسات تیڤییە.. ئەوانیش لەوە ترسا بوون ئەگەر هاتوو لەو کەناڵەوە ناویان هێنام، ئیدی لەوانەیە حزبەکەیان لێیان بڕەنجێ و نانبڕاو بن. دەنا کارەکانی بەندە لەو بوارەدا دیارن بەهیچ کەسێک ناشاردرێنەوە.

لێرەدا دەمەوێ بەو شانۆکارە ئازیزانە بڵێم: ئەوان چەند لەسەر

پشتگوێخستنی من و نووسەر و هونەرمەندانی تری سەر بەغەیری حزبەکەی خۆیان سوور بن، هێشتا هەر بۆیان ناچێتە سەر. چونکە ئەو چالاکییانە بەچاک و خراپیانەوە بۆ مێژوو تۆمار کراون. نووسەر و هونەرکاریش لەسەر ئەو کارانەی کردوویانە و بەرهەمیان هێناوە، ئافەرین یان سەرکۆنە دەکرێن. مێژوویش هەر ئەوەیە، کە ڕووی داوە و جارێکی تر ناگەڕێتەوە.

مێژووی هونەریش بە چەند هونەرمەندێکی ماستاوچی بۆ ئەم حزب و ئەو حزب ناشێوێ. هیتلەر و سەددامیش نەیانتوانی مێژوو بگۆڕن و بیشێوێنن، یاخۆ پووشبەسەری کەن.. ئەوەی باسەواد بێت ئاگەدارە، کە لەو ڕۆژگارە ڕەشەدا، بێجگە لە مامۆستا (فوئاد مەجید میسری) هیچ کام لە نووسەرە ئازیزە هاوچەرخ و هاوتەمەنەکانم گومان نابەم هێندەی بەندە کاری بۆ بەرەوپێش بردن و جۆشدانی شانۆی بە پرسی میللەتەوە گرێدراو و بەرەنگاری کردبێ. بۆیە ئێوە دەبوایە بەویژدانەوە لەمەڕ شانۆ قسان بکەن و نەختێکیش لە مێژوو بپرینگێنەوە، ئازیزان!

دەمەوێ ئەو ڕاستییەش بیر ئەو بەڕێزانە بخەمەوە: تاکو نەهۆ دەقێکی کوردی گومان نابەم هێندەی شانۆ شیعری (ڕووبار)، کە یەکسەر دوای بڵاوبوونەوەی لە ساڵی ١٩٨٠دا، لەلایەن نووسەری هێژا (محەمەدی مەلاکەریم)ەوە کرا بە عەرەبی و لە کۆواری ڕۆژی کوردستاندا بڵاو بووەوە، خرابێتە سەر شانۆ.. ئەگەر ئێوە دەقێکی کوردیی وەها پێدەزانن، کامەیە؟

(ڕووبار) دەقێکی شانۆیی بەرەنگارییە. لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا چەندین جار لەلایەن قوتابیانی ئەکادیمیای بەغدا و شانۆکارانی عەرەبەوە، کە ناویان نازانم خراوەتە سەر شانۆ. ئەوەندەی لە یادم مابێ و ئاگەدار بم، جگە لەوەی بەدەیان ئەکتەری خۆمان کاریان تێدا کردووە، لەلایەن ئەم هونەرمەندانەیشەوە دەرهێنراوە:

(١) ئەحمەد سالار (سلێمانی).

(٢) زایەر عەبدوڵڵا ڕەش (سلێمانی).

(٣) مەجید ساڵح (کەلار).

(٤) ئاریز (چەمچەماڵ).

(٥) عـصـمـان فـارس (وەک پەیمانگەی هونەرە جـوانەکـانی سلێـمـانی، بەم بەرهەمە بەشداریی لە میهرەجانی شانۆی بەغدادا کرد).

(٦) ئیبـراهیم دەروێش (لە گـەورە شـاری [کوێتـە]ی وڵاتی پاکسـتـان دەری هێنا. جێی باسـە کاتی خۆی مانگنامـەی (پەیام)ی لەندەنی، لە یەکێک لە ژمـارەکـانی خـۆیدا، ڕاپۆرتێکی دوو لاپەڕەیی بۆ ئەم نمایشـەی شـاری کوێتە تەرخان کردبوو.)

ئەو شـانۆییـیانەی لەو ڕۆژگـارەدا وەرم گێڕابوون یان ئامـادەم کـردبوون، هەر هەموویان دەچوونە خانەی بەرگرییەوە:

(١) دوژمنی گـەل، نووسـینی: هێنـریک ئیبسن.. بۆ مێـژوو دەینووسم، لەم شـانۆییـیەوە نرخی بلیـتی شـانۆ لە سلێـمـانی بـوو بە دینارێک، لە کـاتێکدا پێش ئەم نمایشــە تـەنیـا نیـو دینار بوو! هەرچەندە من وەک وەرگـێـڕ تاکـە فلسێکیشم لەو شـانۆییـیە دەستکەوت نەبوو. تەمـەن درێژ بن، بەئـەکتـەر و دەرهێنەرەوە هەموویان ماون!.. ئەگەر وانییە بادەست بەچاومدا بکەن!

یەکـەم جـاریش بوو ببینم کـەسـانـی بەتەمـەن بـەو ژمـارە زۆرە بێنـە دیتنی شـانۆیی. چـونکە بەر لە پێـشـانداني دوژمنی گـەل بـە زۆری لاوان دەهـاتن.. ئێـوارەیەکیـان سـەرنجم دا، دوو ڕیزی پێـشـەوەی هـۆڵەکە (هـۆڵی پـەیمانگە) کــەســانـی بەتـەمــەن و ســەرســپـی بوون. زۆرم بەلاوە ســەیر بـوو، بۆیـە لە هۆکــارەکــەیم پرسـی. بـەڕێوەبـەری هۆڵ وتی: ئـەوانە بـەزۆری دیموکــرات و کۆمـەڵەن. هەندێک لەو ڕێزدارانـە نمایشی هەمـان دەقیـان لە شـاری (تاران) بینیبوو. ئەوان پێیان وابوو، ئەم نمایشەی سلێمانی لەوەی تاران هونەریترە،

بۆیه دەکرێ پێشاندانی شانۆیی (دوژمنی گەل)ی هێنریک ئیبسن بەوەرچەرخان لە قەڵەم بدەن؛ نەک بیخەنە پشتی کەنوو، وەک خستتان!

(٢) بەلەمی ئەفسووناوی، نووسینی: لاوشە.

(٣) دۆتمیری درێو، نووسینی: ک. م. فالو.

(٤) مەلی ئاوات، نووسینی: قاسم محەمەد.

(٥) گەشتەکەی حەسەن، نووسینی: محەمەد ئەلغزی.

هیچ گومانی تێدا نییە، کە ئەم نمایشانە لە هەموو شانۆییەکانی تری ئەو سەردەمە (هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو) جەماوەریان زیاتر بوو. هۆیەکەیشی بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، جەماوەری خوێندەواری شار، هەر بەچیرۆکەکانی خۆمدا دەیانزانی چ جۆرە دەقێک لە شانۆی جیهانی هەڵدەبژێرم.. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە هەندێ ئەکتەر لە ڕێی نمایشی ئەم دەقانەوە، خۆیان بەجەماوەر ناساند. بەشی زۆری ئەو هونەرمەندانە، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، وەختایێ دەنووسن، یانژی کاتێک لە میدیاکانەوە دەردەکەون و دەپەیڤن هەر ئەو دەستەواژە، زاراوە و دەربڕینانە بەکار دەبەن، کە لە کۆتاییی حەفتایەکان و درێژاییی هەشتایەکاندا، لە دەقەکانی ڕووبار و بەلەمی ئەفسووناویدا بەکارم بردوون!.

وەک دەبینن بەتەنیا و بێ پشت و پەنا، لەو ڕۆژگارەدا، هێندەی دەزگەیەکی ڕۆشنبیری کارم کردووە. کەچی ئەو بەڕێزانە هەر ناویشیان نەهێنام!.

بەداخەوە، ئێمە وەک دان بەڕەنجی یەکتردا نانێین، بەناچاری بەرەو دواوەیش، بۆ ڕۆژگاری دێرینی گەورە شاعیرانی وەک نالی و سالم گەڕاوینەتەوە، کاتێ لە قاتوقڕیی ڕەخنەگر و توێژەردا، خۆیان باسی ئاستی شیعرەکانی خۆیانیان بۆ خوێنەر کردووە. ئەمڕۆیش توێژەرێک نییە، بەویژدانەوە ئەم ڕاستییانە بنووسێ، بەڵام ئەوەتا بێ ویژدان هەن. بۆیە ناچار مام منیش دەق وەک ئەو سەردەمە، خۆم باسی کردە و کۆششەکانی

خـــۆم بکەم.. لەم ڕووەوە کـــۆڵێک خـــەجـــاڵەتم و زۆر داوای لێـــبـــووردن لە خـوێنەرانی ئازیز دەکـەم.. بـەو هونەرمـەندانەش دەڵێم: یوسف نیم براگـەل، مەمخەنە بیرەوە!.

کۆبنهاون
٢٤/ ٢/ ٢٠٠٦

## پاساوی کۆچ

کاتی خۆی کەسیەتییە نیشتمانی و شۆڕشگێڕەکان، لەلایەن حکوومەتە ملهوڕەکانەوە، یان لەلایەن داگیرکەرانەوە نەفیی وڵاتان دەکران. وەک نەفیکردنی مەلیک مەحموود و شێخ حەمە غەریب بۆ وڵاتی هیندستان، تاکو ئەوانی سەرکردە، پێوەندییان بە جەماوەری خۆیانەوە نەمێنێت. بەڵام نەهۆ خەڵکێکی زۆر بە حوسن و ڕەزای خۆیان تاراوگە هەڵدەبژێرن و لەوێ تاڵاوی غەریبی دەنۆشن. چونکە خەڵکانێک هەن، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، کە دایکی نیشتمان لەبن کاریگەری زڕبابێکی دڵڕەقدا جگەرگۆشەکانی خۆی پەراوێز خستووە.

وەلێ لە تاراوگەیش، تا ئەو ڕۆژەی دەمرن، هەر بە ئاواتی گەڕانەوەن بۆ زێدی خۆیان. لە ناخەوە ئازار دەنۆشن و وا هەست دەکەن، وەک گوناهێکیان بەرانبەر بە نیشتمانی خۆیان کردبێت، یان بێ ئەمەکییان بەرانبەری نواندبێت، کە خۆمان نیشتمان بەدایک دەچوێنین. چونکە کۆچکردن، گەڕانە لە دووی نیشتمانێکی تری نوێ، لە بریی نیشتمانی دایک. یان دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکە بۆ نیشتمانی دایک.

کۆچ گواستنەوەیەکی کاتی نییە، لە دەڤەرێکەوە بۆ ئەوی تر. کۆچ بەتەنیا ماڵ گواستنەوەی تاک، یان خێزانەکان نییە، بگرە دابڕانی تاکەکانە لە جەستەی نیشتمانی خۆیان. لەبەرڕۆینی توانا، هێزی کار و هێزی مرۆییە، لە جەستەی نیشتمانێک، کە بواریان پێ نەدا ببێتە دایکێکی میهرەبان بۆ ڕۆڵەکانی خۆی. خۆرئاوا ئەگەر بەهەشتیش بێت، ئەوا بۆ هاونیشتمانییانی ڕەسەنی خۆی بەهەشتە. خۆشیی وڵاتانی خۆرئاوا لەوەدایە، کە تۆی

ڕۆژهەڵاتی، ڕەوتەنی و بە گەشتوگوزار سەردانیان بکەیت و چەند هەفتەیەکیان لێ بگوزەرێنیت، یان بۆ خوێندن ڕوویان تێ بکەیت.

وەلێ ئەوەندەی دیاردەی ئەم کۆچە بەردەوامەی کورد جێی ڕامانە، دوو ئەوەندە کەمتەرخەمی و بێدەنگی لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم دیاردەیە جێی سەرنج و لەسەر ڕاوەستانە. وادیارە باوەپیارەی دڵرەق، باکی بە ڕەوی بەکۆمەڵی ئەو هەموو خەڵکە نییە و ئەو کۆچبەرانە بەنەوەی شەرعیی خۆی نازانێت و دڵی پێیان ناسووتێ.

لەسەرێکی ترەوە، تاراوگە لایەنی چاکەیشی هەیە. تۆی ئاوارە لەوێ، لە نوێ لەدایک دەبییەوە. لە کۆت و بەندی داوونەریتی چرووسێنەری خێڵ و لایەنە تاریکەکانی کولتوور، کە کەڵکی ئەم سەردەمەیان پێوە نەماوە، ڕزگارت دەبێت، کەچی جڤاکەیلی ڕۆژهەڵاتی هێشتا پەیرەوی دەکەن و دەستبەرداری نابن. لەوێ هەموو دەرگەکان لەپێش تۆی کۆچبەردا ئامادەن. دەمێنێتەوە سەر خۆت. ئەگەر توانای کردنەوە و چوونە ژوورەوەیانت هەبێت. دەرگەی سامان، دەرگەی زمان، دەرگەی زانست، دەرگەی هونەر.

تاک لەو کوردستانەدا چەند بۆ خۆی ڕەنج دەدات و دەکۆشێت، گەرەکە ئەوەندەیش بۆ قایلکردنی دڵی ئەوانی تر تێ بکۆشێت. بۆ خوشک و برا، مام و خاڵ، خەزوور و خەسوو، بۆ خێڵ، بۆ پیرانی تەریقەت و شەریعەت.. وەلێ لە خۆرئاوادا، تۆی کۆچبەر تەمەن و کاتت موڵکی خۆت و خێزانەکەتە. کەس لەگەڵتدا دوو کەرت و سێ کەرتی ناکات. واتە مرۆڤ لەوێ، بە تەواوی توانایەوە، بۆ خۆی دەژی و بۆ خۆی کار دەکات، بۆیە ئەو کارەیشی، کە ڕای دەپەڕێنێت، لەوپەڕی چلۆنایەتیدایە، ئەو ژیانەی لەوێ دەژی زۆرجار لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدایە و بەکامی دڵی خۆی چێژی لێ دەبینێت.

خۆ ئەگەر تۆی کۆچبەر نووسەر بیت و بتوانیت لەوێ بە زمانی ئەوان بنووسیت، یان بە پێوەری ئەوێ هونەرمەند بیت، ئەوا دەشێ کارەکانت

لەوپەڕی کامڵبووندا بن. چونکە لەویّ مێشکت بە کێشەی تری لاوەکییەوە گیرۆدە و خجڵ نابێت. لەویّ هونەر و ئەدەب لەمێژە بەکالاّ بوونە، لە بازاڕدا ڕکابەری دەکەن. کیّ بتوانیّ هونەر و ئەدەبی ئاستبالاّ بەرهەم بهێنێت ئەو دەچێتە پێشەوە. لەویّ ئاستی ئەدەبی و هونەری گرینگە، نەک نزیکیی نووسەر، یان هونەرمەند لە حزب و دەستەلاّت و کەسە دەستڕۆیشتووەکان.

کۆمەڵی دیموکراسی وزەی زەینی و جەستەییی مرۆڤ، وەک کارێزی بەهار دەتەقێنێت و تافەتاف لەبەری دەڕوات. خۆ سەرنجت داوە، چلۆن لە ڕۆژهەلاّت، لە تافی کودەتای سەربازی و جەنگی نێوەخۆدا، چەکمە لە پیّ دەبنە خاوەنی هەم لوولەی چەک و هەمیش نووکی قەڵەم. هەر خۆیانن مەڕسوومی سیاسی و فەرهەنگییش دەردەکەن. بڕوام وایە، زۆرینەی گەلانی ڕۆژهەلاّتی ناڤین، ئەگەر بێتو بەئاسانی لە خۆرئاوا، وەک پەنابەر وەربگیرێن، دوای چەند ساڵێک ئەو هەرێمانە دەبنە چۆڵەوانییەک کوندەپەپوو تێیاندا بخوێنێت.

هەلاّتن لەوێندەریّ، هەلاّتنە لە زیندانیی هەتاهەتایی، لە تاکپەرستی. هەلاّتنە لە سەرۆک و پادشایەک، کە هەتا مردن هەر خۆیان سەرۆک و پادشان. چاوەڕوانی لە نیشتمانێکی بەزیندانبووی وەهادا، وەک (چاوەڕوانی گەیشتنی گۆدۆ) وەهایە. پەژمووردەیی (حرمان) تا مردن بۆ خۆیان و داهاتووی لێڵ و نادیار چاوەڕوانی نەوەکانیانە.

کاتێک ئەو خەڵکە، لە ئەفەریقیاوە بەرەو باکور کۆچ دەکەن، هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم بۆ هەژاری دەگەڕێتەوە. واتە ئەو کۆچبەرانە، لەدووی ژیان، سامان و خۆشگوزەرانی کۆچ دەکەن. ئەوانە لە گەشەسەندن و چاکبوونی دۆخی نیشتمانی خۆیان هەناسەسارد و ئومێدبڕاو بوونە. سۆنگەی دووەمیش تیراوێی جەنگی نێوەخۆیە. لە ولاّتانی ئەفەریقیادا، جەنگ کۆتاییی نایەت. وەک جەنگی نێوەخۆ و جەنگی نێوان خێڵە چەکدارەکان، لە ولاّتانی

کـۆنگۆ، سـۆمـاڵیـا، ڕواندا، سـودان، جـەزائیـر و کـوێ و کـوێ.. وەلـێ لە کوردستاندا دۆخی جەنگ و جەنگی نێوەخۆ کۆتاییيان پێ هاتووە.

وێڕای ئەوەیش، کـوردسـتـان هـەرێمـێکی زێدە دەوڵەمـەندە. ئـەگـەر بێـتـو شـێـرپەنجـەی گـەندەڵی بنبـڕ بکرێت، وڵات بە پـیـشـەسـازی بکرێ، هەلی پەیداکردنی کار بەئاوایەکی دادپەروەرانە لەپێش هاونیشتمـانییـاندا، بەبێ جیاوازی مسـۆگەر بکرێت، پێشنۆرە بۆ کەسانی بە توانا و خاوەن بڕوانامە و ڕابردوو پاک بێت. سـامـان بـە یەکـسـانی بـۆ هەمـووان بێت، دەکـرێت کوردسـتـانی باشـوور ببێت بە یەکێک لە هەرە خـۆشگوزەرانترین زۆنەکانی جیـهـان. بەواتایەکی تر، ئەگـەر حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتـان مـەیلی لێ بێت، پاسـاوێک بۆ دیاردەی کـۆچکردن ناهێـڵـێت. بگرە دەتوانێت کـارێکی ئەوتـۆ بکات، ئەوانـەیشی وا سـاڵانێکە کـۆچیـان کـردووە، لە بـەرەوە، بۆ نیشتمانی باپیرانی خۆیان بگەڕێنەوە.

داخـۆ ئەو پێنج کـوردەی، کـە خـەڵکی پاژەکـانی باشـوور و باکـور و ڕۆژهـەڵاتن و بەمافی ڕەوای خۆیان سێپتەمبەری ٢٠١٠ گەیشتنە پەرلەمانی سـوێد، ئـەگـەر لە هـەر بـەشـێکی کـوردسـتـاندا ژیانیـان بەسـەرببـردایە دەیانتوانی چی بکەن و ببن بەچی؟

جەبار ئەمین: پارتی ژینگە.

ئامینە کاکەباوە: پارتی چەپ.

ڕۆزا گوێچلو هێدین: پارتی سۆسیال دیموکرات.

ئیسماعیل کامیل: پارتی لیبرالی گەل.

شادیە حەیدەری: پارتی سۆسیال دیموکرات.

سـەرنج بدە، لێـرەدا ڕێژەی ژن پتـرە. سێ ژن و دوو پیـاو. ئـەمـەیش نیشانەی ئەوەیە، لەوێ بە جیاوازیی ڕەگەزیانەوە، هەلی هاوسان بۆ تاکەکان

ڕەخساوە. ئەم ئەندام پەرلەمانانە دووانیان (شادیە و ئامینە) خەڵکی شاری سەقزی دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و لەوێ ڕاونراو بوونە. مەعلووم ئەم تاکە چالاکانە، ئەگەر لە نیشتمانی خۆیاندا بژیانایە، نەدەبوون بە خاوەنی پایەیەکی کۆمەڵایەتیی وەها دیار و بەرچاو.

ڕاستە جەنگی نێوەخۆ کۆن بووە، وەلێ لە مێرگ و باخچەکانی وڵات، هێشتا شەڕی ڕاگەیاندنەکان لەگەڵ یەکودوو بەرپایە و درێژەی هەیە، هەژموونی کەناڵەیلی ڕاگەیاندن، ئاراستەی ناوەخۆ دەکرێن نەک دەرەوە. ڕۆژنامەکان خەریکی کای کۆن بەباکردنن و دەفتەری کۆنی یەکودوو دەخوێننەوە و لایەنە نەرێنییە تاریکەکان بە ترش و خوێ زیادەوە، لە سێبەرەوە دەخە بەر هەتاو، تاکو ئەوەیشی بێ ئاگایە لەمەولا لێیان بەئاگا بێ. هەموو ئەمانە ئاماژەی ئەوە بەو لاوانە دەدەن، کە شیمانەی جەنگێکی تری نێوەخۆ لە ئارادایە، ها ئێستا ها سەعاتێکی تر، جەنگ دەرگەیان پێ دەگرێت. تاکی بێ پشت و پەنایش دەبێتە یەکێک لە قوربانییەکانی.

ئەگەرچی جەولەکانی شاخ و نێوشاری جەنگی نێوەخۆ کۆن بوون، وەلێ ترس، سێبەر و کاریگەرییان لەسەر لاوان هەر ماوە. هەر ئەوانیشن دەبنە سووتەمەنیی جەولەی سێیەم ئەگەر خوانەکەران هەڵگیرسا. هەروەک پاساوی جەولەی سێیەمیش هەر ماوە. چونکە فەزایەکی سیاسیی ئەوتۆ لە گۆڕێدایە، لانی کەم مرۆڤ دەتوانێت ناوی جەنگی ساردی لێ بنێت. لە دۆخی بەرپابوونی جەنگیشدا کەس نازانێت کەینێ کۆتاییی پێ دێت و چۆن چۆنی دەشکێتەوە.

وەلێ هەموو کەس دەزانێت، زیانی هەرە گەورە بەر توێژی لاوان دەکەوێت. ئەو خەڵکەیش هێشتا ترس و گومانی جەنگی ناوەخۆی لە یاد و دەروونندا ماوە و بنی ناوەتەوە. ڕۆژنامە سەرەکییەکان، هەر هەمان ئەو ڕۆژنامانەی جەنگی ناوەخۆن، کە بەنزینیان بەسەر ئاگردا دەکرد. میلیتارەیل هەر

هەمان ئەوانەن، کە بەرگی سووری غەزایان پۆشیبوو. تەنانەت شاعیرەیلی جەنگی ناوەخۆیش لەوسای سەردەمی جەنگ بەڕێزتر و ئازیزتر سەیر دەکرێن. سوپا، پۆلیس و ئاسایش هێشتا سەر بە حزبەیلن. لە کاتێکدا ئەم دەزگانە دەبێت ئۆرگانی دەوڵەت بن.

حزب بۆی هەیە ئاژاوەی تێ بکەوێت و دوو کەرت ببێت و گرووی تری نوێ لێ جیا ببێتەوە وەک دیمان. حزب بۆی هەیە هەڵبوەشێتەوە. بەڵام ئەو ئۆرگانەیلەی باسمان کردن، دەبێ تا سەر بمێنن و قەوارەی دەوڵەت لە مەترسیی ناوەکی و دەرەکی بپارێزن. ئەم فەزایە، دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیریی دەروونیی چێ کردووە. تاکی بێدەسەڵاتی کورد، لەو سۆنگەیەوە، کە هەزاران ساڵە وەک ژێردەستە ژیاوە، لە بنەڕەتدا کارەکتەرێکی بڕوا بەخۆ لەقی، ڕاڕای ناسەقامگیرە.

ئاوایە پرسەکە، ئەگەر ڕاگەیاندن بەدەست کەسانی ناشارەزاوە بوو، ئەوا دۆخێکی وا نائارام چێ دەکات، کە جاران بەعس مەبەستی بوو بۆ تێپەڕاندنی نیازەکانی خۆی هەڵی بخرێنێت و گۆمەکەی پێ لێڵ بکات. ئەم جەنگی ڕاگەیاندنە زۆر دڵڕەقانەیە. وەک عەرەب دەڵێت لەژێی هەستاری (الوتر الحساس) یەکودووی پێ دەدەن. لەوانەیە فیتنەیەک بنێنەوە ئەوسەری دیار نەبێت. خێرخوایەک، پیرێکی ئەوتۆ، کە گوێی لێ بگیرێت، لە گۆڕێدا نییە، بتوانێت دەمکوتیان بکات، تاکو ئەو جەماوەرە نەحەساوەیەوە، بەو ڕادەیەش دووچاری دڵەڕاوکێی زیاتر نەبێت، کە خۆی بەدرێژاییی تەمەنی لە دڵەڕاوکێدا ژیاوە. مانەوەی تاک لە ژینگەیەکی وەها دڵڕەق و نادروستدا، هیچ واتایەکی نامێنێت.

لانی کەم دەتوانم بڵێم لاو کاتێک هەستی بە پەژمووردەیی و هاوسەرکەمی کرد، ئیدی هەست بە شوناسی خۆیشی ناکات. یان گوێڕایەڵی بۆ شوناس لە دەست دەدات. ئەوەیش بزانە، بە بەراورد لەگەڵ جاراندا، گەنجی ئێستا

گەلێک بەئاگاترە. بەشێکی زۆری ئەوانەی وا دووچاری ئەم دۆخە بوونە، دەرچووانی زانکۆن. ئەوان کاتێکیان بەخۆیان زانی تەواوی خەونەکانیان با بردوونی.

گەنجی ئێستا لە ڕێی ئامرازەکانی پێوەندییەوە، کە لە هەموو ماڵێکدا هەن، ئاگەداری جیهانن و ڕەوشی ژیانی ئەوبەری دەریا دوورەکانن. ئەم گەنجانەی ئێستا، کۆپیی ئەوانەی پێش ڕاپەڕین و پێش سەروەختی دۆڵپێچی ئابووری نین. ئەمان گەنجی سەروکلاوی کرانەوەی دنیان. لاوانی سەردەمی کاڵبوونەوەی سنوورەیل و لاوازبوونی حکوومەتی نێوەندی و هاتنە پێشەوەی مافەیلی مێیینەن. ئەگەر بواری دەرچوونیان لە وڵات بۆ نەڕەخسا و ناچار بوون لە زێدی خۆیاندا ژیان بەسەربەرن، ئەوا بەشێک لەوانە، لە تۆڵەی ئەو دۆخەدا، کە تێی کەوتوون، وەک پەرچەکردار، سەرکردنە سەر خواردنەوە، پەنابردنە بەر توندوتیژی و تێکەڵبوونی باندەیلی هەمەڕەنگ و خولیا.

لاوی ئەمڕۆ لەدوای چێژوەرگرتن و ڕابواردنی ئەم ساتەوەختەدایە، کە حاڵی حازرە و تێیدا دەژی. تاکی ئێستا، نەک هەر لە کوردستان، بگرە لە جیهانیشدا لەدووی خوێندنەوەی مێژووی کۆن نییە. یەک لەباری ئەو، بردنەسەری ئەم ساتەوەختە بەخۆشگوزەرانی، جێی نیشتمان و ئەو قوربانییانەیش دەگرێتەوە، کە مێژووی ئەم دەڤەرەیان بەم ڕۆژە گەیاندووە. ئەمەیە ئامانج و سایکۆلۆجیای لاوی ئەم سەردەمە.

هۆیەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی تیڤی لە گشت دنیادا گرینگی بەم چرکەساتە دەدات، کە مرۆڤی تێدا دەژی، نەک بە ڕابردوو. مۆدیلی ئەمڕۆی قژبڕین، مۆدیلی ئەمڕۆی خواردنی خێرا، تی شێرت، پێڵاو و دانس و دیسکۆ و موزیک و تەلەفۆنی دەستی... حاڵی حازر، بەلای گەنجی ئەمڕۆوە گرینگە. ئەوی لاوی سەردەم، بیر لە مۆدیلە کلاسیکییەکانی ئەو فیگەرانە ناکاتەوە،

کـە ڕیزم کـردن. ئەو لاوەی بیـری لێ کـردەوە غـەریب و نامـۆ و هاوڕێکەم دەمێنێت و تووشی کێماسی دەبێت.

کێ جارێک لە جاران تیڤییەکی دیوە ڕیکلام بۆ خوودەی سەردەمی ڕۆمان بکات؟ لەو جـۆرەی وا سـەربازی نێـو فـیلمـە کـۆنەکـان لەسـەری دەنێن. ئەوروپاییـەکان هەرگـیز ڕیکلام بۆ کـەوڵی ئەسکیمـۆ، کاڵە و پێتاوی کۆن و شـمشـێری پان و (سکۆل)ی ڤیکینگەکان ناکەن. هیچ کۆمپـانیـایەکیش ئەو کـۆنـە کـالآیانە بەرهەم ناهێنێ. ئەوان لەوێ ڕیکلام بۆ نوێتـرین بەرهـەمی کارگەکانی ئەدیداس و پووما و دیزڵ و جینز و کاوبۆی دەکەن. لاوی ئێسـتا دەبێت فریا بکەوێت زوو زوو مۆدێلی تەلەفۆنە دەستییەکەی بگۆڕێت، نەبادا لە کاروانی سەردەم دوا بکەوێت. ئەو مەبەسـتیەتی هـەموو کات لە ئێسـتادا بژی.

تەنانەت دەنگوباسیش، ئەگەر شـەوی بەسـەردا چوو، کۆن دەبێت و کەس گوێی لێ ناگرێت، چ جـای مێژوو. ئەمـە یەکێکە لە تایبـەتمـەندییەکانی ئەم سەدەیە.

لە کەناڵی (تیڤیتی توو هەواڵ)ی دانیمـارکدا، دەنگوباس هەمـوو سـەری چارەکێک پێشکێش دەکرێت و نوێ دەبێتەوە، نەک هەموو سـەری سەعاتێک. بەو چارەکە سـەعاتە، هەم فریای هەواڵی نێوەخـۆ و جیهان و هـەمیش فریای ڕیکلام دەکەوێت. ئەوان لێ ڕاهاتوون وێنە و هەواڵەکان چڕ دەکەنەوە. لە کن خـۆشـمـان نایبـڕنەوە و نووزەدرێژن و هیـچیش ناڵێن شـایان بێت. کـات بەخـوێندنەوەی برووسکەیەکـەوە دەکـوژن، کـە سـەرۆکـێک بۆ سـەرۆکـێکی ناردووە، یان بەهۆی جـەژنێکەوە ناردوویەتی، کـە جـێی ڕاسـتـینەی ئەو برووسکانە ماڵپەڕی تایبەتیی ئەو سەرۆکە بەڕێزەیە، نەک تەلەڤزیۆن. زەمەن لەوێ هـێـشـتـا وەک باوێشک خـاوە. دەتوانم بڵـێم ئەوەندەی هـەواڵ لەو چارەکـەدا، لەوێ پێـشکێش دەکرێت، لە کـوردسـتـان، لە شـەو و ڕۆژێکدا

پێشکێش ناکرێت.

هەواڵ لە گرینگەوە دەست پێ دەکات. گرینگ بۆ تاکی هاووڵاتی، نەک بەپێچەوانەوە، وەک لە ڕۆژهەڵات باوە. وێنەکان هێندە سەرنجکێشن، مەردم بەدیار خۆیانەوە ئەوق دەکەن. ئەم جۆرە هەواڵ پێشکێشکردنە ئەوەیش دەگەیەنێت، کە دەنگوباسەکان چوار هەندەی ئەوێ خێرا پێشکێش دەکرێن. وێنەکانیش چوار هێندە چڕتر و جوانتریشن. ئەوەیان ڕاگەیاندنی شموولییە، کە بەهەواڵی سەرۆک دەست پێ دەکات، ئەوجا جێگرەکەی پاشان وەزیری ناوەخۆ ئەوجا وەزیری دەرەوە.. تاد.

مرۆڤ گەرەکە لە ئێستایەکی تا سەردا بژی، نەک لە ڕابردوودا. چونکە لەم چەرخی خێراییەدا، زۆر بەگورجی ئێستا بەڕابردوو دەبێت. بۆیە پێویستە بە خێراییەکی زۆر دەنگوباسەکان لێرەوە بگەنە کەراچی و لەوێوە بۆ مەگەدیشۆ و بیشگەڕێتەوە بۆ هەولێر. ئەوەیش بزانە، کە پێشکێشکردنی هەواڵ بەشێوەیەکە، بینەر یان بیستەر فریای ئەوە ناکەوێت، بەبیر و هزری خۆی، بگاتە هۆکار و ئەنجامگیری و ڕووداوەکان پێکەوە ببەستێتەوە و هەڵیان بسەنگێنێت، چونکە هەموو کات هەواڵی تری گرینگتریان بەشوێندا دێت.

یەکێک لە تایبەتییەکانی تاکی کورد ئەوەیە، کە ئەو شارەزای مێژووی خۆی نییە. کورد مێژووی خۆی تۆمار نەکردووە و گەلێکی زارەکی بووە. ئێستا لەو سۆنگەیەوە، کە بەکورتی باسم کرد دەها لە جاران خراپترە، ئێستا نەک مێژووی کۆن، بگرە دوێنێی خۆیشی لە یاد نەماوە، چ جای شۆڕشی نوێ. کورد گەلێکە لەبیرچوونەوەی (فقدان الذاكرة) دەستەجەمعیی لەگەڵدایە. وەلێ ئەوەیشیان چەقبەستنە، کاتێک دەبینیت ئیمامێک پازدە سەدە لەمەوبەر شەهید بووە، یان لە دنیا دەرچووە، کەچی شوێنکەوتووەکانی ئێستایش هەر بۆی دەدەن لە سینگ، وەک ئەوەی هێشتا

پرسەکەی هەڵنەگیرابێت.

کاتێک مرۆڤ گرینگی بەمێژوو نادات و تەنیا بۆ حاڵی حازر دەژی، واتە لە هەلومەرجی وەهادا ئەوێتی (شوناس) بۆ ئەو بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێ. بگرە ئەو دەبێتە تاکێکی کۆسمۆپۆلیت. چونکە لە وەها جڤاکێکدا، کە باسمان کرد، شوناس وابەستەی سەرکردە و فیگەرە کاریزماکانی نێو مێژووە. ئەوانەی وا لە کۆندا جێی شانازی بوونە، جا لە هەر سۆنگەیەکەوە بووبێت خاوەنی ناووداو بوونە. وەک ناووداوی ئاینی و رامیاری و فەرهەنگی.

باوەڕ ناکەم ئێستا، لە کوردستانی باشووردا ئەوێتیی (شوناس) باو، نەتەوەیی بێت. جا ئەگەر شوناسی نەتەوەیی ئەوەندە باڵادەست بوایە، بۆمان هەیە بپرسین: لە پای چی فایلڕەش هەیە حوکم دەکات و کۆنە جاش ناکەوێتە بەر لێپرسینەوە؟ پێم وایە لەوێندەرێ شوناسی تاک بەم چەند فیگەرە دیاری دەکرێت: داخۆ تاک لەنێو چ جۆرە خانوویەکدا ژیان بەسەردەبات؟ کامە جۆر ئۆتۆمۆبێلی لەژێردایە؟ ڕۆژانە یان مانگانە چەندی داهات دێتە گیرفان؟ کۆمپانیاکەی چەند دستمایەیەتی؟

تاکی بێ پشت و پەنا، لەوێ بەدەسەڵاتی پارە و ئاینی دەمارگیر و میلیتار و هێزی نادیار دۆڵپێچ کراوە. تاک بێ کیانە. بەرگەی هێزی لەبننەهاتووی ئەم فیگەرانە ناگرێت و خۆی پێ ڕاناگیرێت. ئەو ناچارە، یان دەبێت لە تەک یەکێک لەم هێزانەدا بێت (پارە ئاین و میلیتار) بۆ ئەوەی ئەو (من)ە بێهێزەی خۆی لەنێو (ئێمە)دا بتوێنێتەوە، بەو ئومێدەی بەرگریی لێ بکەن و دەستیان بەباڵیەوە بێت.

تاک لەوێ ئاگەداری ئەوەیە، سەتەلایتەکان لە ئاسمانرا، بەسێ دەنگان گازی دەکەن و خوتووکەی ئەقڵی دەدەن.. ئیرۆتیکا، سەما و موسیکی خێرا، لە ڕێی سەتەلایت و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە یەک بە خۆیان بانگی لاوان

دەکەن و فەرمووویان لێ دەکەن، تاکو بچن بەشدار بن. وەلێ ئەو گیرفانی بەتاڵە بۆیە لەلای خۆیەوە تیزوفیزێک بەسەر شوناس و بەسەر مێژوو و جوگرافیادا دەهێنێت و پێی لێ دەکات بەپشتدا.

لەلایەکی ترەوە، جڤاکی ئێستا لەسەر بناغەی قازانجی خێرا و خەیاڵی بنیات نراوە و لەوێش هەر پارە باڵادەستی سەرەکییە. ئەم تاکە سەرمایەی بەدەستەوە نییە تاکو بیخاتە گەڕ و قازانجی بۆ مسۆگەر بکات. چونکە پارە پارە ڕادەکێشێت. ئەمە هاوکێشەیەکی ئاسانە و هەموو گەنجێک تێی دەگات. جیهانگیری واتە قازانجی خێرا و کێبەرکێ و بازاڕی کراوە، لەپێش کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکاندا. وەلێ ئەم لاوە بێدەسەڵاتەی کورد، لە دوورەوە بینەری دۆخەکەیە. زرتەی چاوی دێت و هیچی لە دەست نایەت. بۆیە چاری تاکی لەم جۆرە هەر ئەوەیە سەری خۆی هەڵبگرێت و ڕێی هات و نەهات بگرێتە بەر.

هەموو شتێک لە گۆڕانە، بە چەمکی غەریبیشەوە. جاران ئەگەر کوردێک بەهۆی پیشەکەیەوە، بکەوتایەتە ناوەڕاست، یان باشووری عێراقەوە، خۆی بەغەریب دەزانی. ئێستاش بەدەیان هەزار کورد ئاوارەن. هەیانە و زۆریشن ئەوانەی لە وڵاتی خۆیاندا ئاوارەن و لەبن چادردا ژیان بەسەردەبەن. هەشیانە وەک پەپوولە پایزە بەم دنیایەدا بڵاو بوونەتەوە. لە کەنەدا و ئەمەریکاوە بیگرە بۆ نیوزلەندا و ئوسترالیا و ئەوروپا.. ئێستا بەشێک لە کوردان لە ئەوروپا دەژین، کاتی ئەوەیش هاتووە بیرێک لە چارەنووسیان بکرێتەوە. لەم دنیا بەرینەدا چۆن خۆیان رێک بخەن و خۆیان بگونجێنن؟ بەمەرجێک زمان و کولتووری خۆیان نەدۆڕێنن، دەنگ و ڕەنگ و دیمەنیان لەنێو ڕەوەندەکانی جیهاندا هەبێت.

## هاووڵاتی، یان غەریبەکانی ناوەوەی نیشتمان؟

کاتێک داهاتی هاووڵاتییەکی مووچەخۆر کرێ خانووەکەی تەواو ناکات و ئەندام پەرلەمانێکیش دەتوانێت مانگانە پارچەیەک زەوی یان ئۆتۆمۆبێلێکی یابانیی کیلۆمەتر سفر بکڕێت، ئیتر ئەو ئەندام پەرلەمانە ناتوانێت ببێتە نوێنەری ئەو هاووڵاتییە. کاتێک لە وڵاتێکدا، هاووڵاتییەک شەو دەنێتە سەر ڕۆژ، کار دەکات، ڕادەکات و هەدادانی نییە، کەچی هێشتا هەر ناتوانێت بژێویی خۆی و منداڵەکانی دابین بکات، لەولایشەوە دراوسێ بێ بڕوانامەکەی، کە نە لە بابییەوە هیچی بۆ ماوەتەوە، نە لۆتۆی بۆ دەرچووە، کەچی گەمە بە دەفتەرە دۆلاران دەکات. ئیتر نموونەی یەکەم هەستی غەریبی دای دەگرێت، چیی تر خۆی بەهاونیشتمانی نازانێت. چونکە ئەو ئەگەرچی ئەرکی لەسەر شانە، وەلێ مافی نییە. بگرە ئەو سیاسەتی جیاکاریی (تمییز) لە تەکدا پیادە کراوە.

ئیدی ئەو جۆرە تاکانە خۆیان بەغەریب و ئاوەکی دەزانن. زۆرێک ئەوانە، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، لە خۆیان ڕانابینن ئەو ڕێسا و یاسایەی وڵات بەڕێوە دەبات بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و کەسانی تری وەک خۆیان بگۆڕن. بۆیە بیر لە هەڵاتن بۆ جێیەک دەکەنەوە تاکو بیکەن بە نیشتمانێکی نوێ بۆ خۆیان و خێزانیان. ئەو لەسەر ڕووبەرە زەوینێک لەدایک بووە، ئەوەندە دەوڵەمەندە، ئەگەر دادپەروەرانە داهاتەکەی دابەشی سەر تاکەکان بکرێت، ئەوا هەر تاکێکی سەر ئەو خاکە بەلووعەی ماڵەکەی دەبێت بەزێڕ، چ جای ئەوەی بێ ئاو و کارەبا بێت و نان نەبێت بیخوات و جێیەکی شیاوی نەبێت تێیدا بحەوێتەوە. جا ئیتر تاکی وەها چلۆن هەست بە غەریبی ناکات؟

دەڵێن ئەم وتە جوانە فەرموودەی ئیمام عەلییە: (الفقر في الوطن غربة، والمال في الغربة وطن) بۆیە تاکی وەها بارکەوتوو، غەریبی هەڵدەبژێرێت و حەوت بەرد بەدوای نیشتمانی وەهادا هەڵدەدات. بەڵکو سا لە دەرەوەی ئەو نیشتمانە، بتوانێت دەستمزی کاری خۆی بخوات. بەڵکو لەو هەژارییە

ڕزگاری بێت. نیشتمانێک، کە ئەو لەوێدا بێ نان و بێ ئاو و بێ ئۆرت چیی لێ بکات و بەکەڵکی چی دێت؟

ئاخۆ هەموو ئەوانەی بێکار و بێ ئیختیار وەک پەیکەر لەسەر پیادەڕەو و نێو پارکەیلدا، چاوبەمۆلەق وەستاون و بێهوودە تەمەن بەسەردەبەن هاونیشتمانین؟ کاتێک دەوڵەت جێی دڵخۆشی و ستایشە، هاونیشتمانیان بێ خەم و یەکسان بن. بەرپرسان هیچیان لەوان زیاتر نەبێت و دەستیان خاوێن و سپی بێت. لە کۆمەڵی دیموکراسیدا هەردوولایان، نیشتمان و هاونیشتمانیی بەڕێزن. وەلێ ئەگەر هاتو هاونیشتمانی ڕێزی لێ نەگیرا، ئەوا نیشتمانیش بێ ڕێز دەبێت. چونکە ئەم دوو ڕەگەزە تەواوکاری یەکودوون. کەسێک خۆی بێ ڕێز سەیر بکرێت، چلۆن دەتوانێت ڕێز لە دار و بەرد و ئاو و سنووری نیشتمانێک بگرێت. ئاخر نیشتمان بەوانەوە وا لەسەری دەژین نیشتمانە.

هەندێ جاران هاونیشتمانی هەر بە قاپڵووخەکەی لەسەر ئەم خاکە دەژی. ئەو حزب و کەسیەتییانەی خۆمان نابێ ئەو ڕاستییە نەزانن، کە لە دواجاردا هەر هاووڵاتییە، کە ئاسایشی نیشتمان و دەوڵەت دەپارێزێت، یان دەیخاتە ژێر پاڵەپەستۆ و هەڕەشەوە، وەک بەم دواییە لە وڵاتانی میسر و تونس دیمان. لەم هەرێمەدا چاودێر هەست بەوە دەکات دووانەی سەروەر و کۆیلە هەیە. کۆیلەیش بە هاووڵاتی نایەتە ژماردن.

کاتێک تاک لەم هەرێمەدا دەبێتە هاووڵاتی، یان هاونیشتمانی، ئەو مەسوولە، یان ئەو کوڕە مەسوولەی بۆ کارێک ڕووی کردبێتە فەرمانگەیەک، ئەویش بۆ ڕاییکردنی کارەکەی سەرەی گرتبێت. بەڵێ خەڵکی لە کۆمەڵی وەهادا یەکسان و سەر ئازادن. ئەگەر کاسبکارێکی ئاسایی نەتوانێت ببێتە هاوڕێی بەرپرسێک، کاتێک هامشۆ و دۆستایەتی لە نێوان موسڵمانێک و ئێزدییەکدا چێ نەبوو، کاتێک ژن و ژنخوازی لە نێوان چین و ئۆلە

جیاوازەکاندا چیّ نەبوو، واتە چەمکی هاونیشمانیبوون لەو دەڤەرە باری کردووە. ئەوەش بزانە کە کۆیلە و خاوەن کۆیلە نابنە ئاشنای یەک. ئاخۆ کۆیلە مافی بەشداریکردنی لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتدا پیّ دەبڕێت؟ ئاخۆ بت و بتپەرست هاوکوفن؟ پرسیارێک، کە لێرەدا لە جیّ و ڕەوایە بورووژێنرێت ئەمەیە: ئاخۆ دەوڵەت بەبیّ هاووڵاتی چیّ دەبێت؟ لەسەر ڕووبەرە خاکێک، کە تەنانەت شەهیدەکانیشی نایەکسانن، تەنیا کۆمەڵێکی لێکەوتە چیّ دەبێت.

## بێکاری

ڕەنگە ئاسانترین و کورتترین پێناسەیەک بۆ تاکی بێکار، ئەو کەسە بێت، کە بەشوێن کاری گونجاودا دەگەڕێت، وەلیّ دەستی ناکەوێت. هەروەک دەشیّ خراپترین جۆری بێکارییش ئەوەیان بێت، کاتێک تاک بەناچاری دوو یان سیّ جۆر کار دەگرێتە دەست، شەو دەنێتە سەر ڕۆژ، بەڵام هێشتا هەر تێی ناهێنێت و ناتوانێت ژیانێکی شەرەفمەند بۆ خۆی و خێزانی دابین بکات. وەک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە ڕوونی دەبینرێت. لە دۆخی وەهایشدا، تاک ناچارە لە ژینگەیەکی پیسی ناجۆردا زۆر بڕەنجێت و کەمی دەست بکەوێت. خەرجیی تەواوی بۆ گەشت و سەیران و سەرگەرمکردن بۆ نەمێنێتەوە. ڕۆژانە چەند سەعاتێکی بۆ پشوو و دەمەتەقیّ لەگەڵ کەسە نزیکەکانی خۆیدا پیّ نەبڕێت.

ئێمە لە کوردستان، هیچ ئامارێکی ڕاست و دروستمان بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی بێکاری لە بەردەستدا نییە. چونکە دەزگەیەکی شارەزا و کارای ئەوتۆ لە ئارادا نییە لە دیاردەی بێکاری بکۆڵێتەوە. یان هەوڵ بدات کاری شیاو بۆ بێکاران بدۆزێتەوە و فێری پیشەیان بکات، وەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیە. هیچ دەزگەیەکیش بە ئەلیکترۆنی نەکراوە تاکو

ئێمە داتامان سەبارەت بە کۆمەڵی خۆمان هەبێت. ئێستایش وەک سەردەمی عوسمانی، فەرمانگەکان هەر بەقەڵەم و کاغەز کاری هاووڵاتییان ڕایی دەکەن، کە ئەمەیش ئەرکی زۆر و کاتی زۆر دەبات و بەرهەمیشی کەمە. ئەم دیاردەیە ژمارەیەکی زۆریش لە فەرمانبەران دەکات بە بەتاڵەی داپۆشراو.

بەچاوی خۆمان دەبینین، پتر لە نیوەی ژنان هێشتا هەر ژنی ماڵەوەن. مەگەر بەدەگمەن، دەنا خێزانێک نادۆزیتەوە کەبیانووی بێکاری خوار تەمەنی خانەنشینیی تێدا نەبێت. بەشێک لەو خێزانانەی دەرچووی پەیمانگە و زانکۆیان هەیە، لانی کەم بێکارێکیان هەیە. ئەمەیش ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە. ئەم ڕێژەیە، هەندێک جاران زۆرینەی بێکاری بەسەر کەمینەی کاراوە، کردووە بەبار.

ئەو تاکەی بێکار بێت، کەسێکی پاسیڤی بێ هەست و سۆزیشە. هەستە جوانەکانی لەدەست داوە. ئەو وەک کەسانی کارا چێژ لە هەستەکانی خۆی وەرناگرێت، یان بۆی نالوێ وەک پێویست بیانخاتە کار. لەگەڵ کێدا بیانخاتە کار لە کاتێکدا ئەو تێکەڵ بە کۆڕ و کۆمەڵ نەبێت؟ ئەو ئێستا تاکێکە بەخۆیدا نانازێت، چونکە ئەو تاکێکە جێدەستی بە ڕووداوو بە دەزگە و پرۆژەکانەوە دیار نییە. ئەوی بێکار لە پێوەندیدا نییە لە تەک مرۆڤەکانی تردا، خۆشەویستی و سۆزبەندی و هەڤاڵبەندی لە جێی کار و لە ڕێی کارەوە پەیدا دەبن. لە کێڵگە، لە کارگە و فەرمانگەکاندا گەشە دەکەن. لەوێدا مرۆڤ ناچارە بەتەنگ دڵی هاوڕێ و هاوپیشەکانی خۆیەوە بێت. خەمەیلیان بەخەمی خۆی بزانێت. هەوڵ بدات بۆ دەربازبوون لە کێشەکان چاری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە. لەوێدا گەشە بە هەستە جوانەکان دەدات.

بۆیە ئەوەی بێکار بوو، هەستە جوانەکانیش لەدەست دەدات. هەر بێکارەکانیشن پێیان لە داوی باندەکانەوە دەئاڵێت و کاری خراپیان لەدەست دێت. تاکی بێکار بۆی هەیە بە قسەی لووس بخاپێت. بۆی هەیە تۆڵە لەو

کۆمەڵە بکاتەوە، کە لەوێدا پشتگوێ خراوە. ئەگەر بڵێی ئابووریی ئەم وڵاتەی ئێمە ئەوەندەی بەبەرەوە هەیە، لە ماوەی دوو یان سێ پلانی تۆکمەی پێنج ساڵیدا، ببێت بە کۆمەڵێکی پیشەسازیی پێشکەوتوو. کاری شەرافەتمەندانە بۆ تەواوی لاوان مسۆگەر بکات.

## کۆچ، بەرەو بەدیهێنانی خەونەکان

هەر مێیینەیەکی ئەم وڵاتە بگریت، خەون بەوەوە دەبینێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان لاوێک لەوانەی لە ئەوروپاوە بە سەردان دەگەڕێتەوە، بیخوازێت و لەگەڵ خۆیدا بەرەو خۆرئاوا بیفڕێنێت. تاکو لەم دۆخە ناجۆرەی کوردستان ڕزگاری بێت.

لاوی کورد هەتا ئاستی فانتاسیا، کە سنوور ناناسێت، سەری تژییە لە خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگ. ئەو میللەتەی زۆرتر شەیدای سەفەر بێت زیاتر هەڵوەدای خۆپێگەیاندن و گەیشتن بە ئازادییەکانیشە. بێگومان کورد لەو میللەتانەیە، کە لاوەکانی خەون بە ئازادییەوە دەبینن. خەونی پێوە دەبینن بەدڵی خۆیان شوو بکەن و ژن بهێنن. خەونی پێوە دەبینن لە هەڵبژاردنی ڕشتەکانی خوێندندا ئازاد بن. لاوی کورد خۆزیا و بریایەتی ببێتە مەل، جووتێک باڵی لێ بڕوێت و بفڕێت، تاکو دنیای بەرین کەشف بکات.

لاوی کورد تاکێکی ئەزموونگەرە، دەخوازێت خۆی جیهان تاقی بکاتەوە. بەچاوی خۆی دیاردەکان ببینێ، نەک وەک حیکایەت، بۆی بگێڕنەوە و لە کەسی دووەمی ببیستێ. تۆی خاوەن ئەزموون و دنیادیوە، دەیان جار ئاگاداری بکەرەوە، پێی بڵێ، ئەو سەفەرەی تۆ بەنیازی بیکەیت، دووبەختییە، ڕەنگە لەنێو شەپۆلانی دەریادا بخنکێیت و ببیتە خۆراکی شارکەکان. لەوانەیە لە ناکاو مینێک لەبن پێتدا ناڵە بکات و تۆزت بە ئاسماندا بەرێت! وڵاتانی ئەوروپا، چیی تر مافی پەنابەری بە کوردی عێراق

نادەن، چونکە ئێستا باشووری کوردستان بە زۆنێکی ئارام حیساب دەکرێت... تاد. بەڵام ئەم جۆرە قسانە وەک بایە و بەلای گوێی لاوی کورددا ڕەت دەبێت. ئەو لەسەر ڕای خۆی مکووڕە و هەر دەڕوات. سەرێکە هێناویێتی، ناگەڕێتەوە. ئەو حەزی بە سەرەڕۆییە و بەختی خۆی تاقی دەکاتەوە.

ئەوێک، کە لە نیشتمانەکەی خۆیدا داهاتووی نادیار و لێڵە، ئیدی بۆچی لەوێ بژی؟ بەدیار چییەوە دابنیشێ؟ ئەوێک، کە نەتوانێت ژن بهێنێت و ببێتە خاوەنی ماڵی خۆی و کەچە ئۆتۆمۆبێلێک بکڕێت. ئەوێک، لە کوردستان هاووڵاتیی پلە دوو بێت؛ ئیتر لە پای چی دابنیشێت؟ لە وڵاتانی کەنەدا و ئوستراليا و ئەمەریکا، کۆچبەر هەر ئەوەندەی بوو بەخاوەنی ڕەگەزنامە، ئیتر لەگەڵ هاووڵاتییەکی ئەوێدا جیاوازییان مەگەر هەر ئەوەندە بێت، ئەوان چەند ساڵێک پێش ئەم گەیشتوونەتە جێ. چونکە ئەو وڵاتانە کۆچبەرەیل ئاوەدانیان کردوونەتەوە. واتە هەموو وەک ئەو کۆچبەرن.

لە کوردستان، نابەرابەری لە هەلی پەیداکردنی کاردا، دیاردەیەکی ئەوەندە زەقە. تۆ ئەگەر سەر بەخێڵێک، یان بەرپرسێکی دەستڕۆیشتووی حزبی فەرمانڕەوا نەبیت، کارت چنگ ناکەوێت. لەوێ هەر بەرپرسێک لیستێک ناوی لە باخەڵیدایە، گوێ هەڵدەخات و چاو دەگێڕێت. هەر جێیەک چۆڵ بوو، یان هەر کارێکی نوێ ڕەخسا، بەخزمی خۆی و بەو لیستەی نێو تەنکەی باخەڵی پڕی دەکاتەوە. ئەو لیستەیش هێندە درێژە تەواوبوونی نییە، چونکە بەردەوام ناوی تری تێ دەڕژێت.

ئەم لاوە بێ پشت و پەنایە، مافی بنیاتنانەوەی وڵاتی خۆی نییە، بۆیە دڵی دەڕەنجێت. دەتۆرێ، بەو نیازەی وڵاتێکی تر بکاتە نیشتمان و لەوێ کەرامەتی زەوتکراوی بەدەست بهێنێتەوە.. کاتێک هاوپۆلەکانی دابمەزرێن و ئەو هەر لە دوورەوە زرتەی چاوی بێت، واتە ئەو تاکێکی تەپەسەرە و

ناتوانێت بەکەرامەتەوە لە وڵاتی خۆی بژی.

بەعس بە درێژاییی حوکمی خۆی، کاری بۆ وێرانکردنی ژیری و کلۆرکردنی ناخی تاکی کورد دەکرد. بەعس بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراوی درێژخایەن، تاکی کوردی دەکرد بە دوژمنی خاک و مرۆڤی کورد، کە زۆرێک لەوان بەجۆرێک لە جۆرەکان، بە چەک و بە وشە لە دۆخی بەرگریدا بوون. پرۆژەکەی بەعس سەرکەوتوو دەبوو، ئەگەر خودی سەدام تووشی بوغرایی نەهاتایە و ئەمەریکای لێ نەهاتایەتە دەست.

ڕاڕایی، ئەوێتی (شوناس) تاکی کوردی وێران کردووە. مرۆڤ لەوێ، هەردەم خاوەن ئەوێتییەکی ناتەواوە. هەر بۆ نموونە، تۆ ئەگەر فەیلی بیت لە نێوان شیعەبوون و کوردبووندا تێدا ماوی.. ئەگەر ئێزدی بیت، ئەوا لە نێوان ئێزیدیایەتی، عەرەببوون، کوردبوون و عێراقیبووندا تێدا ماوی. تا ئێستا کارێکی جیدیی ئەوتۆ نەکراوە، ئەو سنوورانە لە نێوان ئۆل و ئاینە جیاوازەکاندا کاڵ بکرێنەوە و هەموو لایەک چوونیەک بن. (من و ئەو) یان (ئێمە و ئەوان) لە سنووری کوردستاندا نەمێنێ.

دەکرا زۆر ڕێکخراوی مەدەنیی وەها هەبوونایە کاریان بۆ سڕینەوەی ئەو سنوورانە بکردایە. تۆ ئەگەر کورد بیت و لە سلێمانی بژیت، یان کورد بیت و لە دهۆک بژیت دیسان لە نێوان کوردبوون و یەکێتی بوون لە سلێمانی، پارتی بوون لە دهۆک، ون بوویت و ئەوێتیت ناتەواوە. چونکە هیچ لایەکیان تۆ بەکورد حیساب ناکەن ئەگەر لە خۆیان نەبیت. لە دۆخی وەهادا چۆڵکردنی کوردستان، بەلای تاکی ئازادەوە، تاکە چارەسەرە، کە لەم سەردەمەدا فریادڕەسێک لە ئارادا نییە بارودۆخەکە بەلای چاکەی تاکدا بشکێنێتەوە.

حاڵی حازر لە کوردستاندا ڕۆژانە ژن دەکوژرێت، یان ناچار بە خۆکوشتن و خۆسووتاندن دەکرێت. وەک ئەوەی ژن و پیاو دوو بەرەی جیاواز، یان دوو

میللەتی جیاواز بن و لە تافی جەنگدا بن، یان وەک ڕابەرانی مارکسیزم باسی دەکەن و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسیوە؛ تیژبوونەوەی ناکۆکیی چینایەتی، نێوانیان گەیشتبێتە دۆخی پێکدادان و کێشەی ئافرەت لەوێ بە بنجبەست گەیشتبێت. هۆیەکەیشی ئەوەیە، لە سەرەتای سەدەی بیسیت و یەکەمدا توغیانی خێڵ، بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم گەڕاوەتەوە. هەر سەرخێڵێک بگریت (برایم پاشای میللی) یەکە بۆ خۆی. هەر سەرخێڵێک بگریت دەوڵەتۆکەیەکە لەنێو دەوڵەتدا. چەک و چەکدار و بودجەی خۆی هەیە. ئۆرتی هەر چەکدارێک لە ئۆرتی مامۆستایەکی زانکۆ بەرزتر و لەپێشترە.

لە ڕۆژئاوا، ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، بێکار بن و نەتوانن سەرەگوریسێک بگرنە دەست، باربوو دەکرێن، بەلام لە کوردستان ئەو توێژە باربوویەکی ئەوتۆ ناکرێن بتوانن پێی بژین. لەوێ (ئاغا و خان و بەگ و شێخی خاوەن تەکێ) مانگانە هەزاران دۆلار بەناوی دیوەخانانەوە وەردەگرن. واتە دادپەروەریی کۆمەلایەتی، یان دیموکراسیی ئابووری، کە پایەیەکی هەرە گرینگی دیموکراسییە، بەکردەوە لە ئارادا نییە.

تۆ ئەگەر کەسێکی نیشتمانپەروەر بیت و بەشێوەیەک لە شێوەکان، لە دەورانی بەعسدا بەرگریت کردبێت، دیسان هەست بە ونبووی شوناسی خۆت دەکەیت. چونکە تۆیان پشتگوێ خستووە و ڕسوایان کردوویت. کاتێک جووتە پارتی فەرمانڕەوا، کوردی خاوەن ماڵ بە میوانیش ڕانەگرن، ئەوا ئەو میوانە ناچارە سەری خۆی هەڵبگرێت و لەوێ، لە هەندەران بەو هیوایەوە بژی، کە ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان، وەک کوڕی نێو ئەفسانە و حیکایەتە میللییەکان، بەڕێزەوە بە سەرکەوتوویی و بە کاروانی زێڕ و زەمبەرەوە، بۆ باوەشی نیشتمان بگەڕێتەوە.

کۆچ لە باشووری کوردستانەوە بەرەو ئەورووپا هێشتا درێژەی هەیە. ئەگەر خەڵکی کوردستان جاران بە تاک کۆچیان کردبێت، ئێستا بە خێزان کۆچ دەکەن. واتە، ئەم دیاردەیە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠دا، ئاژانسەکان هەواڵی گەیشتنی سەد هاوولاتیی کوردیان بە دوورگەی کۆرسیکای فەرەنسایی بڵاوکردەوە. سی کەس لەوانە، تەمەنیان لە دە ساڵ کەمتر بوو، پێنج ژنی دووگیانیشیان لە تەکدا بوو.

لە سەروبەندێکدا، کە کوردی باشوور خۆی حوکمی خۆی دەکات، دیاردەی کۆچکردنی خێزان، جێی ڕامان و لەسەر وەستانی جیدییە. گۆڕانێکی چلۆنایەتیشە لە دیاردەی کۆچکردندا. هاوکات نیشانەی ئەوەیشە، لەم دەڤەرەدا خێزان بەرەوڕووی کێشەی ئەوتۆ دەبێتەوە، لە توانایدا نییە خۆی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. بۆیە بەلای ئەو خێزانانەوە، چارەسەر هەر ئەوەیە، شرەوشاتاڵیان هەڕاجفرۆش بکەن و بە ژنی دووگیان و منداڵە وردەکانەوە کۆچ بکەن. ئەم دیاردەیە ئەوەیش دەگەیەنێت، کە میللەتێک لەسەر کۆچە.

شتێکی بەڵگەنەویستە، هیچ مرۆڤێک لەم دنیایەدا پێی خۆش نییە ولاتی خۆی جێ بێڵێت. هەر دەبێت هۆکارێک، یان کۆمەڵێک هۆکار لە پشت ئەم دیاردەی کۆچەوە هەبن. جاران بەعس بە تۆپزی کۆچی بە خەڵک دەکرد، ئێستا خەڵک خۆی هاتووەتە سەر ئەو ڕایەی، کە دەرگەکانی تری ژیانیان لێ داخراوە و تەنیا دەرگەی سەرهەڵگرتنیان لەپێشدا ئاوەلایە..

بۆچی لە سایەی حوکمڕانی نیشتمانیدا خێزانی کورد کۆچ دەکات؟ کێن ئەوانەی سەریان لە کۆچ دەخورێت؟ پێم وایە تەنگژەکە لە بنیاتی کۆمەڵدایە، کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا، زۆر بەخێرایی گۆڕانی چاوەڕواننەکراوی بەسەردا هات. دیارە هەندێک لەو گۆڕانکارییانە لە بەرژەوەندیی چینەکانی

خوارەوەی کۆمەڵدا نین. ئەوەتا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، جیاوازیی چینایەتی ڕووی لە زیادبوونە. چین و توێژەکان چیی تر پێکەوە ناگونجێن. بگرە بە خێرایی لە یەکتری دوور دەکەونەوە. نەهۆ لێکدابڕانێکی ترسناکی ئەوتۆ لە ئارادایە، کە کۆمەڵی کوردەواری، لە مێژووی کۆن و نوێیدا، بە خۆیەوە نەدیوە.

لە پڕێکدا، دوو خێزانی دراوسێ، کە جاران تەبا و ئاشنا بوون و دەرامەتیشیان لەیەکەوە نزیک بووە، ئێستا یەکێکیان بووە بە ملیۆنێر و دووەمیان بە هەزار ناری عەلی ئەوجا دەتوانێت بژێویی ڕۆژانە پەیدا بکات. تەواوی ئەندامانی خێزانی یەکەم لە کاردان، نەک لەبەرئەوەی ئەوان زاناتر و کاراترن، بگرە لەبەرئەوەی، تۆڕێک لە پێوەندییان دۆزیوەتەوە، کە ڕاستەوخۆ بە کەسانی دەستڕۆیشتووەوە گرێیان دەدات. کەچی تەواوی ئەندامانی خێزانی دووەم بێکارن، یان بەتاڵەی داپۆشراون. چونکە کەسێکی ئەوتۆ گومان نابەن بەهانایانەوە بچێت. واتە، چیی تر بوار بۆ ئەوە نەماوەتەوە، ئەم دوو خێزانە، وەک جاران پێکەوە بنووسێن و بچنە سەردانی یەکودوو.. بگرە بەشی ئەوەندەیشی تێدا نەماوە، ئەندامانی ئەم دوو خێزانە لە شەقام و ڕێوبانان، کاتێک بەیەک دەگەن، سڵاویش لە یەکودوو بکەن. چونکە ئەوان بە ڕادەیەکی ئەوتۆ لە یەکتری دوور کەوتوونەتەوە، زمانی هاوبەشیان لە نێواندا نەماوە و لە یەکتری حاڵی نابن. ئەوان بەرژەوەندییان، دید و بۆچوونیشیان، ئاسمان و ڕێسمان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و خەرەندێک کەوتووەتە نێوانیان.

خێزانێکیان بە قەڵەمبازێکی ئەفسانەیی، چینێک یان دوو چینی کۆمەڵایەتیی سەرکەوتووە، خێزانی دووەمیش، چینێک داچووە. ئێستا ئیتر ئەم دوو خێزانە شیروتیر لەیەک دەسوون.. بە گشتی، سۆزبەندی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵدا ڕووی لە کزی کردووە. ئەو پێوەندییە گەرموگوڕەی جارانی خزمایەتی، سۆزبەندی، ڕەحم و بەزەیی، دۆستایەتی و

بەتەنگەوەهاتن، تەواو کاڵ بوونەتەوە.

ئەم هەمـــوو جـــیـــاوازییـــە زۆر و لـە پڕە چلۆن دروست بوو؟ خـــۆ هـەتا ماوەیەکیش لەمەوبەر هەردوولایان لە یەک ئاستی ژیان و دەرامـەتدا بوون. ئـەوان وەک یەک ڕەنجـــیـــان داوە و کـــاریان کـــردووە. ڕەنگە خـــێـــزانـە هەژارکـەوتـووەکـە، پتـریش ڕەنجی دابێت. دیارە هەردوولایشـیـان سـەر بە هەمان جڤاکن و لە یەک سەردەمیشدا دەژین.

پێـویست ناکـات، لێـرەدا ڕاسـتـەوخـۆ وەڵامی ئەم پرسـیـارەیان بدەینەوە. بەڵام ئەوەی جێی سـەرنج بێت ئەوەیە کـە، ئەمڕۆ واقیـع لە جێیـەکە، دید و بۆچوونی بەرپرسـانیش لە جـێـیـەکی ترە. دەتوانم بڵـێم، ئەم دیاردەیەیان گەلێک لە دوورکەوتنەوەی بێ سنووری نێوان چینەکان خەتەرناکترە. چونکە دۆخی وەها ناکـۆک، توندوتیـژی و کـینە بەرهەم دێنێت. ئەم دۆخـە ناجـۆرە، ئەگەر چارەسەری حەکیمانەی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە، کـە لە نێـوان توێژەکـانی کـۆمـەڵـیـشـدا، لە فـۆرمی جـیـاوازدا، توندوتیـژی سـەرهەڵدەدات و ئاسـایشی هەرێم دەشـێـوێنێت. حـاڵی حـازر، لەوە ناچێت هەوڵی ئەوە لە ئارادا بێت، هارمۆنیایەک لە نێوان خێزان و دەسـتـەڵاتدا، لە نێوان تاک و دەستەڵاتدا کاری ئەوتۆی بۆ کرابێت، یان پڕۆژەی بەو ئاقارە لە نەخشە و پلانی داهاتووی نزیکدا هەبێت.

بەو ڕاسـتـەوخـۆییـە لە هیچ شـوێنێک نەنووسـراوە (ئێـمـە بێـلایەنمان ناوێت!)، بەڵام ئەمە دروشـمێکی باوی ناڕاسـتـەوخـۆیە و بە (ئەمری واقیـع) بووە. تاکی (سەربەخۆ) مرۆڤێکی نەخوازراوە و بەخێرهاتنی لێ ناکرێت. تۆ دەتوانی بەئاسانی لە ڕووخسار و دەمودووی هەر بەرپرسـێکدا بیخوێنییەوە، کاتێک ئیشێکت پێی دەکەوێت. توێژێکی کۆمەڵایەتیی بنکە بەرفراوان هەیە، هیچ کام لە جومگەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی گرینگیی پێ نادەن و بەســـەریان ناکـــەنەوە. یان وەک وتە مـــیللیـــیـــەکـــە دەڵێت،

(نایانخوێننەوە).

لێـرەدا، تاکی بێکەس وا هەست دەکـات بـە زۆر خـۆی بـەم جـڤـاکــەدا هەڵواسـیوە. دەنا ئەو تاکێکی نەخوازراوە و لە هیچ دەزگەیەکدا خێرئامـای لێ ناکرێت. هۆیەکەیشی تەنیا ئەوەیە، مامێک، خاڵێک، کەسێکی نزیک، کە باڵادەست بێت، گومـان نابات، تاکو پەلی بگرێت و هەنگاوێک بیـباتە پێش. یان بە پەیژەی کۆمەڵایەتیدا پلەیەک سـەری بخات. کەواتە ئەو، هاووڵاتییەکی کورد نییە و بێهوودە خۆی بە کورد لە قەڵەم دەدات.

ئەو تاکـە، هەست بـەوە دەکـات فـەرامـۆش کـراوە. فـەرامـۆشکردنیش لە خـۆیدا سـزایەکی زۆر سـەخـتـە و سـوێـیـەکـەی لە دڵ دەرناچێت. تاکی فەرامـۆشکراو، لە جـێی خـۆی دەچەقـێت و ناتوانێت بسـتێک لە بوارەکـانی ژیاندا بچـێتە پێش. ئەلفی پێ ناگاتە بێ. کارێکی سوودگەیێنی بۆ مەیسەر نابێت. ئەم دۆخە نەرێنییە، لە ناخەوە تاکی کوردی ماندوو کردووە. بە خۆیدا دەشکێتەوە و هەستی کێماسی و ڕەفیقکەمی تێی دەئاڵێت. چونکە ئەو لەنێو جـەنگەی ژیان و ڕووداوەکـاندا نیـیـە، بگرە تاکـێکی بێـزراوی پاسـیـڤی پەراوێزخراوە.

ئەو تاکـە تەپەسـەرە، پسـوولەیەکی ئەوتۆی پێ نـیـە تاکـو پاڵپشـتـی بێت. پسـوولەیەک، کە بەپێی سـەنگ و ڕەنگەکـەی، هێز و کـاریگەریی جـیاوازی هەیە. کـەواتە ئەو تاکە پسـوولەی دەسـتکەوتەکـان و پەرینەوە لە تەنگژەکان گـومـان نابات. تـاک و تەنیـا باڵ دەکـەوێتـەوە، وەک ئەوەی بـە هێـزی دوژمن دۆڵپێچ کرابێت و تەنیا قاچاخـەڕێیـەکی مینرێژکراوی لەپێشدا مابێتـەوە، ناچار بێ بۆ دەربازبوون و سـەردەرکـردن هەر ئەو ڕێیـەیـان هەڵبـژێرێ، کـە ئەویش ڕێی هـەندەرانە، ڕێی سـەرهـەڵگرتنی یەکـجـارەکی و ڕێی هات و نەهاتە. واتە ئەم سـەرهەڵگرتنە، لە ناوەڕۆکدا، پشتکردنە نیشتمانێکە، یان پشتکردنە دایکێکی دڵڕەقە، لایەکی بەخێر لە جگەرگۆشـەی خۆی ناکاتەوە و

پەراوێزی خستووە.

تۆ هەروا بیهێنە پێش چاوی خۆت، مامۆستایەک، لە پۆلێکدا چەند قوتابییەکی خۆی فەرامۆش بکات و پەراوێزیان بخات. لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا، بۆ سەر تەختەی ڕەش هەڵیان نەسێنێت، لێیان نەپرسێتەوە و پرسیاریان بەرەوڕوو نەکات. دەفتەرەکانیان سەیر نەکات و ئافەرینێکیان نەکات. داخۆ ئەو قوتابیانە چییان لێ دێت و هەست بەچی دەکەن؟ بیهێنە پێش چاوت، تۆ لە دیوەخانێکدا میوان بیت، وەلێ خاوەن ماڵ بەخێرت نەهێنێ و دوو قسەت لە تەکدا نەکات، هەڵوێستت چۆن دەبێت؟ ئەو حەلە تەنیا یەک ڕێگەت لەبەرە. ئەویش ئەوەیە، تۆ دەبێ هەرچی زووە، بە حەیای خۆتەوە چۆڵی کەیت!.

تاک کاتێک دەترنجێنرێتە گۆشەیەکی وەها تەنگەبەرەوە، وەک ئەوەیە بەخورتی گوێڕایەڵییان بۆ خاک و زێدی خۆی لێ سەندبێتەوە. تاکی وەها ئەرکی دەکەوێتە سەرشان بەڵام مافی پێ ڕەوا نابینرێت. تاکی وەها دڵەڕاوکێ تێی دەئاڵێت و دەپرسێت: بۆچی وەهای بەسەر هاتووە؟ تاکی وەها، نازانێت چلۆن پێناسەی شوێن و پێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵدا بکات.

دانیشتوانی گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارە گەورەکان؛ ئەوانەی، کە لە خانووی چینکۆ و کووخ و لە ژووری بەبلۆک هەڵچنراودا زستانی سارد و هاوینی گەرم بەسەردەبەن و لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی شارستان بێ بەشن. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر ڕۆژە لایەنێک دەکاتە سەریان و داوایان لێ دەکات چۆڵی کەن. لەنێو ئەم توێژەی کۆمەڵدا و لە پێناوی ژیاندا، ناچار دەبن منداڵەکانیان لەبەر خوێندن هەڵبگرن. واتە ئەم توێژە هەموو کات لەژێر پاڵەپەستۆدان. بەزۆری پیاوخراپ و ئەلکولی و بەکاربەری مادە هۆشبەرەکان، لەنێو ئەم توێژەدا پەیدا دەبن.

هەندێک لەو پەراوێزخراوانە، تێکەڵ بە باندە توندڕۆکان دەبن. بە

توندوتیـژی و وێرانكاری وەڵامی ئەو دۆخـەی تێی كـەوتوون دەدەنـەوە. بێ لانەوبانە، كۆڵبەران و خاوەن عەرەبانەی دەستی و دەستفرۆشەیل، هەموویان دەچنە خـانـەی پەراوێزخـراوەكـانـەوە. لە وڵاتێكدا، وەک پێـویست بـیـمـەی كۆمـەڵایەتی نەبێت، ئیـدی بێكار و كەیبانووی مـاڵ و خـاوەن پێداویسـتیی تایبەت و كرێچی و بێ لانەوبانەكان، دەچنە خانەی مرۆڤی پەراوێزخراوەوە.

ئەوان بەرەورووی دڵرەقـیی سـروشت و پۆلیـسی سنوور و خـاڵی پشكنینەكـان دەبنەوە و قـاچاخـەرێ مـینرێژكـراوەكـان دەبڕن؛ بەڵام لە توانایاندا نییـە كۆمەڵی كوردەواری بەچاكەی خۆیان بگۆڕن. ئەوان لە زەینی خۆیـاندا دەسـتیان لە گۆڕینی كۆمـەڵ شۆردووە. ئەوانە لەو سـۆنگەیەوە وڵات جێ دێڵن، دەبینن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لە سـەنتەری دەسـتەڵات دوور دەكەونەوە و چیی تر چاوی دەسـتـەڵات ئـەمـان نابینـێ. جیـاوازییـەكانیش تا دێت پەرە دەسـتـێنن و خـەڵكەكـە لەیەک دەترازێن و لە یەک دوور دەكـەونـەوە. چادر لە كوێ و كۆشک لە كوێ! مۆنیكا لە كوێ و عەرەبانەی دەستگێڕ لە كوێ!.

تۆ هەروا سـەرنج بدە، هەر شـار و شـارۆكەیـەک، پرۆژە ڕوویان تێ نەكات و ڕۆڵەكانیان بێكار بن، لەوێ دیارەی كۆچ لە لووتكەدایە. بێ مەڵامەت نییە كە گـەنجـانی شـارەدێی (تەكـیی بەردەربەنـد) و كـوێ و كـوێ، بەو ژمـارە زۆرە بەرەو هەندەران سـەری خۆیان هەڵدەگرن.

جـێی وتنە، لە كـوردسـتـاندا توێژی ڕووناكـبـیـری پەراوێزخـراویش هەیە. هۆی پەراوێزخستنیشیان تەنیا ئەوەیە، ڕەنگ و پسوولەی هیچ لایەنێكیان لە باخـەڵدا نییـە و عـیزەتی نەفسی خۆیان ڕاگرتووە. بۆیـە ناڕاسـتـەوخـۆ، بەم شێوەیە وەڵامیان دەدرێتەوە: (ئێمە نووسـەر و ڕۆشنبیری بێلایەنمان ناوێت)، ئەم ڕایەیش دەقـاودەق یەكسـانە بە: ئەم وڵاتە تەنیـا مـوڵكی ئەنـدامـانی دوو حزبە گەورەكەیە.

پەراوێزخـسـتن، هەژاری بەرهەم دێنێت. ئەمـەیش لـە وڵاتێكی بـەو ڕادەیە

دەوڵەمـەنددا دیاردەیەکی خـەتەرناکـە، چونکە تاکی هـەژار لەسـەر کـانە زێڕ دەژی و نایشـتـوانێت بە سـەرچاوەکـانی ژیان و داهـات بگات. پەراوێزخسـتن دەلاقـەیەکە، کینە و توندوتیـژی لەوێوە دزە دەکات و پەرە دەسـێنێت.. مـرۆڤ ناچارە شـەرم دای بگرێت، کـاتێک دەبیستێ، هـاوکاریی مـانگـانەی خێزانێکی لێقەوماو، جا لە هـەر سۆنگەیەکەوە بووبێت، برێتی بێت لە تەنیا پەنجا هـەزار دیناری بریمەر!.

بێبەشکردن و بەخورتی دابڕینـی تاک لە مافە سـەرەتاییـەکانی، یەکسانە بە کوشتنی. بگرە خراپتریش. چونکە ئەو حـاڵی حازر تـاکێکی ئاوات و هیوا کوژراوە. ئەوەندە هـەیە بەبان جادەکاندا دەڕوات و دەخوات و دەبینێت و بۆن دەکات.

دەشێ ئەم دۆخـە دەیان سـاڵ بخـایەنێت، واتە تاکـو ئەو ڕۆژەی ئەم تاکـە هیـوا کوژراوە دەنرێنە ژێرگڵ درێژە بکێشێ. بۆیە ژیانـی ئەو کوشـتنێکە، بێ ئەوەی تاوانێکی لە دەست قـەومابێت. ئاخر ئەو، هیـچ دامەزراوەیەک لەوانەی وا دەیانبینێت و ڕوویان تێ دەکات بـە موڵکی خـۆی نازانێت. بۆیە کـوشـتنی هیـوا و خـەونەکـانـی ئەو تاکـە، لە مـردن و کـوشـتنی ئاسـایی سـەخـتـترە. سوێیەکەی لە دڵ دەرناچێت و زامێکە سارێژ نابێت.

ئەم جـۆرە مـامـەڵەکردنـە لە تەک نەوەی نوێدا، کـە تۆی کـورد جێـبـەجـێی دەکەیت نەک داگیرکـاری بیانی، سەختترین مـەرگ و مـەرگەساتە. چونکە ئەو تاکـانە بەزینـدوویی، بەکـاڵە و پێـتـاوەوە لـە گـۆڕ نراون. بـێ ئەوەی گیـانیـان دەرچووبێت، کفن و دفن کراون.

ئەو تاکـێکە گـوێی لێ ناگیـرێت. مـرۆڤـێکە هێندەی کـێوێک، بەڵام چاوی کـاربەدەسـتـان نابینێت. لەگـەڵ هەمـوو ئـەمـانەیشـدا داوای لـێ کـراوە، بە برسـێـتی و ڕووت و ڕەجـاڵی و بێ مـافـی و هـاوسـەرکـەمی، چەپڵـەیان بۆ لێ بدات. لەبـەر گـەورەپیـاوان هـەڵبـسـێت. دەسـتی ئەشـهـەدومـابیـلای درۆ بە

گێزەرەی ملی خۆیدا بکێشێت. شاهیدیی ناهەق بدات و پاساوی درۆیان بۆ بهێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، کەچی دەسەڵات دەیەوێت، تاکی وەها بەدبەخت، تێکەڵ باندە توندڕۆکان و تلیاکفرۆشی و چی و چی نەبێت. نارەزایی دەرنەبڕێت و خۆی نەتەقێنێتەوە و ئاکاری جوان بێت.

باشە ئەوێک کە بە هیوا کوژراوی بەسەر شەقامەکاندا بسووڕێتەوە، ئیتر چی تێدایە ئەگەر خۆی بتەقێنێتەوە و دنیایش بەخۆیەوە وێران بکات؟ ئەوێک، کە پێشوەخت ئینسانەتیی لێ زەوت کرابێت و لە تەواوی مافەکانی ڕووتیان کردبێتەوە، ئیتر چ باکی بە ڕەوشتبەرزی و ژینگەپارێزی و پاراستنی مافی ئەوانی تر و تەندروستیی ئەم و ئەوە؟ ئەو، کە خۆی لەمێژ بێت کوژرابێت، ئیتر بۆچی داوای لێ دەکەن لە مەرگ سڵ بکاتەوە؟ ئەوان کاتێک داوا لەو تاکە بە ڕق و تووک و نەفرین بارگاوییە دەکەن خۆی نەتەقێنیەوە، لە یادیان چووە، کە هەر خۆیان بوون ئەو تاکەیان بە بۆمب کردووە. ژیان و مەرگیان لەلای ئەو یەکسان کردووە. کاتێکیش مافی هاوولاتیبوون، خۆشەویستی، بەتەنگ یەکەوە هاتن و سۆزبەندی دابەش کران، بەشی ئەویان تێدا نەبوو. بۆیە ئەو ئێستا، خۆی بووە بە هاوواتای مەرگ.

ئەوان بواریان بۆ نەهێشتەوە خەونیش بەدنیایەکی یەکسان و ئازادەوە ببینێ. دنیایەک دادپەروەری تێیدا برا گەورە بێت. ئەو تاکێکی خەونکوژراوە. ئێوە خۆتان بەو پشتگوێخستنە، بەو بێبەشکردنە، بۆ نێو جەنگەی باندی دزی و کوشتن و تلیاک و تەقینەوە، پەلکێشتان کردووە. ئیتر گلەییی چی لێ دەکەن؟

لاوان لە کوردستان بەهای کەسیەتیی خۆیان دۆڕاندووە. لەوێ نک و نائومێدن. ڕۆشناییەک لە ئاسۆدا بەدی ناکەن. داهاتوویان تەمومژاوییە. زۆر لە پێغەمبەرانیش بەناچاری وڵاتی خۆیان هێشت، وەلێ ئەوان دوای

ئەوەی لە غەریبی کاروباری خۆیان ڕێک خستەوە، بەسەرکەوتویی گەڕانەوە زێدی خۆیان. سەمتی حیکایەتە کوردییەکان و هی حیکایەتی هەموو دنیاش وەهایە؛ کاتێک کوڕی نێو هەقایەت بێ بایەخ سەیر دەکرێت. باوک و برا و خێڵەکەی هیچ ئۆرتێکی بۆ دانانێن، ئەویش بەناچاری وڵات جێ دێڵێت.

سەرکردەکانی ئێستاش، کاتی خۆی هەستیان بەو ڕاستییە کردبوو، کە هەم میللەت هەمیش خۆیان لە نیشتمانی خۆیاندا بێ ڕێز و بێ ئیعتیبار کراون. بۆیە ئەوانیش وەک کوڕی نێو حیکایەت کوردستانیان جێ هێشت. ئەنجام وەک کوڕی حیکایەتیش گەڕانەوە. ئەی ئەوە نەبوو ئەوانیش سەردەمێک سەری خۆیان هەڵگرت و ڕێی هات و نەهاتیان بەرەو چیا و بۆ ئێران و هەندەران گرتە بەر؟ کەچی ئەوەتا ئەوان دوای گەڕانەوەیان، ئەو ڕابردووە نزیکەی خۆیان لە یاد نەماوە.. مێژوو وامان پێ دەڵێت، کە خەڵک ئەوسا و ئێستایش لە باشووری گۆی زەوییەوە بەرەو باکور ڕەویان کردووە و ڕەو دەکەن.

تاک بەنیازە بەم کۆچە، قەرەبووی ئەو قۆناغ و تەمەنە بکاتەوە، کە لە نیشتمانی خۆی پاسیڤ و نەکارە بووە و هیچی بەهیچ نەکردووە، بەڵکو لەوێ کاری چنگ بکەوێت و بە پارە و سامان بگات. بەڵکو لەو دوورەوڵاتییە بتوانێت پلەیەک دووان بە پەیژەی کۆمەڵایەتیدا سەربکەوێت. ئەم نەوەیەی وا ئێستا بەنیازی کۆچی نەهێنن، زۆریان لەوانە دیوە، کە پێشتر کۆچیان کردووە و لەوێ جێگیر بوونە. ئێستا ئەوانە بەپێشەنگ و نموونە دەگرن. ئاگەداریشن، کە هەندێکیان دوای چوار پێنج ساڵان کۆچ، بوونە بەخاوەنی سامان و ئیعتیبار. ڕێزی کەسوکار و کۆمەڵی ئێرەیشیان بەدەست هێناوە، کاتێک ئەوان بەسەردان بە ژنی قژکاڵ و چاوشینەوە، بەدەست و دیارییەوە دەگەڕێنەوە. وێڕای ئاستی ژیان، ئاستی فەرهەنگیشیان هەڵکشاوە، چونکە ئەوان لەگەڵ کۆمەڵێکی پێشکەوتوودا مامەڵە دەکەن و بەزمانێکی تری

زیندووتر دەدوێن. ئەوان، کە پێش کۆچ خاوەنی سەرمایەیەک نەبوونە، ئێستا یارمەتیی خزم و دۆستانی خۆیان دەدەن.

## ئەو ئیسلامییانەی دەگەنە ئەوروپا

تەنانەت ئەو ئیسلامییانەی، کە لە نیشتمانی خۆیاندا، لە ڕۆژهەڵات، تەواوی ئەوروپایان پێ کافرستانییە، کاتێک پاڵەپەستۆیان بۆ هات، ئەوانیش هەر بەرەو ئەوروپا کۆچ دەکەن. لەوێ لە سایەی سیستمی دیموکراسیی ڕۆژئاوادا خەنی دەبن. ئەو ئیسلامییانەی، لە مەفتەنی خۆیان، بە خوێنی سەری چەپ و مارکسییەکان تینوو بوون و تەنانەت کەیفیان بە ڕەوتی سۆسیال دیموکراتیش نەهاتووە، هەر ئەوەندەی گەیشتنە ئەوروپا و مافی پەنابەرییان وەرگرت و بوون بە خاوەنی مافی دەنگدان؛ ئیدی بەزۆری دەنگ بەم ڕەوتانە دەدەن. ئەمانیش لە تەک ڕەوتە چەپەکاندا هاریکاری دەکەن.

بۆیە پێت سەیر نەبێت کاتێک توندڕۆیەک لە سکەندناڤیا دەنگ بە لیستی یەکگرتوو (ئەوپەڕی چەپی دانیمارک) یان، پارتی ژینگە و سۆسیال دیموکرات و پارتی چەپی سوێدی بدات. ئەم دیاردەیەت بە لاوە بانێک و دوو هەوا نەبێت، چونکە چەپەکانن لە ئەوروپادا، بەرگری لە مافی پەنابەر دەکەن.

ئەوەتا مەکەی پیرۆز و مەدینە لە پاڵیاندایە، بەڵام ئەوان بەنیازی ژیان و وەرگرتنی مافی پەنابەری بۆ ئەوێ کۆچ ناکەن. چونکە ئەوان ئەو سیستمەشیان بەدڵ نییە، کە ئەو جێگە پیرۆزانە بەڕێوە دەبات.

ئەوەتا ئەگەر شیعەن نەجەف و کەربەلا و قوم لەوانەوە گەلێک نزیکترە تا ئەوروپا، بەڵام کێ بۆ ژیان ڕوویان تێ دەکات؟ ئەوان هەموویان بە ئیماندار و عەلمانی و بێ ئیمانیانەوە، ڕوو لە ئەوروپا دەکەن.

هاووڵاتیبوون، واتە هەبوونی ڕەگ و ڕیشەی هاوبەش لە نێوان خاک و تاک و ئەوێتیدا. هاوسۆزی لە نێوان هەموو ئەو تاکانەدا، کە لەسەر خاکێک، یان نیشتمانێک نیشتەجێن، باوجوودی جیاوازیی چینایەتی، ئاین، هزر، ئایدیۆلۆجیا و خێڵ و ناوچە. چونکە وەها چاوەڕوان دەکرێت ئەو جیاوازییانە نەبنە باعیسی لێکترازانی ڕایەڵەکانی کۆمەڵ، ئەگەر کاریگەریی نەرێنییان لەسەر مافەکانی تاک دانەنابێت. واتە ئەگەر تاکەکان بەتەواوی جیاوازییەکانیشیانەوە، لە ڕووی ئەرک و مافەوە یەکسان بن و یاسا و دەستوور لەوێ سەروەر بێت. چونکە دیسان وەها چاوەڕوان دەکرێت دەسەڵاتی یاسایی و دادوەران بێلایەن و ئازاد بن.

ئەگەر هەموو ئەو گرووە جیاوازانەی لەسەر ئەم خاک و بوومە دەژین، بەشێوەی کۆنکریتی و بەقووڵی دەرکیان پێ کردبێت و لە بەرچاویان، لەسەر زەوینەی واقیع، ئەرک و مافەیل بەیەکسانی پیادە کرابن و یاسا بۆ کوڕە شوانێک و کوڕە وەزیرێک وەک یەک بێتە ڕەدا. دەرفەتی پەیداکردنی کار، کە لە هەموو ڕەگەزەکانی تر گرینگترە، لەپێش هەمووان‌دا یەکسان بێت و بەگوێرەی لێوەشاوەییی تاک بێت، ئەوسا هەموو لایەک هەست بەوە دەکەن، کە ئەوان هاووڵاتین. ئەوسا هەموو لایەک شانازی بەهاووڵاتیبوونی خۆیانەوە دەکەن. کاتێک ئەوان لیستی ماف و ئەرکەکانیان هەمان لیست بێت، ئەوا گوێڕایەڵیشیان بۆ نیشتمان، لە دڵەوە و بە قەناعەتەوە دەبێت. ئەو کاتە نیشتمان دەبێتە موڵکی گشت، نەک تەنیا گرووپەک. ئەودەمە کوڕە شوانێکیش، کە سەر بەهیچ حزب و گرووپەکی سیاسی نییە، خۆی بەقوربانی وڵات دەکات. ئەوسا ئیتر پێوەستبوونی ڕۆحی لەگەڵ خاک و نیشتماندا چێ دەبێت.

ئەودەمە کەسیەتیی زاڵ و خێڵ و گرووی دەستڕۆیشتوویش نامێنێت. وەلێ

ئەگەر تاک لە چاو ئەوانی تردا هەستی کیماسیی تێ ئالآ. ئەوا نیشتمانی لە بەرچاو دەبێتە دۆزەخ. لە زێد و ماڵەباوانی خۆیدا دەبێتە پەنابەر. ئەو حەلە پێوەستبوونە ڕۆحییەکە بۆ نیشتمان لە دەست دەدات. ئەو حەلە ئەوی تاک، هەست بەوە دەکات، کە ئەو ئەگەرچی لە زۆریان زاناتر و هۆشیارتریشە، کەچی پشتگوێ خراوە. لەبەر هەر هۆیەک بووبێت جێی ئەو، بە تاکێکی تری ناقابیل دراوە. لێرەوە سۆزبەندیی ئەو بۆ نیشتمان کاڵ دەبێتەوە. لەسەر خاکی خۆی دەبێتە میوانێکی ئێسکگرانی کاتی و ڕەوتەنی.

دەفتەرنفووس و ڕەگەزنامە مەرجی دانە پاڵ وڵاتێک، یان گوێڕایەڵی تاک بۆ نیشتمانێک مسۆگەر ناکات. تاک دەبێ لە ناخەوە، لە هزرەوە، هەست بە دانەپاڵ و هاووڵاتیبوونی خۆی بکات. بۆیە هەر کاتێک لەنگەری ئەم هاوکێشەیە تێک چوو، ئیدی تاک پشت دەکاتە وڵاتی خۆی و بەناچاری جێی دێڵێت. لێرەوە لە زەینی ئەودا، سۆزبەندیی بۆ وڵات کاڵ دەبێتەوە، یان لەوانەیە هەر بەتەواوی نەمێنێت.

با نموونەیەکی زیندوو بهێنمەوە. لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعسدا، سۆزبەندیی تاکی کورد بە دەوڵەتی عێراقەوە بە ڕادەیەک کاڵ بووبووەوە، باوەڕ ناکەم کوردێکی بەڕێز و پاک پێی خۆش بووبێت تەنانەت تیپی تۆپی پێی عێراق، لە هیچ یارییەکدا بیباتەوە.. چەند یاریزانەیل جوانیش یارییان بکردایە، هێشتا هەر ئێمەی کورد پێمان خۆش بوو هەڵبژاردەی عێراق، بە بێهێزترین تیپی ئەم جیهانەی بدۆڕێنێت. چونکە عێراق بۆ ئێمەی کورد نەبوو.. بەعس بە مرۆڤی حیساب نەدەکردین و مافی خواردبووین. تکایە ئێوەیش، کارێکی وەها مەکەن لاوی کورد ئاوات بە خیچانتان بخوازێت.

خۆشەویستی بەسەر زارەکی نابێت، بگرە لە ناخدا چەکەرە دەکات. زۆرمان دیت گوایە دەیان ساڵ پێشمەرگە و سەرکردەیش بوونە، وەلێ لە ڕاستیدا هەندێک لەبنەوە چەشنی کەو، برای خۆیان، واتە پێشمەرگەیان بۆ

دوژمن خستووەتە داو. ئەو خەڵکەش ناتۆرەی فایلڕەشیان پێ ڕەوا بینیون. ئێستا با بپرسین، ئاخۆ شوانە نەخوێندەوارەکە (لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆی، کە لانی کەم زیانێکی بەم وڵاتە نەگەیاندووە، جێی ڕێز و بەتەنگەوەهاتنن، یان فایلڕەشەکان؟ بێ لانە و بانەکان جێی ڕێزن، یان گەندەڵکاران؟

مرۆڤ لە مێژووی سەرهەڵدانیەوە، بە دوو ڕەگەز وابەستەیە، شوێن و کات. شوێنیش یەکسانە بەزێد. لاوانی کورد بەئاواتەوەن، کورد لە هەر جێیەک بن بەمافەیلی خۆیان بگەن. پێیان خۆشە کەرکووک و شار و گوندە داگیرکراوەکان بگەڕێنەوە سەر خاکی کوردستان. ئەوان هیچ لارییان لەوە نییە، کوردی باشوور هێزی بەرگریی خۆی هەبێت و بودجەی بۆ دابین کرابێت. تاکی کورد لەگەڵ ئەوەدایە کورد دەستی بگاتە پیشەسازیی نەوت و خاوەنی سامانی سەرزەوین و بن زەوینی خۆی بێت. لەگەڵ ئەوەدایە، دێهات ئاوەدان بکرێنەوە. خەڵکی گوندەکان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و بتوانن بەشی ژیانی خۆیان بەروبوومی کێڵگە بەرهەم بهێنن. لە ڕووی دابینکردنی دانەوێڵەوە بەخۆیان پشتئەستوور بن و کورد خاوەنی ئاسایشی خۆراکی بێت.

واتە ئەو قسەیەی، کە دەڵێت لاوان گوێڕایەڵییان بۆ نیشتمان لە دەست داوە، هیچ بناغەیەکی لە ڕاستیدا نییە. بگرە پێچەوانەکەی ڕاستە. وەلێ لە هەر سۆنگەیەکەوە بووبێت، نیشتمان بەیەکسانی مامەڵە لە تەک ڕۆڵەکانی خۆیدا ناکات. لاوان گلەییان لە گوێڕایەڵیی پارتەکان بۆ نیشتمان هەیە و لە ئەدای حزبەکان ناڕازین، پێشیان وایە چارەسەرەکە هێندە قورس بووە، لە دەستی ئەوان دەرچووە. پێیان وایە ناتوانن چارەسەری ئەفسوونی بۆ هەموو ئەو کێشانەی سالانێکە لەسەر یەک کەڵەکە بوونە بدۆزنەوە. پێیان وایە هەر هەوڵودەوڵێک بدەن، ئاسنی سارد دەکوتن. بۆیە بەشێکی ئەو خەڵکە پشتی تێ دەکەن و لێی دەردەچن. کەواتە لاوان خۆیان لە

کاڵبوونەوەی گوێڕایەڵییان بۆ نیشمان بەرپرس نین. بگرە ئەوان ناچار کراون و کاڵبوونەوەی گوێڕایەڵییان بەسەردا سەپاوە.

ئەگەر تەنیا دەوڵەمەندان لە بەربوومی وڵات بخۆن و هەر خۆیان حوکمڕان بن، دڵنیابە، کە ئەوان وڵات بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەمەندان بەڕێوە دەبەن. دڵنیا بن، ئەگەر وڵات تووشی هەڕەشە هات، ئەوا هەژارەکان بەرگریی ناکەن، چونکە بەرگریکردن لە دۆخی وەهادا، یەکسانە بە بەرگری لە دەوڵەمەندان. کوردستانێک، کە بەتەنیا موڵکی دەوڵەمەندان بێت و لەسەر ئەوان تاپۆ بووبێت، ئەوا هەژاران قوربانیی بۆ نادەن.

ئێوە لەبەر خاتری خۆتان ئۆرتی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی لە حەدی خۆی زیاتر و گەورەتر پێشان دەدەن. ڕۆژانە لە ڕێی دەزگەیلی ڕاگەیاندنەوە فووی تێ دەکەن. لە کاتێکدا تەواوی خەڵک لە سەردەمی بەعسدا بەزاڵە کەوتبوون و لە ڕەزاڵەتدا ژیاون. ئەو خەڵکەیش کەسوکاریان ئەنفال کراوە. ماڵ وحاڵیان داگیر کراوە، نەک هەر بەتەنیا پێشمەرگە خەبتیوە، کە بەشێکی زۆر لە کردە و کۆششی پێشمەرگە لە چیایش، برێتی بوو لە جەنگی نێوان هێزە ناکۆکەکان.

سەرنج: لە کۆواری (واتە)، ژمارە (٨)، ئاداری ٢٠١١دا بڵاو بووەتەوە.

## زیندانییەکی ئەمنە سوورەکە لە بەردەم ٩٦ پرسیاردا

ئەمنە سوورەکە (ئەمنی عەقاری)، هەر بەناوهێنانی موچڕکە بەگیانی خەڵکی شەرەفمەندی پارێزگەی سلێمانیدا دەهات. ئەم دائیرەیە لە هەشتاکاندا لە گەڕەکی شۆڕش (عەقاری) لەسەر ڕووبەرە زەوییەکی دە هەزار مەتری دروست کراوە. لە هەندێ بەشیدا چوار نهۆمە. بۆ بەرگری لێکردنی لە هەرچوار لاوە قوللەی هەیە. دوو دەرگەی سەرەکیی هەبوو. یەکێک لەسەر شەقامە گشتییەکەی شۆڕش و ئەوی تر لە پشتەوە. کەمتر خەڵکی پرکێشییان دەکرد لەم ئاستەدا بە پێ بڕۆن. ئۆتۆمۆبێل و پاسەکانی ڕێبوار گواستنەوە قەدەغە بوو لەم ئاستەدا بوەستن، ڕێبوار سوار بکەن یاخۆ دایبەزێنن.

ئەمنە سوورەکە برێتی بوو لە دوو بەشی سەرەکی، یەکێکیان بەڕێوەبەرێتی بوو، ئەی تریان بۆ ژن و پیاو زیندان و جێگەی ئەشکەنجە بوو. ئەم دەزگەیە بەنزینخانە و تەنانەت شوێنی چاککرنەوەی ئۆتۆمۆبێلی تایبەت بەخۆی هەبوو. لەسەر زەوییەکی تەخت وەک درەخت هەڵچووە... لەلای سەرەوەی سەرکردایەتیی گشتیی سوپای میللی (جیش الشعبي) هەبوو کە ئەویش پاڵی دابوو بە حامیەی شارەوە. لای ڕۆژهەڵاتیشییەوە گەڕەکێکی گچکە هەبوو برێتی بوو لە ماڵە ئەمنەکان، لە پاڵ ئەمانیشدا دەزگای ئیستیخبارات هەبوو.

ئێستا واتە (نیسانی ١٩٩٢)، سەدان ماڵە ئاوارەی گەرمیان و کەرکووک لە کەلاوەکانی ئەم شوێنانەدا دەژین. (جگە لە حامیە، کە بەتەواوی تەخت کراوە). ئەم دەزگەیە، لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا، تا دوا هەناسە بەرگریی

کرد و دوا پێگەی دەوڵەت بوو لەنێو شاردا خۆ بەدەستەوە بدات. هەموو ئەوانەی بەرگرییان لێ دەکرد کوژران. لە سەروبەندی ڕاپەڕیندا پتر لە (١٥٥) گیراوی سیاسیی تێدا بوو.

١٩٩١/٣/٨ جەماوەری ڕاپەڕیوی شار ڕزگاری کردن، هەتا کاتی ڕەوەکەیش ڕۆژانە هەزاران کەس لە شارەکانی کوردستانەوە دەهاتنە دیدەنیی ئەم دەزگا داپڵۆسێنەرە ترسناکە، کە کوڕانی شار لە چەند سەعاتێکدا وەک بێژنگیان لێ کرد. بۆ ڕوونکردنەوەی زێتر سەبارەت بەم قەڵایەی بەعس و گوزەرانی زیندانە سیاسییەکان و دوا ساتەکانی ئەم قەڵایە و ڕزگارکردنی زیندانییەکانی ناوی، چاومان بە (لوقمان مستەفا عەبدوڵا) کەوت کە ماوەیەکی لەم زیندانەدا بەسەر بردووە.

هاوڕێ (لوقمان) لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٥)ە و لە ساڵی (١٩٨٦)دا پەیمانگەی تەکنۆلۆجیی بەغدای تەواو کردووە و ژنی نەهێناوە. لەم گفتوگۆیەدا بەدوور و درێژی ڕووبەند لەسەر ڕووخساری پیاوانی ڕژێم لادەبات و بەکون و کەلەبەرە تاریکەکانی ئەم دەزگە ترسناکەمان شارەزا دەکات.

*

پرسیار: کاک لوقمان کەی گیرایت؟

وەڵام: شەوی ٥ لەسەر ٦ی/٩/١٩٩٠ کات یەک و نیو لەسەربان دەنووستین. بەڕۆژ ماندوو بووم، بۆیە ئەو شەوە زوو خەوم لێ کەوت. باوکم بە ئاگای هێنام و گوتی: "هیچ نییە هاتوون بۆ من. دیسان مەسەلەی جەیشی شەعبییەکەیە هەڵی داوەتەوە" بەڵام کاتێک سەرنجم دا حەوشەکەمان کەسێکی تر ناگرێ. بەپەلە خۆم کۆ کردەوە. چەند کۆوارێکی (پرۆلیتاری)م لە بەردەستدا بوو، هەڵم گرتن و ڕام کرد بۆ قاتی دووەم تاکو لەوێوە بۆ کۆڵانی ئەودیوی ماڵی خۆمان دەرباز بم. بەڵام سەربانیان لێ

گرتبووم. وەک سەگ پەلاماریان دام. یەکێکیان پێی گوتم: "ها لقمان ترید ان تنهزم؟.. ابوک شیگول... یگول اهرب لقمان moo؟"

پرسیار: کام دەزگایە هات بۆ گرتنت؟

وەڵام: بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی بەلدە بەهاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی سلێمانیدا هاتبوون تاکو نێچیرەکەیان لە دەست نەچێ.

پرسیار: چۆن هاتنەماڵەکەتانەوە؟

وەڵام: یەکسەر بەتوندی لە دەرگەیان دا. بەمست و بە زەنگ لەگەڵ هاوارکردندا (افتح الباب گواد... افتح الباب گواد) لەگەڵ هاتنە ژوورەوەدا کەوتبوونە وێزەی (محەمەد)ی برا بچووکم و بەمنیان زانیبوو. محەمەد، لەبەر ناساغی لە خوارەوە نوستبوو. کە یەکسەر بەلێدان خەبەری دەکەنەوە تێک دەچێت و دەمی دەچێ بۆ لای گوێچکەی. تەنانەت بەتەمای نەمابوون بژی. هەر ئەو شەوە گەیاندبوویانە خەستەخانە.

پرسیار: ناوی ئەفسەر و ئەمنەکان دەزانی؟

وەڵام: یەکێکیان کورد بوو قەڵەوێکی خڕیلانە بوو ناوی خالید بوو. دیاربوو باوکمی دەناسی. ئەوانەی ڕۆژانە دەمانبینین لەوێ دەوریان زۆر بوو: ڕائید ریاض، نقیب ماجید، ملازم محمد، مفوض جمال (تورکمان بوو)، مفوض طارق، ملازم علی (تەحقیق)، ملازم باسم، نقیب احمد، رائید حسون، عقید خلف (بەڕێوەبەری ئەمن)، ظاهر، جمعە، سلام، نایف، رحیم... هتد.

پرسیار: چۆنیان تەحقیق لەگەڵدا کردی؟

وەڵام: من و برادەرێکی دیکە، کە (لوقمان محەمەد)ی ناوبوو، ئەو شەوە پێکەوە گیراین. لە ژوورێکی ئینفیرادی دایان ناین. دوای پشکنینی گشتی، ئەو لەپێش منەوە برا بۆ تەحقیق. ئەمجا هاتن بەشوێن مندا.

بەڕاستەڕێیەکی تاریکی باریکدا بردمیان، ئەمجا پێچمان کردەوە. ئەمجا چوینە لای دەرگەیەک. بەلای چەپدا پێچێکی دیکەمان کردەوە و خۆم لە ژوورێکی ترسناکدا بینیەوە. مێزێک، کۆمەڵێک ئەوراق و بەیانات. موەلیدەیەکی بچووکی کارەبایی دەستی. زرتە بۆزێکی لە ئومەت نەچوو. قەنەفەیەکی درێژ. لە بەرامبەریدا چەند کورسییەک. مێزێکی گەورەی ئاسن، کە چوار پێچکەی لەژێردا بوو. لەسەر زەوی و بەدیواری ژوورەکەوە چەند دڵۆپە خوێنێک سەرنج ڕاکێش هەبوون. بەئاسمانی ژوورەکەوە شێلمانێکی درێژ لەمبەر و ئەوبەری ژوورەکە لە دیوارەکان گیر بووبوو. چەند قولاپێکی ئاسن، لەوانەی لە دوکانی قەسابەکاندا هەیە، پێوەی لەحیم کرابوون. زەلامێکی زەبەلاحی سەرسپی سێ هێندەی خۆم دەبوو. هەر دەستێکی دووهەندەی دەستی مرۆڤی ئاسایی بوو. ئەم چەتەوڵە (مفەوەز جەمال)ی ناو بوو. وا بەناوبانگ بوو زلله بدات لە هەر کەسێک دەبێ گوێی بتەقێنێ. داینام و کەوتە پیاهەڵدانم: "لوقمان انت خوش ولد. احچي بصراحة لاتدوخنا" کارتۆنێکیان نیشان دام گوایە پڕیتی لە بەڵگەنامەی ڕێکخراوەکەمان. دوای چەند کۆوارێکی پرۆلیتاری و دەستنووسی چیرۆکێکی منداڵانیان پێشان دام و گوتیان کێ ئەمانەی داوە پێت؟ منیش وتم: شەوێ، بەر لەوەی ئێوە بێن کەسێک فڕێی داوەتە حەوشەکەمانەوە، نەمزانیوە چیی تێدایە. کە ئێوەش هاتن لە ترساندا شاردمانەوە. پێی وتم: (هذا خوش حچاية! احچي تري راح نعلگك لا تعذب روحك..) منیش وتم: هەر ئەوەندەیە کە عەرزم کردن.

سەریان خستمە سەر مێزێکی ئاسنی گەورە. مفەوەز جەمال لە دواوە کەلەپچەی کردم. دوای ئەوەی بە قایشێک توند توند شەکەتی دام. پاش تورەبوونێکی زۆر بە قولاپی شێلمانەکەدا هەڵی واسیم. قاچەکانم بەحاڵ لەسەر مێزەکە مابوون... ئەمجا گوتیان: (ها لقمان تحچي لولا؟) وتم: هەر ئەوەندە بوو کە پێم گوتن. مێزەکەیان لەژێر پێمدا لابرد. ناوشان و جومگەکانم لەوەدا بوو هەڵوەشێن. زوو زوو بەدەنگی بەرز دەیانگوت: کێ ئەم

نووسـینانەی دایتێ مـاڵەکـەیمان پێ بڵێ ڕزگـارت دەبێ و دەچیتـەوە مـاڵی باوکت.. مـێـزەکـەیان دانـایەوە ژێر پێم. بـەڵام کـە بـێ وەڵام دەیانبـینیم جـارێکیتـر لایاندەبرد و ئازار شـاڵاوی بۆ دەهێنام. مـفـەوەز جـەمـال زۆرم لێ تووڕە بوو گـوتی: "ابن الگحبـة احـچي تري جـماعتك كلهم اعـترفـوا" ئـەمـجـا بەئاسـمـانەوە دەکـەوتە لێـدانم. کـە بە بەرزاییـیـەوە لەگـەڵ نـەقـیب مـاجـددا دەمـبـینین لە ئاسـتـی جووتە سـۆڵە ئیـسـفـەنجـییـەکـانمدا بوون، خـۆشـحـاڵ دەبووم. بەتایبـەت کە هـیـچیـان لێ نەدەبیـسـتم. دوای ماوەیەک چۆڕاوگـەیەکی چەوری خـــەست لـە تەوقی ســـەرمـــەوە دەهـاتە خـــوار و لە نووکی پێــمـــەوە دەچۆڕایە سـەر زەوییەکە و چەندین تابلۆی دەنەخشاند. ئەمجا نەقیب ماجد بە مـفـەوەز جـەمـالی گـوت: کـارەبای لێ بدە. سـەری وایەرەکـانی لە هـەردوو پەنجـە تووتەی قـاچـم بەست و گـوتی: (تحـچي لولا؟)، کـە بێدەنگ بـووم ئیـتـر کـارەباکـەی لێ دام و بەهـەمـوو هـێـزی هـەنـدلی مـوەلیـدەکـەی بـادەدا. ئەو کـارەبایە وەک فـڕۆکـە دەیخـولاندمـەوە. جـارێک و دوان و دە... زۆر مـاندوو بووم. بێجـامـەکـەم لە پێ دادەکەنرا و دەهـاتە خـوارەوە... خـۆم وا نیـشـان دا کـەوا بـووراومـەتەوە. کـە دایـان گـرتم دەمـویسـت دەست بۆ دەمم ببـەم کـەچی دەچوو بۆ پـاشم. هـەسـتـم بە بوونـی دەست و قـۆڵم نـەدەکـرد. سـڕ بووبوون، تەنانـەت دوای چەند مـانگێکیش گـشـتـیـان لە قـۆڵ و مـەچەکم بکـردایەتەوە هـەسـتـم پێ نەدەکـرد. بـەهیچ شـێـوەیەک نەمـدەتوانـی بەرزیان بکەمـەوە. نەعلەکـانم بۆ نـەدەکـرانە پێ. (کـاک جـەمـال) لـە ژووری ئەشکـەنجـەوە تا ئینفیـرادی بە شـەق و (شـاپ) شـەقـازللە و جـوێن هێـنـامی. هەرچەند شـەقی تێ هەڵدەدام ٣٠–٤٠سم بەرزی دەکردمەوە، دوای ئـەشکەنجە، زیندانی حـەز لە ئاو دەکـات. بەهـەر شەڕەشـەقێک بوو لە سـەتڵی ئاوەکـەی تەنیشت سـەتڵی پیـسـاییـیـەکـەم، چۆڕێ ئاوم خـواردەوە. هـەرکە گـەیشـتـمـەوە ئینفـیـرادی هـاوەڵەکانی دراوسێم لەگەڵم کەوتنە گفتوگۆ: "کـاکی برا چۆنی؟ غیرەتت بێ. هیچ نییـە چوار پێـنج جـاری ترە و ڕزگـارت دەبێ. قسـە نەکـەی. ناوی کـەس

نەبەی. قۆڵەکانت بجووڵێنە. وەرزش بکە با قۆڵت نەمرێ. شناو بکە..." کاک کەمال قەرەداخی بەباشی هانی هەموومانی دەدا و غیرەتی دەنایە بەرمان. شەوی دوایی ئەو هاوڕێیەیان گرت، کە من لەسەری شلکوت بووم. ئیتر تەحقیقی من تەواو.

پرسیار: ئەدی جەنگی دەروونی هەبوو؟

وەڵام: کە پێت نایە ناو ئەو دائیرەیەوە. هەر لە زڕەی زنجیرەوە، کە کردنەوەی دەرگەیە، شەڕی دەروونییە تا هاواری حەرەسەکان. تا هاواری ژووری ئەشکەنجە و زیندانییانی ئەشکەنجەدراو... کەمیی خواردن، نەبوونی ئاودەست و بوار نەدان بە زیندانی بۆ چوونە سەرئاو.... چوونە سەر ئاو لە ئینفیرادی لە ٣ دەقیقە پتر مۆڵەت نادەن. ئەگەر لەوەت تێپەڕاند هاوار هاوار دەست پێ دەکات: (فضنه... ولک فضنه .... بسرعه تری ابسطک) سەرئاو و دەموچاو شۆردن و سەتڵ شۆردن لە یەک کاتدایە. جارێکیان هاوڕێیەکیان بۆ تەحقیق بردە خوارەوە، دوای سووکایەتی پێکردنی زۆر پێیان گوتبوو: ژنەکەت تەڵاقی داوی. ئەمە لە خۆیدا جەنگێکی دەروونیی سەختە، تاکو ورەی زیندانیی تەواو پێ بڕووخێنن.

پرسیار: تەحقیق چەند دەخایەنێ؟

وەڵام: بەگوێرەی گیراوەکان، تەنانەت بەگوێرەی کاتی گرتن دەگۆڕێ. ئێمە ژمارەیەکی زۆر بووین. تا ڕادەیەک بە خێرایی تەحقیقیان لەگەڵدا کردین. تاکو ئەوانەی لە دەرەوە مابوون و دەستگیر نەکرابوون هەڵنەیەن. لێکۆڵینەوە لەگەڵ خۆمدا نزیکەی هەفتەیەکی پێ چوو.

پرسیار: چاویان دەبەستنەوە؟

وەڵام: بەئارەزووی خۆیانە. جار هەبوو دەیانبەست جاریش هەبوو نا. بەڵام یەکەم شەو، کە بردینیانین لە نزیک دەرگەی سەرەکییەوە پێیان گوتم:

(دنگ راسک) سـەریان کـردین بـەژێر کـوشنی ئۆتۆمـۆبێلـەکەیاندا تاکـو پێ نەزانـین بۆ ئەمنە سـوورەکـەمـان دەبەن. جـارێک (ابودلف) برادەرێکی بۆ تەحـقـیق بردبوو چاوی بەسـتـبـووەوە، لە پلیکانەکان برادەرەکە کـەوتبـوو. ئەویش پێی گوتبوو: (گواد.... صارلک ثلاث اشهر ما تعلمت الدربونە!).

پرسیار: ئەی جلوبەرگیان لەبەر دادەکەندن؟

وەڵام: بەڵێ.... پشـتـوێن. قـایشی پانتـۆڵ، جـامـانە و ملـپـێچ، قـەیتـانی پێـڵاویـان لێ دەسـەندین جگە لـە جگەرە، شـقـارتـە، سـەعـات، پێـنـاس و شـتـی تریش.

پرسیار: هەر لە ئەمنە سوورەکە مایتەوە؟

وەڵام: لە ئـەمنە سـوورەکـەی عـەقـاری. بەشـی زیندانـی. لە سـەروو بینا سوورەکەوەیە، لەپشت ماڵە مەدەنییەکانەوە.

پرسیار: کام هۆڵ؟

وەڵام: سـەرەتا لە ئینفـیـرادی حـەوت بووم. دوایی بۆ هۆڵی ژمـارە پێـنج دواتر بـۆ هۆڵی ژمـارە دە. دوای جـەنگی کـوێت گـەڕاینـەوە بۆ هۆڵی سێ. هەموو زیندانەکە برێتییە لە شەش هۆڵ و نزیکەی ٢٠ ئینفیرادی. زیندانەکە دوو قاتە.

پرسیار: وەردیانەکان مامەڵەیان چۆن بوو؟

وەڵام: زۆربەیان خـراپ بوون. دیارە لە شـوێنی وەهادا چاوەڕوانی بەزەیی لە وەردیان ناکرێ. تەنیـا یەکێکیان تێدا بوو لەوانی تر جیاواز بێت. ئەمەیش بەشاهیدی هەموو زیندانە سیاسییەکان. ناوی (ڕەحیم) بوو. وابزانم خەڵکی بەغدا بوو.

پرسیار: دەنگوباسی دەرەوەتان پێ دەگەیشت؟

وەڵام: بەکزی دەگەیشت. برێ جاران ڕۆژنامەمان بۆ دەهات. لە ڕوانگەی دەنگوباسی ئینفیرادییەوە. هەروەها لەو کەسانەوە کە تازە دەگیران. بارودۆخی دەرەوەمان هەڵدەسەنگاند.

پرسیار: کەسوکارت دەیانزانی لە کوێیت؟

وەڵام: دیارە بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی شار هەوڵی دەدا کەسوکارمان شوێن و ڕێمان پێ نەزانن تاکو باری ئاسایشی خۆیان بپارێزن. بەڵام ئێمە بەوانەدا هەواڵمان دەنارده دەرەوە، کە بێ تاوان بوون و بەر دەبوون.

پرسیار: کەسوکارت هەوڵی بەردانیان دای، چۆن؟

وەڵام: هەموو بنەماڵەیەک کاتێ کەسێکی دەکەوێتە زیندانی بەعسەوە بە سەروماڵ هەوڵ دەدا سۆراخێکی بکات، ماوە؟ مردووە؟ دایک و باوک و کەسی منیش هەریەکە لەلایەکەوە بۆم تێ کەوتبوون. بەپارە یان بە پیاوەتی. جارێک بە باوکمیان گوتبوو کوڕەکەت بە چوار هەزار دینار بۆ بەردەدەین! باوکیشم پێی گوتبوون: تۆ مەچەکی کوڕەکەم بدەرە دەستم من شەش هەزارت دەدەمێ! ئەو کەسەیش یەکێک بوو لە پیاوانی بەعس لەو جۆرە کەسانەی لە پێناوی گیرفان پڕکردندا مامەڵەیان بە لاوانی شۆڕشگێڕ و بێ تاوانەوە دەکرد. ئەو کەسەیش خۆمان خۆش.

پرسیار: ئەشکەنجە هەر بەردەوام بوو؟

وەڵام: مرۆڤ لەو شوێنانەدا هەموو چرکەیەک لە ژیانی لە ئەشکەنجەدا دەژی. شەو و ڕۆژ شەڕی دەروونیی لەگەڵدا دەکەن.

پرسیار: کاک لوقمان کات و جۆرەکانی ئەشکەنجەمان بۆ باس بکە؟

وەڵام: جۆرەکانی ئەشکەنجە زۆرن: هەڵواسین، لێدان بە کێبڵ، شەللاق، کارەبا لێدان، کە لە پەنجەی پێ و سەری چۆک و زمان و گوێچکە و تەنانەت لە کۆمی سیاسی دەدرا. بەر لەوەی ئێمە بگیرێین (ملازم احمد الدوری و رائد حسون) هەبوون. دەڵێن شەو و ڕۆژ سیاسییەکانیان بە دەرگەدا یان بە شێلمانەکەی ژووری ئەشکەنجەدا هەڵواسیوە و خۆیان بەدیاریانەوە عەرەق و وێسکییان خواردووەتەوە، یان خەوتوون و بە هەڵواسراوەکانیان گوتووە: کە ئیعتیرافت کرد خەبەرم بکەرەوە! کاتی ئەشکەنجەیش لە دوازدەی نیوەشەوەوە دەستی پێ دەکرد بۆ پێنجی بەیانی. ئەوەی ئیعتیرافی نەکردایە دەیانبردە قەراخ شار. دەیانبەستەوە و فەرمانی کوشتنیان بۆ دەردەکرد، بۆ تۆقاندن بوو. پاشان دەیانبردەوە بۆ ئەمن.

پرسیار: کام ئەمن بە ئەشکەنجە بەناوبانگ بوو؟

وەڵام: مقەوەز تاریق و مقەوەز جەمال. ئەمانە بە جەللادەکانی ئەمنی سلێمانی بەناوبانگ بوون. مقەوەز تاریق ٥٠-٦٠ ڕۆڵەی شۆڕشگێڕی لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتووە. قسەی خۆشیی (ابن گحبە) بوو. خۆشحاڵم کە بوو بەژێر دەست و پێی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە.

پرسیار: ئەی ئافرەت ئەشکەنجە دەدران؟

وەڵام: بەڵێ، کارەباشیان لێ دەدان تاکو ناوی خەڵک بڵێن. زۆرجار کاری سێکسیشیان لەگەڵ دەکردن. یاخۆ ڕووتیان دەکردنەوە و هەموو گیانیان دەگوشین. دەستیان بۆ دەبردن و چرنووکیان لێ دەگرتن. سووکایەتییان پێ دەکردن. بەڵگەش بۆ ئەمە زۆرە. ئەو کەرەڤانەیەی، کە لە ئەمنەکەدا بوو گەواهیی ئەم ڕاستییانەن. ئەو کەرەڤانەیە پڕ بوو لە جلوبەرگی ئافرەتان. حەبی مەنع و زۆر شتی تری وەک فیلمی سێکس و وێنەی فۆتۆگرافی، ئەو کەرەڤانەیە لە خۆیدا ژووری نووستن بوو بۆ ئەفسەرەکانی ئەمن.

پرسیار: ئەی خواردنتان چۆن بوو؟.... جیرەکە بەشی دەکرد؟

وەڵام: دوای ئەوەی تەحقیق تەواو دەبێ، ئیتر کێشەی سەرەکیی ژیان خواردنە. چونکە زۆر کەم بوو.(١٥-٢٠) دەنک خورما لەگەڵ سێ سەموونی گچکە یاخۆ سێ نانی گچکە بۆ هەرسێ ژەمەکە. ژەم هەبوو بە تەنیا تووریان دەهێنا. یان یەکی پڕ بە کەوچکە چایەک یاخۆ کەوچکێکی چێشت ماستیان دەهێنا. جارجارەیش چایی خۆی بەنێواندا دەکرد. یاخۆ پاکەتە کەرەیەکی بچووک بۆ سێ زیندانی. لە تاو کەمخۆراکی لە نێوان هاوڕێیاندا گفتوگۆمان کرد تاکو وەردیانەکان ئاگەدار بکەینەوە کە بەڕاستی برسیمانە. هەموو جارێک دەیانگوت: سەربازەکانمان لە بەرەکانی جەنگدا چارەکی ئێوەیان نییە.. ئەو حەلەی، کە لە هۆڵی یەک بووین. بەژمارە ٦٦ کەس بووین بڕیارمان دا نیوەڕۆژە دابەش نەکەین. ئەگەرچی چەند هەلپەرست و ترسنۆکێکمان تێدا بوو بەڵام بڕیاری خۆمان دا و سووریش بووین لەسەر داواکەمان. وەردیانەکان گەیاندیانە نەقیب ماجید، عەقید خەلەف، تاریق و جەمال و هەموو داروودەستەی ئەمنمان لێ کۆ بووەوە (بۆ مان دەگرن؟) (خواردن کەمە و بەش ناکات) لەودەمەدا زیندانییەکی پیر، کە حاجی مەجیدی ناو بوو. دەستی دایە مەنجەڵی شۆرباکە هەڵی گرت و پێشانی دان گوتی ئەم خواردنە بەشی شەست و شەش کەس دەکات؟ کە حاڵەکەیان بینی گەورە لە بچووک، بچووک لە بچووکتر تووڕە بوو. دواجار هەموو لایەک هاتنە سەر ئەو ڕایەی تاوان تاوانی بەڵێندەرەکەیە. دەستیان بە جنێودانی کرد. نەقیب ماجید گوتی: هەر ئێستا بچن ئەو بەدڕەوشتە بهێنن!! ئیتر خواردنی زیاتر. نانی زیاتر و خورما و تەماتە هات. تا ماوەیەک بووژاینەوە.

پرسیار: ئەدی میوە هەبوو؟

وەڵام: میوەیان لە بریی ژەمە خواردن دەیانداینێ نەک بەجیا. واتە ژەم هەبوو نان و پرتەقاڵمان دەخوارد.

پرسیار: ئەدی گۆشت؟

وەڵام: گـۆشت؟ شـتـێکیـان دەداینـێ بەناو (چلفـرای) بـوو. یەکی بەقـەدەر زەردەواڵەیەک گۆشتـمان بەردەکەوت. بەڵام پێمـان خۆش بوو بۆمـان نەهێنن، چونکە نانی دوو ژەممان پێـوە دەخـوارد. جـاروباریش ملـەقـۆرتەی مـریشک دەهـات. ئێـوارەکـان ئەو گۆشـتـەی بۆ ئێـمـە دەهات وەردیانـەکـان سـووریان دەکردەوە بۆنەکەی ئەوەندە خۆش بوو وەختابوو گیانمان بۆی دەربچێ.

پرسیار: کێ بەڵێندەری ئەمنە سوورەکە بوو؟

وەڵام: عەبەی سـاڵحی قیروان و کورەکانی. زۆربەی زیندانە سیاسییـەکان بەگـەورەترین تاوانبـاری دەزانن. بـەڵام لەبەرئەوەی خـاوەن پـارەیە و لەسـەر ڕەقەم پارە بە حزب و لایەنەکان دەدا، ئەوا لە گوڵ کاڵتری پێ ناڵێن!.

پرسیار: لە هۆڵی زینداندا چۆنتان کات دەگوزەراند؟

وەڵام: لەم شوێنەدا کات شتێکی زیادەیە. وەک گای گێژە، دەبێ تێوەیژەنی دەنا ناڕوات. میـلی سـەعـات چەق دەبەسـتێ و ناجـووڵێ. لەوێ هـەر یارییـەک بەخـەیاڵـماندا هـاتبێ بۆ خـۆمـان دروست کـردووە. تەنانـەت تەزبیـحیـشـمـان دروست دەکـرد. بەیانیـانمان زیاتر لـەناو جـێگەدا دەگـوزەراند. ئێـوارانیش یاریی فـۆلکلۆریـی وەک فـڕی فـڕیمان دەکرد. شـەویش بـە کـلاوێن و دۆمـینە کـاتمان بەسـەر دەبرد. جاری وایش هـەبوو دەبوو بە گفتوگۆ لەسـەر بابەتێک ٣-٤ سـەعـاتی دەخـایاند. کۆمـەڵێک بیرۆکەی بەپێزی تێدا شی دەکرایەوە. هـەموو یارییەکیش بە دزیی وەردیانەکانەوە دەکرا.

پرسیار: جەژنی سەری ساڵتان چۆن بەسەر برد؟

وەڵام: شـەوی سـاڵی نوێ ١٩٩١ یەکـێک بوو لەو شـەوانەی لای گـشت هـاوڕێیـان هـەرگـیز لە یاد ناچێ. هـەفـتـەیەک پێشـتـر بەرنـامـەمان داڕشت و

خواردنمان کۆ کردەوە. هەریەکە و تۆزێ خورما، لەتێ نان، هێلکەی کوڵاو و تەڕەپیاز و شتی وامان بۆ ئەو شەوە خستبووە لاوە. کات دوازدەی شەو پێکەوە خوانمان ڕاخست و بە خۆشییەوە خواردنمان خوارد. ئەو شەوە جۆران یاری و گۆرانی و نوکتە و بیرەوەری بەڕێوە چوو. ئەو شەوە بیرەوەرییە شیرین و تاڵەکانمان لە زینداندا بە ئازادی بۆ یەک درکاند. تاوناتاوێکیش بەکپی و بێدەنگی یاریی (من غیر کلام) پێشکێش کرا.

پرسیار: ئەمنەکان بە ئاهەنگ قارس نابن؟

وەڵام: دیارە بۆیە ئێمەیان لەو زیندانەدا یەخسیر کردووە تاکو بەقسەی خۆیان تەمێ ببین. بەڵام بەدزیی ئەوانەوە کاری خۆمان هەر دەکرد. گۆرانی و بەزممان هەر دەگێڕا جگە لە موناقەشەی قووڵی سیاسی.

پرسیار: ڕاگەیاندنی عێراق وەهای نیشان دەدا گوایە لە جەنگی کەنداودا سەرکەوتووە! ئێوە لە زینداندا ڕاستیتان دەزانی؟

وەڵام: لە ڕێگەی ڕادیۆیەکی دەنگ دڕاوەوە شەوی ١٦/١/ ١٩٩١هەندێ نووستوو، هەندێک بێدار. لە پڕ گوێمان لە ئاژێر بوو. زانیمان کە قەوما. پاش ماوەیەک درێژەی ڕووداوەکە گەیشتە لامان. بۆ بەیانی ڕادیۆ نەما. بەهەڵسوکەوتیاندا دیاربوو حاڵیان شڵۆقە، بەڵام بەسەر خۆیاندا نەدەهێنا. خواوڕاستان برادەرێکی دیانی هەولێری بە (تیتۆ) ناسراو بوو گیرا. ئەو بە خۆشی و پێکەنینەوە باسی تێکشکانی پێنجەمین سوپای بۆ گێڕاینەوە.

پرسیار: ئەمنی کورد لە زیندانەکەدا هەبوو؟

وەڵام: لە ناوەوە تەنیا یەکێک هەبوو ئەویش (ملازم ابراهیم)ی خەڵکی هەولێر بوو. پاشان گواستیانەوە بۆ (أمن العامة)ی بەغدا.

پرسیار: لە سەرەتای ئادارەوە ڕاپەڕین لە باشوور بەرپابوو. ئێوە هەستتان پێ کرد؟

وەڵام: شەوێک لە شەوانی مانگی شوبات. کاتی ٢ پیاوێکی کامڵیان کرد بەژووردا جەلالی ناو بوو. لە تکریت گەڕابووەوە. بەنیازی بیستنی هەواڵێکی دڵفڕێن ئەملا و ئەولامان لێ گرت. بەڵام ئەم خاڵەیە هەیتاهەیتا دەیگوت من ئاگام لە هیچ نییە! ئێمەیش سەرمان کردە سەری، دایکت چاک، باوکت چاک لە هەواڵەکانی دەرەوە ئاگەدارمان بکە؟ ئیتر زمانی پڕا و هەواڵی شکاندنی زیندانی تکریتی درکاند. لە هەمان کاتدا هەواڵی پێ داین کە ١٧-٢/١٨ هێرشی زەوینیی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان بۆ سەر هێزەکانی ڕێژیم دەست پێ دەکات.

پرسیار: دوای ئەوە هەڵسوکەوتی وەردیانەکان گۆڕا یان وەک خۆی مایەوە؟

وەڵام: دوای ئەوە وەردیانەکان کەم کەم قسەیان لەگەڵ دەکردین. بەڵام وەک هەڵسوکەوت هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتبوو شایانی باس بێ. ئەوان هەرگیز ددان بە دۆڕاندنی خۆیاندا نانێن.

پرسیار: ڕادیۆتان لەلا بوو؟

وەڵام: بڵندگۆیەکی بێزارکەر بەدیواری ڕاڕەوەکەدا هەڵواسرابوو لە ڕادیۆی لای حەرەسەکان بەسترابوو. زیاتر وەک بێزارکەرێکی دەروونی بوو. خرەخرِ و هاژەهاژێکی سەمەرەی لێوە پەخش دەبوو. کەس لێی حاڵی نەدەبوو.

پرسیار: ئەدی تەلەڤزیۆن؟

وەڵام: نەخێر نەمانبوو.

پرسیار: یارییەکانی کات گوزەراندن، کامیان هەبوو؟ ساحە و مەیدان هەبوو؟

وەڵام: تاوڵە و دۆمینە. شەترەنج و لیدۆ... تەنانەت جار هەبوو

پۆکەریشمان دەکرد. لەوانەیە پێت سەیر بێت ئەم یارییانە چۆن دروست دەکران؟ لە ناوی سەمون و تلّپە چایی کاتێ لەگەڵ تایدا پێکەوە هەڵمان دەشێلان، پوولی دۆمینەمان لێ دروست دەکرد. بۆ یارییەکانی ساحە و مەیدانیش. کە بە پلیکانەکاندا دەیانبردینە خوار فتبۆلێنیان پێ دەکردین. ئەوان یاریزان و ئێمە فتبۆڵەکە بووین.

پرسیار: گەرماوکردن هەبوو؟

وەڵام: ئەوەی لە هۆڵەکان بوایە حاڵی باشتر بوو تاکو ئینفیرادی. چونکە هۆڵ قەرەباڵغە. لە هۆڵەکەدا ئاودەست هەبوو. ئەگەر ئاو هەبوایە وەک حەمام بەکارمان دەهێنا و هەفتەی جارێک خۆمان دەشت.

پرسیار: لە زیندان خەوبینین هەیە؟

وەڵام: خەو وەک چالاکییەکی ئینسانی دیارە لەو شوێنەیشدا هەیە. هەریەکە و دنیا و خەون خەیالاتی خۆی. مرۆڤ لەو جێیەدا هەموو چالاکییەکی سنووری بۆ کێشراوە جگە لە خەوبینین، کە دەتوانێ سنوورەکانی ببەزێنێ.

پرسیار: کاک لوقمان بەزۆری خەوت بەچییەوە دەبینی؟

وەڵام: خەون بە ئازادی و ڕزگارییەوە. شادبوونەوە بەکەسوکار. بەو خەڵکەی لە پێناویدا بە ویستی خۆمان ئەم ڕێگەیەمان هەڵبژارد.

پرسیار: ئافرەتتان لەگەڵ بوو؟

وەڵام: بەڵێ. دیارە ڕزگاریی چینایەتی لەگەڵ ڕزگاریی ئافرەتدا ئەمجا کامڵ دەبێ.

پرسیار: ئەو ئافرەتانە لەسەر چی گیرابوون؟

وەڵام: لەســەر چالاکـی ڕێکخـسـتنی کـرێکاری گـیـرابوون (دەسـتـەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا) بوون.

پرسیار: چەند ئافرەت بوون؟

وەڵام: ئەوەنـدەی من ئاگـەدار بم دوو ئافـرەت لەســەر کـاری ڕێکخـسـتن گیرابوون. بەڵام هـەندێکی تر لە بری برا و پوورزا گیـرابوون. دوای نزیکەی مانگێک بەربوون.

پرسیار: ئێوە هەموو زیندانیی سیاسی بوون یان تاوانباریشتان لەگەڵ بوو؟

وەڵام: سـەرەتا هەرچییەکیان دەگرت دەیانهێنایە لای ئێمە. دوای ئەوەی تەحقیقیان لەگەڵدا دەکرد ئەگەر بە دڵیان بوایە ئەوا لای ئێمە میوان دەبوو. لەم دواییەدا قاچاخچی و (تجاوز حدود) سەربازی هەڵاتووشیان دەهێنایە لامان.

پرسیار: لە کاتی خۆیدا ئاگاتان لە نهێنییەکانی بەهاری ڕاپەڕین هەبوو؟

وەڵام: وەک ســـەعـــاتی ســـفـــر ئاگـــەدار نەبووین. بەڵام بەپێی ئەو هەڵسـەنگاندنەی کـە دەمـانکرد و ئەو هـەواڵە کـزانەی دزەیان دەکـرد بۆی چووبووین، کـە ڕاپەڕین بەرپا دەبێ. چونکە ئەو کـوشـتـار و پاڵەپەسـتۆی لەسـەر خـەڵکی ئەم وڵاتە بوو وەک باری زیهنی زەوینەی بۆ ڕاپـەڕین خـۆش کردبوو. بەڵام کە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ ڕاپەڕین دەسـتی پێ کرد وەک ئـەنجام گەیشـتینە ئەو قەناعـەتەی زەنگی ڕزگاریی ئێمـە و هەموو خـەڵکی عێراق دەستی بە لێدان کردووە.

پرسـیـار: ئەی خۆتان وەک سـیـاسی بیـرتان لە ڕاپەڕین و هەڵاتن لە زیندان نەکردەوە؟

وەڵام: هەر لە خودی زیندانەکانی عێراقدا چەند جارێک هەڵاتن و دەرگەی

زیندان شکاندن ڕووی داوە. قارەمانان توانیویانە دەرباز ببن. ئەوی ڕاستی بێ. لە مانگی شوباتدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا باس لەوە کرا خۆمان هەوڵی هەڵاتن بدەین. بەڵام بۆمان ئەنجام نەدرا. چونکە زانیاریی تەواومان لەسەر زیندانەکە و دەوروبەری خۆمان نەبوو، لەبەر دوو هۆ: ١- زیندانەکە نوێ بوو. شوێنەکەیش بۆ هەڵاتن گونجاو نەبوو. ٢- لەنێو زیندانییەکاندا سیخوڕ زۆر بوون.

پرسیار: کەواتە متمانە لەنێو زیندانییەکاندا کەم بوو؟

وەڵام: متمانە لە کەسێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێ. بۆ نموونە ئەگەر (عەباس عارەب) ئاگەدار بوایە، بەهیچ جۆرێک قسەی وامان نەدەکرد بۆنی سیاسەتی لێ بێ.

پرسیار: زیندانییان لەوێ سەعات چەند دەنووستن؟

وەڵام: بەپێی شوێنەکان کاتی نووستنیش دەگۆڕێ. بۆ نموونە ئەگەر لە ئینفیرادی بیت ئەوا ئەوەی جێگەی باس نەبێ نووستنە. بڕوا ناکەم کەسێک بتوانێ لە ئینفیرادی بخەوێ، بەتایبەتی لە سەرەتای تەحقیقەوە. بەڵام لە هۆڵدا، ئەگەر وەردیان لێت تووڕە نەبن و نەیکەن بە هات و هاوار ئەوا لە نێوان ١-٣ شەو دەنووستین. ئەویش لە تاو سەرما و برسێتی و بێ جێگەیی و نیگەرانی لە سەدا هەشتای کات بێدار بووین.

پرسیار: کەی لە خەو هەڵدەستان؟

وەڵام: شەشی بەیانی هەندێکمان هەڵدەستاین بەڵام لە بێکاریدا دەنووستینەوە. هەرچۆنێ بێ لە تاو برسێتی و بۆ بەرچایی هەر دەبوو کاتی ٧ بەئاگا بین.. بەیانیت باش، سونەتێکی زیندانییە و لە بیر ناچێ. کە هەڵدەساین ئەو بەتانییانەی هەمانبوو قەدمان دەکردن. ڕێکمان دەخستن... هەوڵمان دەدا چالاکییەک بنوێنین.

پرسیار: زیاتر بیرت لە چی دەکردەوە؟

وەڵام: زیندانی بیر لە زۆر شت دەکاتەوە. هەر لە خواردن و ئازادییەوە بیگرە، تا دەگاتە ماڵ، برا و باوک، ئەو هاوڕێیانەی لە دەرەوەن ڕێبواری ڕێگەی خەباتن. بارودۆخ و دەرامەتی کرێکار و زەحمەتکێشان بە تایبەتی جێگەی مشتومڕی برادەرانمان بوو.

پرسیار: ئومێدی ئازادبوونت هەبوو؟

وەڵام: کەسێ تووشی بوو بەتووشی جەللادەکانی بەعسەوە دەبێ ٩٠٪ وای دابنێ تیا چووە. بەڵام ئێمە ئومێدمان بەو ١٠٪یەی کە دەمێنێ نەبڕابوو. دیارە ئەوەی ئێمەی وەک مرۆڤی سیاسی هێشتبووەوە ئومێدی ئازادی بوو.

پرسیار: هۆڵێک چەند زیندانیی تێدا دەژیا؟

وەڵام: ئێمە سەرەتا لە هۆڵی پێنج بووین ژمارەمان لە نێوان (١٧-٢٠)دا بوو. خەڵکی نوێی بۆ دەهات و هی کۆنیشی لێ دەڕۆی. ئێمە بە درێژاییی شەش مانگ و دوو ڕۆژ میوانیان بووین بەڵام میوانێکی ڕەزا گران.

پرسیار: هۆڵی پێنج ڕووبەرەکەی چەند بوو؟

وەڵام: لە سێ ژووری بچووک پێکهاتبوو. تیغەکانی نێوانیان هەڵوەشاندبوو. ڕاڕەوێک لە ناوەوە و دوو ئاودەست یەکێکیان کردبوو بە گەرماو. ئەم هۆڵە ٨ مەتر درێژ و ٣ مەتر پان بوو.

پرسیار: لە دەرگەی دەرەوە هەتا دەگەیشتە ئەم هۆڵە بەچەند دەرگەدا ڕەت دەبووی؟

وەڵام: نزیکەی ٩ دەرگە.

پرسیار: هۆڵەکان پەنجەرەیان تێدا بوو؟

وەڵام: پەنجەرەیەک بڕوانێتە دەرەوە نەبوو. بەڵام چوار هەواکێشی تێدا بوو. لەوێوە تیشکی خۆر جاروبار خۆی نیشان دەداین. ڕووبەریان ٥٠ بە ٥٠ سانتیمەتر بوو.

پرسیار: لەگەڵ پێخەفدا چۆن بوون؟

وەڵام: پێخەفمان ئەو بەتانییە کۆنە ئەسپێ هەڵهاودووانە بوو، کە لەوەتی ئەو ئەمنە دروست کراوە ئەوانیش هەن. وەک ئێمە زیندانین و ڕۆشناییمان نەدیبوو. لەبەرئەوەی کەم بوو یەکی دووان یاخۆ سێ دانەمان بەردەکەوت. ژێرەخەر و سەرەخەرمان هەر ئەوە بوو. زەوییەکە ڕووت بوو. ناچار دوو دوو پێکەوە دەخەوتین بۆ ئەوەی سەرمامان نەبێ. شەوێکیان (مدیر أمن) سەردانی کردین. گوتمان سەرمامانە و پێخەفمان کەمە! ئەویش گوتی: "أحسن حتی تتعلمون، أنتم أختیاریتو الطریق بنفسکم" بۆ ڕۆژی دوایی هەندێ بەتانیی تریان بۆ هێناین. لەگەڵ چەند پارچە ڕاخەرێکی پیس و دڕاو کە بۆ ئێمە زۆر بەسوود بوون.

پرسیار: کەواتە زستان سۆباتان نەبوو؟

وەڵام: نەخێر نەمانبوو.

پرسیار: ئەی هاوینان موبەریدە و پانکە هەبوو؟

وەڵام: موبەریدە هەبوو شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد. هەواکێشەکانیش سوودی چاکیان هەبوو بۆ هەواگۆڕکێ. بەڵام ناڵەناڵی مبردەکان هەراسانی کردبووین.

پرسیار: دیدەنیتان هەبوو؟

وەڵام: دیارە لە ئەمنە سوورەکە کارێکی سەرسوڕهێنەرە دیدەنی بۆ زیندانی هەبێ. ڕۆژێکیان پاسەوانێک بانگی کردم، لە خوارەوە مفەوەز جەمال چاوەڕوانم بوو. لەودەمەدا بەرێککەوت زیندانییەکی هۆڵی ٢ کە لە قاتی ژێر ئێمەوە بوو، لە کونی دەرگەکەوە سەیری دەرەوەی کردبوو. مفەوەز جەمال بانگی کردە دەرەوە، ئەوەندەی لێ دا دیدەنییەکەی خۆم بیر چووەوە. کوڕێکی قۆزی باڵابەرز بوو. جەمال زوو زوو تێی دەخوڕی (سەرت هەڵبڕە) کە سەری هەڵدەبڕی هەرچەندە شەقازللەی لێ دەدا بەقەدەر دەمانچەیەک دەنگی دەهات. ئەم چەتەوڵە دەستی بەقەدەر دەمە خاکەنازێک دەبوو. کوڕەی نیوە مردوو کرد و بە شەق کردییەوە بە ژووردا. ئەمجا پارچە پەڕۆیەکی دامێ و گوتی (چاوت ببەستە) چاوم بەست. ڕەحیم دەستی گرتم و جەمالیش لە پشتمانەوە. لە زیندانەکە چووینە دەرەوە بۆ بەشی بەڕێوەبەریتی. ئەگەرچی وەهام خۆ نیشان دەدا، کە هیچ نابینم بەڵام زەوی و جارجارە بیناکانی ناو ئەمنم دەبینی. لە بینا سوورەکە کردمیانە ژوورێکەوە. چەند کورسییەک، مێزێک و ئاوێنەیەکی تێدا بوو. ژوورێکی خۆش بوو جەمال ئاگەداری کردمەوە: (ها لقمان تری ای حچی ماکو. بس احوال و سلام) بەناچاری سەرم بۆ لەقاند. بۆ یەکەم جار دوای ٥ مانگ دایک و باوکم و دوو خوشکم هاتنە دیدەنیم. تێر یەکترمان ماچ کرد. هەواڵی کەسوکاری خۆمم زانی. لەودەمەدا مفەوەز جەمال و ڕەحیمی پاسەوان بەدیارمانەوە وەستابوون و گوێیان گرتبوو. بۆ نەگبەتی زیندانییەکان، جەمال کوردیی دەزانی. دوای چارەکە سەعاتێک دوعاخوازیم لێ کردن. ئەوان ڕۆیشتن بەڵام دوای خۆیان بارێک شمەکیان بۆ جێ هێشتم. چاکەت، بیجامە، فانیلە، یاپراخی گەڵامێو، گۆشت و مریشک، سێو و کولیچە، دیاربوو حاڵم شڕە بۆیە باوکم پانتۆڵەکەی خۆی دامێ. دوای ئەوە پشکنیمیان و گومرگیان کردم بردمیانەوە بۆ هۆڵی خۆم. برادەران یەکە یەکە بەنۆرە ئەملا و ئەولایان ماچ کردم. ئەمەیش نەریتێکی جوان بوو. وەک

ئەوەی ئەوان دایک و بابی خۆیانیان بینیبێ وەها بوو. خواردنەکەیش لەولاوە بوەستێ بۆ ئێمەی تامەزرۆ. لە هەمووی خۆشتر دایکم بەبۆنێکی زۆر خۆش جلەکانی عەترپرژێن کردبوو. تاکو نزیکی ئازادبوونیشمان بۆنی تەسکینی بە هاوڕێکانم دەدا. لە زینداندا خاوەندارێتیی تایبەتی نییە. زیندانی بەپێی پێویستی شمەک بەکار دێنن.

پرسیار: تکایە جیاوازیی نێوان هۆڵ و ئینفیرادی ڕوون بکەرەوە؟

وەڵام: جیاوازییەکە زۆر زۆرە. مەگەر ئەوانەی مانەوەیان درێژە دەکێشێ ئازارەکەی بزانن. لە ئینفیرادی بەتەنیایت. قسەوباس و هەواڵ کەمتر دەبیستی. هەموو شتەکانت بۆ دیاری کراوە. چوونە سەرئاو و قسەوباس. مرۆڤی تەنیا لەو شوێنەدا کاسە. ئەگەر زۆر خۆڕاگر نەبێ بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە. هیچ نییە خۆی پێوە خەریک بکات و ڕۆژگاری پێ بەسەربەرێت. زۆربەی ئینفیرادییەکان هەواکێشێکی وەرسکەریان تێدایە بەزستانیش کار دەکات. کەچی هۆڵ هەرچۆنێک بێ ئازادیی زیاتری هەیە. چاودێری کەمترە. چوونە سەرئاو و خۆشتن ئاساییە چونکە ئاودەست و گەرماو هەیە. قسەوباس لە هۆڵ زۆرە. نوکتە و گۆرانییش جاروبار.

پرسیار: لە نێوان هۆڵ و ئینفیرادی، خوارەوە و سەرەوەدا هەواڵەکان چۆن دەگەیشتن؟

وەڵام: وەک هاوڕێیەک باسی کرد: گریگترین شت لە زینداندا پێوەندیی ڕاگەیاندنە. واتە گەیاندنی دەنگوباسی نێوان زیندانییەکانە. هەندێ جاران هەواڵەکانی دادگەیشمان پێ دەگەیشتەوە. چۆن؟ هەر هۆڵە و چاودێری خۆی هەبوو یان وەردیانەکان، یان لە نێوان خۆماندا هەڵمان دەبژارد. کە دەچوو جیرەکە بێنێ لەگەڵ چاودێری هۆڵەکانی تردا یەکتریان دەبینی. بەپەلە و لەژێر لێوەوە دەنگوباسیان دەگۆڕییەوە. بەتایبەتی لەگەڵ هۆڵی

یەکتردا. چونکە هەر کەسێ بدرایە بە دادگە یەکسەر دەیانبردە هۆڵی یەک و لەوێوە هەواڵەکان دەگەیشتنە ئێمە. لە ئێمەشەوە بۆ ئینفیرادی. جۆری پێگوتنیش بەجفرە بوو. لای خۆمان هەر ژوورەو ژمارەی تایبەتی خۆی هەبوو. لەژێر دەرگاکەوە ژمارەیەکمان بانگ دەکرد ئیتر هەر ئەو ژمارەیە دەهاتە وەڵام. جارێکیان سیاسییەکی تازە گیراویان لە ئینفیرادی فڕێ دابوو. دوای ئەوەی برادەران غیرەتیان نابووە بەرپێیان گوتبوو، لەمەولا تۆ ژمارەکەت حەوتە. ئەویش گوتبووی حاڵی بووم. کەچی دوای نیو سەعاتێک دەستی بە هاوار هاوار کرد: "حەوت... کوڕە حەوت... ئەی هاوار حەوت بۆ وەڵام نادەیتەوە؟" برادەرەکەی تەنیشتی ئاگەداری کردبووەوە: ئەوە چیت لێ قەوماوە؟ ئەویش وتبووی ئەوە قەدەرێکە هەر حەوت حەوتمە و کەس وەڵامم ناداتەوە! ئەویش تێی گەیاندبوو "کاکە گیان تۆ خۆت حەوتی ئیتر چۆن بانگی حەوت دەکەی؟" مرۆڤ لەو شوێنەدا وڕ و کاس دەبێ. زوو شتەکانی بیر دەچێتەوە. هەندێ جار تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە دەبێ.

پرسیار: ئەگەر ئارەزووی جگەرەکێشان یان هەر خواردنێکتان بکردایە کەسێ هەبوو بە دەنگتانەوە بێ؟

وەڵام: مرۆڤی زیندانی چونکە هەموو شتێکی لێ یاساغە و لە بەردەستیدا نییە، ئارەزووی هەموو خواردنێک دەکات، ئەویش لە چوارچێوەی خەیاڵات و ئاخ و ئۆف و خۆزیا و بریای مرۆڤێکی پەژمودە و عەزرەتی. جار هەبوو لە نێوانماندا کرێکاری چێشتخانە هەبوون باسی لێنانی پڵاوی سەربەکشمیش و بریانی و تاسکەبابی و قەزاتمە و جۆرەها خواردنی خۆش و بەتامیان بۆ دەگێڕاینەوە. ڕژێنەکان دەکەوتنە لیک ڕشتن. بەڵام بەکەڵکی چی دێ؟ خۆ ئێمە لە خورما زیاتر، نەبوو بیخۆین. برادەران زۆریان حەز لەو یاپراخە بوو کە لە دیدەنییەکەدا بۆیان هێنام. بڕیاریان دا ئەگەر بەربووین بانگهێشتنیان بکەم بۆ یاپراخ، بەمەرجێ گۆشتی تێدا بێ. لە زیندان تەنیا ڕەحیم،

سەموون یاخۆ نانی زیادەی بۆ دەهێنایین ئەویش خۆمان داوامان لێ دەکرد.

پرسیار: باسی ئەدەب دەکرا؟

وەڵام: باسی ئەدەب هەردەم لە زینداندا هەیە. کات هێندە زۆرە بەشی هەموو لایەنەکانی ژیان دەکات بە ئەدەبیشەوە.

پرسیار: باسی کام نووسەرانە دەکرا؟

وەڵام: زۆر نووسەر دەهاتنە سەرخوانی باسکردن وەک: حسێن عارف و شاکارەکەی. شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو، حەمەسەعید حەسەن. زۆرجار باسی جاش قەڵەمەکان دەهاتە پێشەوە و تێر جوێنی ئەدەبی دەکران. شێخ ڕەزا، زۆر جار دەبووە میوانی زیندان و بە شاکارە داشۆرینەکانی هەموومانی دەخەناند.

پرسیار: کام بەرهەمی ئەدەبیتان بەلاوە پەسند بوو؟

وەڵام: بەلای هەموومانەوە ئەو بەرهەمانەی دیدێکی کرێکاریان هەبوایە پەسند بوون. وەک شیعرە بەناوبانگەکەی (ئۆژین بۆتیە)ی شاعیری کۆمۆنەی پاریس. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا شیعری ناسکی وەک لە ڕەگەوەی بێکەس و پەشیمانی حەمەسەعید و سەربازی ونی پەشێو زۆرجاران دەگوترایەوە جگە لەوە ڕێبواری شاعیر لای زۆربەمان دۆست و ئاشنا بوو.

پرسیار: تێکڕای پلەی خوێندەواریی زیندانییەکان لە چ ئاستێکدا بوو؟

وەڵام: ئەوانەی لە هۆڵی پێنج بووین، بەشێکمان دەرچووی زانکۆکانی بەغدا و مووسڵ و سەلاحەدین بوون. هەندێکیشمان دەرچووی پەیمانگەکانی بەغدا و کەرکووک و سلێمانی.

برادەرێکیشمان بەناوی دوکتۆر کامەران، کە هەتا ئازاد کراین لە ئینفیرادی مایەوە دەرچووی کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی سەلاحەدین بوو.

تەنیا هاورێیەکمان کەمی خوێندبوو، ئەویش بەباشی دەیتوانی بنووسێ و بخوێنێتەوە، ئەگەرچی بەلای منەوە پلەی خوێندن سەنگی محەک نییە.

پرسیار: ئەدی تەمەنیان؟

وەڵام: ئەو دەستەیەی کە لەسەر یەک مەسەلە گیرا بووین تەمەنمان لە نێوان (١٩-٣٢) ساڵدا بوو، واتە لەدایکبووی (١٩٥٥- ١٩٧٢).

پرسیار: ڕادەی پاکوخاوێنیی زیندان باس ناکەی؟

وەڵام: دوو دوو بە نۆرە خەفەرمان بۆ پاکژکردنەوەی هۆڵەکەمان دانابوو، دەبوو هەموو هۆڵەکە بە پەڕۆی شێدار بسڕینەوە، جاروباریش وەردیانەکان دیتۆڵیان دەداینێ بۆ ئاودەستەکان، هەموو گرینگیمان بە خاوێنی دەدا، ئەگەر یەکێک بچوایەتە سەرئاو و بە سابوون دەستی نەشۆردایە دەکەوتە بەر لۆمەی هاورێیان، تەنیا خاوێنی لە نەخۆشی دەیپاراستین.

پرسیار: چ نەخۆشییەک بە زۆری لەناوتاندا بڵاو دەبووەوە؟

وەڵام: نەخۆشی زۆر بوو بەتایبەتی هەوکردنی گەدە و ئەنفلۆنزا، سکچوون، کە زۆربەمانی هەراسان کردبوو.

پرسیار: دەبرانە نەخۆشخانە؟

وەڵام: مەگەر حاڵەتەکە زۆر ترسناک بوایە، هەفتەیەک یان دووان وەردیانێک ناوی نەخۆشێک دووانی دەنووسی و دەبرایە لای نوژدار، ئەویش هەر لە زیندانەکەدا، جارێکیان هاورێیەکمان (مجاري بولي) خراپ تووشی نەخۆشی بووبوو، چەند پاسەوانێک بردیانە خەستەخانەی شار، ناوی ئازاد سەلیم بوو، ناویان گۆڕیبوو بە هاورێ محەمەد، کە نۆژدار بانگ دەکات: با هاورێ محەمەد بێتە ژوورەوە، ئەم وەڵام ناداتەوە، پاسەوانەکە تێی دەخوڕێ (بۆ وەڵام نادەیتەوە؟) ئەویش پێی گوتبوو (ئاخر من ناوم هاورێ نییە.) دوای

لێدانێکی زۆر بە زۆردارەکی کردبوویان بە هاوڕێ و ناردبوویانە ژوورەوە.

پرسیار: لەو ماوەیەدا کە زیندان بووی کەسیان کوشت؟

وەڵام: دەمانبیست دادگە فلان یان فیساری بەکوشتن سزا داوە. ئیتر نەماندەزانی داخۆ جێبەجێ دەکرا یان نەء. چونکە هەواڵ هات، کە تەنفیز وەستاوە.

پرسیار: لەوێ، لە ئەمنە سوورەکە سزای کوشتن جێبەجێ دەکرا؟

وەڵام: (محەمەد مەحموود) ناوێک کات نۆ و نیوی بەیانی، هەشتی مارس برایە خوارەوەو گوللەباران کرا. ئەم برایە سەر بەبزووتنەوەی ئیسلامی بوو. بەتاوانی کوشتنی (مەلا ف) دەسگیر کرابوو.

پرسیار: بەهەموو ئەمەنە سوورەکە چەند زیندانیی تێدا بوو؟

وەڵام: نزیکەی (١٢٠-١٥٥)

پرسیار: سەر بەکام حزب و گرووپ بوون؟

وەڵام: زۆربەی لایەنەکانی تێدا بوو. ئێمە کۆمەڵێک بووین پێیان دەگوتین (جەماعەتی کۆمۆنیست) کە سێ لایەن بووین. ١- دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا. ٢- ڕەوتی کۆمۆنیست. ٣-کرێکارانی کۆمۆنیست. جگە لە ئێمە: ١- ینک کۆمەڵێک پێشمەرگە و ڕێکخستنیان گیرا بوون. ٢- پدک چەند برادەرێکیان. ٣- ئالای شۆڕش چەند برادەرێکیان.

پرسیار: لەم دواییەدا کارەباتان هەبوو؟

وەڵام: هەتا هاوپەیمانەکان هێرشیان هێنا بەردەوام کارەبا هەبوو. دوای ئەوە، شەوانە بۆ ماوەی چەند سەعاتێک بۆ مەبەستی ئەشکەنجە موەلیدەیان ئیش پێ دەکرد. ئەگینا تا ئەو کاتەی دەرکی زیندان شکا کارەبا نەبوو.

پرسـیـار: ئـەدی ئاو؟ سـەرورِیش تاشـین چۆن بەرِێوە دەچوو؟ شـانە و ئـاوێنە هـەبوو؟

وەڵام: ئاو، وەک کـارەباکـە وەهـا بـوو. سـەرەتا باش بوو. پـاشـان بەسـەتڵ ئاویان بـۆ دەهێنایـن. گـرەوی خـێـراترین رِیش تاشین لـە جـیـهـاندا ئـەمنی سلێـمـانی دەیبـاتەوە. مـەکینـەیەکی بێ شـانـە. لەتێ گـوێزان و سـەتڵێ ئاوی سارد. بەکێبڵـەوە بەدیارتەوە وەستـاون و رِاست و چەپیان لێ گـرتووی. تاکو تەواومـان دەکرد رِووخـساری خـۆمـان کـەلەپاچە دەکـرد. رِیش تـاشـین ٣-٤ هـەفـتـە جـارێک بوو. رِۆژی ٢٧/١٠/١٩٩٠ سـەریان سـفر کـردین . قـژمـان هـاتبـوو. بەئـاوی سـارد پاک نەدەبـووەوە لەوەدابوو ئـەسـپێ تێـمـان بدات. زۆرمـان پێ خـۆش بوو. ئەم سـەر سـفرکـردنە مێـژوویی بوو. هـەریەکـە و لە مرۆڤێکی تر دەچووین. زۆر شت هەن لە زینداندا بەدڵ و گیان دەپارێزرێن و لە جێگەی تایبـەتیدا دەشـارێنەوە. ئێمـە شـانە و ئـاوێنە و مـووکێش تەنانەت مـقـەسـتـێکی بچـووکـیـشـمـان هەبوو. لە کـاتی پشکنیندا بـە هـەمـوومـان دەمــانپــاراست. وەردیانەکــان نینۆککەریـان بۆ دەهـێنـاین و رِۆژێ دووان لەلامان دەمایەوە. چاودێری هـۆڵ لێی بەرپرسیار بوو.

پرسـیـار: هـەندێ لە گفـتـوگـۆی ئـەمـنەکان بەتایبـەت لە کـاتی ئەشـکەنجـەدا. ئـەگەر بیرت ماون؟

وەڵام: "گـول الحقـيـقـة تتـريح نفسك.... صـديقك گـال كل شـي ليش اتـغـذب نفسك؟ ابن گـحبة چم مرة گلنالك احـچي...اذا مـاتگول الحقيقـة راح نعلگك." دوای هـەڵواسـین. گیانم تێک شکابوو نەمدەتوانی رِێک برِۆم. مفـەوەز جـەمـال لە دوامەوە بوو پێی گوتم: (صـار پاپای). ابودلف، رِۆژێک لەسـەر ئـەوەی لەبەر سـەرمـا نایلۆنێکمـان بە هـەواکـێـشـەکـەدا گـرتبـوو زۆر توورِە بـوو گـوتی: "ياحيوان سوا هذا. أذا أضرب أي واحد ماتگوم الأ بالمستشفى!".

پرسیار: که ئێوه دەپاڕانەوە، ئەوان چ هەڵوێستێکیان وەردەگرت؟

وەڵام: له هیچ کات و شوێنێکی زینداندا پاڕانەوە دادت نادات. هەندێ جار وەک تەکتیک بۆ خۆ گێلکردن لەو بەڵگانەی وەدەستیان کەوتووە پاڕانەوە یەخەت پێ دەگرێ. بەڵام گوێت لێ ناگرن، بەڵکو پتر ئەشکەنجەت دەدەن. ئەوان سوور دەزانن تۆ ٥٠ فلست پێیە کەچی داوای ٢٥٠ت لێ دەکەن. مرۆڤ بۆ ئەوەی درهەمەکەی له دەست نەچێ دەپاڕێتەوە. مرۆڤ دەپاڕێتەوە بۆ خاتری ئەوەی هاوڕێیانی دەرەوەی زیندان بێ زیان و بەردەوام بن.

پرسیار: أبو دلف کێیە؟

وەڵام: ناوی محەمەد بوو. بەناوی کوڕەکەیەوە بانگیان دەکرد. کابرایەکی زەبەللاحی باشەڵ زل و گێژۆکە بوو. بووبوو بە جێگەی نوکتە و لاقرتیی زیندانییان. خۆی وەها پێشان دەدا له گشت زانستەکاندا شارەزایە و گاڵتەی بە ئەقڵی ئێمە دەهات. پێی دەگوتین: (راح نعدلكم و بعدين تطلعون) ڕۆژێکیان کارەباچییەکی ڕموزنی سەربەخۆیانی هێنابوو تاکو هەواکێشی هۆڵەکە چاک بکاتەوە. لەسەر پەیژەکەوە داوای کەتەری لێ کرد أبو دلف دوای ئەوەی ماوەیەکی چاک جانتاکەی گەڕا نەیزانی کەتەر کامەیە. ناچار جانتاکەی بۆ کاکی کارەبایی هەڵبڕی و بەڕاشکاوی گوتی نازانم. ئەمە ڕەنگە بەلای خوێنەرەوە ڕووداوێکی ئاسایی بێ. بەڵام له شوێنێکی وەک زینداندا نوکتەیەکی زۆر خۆشە بەتایبەتی بە زمانی أبو دلف، ئەوە گۆبەندێکە بۆ خۆی.

پرسیار: بەڕاست نوکتەی تایبەت بە زیندانت له یاد ماوە؟

وەڵام:

یەکەم: بەندییەک، له ئێمە پتر تەمەنی له زینداندا بەسەربردبوو، گێڕایەوە:

زیندانییەکیان ئەشکەنجە دەدا. کارەبایان دا لە چۆکی. لە تاوا میزی کرد بە مێزەکەدا. پێیان دەگوت: ددانی پێدا بنێ. چیت پێیە هەڵی ڕێژە. ئەویش دەیگوت: بەخوا ئاگام لە مەحموودی بێزەواد نییە! نەقیب ماجیدیش یەکسەر گوتبووی: (ها شتگول ...أكتب محمود بيزەواد... منو محمود بيزەواد أحچي). دووەم: جارێکیان زیندانییەک هەڵدەواسن و کارەبا لە چۆکی دەدەن. بەڵام ئەو لە بریی هاوارکردن دەست بە پێکەنین دەکات و نایبڕێتەوە. زابت تەحقیق، گومانی تێکچوونی لێ دەکات. داوا دەکات بەپەلە دای گرن. ئاو لە سەروچاوی دەپرژێنن. لێی دەپرسن: ئەوە بۆچی پێ کەنیت؟ ئەویش دەڵێ: وەختی خۆی لە دێ، وا باو بوو کارەبامان بۆ دێت. ڕووناکی دەگاتە لامان منیش پێم گوتن: بەو خوایە کارەبا دەگاتە چۆکی من بەڵام ناگاتە دێ. ئەوا ئێستا سوێندەکەم بەڕاست گەڕا. گەیشتە چۆکم بەڵام دێکەمان ئەنفال کرا!.

سێیەم: زیندانییەکی شێتۆکە گیرابوو خەڵکی هەولێر بوو. پێوەندیی بە سیاسەتەوە نەبوو. بەڵام خاسییەتی ئەمن بوو، لەسەر قاچاغچێتی خەڵکیان بگرتایە پێیان دەگوت: تۆ تەنزیمیت.. کە ئەم تاوانەشیان دایە پاڵ ئیتر پێی دەڵێن: بۆ وێنەی (سيد الرئيس)ت دڕاندووە؟ یان پێیان دەگوت: تۆ تەنزیمیت، لێپرسراوەکەتان کێیە و چاپی حزبەکەتان لە کوێیە؟ ئەم برادەرەیش لەژێر ئەشکەنجەدا گوتبووی: بەڵێ هەوم. چاپەکەشمان وا لە ماڵەوە.. لە قەڵای هەولێر. خێرا نەقیب ماجید و تاقمەکەی بەگرینگی پێدانێکی زۆرەوە لەگەڵ کاکی زیندانی بۆ هەولێر بەڕێ دەکەون. لەوێ دایکێکی پیر، دوو باوڵە شکاو و بۆفیەیەکی کۆنیان دەبێ. هەموو شڕە و شاتەڵاکان فڕێ دەدەنە دەرێ و هیچ نادۆزنەوە. ئەمجا لێی دەپرسن: کوا چاپەکە؟ ئەویش پێیان دەڵێ: چاپمان نییە. هەر ویستم بمهێننەوە بۆ ماڵەوە تاکو داکە پیرم ببینم و بزانێ لەلای ئێوە زیندانیم.. چینێکی لێ دەدەن و ڕێ و ڕێ دەگەڕێنەوە.

پرسیار: له زینداندا پێڵاوتان له پێ دەکرد؟

وەڵام: له بێ تاقەتیدا وەک حەزکردن له هاتوچۆ یان وەک بیرەوەری، بەیادی ڕۆژگاری ئازادی له پێمان دەکرد.

پرسیار: له هۆڵ پشکنین هەبوو؟

وەڵام: بەڵێ، هەفتەی جارێک یان به دوو هەفتە جارێک. شەوێکیان له نێوان (١٠-١١)ی شەودا: جمعة، أبودلف، خالیده شێت، خۆیان بەژووردا کرد. أبودلف گوتی: جلوبەرگ و بەتانییەکانتان کۆ بکەنەوە.. ئێمە بەتانییەکانمان بەدەستەوە بوو. ئەویش زوو زوو دەیگوت: (لیفوگ، ارید الکاشی، ارفعها لیفوگ). دوایی گوتی: هەموو لێره کۆ ببنەوە و پێخەفەکانتان لەوێ دانێن. حاڵێکی زۆر ناخۆش تووش هاتین. کەچی دوایی لەنێو خۆماندا به نوکته شکایەوە. هەر کەسێک له جومعه نزیک دەبووەوە تاکو کەلوپەلەکەی له بەردەمدا دابنێ. دەکەوته بەر حەملەی لێدان. بۆیه کەس نەیدەوێرا لێی بچێته پێشەوە. ئەم دیمەنه له زینداندا سەرنج ڕاکێشه و مانای خۆی هەیه. من گلۆڵەیەک خوری، هی بلووزی هەڵوەشاوم له باخەڵدا بوو لەگەڵ دەرزییەکدا. زۆر یاساغ بوو. به دەرزییەوه فڕێم دایه ناو نوێنەکانەوە. هاوڕێیەک لەبەرئەوەی ناوکه خورمایەکیان له باخەڵدا دۆزییەوە کەوتنه تێهەڵدانی. یەکێکی تر ئێسکێکی مریشکی پێ بوو. هەمان دەستوور لێدانی خوارد. منیش لەسەر ئەوە لێیان دام، لەبەر بۆنخۆشیی توێکڵی پرتەقاڵیان له گیرفانمدا دۆزییەوە. شێخ حوسێن، تازه خۆی شۆردبوو. بەتانییەکی له خۆیەوە ئاڵاندبوو، ئیتر هیچی وای لەبەردا نەبوو. أبودلف پێی گوت: "دەڵێی له سەردەمی محمد العربی دا دەژی" ئەویش لێدانێکی مزری خوارد.

پرسیار: ئەو شتانەی که له زینداندا قەدەغەن؟

وەڵام: لە زینداندا هەموو شتێک قەدەغەیە. مقەست، گوێزان، هەر شتێکی دەمی تیژ. شانە، کەوچک، شووشە، تەل، بەرد، دار. بەڵام ئێمە هەندێک لەمانەمان هەبوو دەمانشاردنەوە. وەک چەقۆ، کە خۆمان دروستمان دەکرد. دەرزی، کەوچکی نایلۆن و ئاوێنە.

پرسیار: گۆرانی وتن هەبوو؟

وەڵام: ئەودەمانەی، کە زیندان خامۆش دەبوو. هامشۆی پاسەوانەکان کەم دەبووەوە. ئەوانەی دەنگخۆش بوون گۆرانییان دەچڕی. هەندێ جار دەبوو بە گەڕەلاوژە و بە نۆرە بوو. تەنیا بۆ ئەوەی کات بڕەوێتەوە.

پرسیار: ئەی بە قورئان خوێندن قارس نەدەبوون؟

وەڵام: لەبەرئەوەی قورئان خوێنمان لەگەڵدا نەبوو، لام ڕوون نییە. بەڵام دەکرێ بەدزییەوە بخوێندرێ.

پرسیار: لە نێوان خۆتاندا شەڕتان دەبوو؟

وەڵام: بەڵێ، هەندێ کەڕەت ڕووی دەدا. ئەویش لە ئەنجامی پشووکورتی و کەم تەحەمولییەوە بوو. ئەگەرچی ئەم دیاردەیە هەرما بەڵام وردە وردە کەم بووەوە.

پرسیار: لەسەر چی شەڕ ڕووی دەدا؟

وەڵام: لەسەر تاوڵە و دۆمینە. یان لە کاتی موناقەشەدا . هەندێ هاوڕێ چیکڵدانەیان گچکە بوو. جار هەبوو لەسەر دەنکە خورمایەک، لەتە سەموونێک دەبوو بە شەڕ. ناهەقیشیان مەگرە. برسێتی چی بە ئینسان ناکات؟ مرۆڤ، کە برسی بوو ئاستی هۆشیاریی دێتە خوارەوە. کورد واتەنی، برسێتی ڕەگی هاریی پێوەیە.

پرسیار: بوورانەوە هەبوو؟

وەڵام: هاوڕێیەکمان لەگەڵ ئینفیرادی ٦دا وەستابوون، ئەم دووانە لە یەک شانەدا بوون بۆ ئەوەی لە تەحقیقدا قسەکانیان چوونیەک بێ نزیکەی سێ چارەک پێکەوە وەستان. ئەوەندەمان زانی کاژاو بەلادا هات و ڕەهێڵ بوو. بەپەلە هەڵمان گرت و بردمانە سەر جێگەکەی. دوای نەختێک هاتەوە هۆش خۆی. برادەرەکەی ئینفیرادی ٦ ئاوای گێڕایەوە: لە چاوترووکانێکدا، دیم کاژاو بەلادا هات و کەوت. بێ ئەوەی بتوانم دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکەم و فریای بکەوم. من لەودیوەوە ڕەق ڕاوەستابووم. هەر ئەوەندەم پێ کرا هاوڕێکانی تر ئاگەدار بکەم. کە لە هۆڵەکەدا بوون. ئەگەر بشمردایە توانای ئەوەم نەبوو بمگرتایەتە باوەش. ئای چەند تاڵە هاوڕێی ئازیزی خۆت لە بەردەمتدا بکەوێت و نەتوانی دابنەویتەوە یارمەتیی بدەیت. مەگەر ئەمە هەر لە سایەی ڕەوشتی بۆرژوادا ڕوو بدات!.

پرسیار: هۆی سەرەکیی بوورانەوە چییە؟
وەڵام: دیارە لەبەر نەبوونی خواردن و پێویستییە ئینسانییەکان بوو. ئەو خواردنەی وەرمان دەگرت بۆ سێ ژەم، بەشی ژەمێکیشی نەدەکردین. ئیتر چۆن تووشی بێهێزی و بوورانەوە نابین؟.

پرسیار: لە زینداندا کێ لە هەمووان ئازاترە؟
وەڵام: لە هەمووان ئازاتر ئەو کەسەیە کە دەسگیر کرا کەسی تر بە شوێن خۆیدا نەهێنێ بۆ زیندان. کەم بڵێ و لە کورتی بیبڕێتەوە. (سەردار) ناوێک هەتا توانییان لێیان دا و ناوی کەسیشی نەگوت. ئێمەیش یارمەتیمان دا و لە بارودۆخی ئەمن ئاگەدارمان کرد. ئەوەی دەگیرێ وا دەزانێ دەستەودایەرەی ئەمن زۆر زیرەکن. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوان زۆر گێلن. تا ئەو ڕادەیەی زۆرمان بەڵگە پێ گیرابوو. کەچی هەتا کۆتایی نەیانزانی هی کێیە. هەرچەندە فێڵیان کرد کەچی خاوەنەکەیان نەدۆزییەوە.

پرسیار: ئەوانەی ڕێزی تایبەتییان هەیە لەلات؟

وەڵام: ئەو برادەرانەی هۆڵی خۆمان. ڕێزم بۆ زۆریان هەیە. ناتوانم ناویان بڵێم. خەڵکی لەو شوێنەدا شیاوی ڕێزن. هەندێ نەبێ کە کیانی ئینسانیی خۆیان ون دەکەن و بەسەر خەڵکی ترەوە دەبنە سیخوڕ!.

پرسیار: بەیانی حەوتی ئادار ڕاپەڕین گەیشتە شار؛ ئێوە چۆن بە پیریەوە چوون؟

وەڵام: ئەو بەیانییە تەقەی دوور بە ئاگای هێناین. سەرەتا وای بۆ چووین، کە جاشن و لە نێوان خۆیاندا تێکچوون. ئەو بەیانییە لە چاو ڕۆژانی تردا بەرچایی دواکەوت. دوای بەرچاییش تەقە دەوامی هەبوو. بەتانییەکانمان کۆ کردەوە و لەسەریەک هەڵمان چنین، تاکو بگەینە هەواکێشەکە و لەوێوە چاومان لەناو (مديرية الامن) بێ و بزانین چ باسە. یەکێک لە ئەمنەکان بە گەورەکەیانی گوت: "سيدي المخربين في محلة خەبات" دیارە ئەو گەڕەکانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشیان لێیە هەردەم لانکەی شۆڕش و پەرچدانەوەی ڕێژیم بوون. ساڵانی (٨١– ٨٢) لەو گەڕەکانە شەو و ڕۆژ خۆپێشاندان بوو. جاروبار دەنگی (R.B.G)یش دەهات پاشان وای بۆ چووین مەفرەزەی پێمیم بێت دابەزیبێتنە ناو شار و شەو فریای کشانەوە نەکەوتوون. ئێستا ئاشکرا بوون و تووشی شەڕ هاتوون. برادەرێکی تر وای بۆ دەچوو هێزە هاوپەیمانەکان لە چواردەوری شار دابەزیون. لەگەڵ بەردەوامیی برادەرەکەی ئێمەیش لە کونی هەواکێشەکەوە سەرنجی دەدا و هەڵوێستی ڕوون دەکردەوە. لەوێوە ناو (مديرية)، پرسگە، شەقامەکەی گەڕەکی شۆڕش، لەوێوە بەرەو خوار تا کارگەی سەهۆڵەکە و چەند ڕیزە ماڵێک لە چواردەوری ئەمنەکە دیاربوو. لەوێشەوە گۆڕستانی شێخ محێدین و گەڕەکی ئابلاخ لەگەڵ بەشێک لە بینا تازەکەی کارگەی جگەرە دیاربوو. ئەمان لەلای خۆیانەوە تەقەیان دەکرد، ئەگەرچی تەقە لە ئەمنە سوورەکە نەدەکرا. بەردەوام هێزیان کۆ دەکردەوە دابەشیان دەکردن تاکو باشتر

بەرگــری بکەن. دەمــەوئێــوارە دەنگی فــڕۆکــە هات. ئەمن کــەوتنە هەڵهـەڵەکێـشـان: (أجت طـائراتنا) بەڵام لە زەوینـەوە تەقـەیان لێ کـردن. فڕۆکەکانیش گەڕانەوە. بەمەیش پشـتیـان شکا. سـەربازەکـانی ناو ئەمن. پۆلیس و پاســەوان بەردەوام بـەیەکـدا دەهاتن و دابـەش دەبوون. ئێــوارەی ١٩٩١/٣/٧ مــاڵ و منداڵی ئەمن، خــۆیان بـەژێر زەوینـەکــانی ئەمنە سوورەکەدا کرد. ئیتر بەتەواوی لامان ڕوون بوو کە توانای خۆڕاگرتنیان نەماوە. زوو زوو لە دیوارەکەی تەنیشتمان دەدا تاکو هەواڵمان پێ بگات. بەڵام ئەمەیان مـەترسیی تێدابوو چونکە دەنگەکە دەگەیشتە خوارەوە بۆ لای پاسـەوانەکان. بۆیە ئەو برادەرە چەند کۆکەیەکی دەکرد. ئەوانیش وەڵامیان دەدایەوە. دەنگوباسـەکـان هـۆڵ بە هۆڵ دەگــەڕان. لـە هۆڵی ئێـمــەوە، لە هەواکێشی ئاودەستەکەوە، ناو حامیە، گـەڕەکی مامۆستایان، گەڕەکی ئاشتی (دور الامن)، بەشێک لە گۆڕەپانی ئامادەییی شۆڕش، بەڕێوەبەرێتیی سوپای میللی (مديرية الجيش الشعبي) و ناو حەوشەکەی زیندانی ئەمنەکەی خۆمان دەبینرا. لە بچووکترین شت یەکمان ئاگەدار دەکرد و بارودۆخمان هـەڵدەســـەنگاند. بۆ نیـــوەڕۆژە، وەک پیــــشـــەی ڕۆژانەیان چاودێر بە سـەتڵەکانەوە ئامادە بوو تاکو خواردن بۆ هۆڵی ٦، ٥، ٣ بهێنێ. کەچی چەند پاسەوانێکی ڕەنگپەڕیو بەچەکەوە ڕژانە ناو ڕاڕەوەکە. (ملازم علی)ی تەحقیق دوای لێ کردین بچینە سوچێکەوە و دەرگەیان کردەوە. ئەوەی ڕاستی بێ زۆر ترساین. ئێمەیان لە گۆشەیەکدا خزاند و خۆیشی سێ چوار پاسەوانی لەگەڵ بوو. ئەوە یەکەم جار بوو چەک بێتە ناو زیندانەوە. جاران بەڕێوەبەریش، کە دەهات چەکەکەی لە دەرەوە دانابوو. نەبادا زیندانی پەلاماری بدات. کەچی ئەو نیوەڕۆیە دنیا گۆڕابوو. ئەو مولازم عەلییەی لە کاتی تەحقیقدا خۆی بە شێری مەیدان دەزانی، ئەو نیوەڕۆیە ڕەنگی وەک بەهێ و زمانی تەتەڵەی دەکرد. پێی گوتین: "شلونکم شباب... مامحتاجين شي؟" هاوڕێیەکمان وەڵامی دایەوە: "سيدي خبز كلش قليل" باوەڕ بکەن لە

کاتی تەحقیقدا چرکەیەکت لێوە بهاتایە وەک مشک گوێی سووک بوو. یەکسەر دەیگوت: "ها گواد شتگول؟" کەچی ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو. برادەرەکە بۆی دووبارە کردەوە ئەمجا حاڵی بوو، گوتی: "هلیوم العشا ماکو، لان الاسواگ مقفولة انشاالله راح نجیبکم باچر." دوای ئەوەی شلەی کولەکەیان لە سەتڵەکە کرد ڕۆیشتن. بەڵام لە خۆمان دەترساین. ئێوارە تەقە کز بوو، زۆرمان لە بەردڵ گران بوو. چونکە ئومێدی ڕزگاریمان لەو ڕاپەڕینەدا دەبینی. وەک دوایی زانیمان، بڕیاری تایبەت بۆ کوشتنی کۆمۆنیستەکان دەرچووە. تەنانەت گۆڕەپانی لای (ترای)یەکەیان بۆ ڕەمیکردنمان دانابوو. شەوی ٣/٧ بارودۆخی دائیرەی ئەمن شڕ و شلۆق بوو. بەردەوام کۆ دەبوونەوە و هانی ئەڵقە لە گوێکانی خۆیان دەدا، دەیانگوت: مەترسن هیچ نییە، کۆمەڵێک مخربن پاکیان دەکەینەوە. کارەبا نەبوو. خۆیان کەنار دەگرت. هەبوو خۆی دەدزییەوە. گوێمان لێ بوو چارەکە سەعاتێک عەوداڵی دوای ناوێک بوون، خۆی شاردبووەوە. ئەو شەوە بەڕێوەبەر بەردەوام ئیعازی دەدا: "پیاوە ئازاکان غیرەتان بێ. خەفیفە و سوپا دەگەنە فریامان خەمتان نەبێ" ئێمە خەومان نەبوو لەوەیش دەترساین بمانکوژن. چونکە ئێمەیش بەوان دوژمنین و ڕۆڵەی ئەو جەماوەرە ڕاپەڕیوەین. ئەو شەوە (خلف)ی بەڕێوەبەر بانگەوازێکی بڵاو کردەوە: "دوای چارەکێک ژمارەیەک لە ڕەفیق حزبییەکان دێنەوە بۆ ناو بەڕێوبەرێتی دەرگە ڕەشەکەیان بۆ بکەنەوە." ئەو شەوە ڕەفیق حزبییەکانی شار ڕژانە ئەمن تاکو بەرگری لە یەکتری بکەن. ئەوان وایان دانابوو ئەم قەڵا سەختە هەرگیز خۆی بەدەستەوە نادات. دوای ماوەیەک قەتارەیەک (کرۆلا) کە تازەکی وەریان گرتبوون بە شوێن یەکدا گەیشتن و دەرگەیان بۆ وازکرا و لەوێ لەناو ئەمن مۆڵیان خوارد و بەچواردەوردا کەمین دابەش بوون.

پرسیار: ١٩٩١/٣/٨ هێرشی ڕاپەڕین بەردەرگەی بە ئەمنە سوورەکە گرت.

لەدیوی ناوەوە چۆن ڕۆژێک بوو؟

وەڵام: ڕۆژی ٣/٨ لە بەرەبەیانەوە بەهێزتر لە ڕۆژی پێشوو تەقە دەستی پێ کردەوە. ئێمەیش ئاگەدار نین، کە بەندیخانەی سەرەوە و (أمن البلدة) و هەموو مەخفەرەکان گیراون. دوایی کە جەماوەر دەوری ئەمنە سوورەکەی دا. ئەوجا زانیمان کار لە کار ترازاوە. لە بەرەبەیانەوە هاوەن و (R.B.G) دەتەقی. گوێمان وەها کاس بووبوو، دەبوایە بمانقیڕاندایە ئەوجا لێک حاڵی دەبووین. سەرلەبەیانی لە کونەکەوە چاومان لێ بوو نەقیب ماجید بە قەناسەیەکەوە لەسەر (مديرية) وەستابوو، پاسەوانێکی لەگەڵ بوو. بەردەوام تەقەی دەکرد. پاسەوانەکە زوو زوو پێی دەگوت: (عافية سيدي) دیاربوو هەر گوللەیەک ڕۆڵەیەکی شەهید دەکرد. شوێنەکە ڕوانگە بوو. ئاو و خواردن نەبوو. خۆمان هەندێ خواردنمان قایم کردبوو لەگەڵ نانی کەڕوو هەڵهاوردوودا دابەشمان کرد. زۆر بەداخەوە بووین، کە نەماندەتوانی ئێمەی لە قەفەزنراو بەشداریی جەماوەر بکەین و هیچمان لە دەست نەدەهات. برادەرێکی عەرەب لەگەڵمان زیندانی بوو. خەڵکی (مدينة الثورة) بوو. لەسەر (تجاوز حدود) لە ڕانیە گیرابوو. لە ژیانی خۆی دەترسا. بەردەوام لەژێر بەتانییەکەیدا هەڵدەلەرزی. دڵخۆشیم دایەوە: "ئەوانە دژ بەدەوڵەتی بەعسن و دوژمنی عەرەب نین. ئەگەر ڕزگار بووین دەتبەمەماڵی خۆمان." لای ئێمەوە شەلم کوێرم هاوەنیان بەشارەوە دەنا. زیانێکی زۆری سەروماڵیان لە جەماوەری شار دەدا. ئەو بەیانییە گوێمان لە دەنگی کلیلی دەرگەکان بوو. چەند پاسەوانێک بە دوای (محەمەد مەحموود)دا وێڵ بوون. لە ئینفیرادیی سەرەوە دۆزییانەوە. ئەو بردنەی بردیان گەڕانەوەی نەبوو. کە ئەویان کوشت، ئیتر ئێمەیش ترسمان لێ نیشت. بڕیارمان دا ئەو خوێ و تایدەی هەمانە وەک چەکی بەرگری بەکاری بهێنین. پڕ گیرفانەکانمان کرد. هەروەها چەند لەتە خشتێکمان لەلا بوو. گوێمان لە بەڕێوەبەری ئەمن بوو دەیگوت: (با ئەو مالانەی لە چواردەوری بەڕێوەبەرێتین بە زووترین کات

چۆڵی بکەن، ئێمە  کیمیاوی دەڕێژین!) زانیمان بە تەواوی پشتیان شکاوە و هیچیان بۆ ناکرێ. مەسەلەکە پەلەقاژەی مەرگە. لەو کاتەدا کە برادەرێک لە کونی هەواکێشەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، هاوەنێک تەقی. ناو هۆڵەکە پڕ بوو لە تۆز و خۆڵ و بۆنی باروت هەراسانی کردین. دوای ئەو برادەرە نۆرە هاتە سەر من بۆ چاودێریکردنی دەرەوە. (أبو دلف)م بینی، لە هەموویان ئازاتر هاتە بەرچاوم. لەسەر جادەکە زیکزاکی دەکرد و بەدەم تەقڵە لێدانەوە تەقەی لە چەماوەر دەکرد. هەموو کۆڵانەکان بە بلۆک گیرا بوون تاکو ئۆتۆمۆبێل نزیک نەبێتەوە. بانگەوازێک لە بەڕێوەبەری ئاسایشەوە بڵاو کرایەوە. داوای لە پاسەوانەکانی دەرەوە دەکرد بکشێنەوە بۆ ناو دائیرەکە. هەموو گەڕانەوە. کاتی (٩-١٠) لە گۆشەی کارگەی سەهۆڵەکەی شۆڕشەوە جەماوەرم دەبینی سەرەتاتکێیان دەکرد. لەمبەر جادەکەوە دەپەڕینەوە ئەوبەر و بەردەوام گوللەی گڕدار و (R.B.G) دەهات، ئەمنە سوورەکەی دەبێژا. کە سەیری ناو حەوشەکەم کرد بریندار دەپاڕانەوە و کەس نەبوو بەدەنگیانەوە بچێ. تەنانەت نەقیب ماجیدیش گوێی گران بووبوو. هەندێ لە ئەمنەکان لە پەنا دیوارەکانەوە لە ترسان خۆیان حەشار دابوو. هاوەنەکە لە کار کەوت.

(R.B.G)یەک کەوتبووە لای تەنکی ئاوەکانەوە، لە خەڵکەوە دیار نەبوو. لە گۆشەیەکی قاتی سێیەمەوە لە تەقەکردن نەدەوەستا. دیاربوو کاری خۆی کردبوو. کاتی دوازدە و نیو، کۆمەڵێک لاوی شەرواڵ و پانتۆڵ لەپێمان دی خۆیان بە بەردەم پرسگەکەدا کرد. زۆربەیان بێ چەک بوون. پاش نەختێک گەڕانەوە. یەک دوو شەهید و برینداریان دا. ئەمە کارێکی هەڵە بوو. ئێمە دەمانزانی مقاوەمەت لەو شوێنەدا زۆرە. سەیری دەرەوەم دەکرد، لە پڕ گوللەیەکی (R.B.G) خۆی بە ژووری پرسگەکەدا کرد و سووتاندنی. تەلەڤزیۆنێکی تێدا بوو ناڵەی کرد. زۆر دیمەنێکی جوانی هەبوو. بەردەوام یەکێکمان لەسەرەوە چاودێریی دەکرد. لە گەراجی دائیرەدا ژمارەیەک

ئۆتۆمۆبێلی جوان هەبوو، هی ڕەفیق حزبییەکان بوو. ئەوەندەمان زانی لەو قۆڵەوە بە نارنجۆک دایان گرتن. بەدوای یەکدا گریان تێ چوو. مەگەر هەر ئێمە تامی ئەو خۆشییە بزانین. چونکە ئێمە دیلێکی چارەنووس ون بووین. دوای ئەوە گوێمان لە ناڵەیەکی زل بوو. بەر دیواری هۆڵی پێنج کەوت. هەتا سەر گەچەکەی بڕیبوو. باش بوو ئەو هاوڕێیانە سەلامەت بوون.

پرسیار: لە ڕووی هەڵوێست و ورە و ئیلتیزامەوە چ گۆڕانێک بەسەر ئەمنەکاندا هاتبوو؟

وەڵام: هەڵوێستیان تا ڕادەیەک گۆڕابوو. ئێمە مەبەستمان بوو بەلای خۆماندا ڕایان کێشین. بەتایبەت (محەمەد) ناوێکیان. کراسێکی نوێ بۆ هاوڕێیەکمان هاتبوو بە نیازی بووین بیدەینێ لە بریی ئەوەی لای زیندانییە ناسیاوەکان سەعاتمان بۆ بێنێ. ئەوان ورەیان دابەزیبووە ژێر سفر. بێزارییان پێوە دیاربوو. ئابڵوقەکە پەرێشانی کردبوون. باری دەروونیی خۆیشیان لەولاوە بوەستێ. ئیلتیزامیان وەک جاران نەمابوو. چونکە شەوی ٣/٧ ئاگەدار بووین کاتی دابەشکردنی پاسەوانەکان، خۆیان لە وەزعەکە دەدزییەوە. لە پەنا و پەسێران خۆیان دەشاردەوە.

پرسیار: تەحقیق و ئەشکەنجە بەردەوام بوون؟

وەڵام: نەخێر. هەر هەموویان لە دەرەوەی زیندان شەڕیان دەکرد. بیری ئێمەیان نەمابوو. تەنانەت وەردیانێکمان بینی کلیلەکانی لە شاندا بوو، سەرگەرمی تەقەکردن بوو.

پرسیار: ئەدی جیرەکەتان؟

وەڵام: خواردن و خواردنەوە لە ٣/٧وە بڕا. واتە ئێمە سێ ژەم بێ جیرە بووین. بەڵام لە پیرۆزیی ڕاپەڕینی جەماوەر خواردنمان هەر لە بیریش نەمابوو.

پرســـیـــار: ئەی تـرسـی ئـەوەتان نـەبوو بەرێککەوت بکرێنە بارمـــتـــە، یان بسووتێن؟

وەڵام: دیارە ترســمــان لـێ نیـشــتـبـوو. چـونکە جـەمــاوەر هـەڵســابوون و چارەنـووسـی ئـەمـنـەکـان تـاریک بوو. لـەوە ترســا بـووین جــەمـــاوەر لە ڕووی نەشــارەزاییــیــەوە بە ئـەمـنمــان تێ بگـەن و زیندانەکـە بدەنـە بەر (R.B.G). ئەوەی باش بوو لەو شوێنەی ئێمەوە بەرگری کەم بوو. لەگەڵ ئەوەشدا گوللە بەر دیوارەکـە دەکەوت. ترسی ئـەوەیشــمـان لە دڵدا بوو لە دوا قـۆناغدا وەک بارمـتـە بمانهێڵنەوە و گڕکانی قینی جـەمـاوەر بە ئێمـە سـارد بکەنەوە. بەو حـیـســابەی ڕۆڵەکــانـیـان دەبنە قـوربانی. بـەڵام بەوەی باش بوو جــەمــاوەر ئەوەندە هـاتبوونە پێشەوە فریای ئەو نەخشەیە نەدەکەوتن.

پرسیار: بیرتان لە هـاوکاریکردنی جەماوەری ڕاپەڕیو کردبووەوە؟ چۆن؟

وەڵام: دیارە زۆر بیرمان لێ کردبووەوە بجووڵێین و هـەڵوێستێک وەربگرین. بەڵام سـەرەنجـام چونکە هیچ چەک و ئـامـرازێکی وەهـامـان لا نـەبوو دەرگـەی پۆلاڕێژی زیندان بشکێنـێ، بیــرکــردنەوەکـــەمـــان بێ ئـاکــام بـوو. لە دوا ســاتـەکـانی هـەرەســهـێنانی ئەم قــەڵایەدا، (هـاوڕێ نـەریمان) کـە دەنگی لە هەمـوومان بڵندتر بوو، ئەو لە کونی هەواکێشەکەوە چاودێریی دەکرد. لە پڕ هـاواری کـرد: "جــەمـــاوەر ڕژانە حــەوشــەی ئـەمنەوە!" بە دەنگە بەرزەکــەی ئاگـەداری کردنەوە: "فریامـان کەون، ئـێمـە زیندانین و تـەقەمـان لێ مـەکەن!" ئەوانیش دڵنیـایان کردین: "لای ئێـوە پاکســازی کـراوە ئێـسـتـا ڕزگـارتان دەکەین!" دەرگــەی زیندانیـان پـێ نەدەزانی هـەر لە کـونـی هـەواکێشــەکانەوە ڕێنوێنییان کردن.

پرسیار: ئەو ساتانە مـێژووین. ڕۆژی وا هـەیە لە مـێژووی گەلاندا بارتەقـای چەند سـەدەیەک هـەواڵ و سـەرکـەوتنی پێیە. ئەو سـاتـەمـان بۆ باس بکە، کە

دەرگەی زیندان شکا. کێ دەرگەکەی شکاند؟

وەڵام: قەڵەم چەند بەبڕشت بێ. زمان چەند پاراو بێ. شاعیر و ئەدیب چەند بەتوانا بن هێشتا باوەڕ ناکەم بتوانن باسی ئەو هەناسە وەختانە بکەن، کە دەرگەی زیندانی تێدا شکا. ئەو جەماوەرەی، کە هەبوو وای دەزانی لە گۆ کەوتوون و هیچیان پێ نەماوە. تەقە گەیشتە ڕاڕەوەکانی زیندان. چەکدارێک هاتە لای دەرگەی هۆڵەکەمان و نەڕاندی: (لە دەرگەکە دوور کەونەوە!) قرمەی دەسرێژ و هاڕەی قوفڵ و کیلۆن و وازبوونی دەرگەی زیندان. شادییەکی حەپەسێنەری زیندانییان. مێژوویترین ساتەوەختی ژیانم، هی هەموو هاوڕێیانی ژووره شێدارەکان. باوەشمان بە یەکدا دەکرد. ئەملا و ئەولای یەکمان ماچ دەکرد. لە ئەمنەکەیش هاتمە دەرەوە تەقە هێشتا هەر بەردەوام بوو. وەک قازی کوێر نەماندەزانی ڕوو لە کوێ بکەین؟ ترسی بەرکەوتن هەبوو. بەڵام هێندەم زانی کەسوکار بەرەوپیرمان هاتن. لەوێیان گواستینەوە، کاتێک سەرنجم دا، دیم جادە و کۆڵانەکانی عەقاری کەسێکی تر ناگرێ و هەر ئێمە لەوێ نین. ئەوا ئێمەش چووینە پاڵیان. جەماوەر ماچیان دەکردین. پیرۆزباییان لێ دەکردین. بۆ ماوەی هەفتەیەک بەردەوام میوان دەهاتن لە خزم و ناسیاو. زۆربەیان چەکدار بوون. هەریەکە و دەیگوت: "من دەرگەی زیندانم شکاند. من یەکەم کەس بووم گەیشتمە لاتان." تەنانەت کوڕێکی دراوسێمان گورزەیەک کلیلی هێنا و گوتی: "فەرموو ئەمانە کلیلەکانی ئەمنن. بۆ ئەوەی بڕوا بکەیت، کە من یەکەم کەس بووم گەیشتوومەتە لاتان بەڵام ڕێککەوتی تۆم نەکردووە" منیش دەڵێم: "ڕاست دەفەرموون. هەموو جەماوەر هەڵسابوون. هەمووتان دەرگەکەتان شکاند. با کەس نەیکات بە موڵکی تایبەتی خۆی."

لە کۆتاییدا زۆر سوپاست دەکەم سەغڵەتم کردی

منیش سوپاس

مانگرتن
له حەڤدەی دووی ئەم زستانا
لەژێر ئەشکەنجە و لێدانا
بەپێش چاوی پڕ له خوێنی
بەعسییە فاشتەکانا
بیرتان ماوە هاوڕێیانم
ئەو داستانەی تۆمارمان کرد
له زیندانا؟
چۆن چووین بەگژ
کێبلّی ئەبو دەلەف و
خواردنی عەبەی قیروانا؟
خۆ هەر هەموو چاوتان لێ بوو
جەللادەکەی شەق و کارەبا و هەڵواسین
له بەردەمی مانگرتنەکەی ئێمەدا
چۆن دەستی کەوتبووە لەرزین
لەپشت دەرگای داخراوی
بەشیشی ئەستوور چنراوی
زیندانەوە
هەر وەخت بوو
له تاو خواستی ڕەوای ئێمە
زراوی دەچوو
له جێی زللە و تووڕەبوون و
وشەی ناپوخت و ناڕەوا

سەری کەچی شۆڕ کردبوو
ئەیوت:
"چۆن ئەڵێن ئێوە وا
عەبەی قیروان دەبێ خواستی ئێوە
ئەمڕۆ جێبەجێ کا"
هاوڕێیانی ئێمەش هەستان
لە بەردەمی بەڕێوەبەری زیندانی
سەرکوتکەرا وەک شێر وەستان
بەچاو، بەدڵ
بە ڕوو، بەگیان
هەموو وتیان:
"نەک تەنیا هەر عەبەی قیروان
ژێر بەژێر بێ دروستکەری
ئەم زیندانە و
بەلەعنەت بێ هەر هەموو سەرمایەداران."

حەسەن هەڵەبجەیی

## ئازار

هاوڕێی زیندانی تاریکم
دەست و پەنجە لەکارکەوتووی
ژووری ئازار
وەرە تاکو شان و ملت بۆ بشێلم
لەشولاری شین هەڵگەڕاوی پیرۆزت
جارێکی تر بخەمە کار...
وەرە تاکو خەم و ژانی

دڵە پڕ لە ناسۆرەکەت کەم کەمەوە
تا لاپەڕەی ڕۆژێکی نوێ
لە ژیانی ژووری شێدار
لە بەرچاوت بسڕمەوە
وەرە تاکو ئەم زیندانە پڕ لە ژانە
بکەینە قوتابخانە
وانەی خەبات و کۆڵنەدان لێرە فێر بین
وەرە با زیاد لەوەی کە نەترساوین
زیاتر نەبەز و دلێر بین
وەرە کاتێ چووینە دەرێ لەم زیندانە
نەخشەیەکی نوێ دانێین بۆ ئەم ژیانە
وەرە  چیی تر مەودا نەدەین بە ستەمگەر
بەخواستی خۆی هەرچی بووبێ بیداتە بەر
وەرە با چی قەید و بەندی ڕێی ئازادی
خەڵکی هەیە
چووینە دەرێ وردوخاش کەین
وەرە لەمڕۆکە بەدواوە
وردبینانە هەنگاو بنێین، کاری باش کەین
ورە کاتێ چوونە دەرێ
پێش ئەوەی زیندانەکان بڕووخێنین
با چی مێشکی پڕ لە بیری بنیاتنانی زیندان
هەیە
بیتەپێنین.
وەرە با لەمڕۆ بەدواوە لە جێی دڕک
گوڵ بڕوێنین

ژیانێکی بەرابەری
بۆ کارگەرانی سەرزەوی
وەدەست بێنین.

حەسەن هەڵەبجەیی

سەرنج: ئەم چاوپێکەوتنە لە کۆواری (خەرمانە)، ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣دا بڵاو بووەتەوە.